# هەنار


گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، ڕووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٧٨، ساڵی حەوتەم، خەرمانان ٢٧١٢ی کوردی، یۆلیۆ ٢٠١٢ی زاینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران، بەرامبەر ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

# هنار


دەستەی نووسەران:

**کارزان عەبدوڵڵا**

**ئەکرەم محەمەد ئەمین**

**نەورۆز جەمال**

**مستەفا زاهیدی**

هەڵەچن:

**مونا عەبدوڵڵا**

**ئاشنا جەمال**

مۆتیف:

رۆژگار مەحمود

**تیراژ**

**٥٠٠**

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| سۆفیگەری و ئاین و فەلسەفە... | لەتیف هەڵمەت | ٧ |
| بەدواداچوونێکی فیکری دەربارەی تۆپی... | نەجات حەمید ئەحمەد | ١٥ |
| ڤلادیمیر مایاکۆفسکی سەرهەڵدان و... | بابەک سەحرانەوەرد | ٣١ |
| لەتیف هەڵمەت شاعیری پەیڤە جوانەکان... | لەتیف فاتح فەرەج | ٤٩ |
| بازنە راخراوەکانی بابل و هەوڵێک بۆ... | شێرکۆ شەریف | ٥٦ |
| زەمانی بزربوو: فاتیح عزەدین... | سەباح رەنجدەر | ٦٢ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| خەونە سۆزانییەکانی من و چەند پیتێکی... | ناڵە حەسەن | ٧١ |
| چەند شیعرێکی کورت... | پەری شێخ ساڵح | ٧٥ |
| تریفەی مانگ و غەمگینی دڵم... | کەژاڵ ئیبراهیم خدر | ٨٠ |
| ونبوون... | شەیما بەدری | ٨٧ |
| گوڵێک بۆ خۆشەویستی باخچەیەک بۆ... | موحسین ئاوارە | ٨٩ |
| نەبا بۆنی نیشتمان کەم... | زیاد نادر عاڵلایی | ٩٣ |
| بهێڵە رەنگت بگرم دۆست...!! | راهۆز پێنجوێنی | ٩٧ |
| هیچ و تەنانەت هیچ... | مستەفا زاهیدی | ١٠٠ |
| ئێوارەیەک مریەم بەدوو پەلکی زەردەوە... | ئەنوەر عومەر | ١٠٤ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| کتێب سووتاندن نزیکەی ٨٠ ساڵێک... | ڕەزا حەمە | ١١٣ |
| شۆڕشی پاش پێکهاتەخوازی... | عەبدولخالق یەعقووبی | ١٢٦ |
| گفتوگۆیەک لەگەڵ ئەرنست هەمەنگوای... | کارزان محەمەد | ١٣٥ |
| چارلز دیکنز و ڕۆمانی کۆمەڵایەتی... | ئازاد بەهین | ١٤٢ |
| ئیتر کاتی ئەوەیە من بڕۆم... | جەواد حەیدەری | ١٤٧ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| پۆلێنکردنی هونەری هاوچەرخ... | تەها ئەحمەد ڕەسوڵ | ١٥٣ |
| وتوویژ لەگەڵ شەهرام نازری... | و.محەمەد ئەدیبی | ١٦٤ |
| تەقوا کارکردنێکی ورد لەسەر ئیسلامی... | سیروان ڕەحیم | ١٨٣ |
| ئیستاتیکای بێدەنگی و کولتووری ژاوەژاو... | و. ئەکبەر حەسەن | ١٨٨ |



**پێشانگەی کتێب** ١٩٣ - ٢٠٠

# لێکۆڵینەوە

## لێکۆڵینەوە


| | |
|---|---|
| سۆفیگەری و ئاین و فەلسەفە | **لەتیف هەڵمەت** |
| بەدواداچوونێکی فیکری دەربارەی تۆپی پێ | **نەجات حەمید ئەحمەد** |
| ڤلادیمیر مایاکۆفسکی سەرهەڵدان و سەرەتا... | **بابەک سەحرانەوەرد** |
| لەتیف هەڵمەت شاعیری پەیڤە جوانەکان | **لەتیف فاتح فەرەج** |
| بازنە راخراوەکانی بابل و هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە مێژوو | **شێرکۆ شەریف** |
| زەمانی بزربوو: فاتیح عزەدین | **سەباح رەنجدەر** |

# سۆفیگەری

# و

# ئاین

# و

# فەلسەفە

لەتیف هەڵمەت

(واصل بن عطاء) بەپێشەوای گۆشەگیران ناودێرکراوە و هەر وەکو لەلاپەڕە ٨ی کتێبی ـ الصوفیه بین الدین و الفلسفه ـ دا ئاماژەی پێدراوە، واسڵی کوڕی عەتا لە کۆڕو جڤاتی شێخ حەسەنی بەسریدا زۆر دادەنیشت. بەڵام لەبەرئەوەی دەیگوت: جیاوازی لەنێوانی باوەڕدارو بێ باوەڕدا نییە، شێخ حەسەنی بەسری دەریکردو عەمری کوڕی عەبید دوای کەوت و ئیتر هەردووکیان لەشێخ حەسەنی بەسری دوورکەوتنەوەو گۆشەگیربوون.. ئەم حاڵەتی گۆشەگیرییە ناچێتە خانەی سۆفیگەرییەوەو جۆرێکە لەجۆرەکانی پارسایی و خوداپەرستی. سەیر ئەوەیە هەموو سۆفێکان لافی ئەوە لێدەدەن کە ڕێبازەکەیان شوێنهەڵگرتووی ئیمامی عەلییەو سەرچاوەکەشی پێغەمبەرە (د.خ)، بەڵام ئەم قسەیەی سۆفێکان بێ بنەمایەو پێغەمبەرو ئیمامی عەلی پێشەوای جۆرێک لەجۆرەکانی پارساییین و قورئانی پیرۆز، کە کتێبی خوایەو بۆ پێغەمبەر هاتۆتە خوارەوە، لە سۆفیگەرێتییەوە زۆر دوورەو لەگەڵ پارساییدا تەبایەو جیاوازی نێوانی سۆفیگەرێتی و پارسایش کورد وتەنی ئاسمان و ڕێسمانەو هەموو نووسەرو لێکۆڵەرە شارەزاکانی بەبێ سێ و دوو ئاماژە بەجیاوازی تەواوی هەردوو ڕێبازەکە دەدەن. شێخ حەسنی بەسری

یەکێکە لەو گەورە سۆفییانەی کەوای دەربڕیوە ڕێبازی سۆفیگەری ڕێبازی پێغەمبەری موسڵمانان محەمەد بووە (د.خ) و بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەی گوتوویەتی حەفتا کەسم لەیارانی شەڕی بەدر بینیوە هەر هەموویان خوری پۆش بوون. بەڵام ئەم قسەیە پاڵپشتی نییەو نەڕاستێنراوەو لەم بارەیەوە هەروەکو لەلاپەڕە (٩)ی (الصوفیە بین الدین والفلسفە)دا هاتووە، علی بن المدینی بەیەعقوبی کوڕی شەبیهی گوتووە ئەم قسەیەی شێخ حەسەنی بەسری لە ڕاستییەوە دوورەو یارانی بەدر کە فەرموودەیان لێوەرگیراوە لەپەنجا کەس کەمترن و (قتادە)ش وەکو لەلاپەڕە (٥٦٧-٥٦٨)ی بەشی چواری (**سیر اعلام النبلاء**) دا باسکراوە گوتوویەتی شێخ حەسەنی بەسری گفتوگۆی لەگەڵ هیچ یەکێکی یارانی شەڕی بەدردا نەکردووە. جگە لەوەش وەکو عبدالرحمن بن محمود نموس لە لاپەڕە (٩)ی کتێبی ئاماژەپێکراوەیدا دەڵێ: شێخ حەسەنی بەسری هیچ کتێبێکی زانستی لەم بارەیەوە لەپاش بەجێنەماوە، چونکە لەدوای مردنی خۆی بەئاگاداری عەبدوڵای کوڕی هەموو کتێبەکانی لەلایەن سهیل بن الحصین الباهلی-یەوە سووتێنراوە. بەڕای من بۆیە کتێبەکانی سووتێنراون چونکە ڕێبازی سۆفیگەرێتی مایەی تووڕەبوون و نیگەرانی قازی و مەلاو زانایانی ئاینی بووەو زۆر پێچەوانەی شەرع و فیقهی ئیسلامی بووەو شێخ حەسەنی بەسری ویستوویەتی بەوە متمانەی لەلای خەڵک و کەسانی ئاینپەرەوە بۆ پەیدا بکات کە بڵێ گوایە ئەم ڕێبازەی لەیارانی شەڕی بەدرەوە بۆ ماوەتەوەو ئەوانیش لەو بوارەدا شوێنکەوتووی پێغەمبەرن (د.خ)، بەڵام بۆی نەچۆتە سەرو لەئەنجامدا دانراوەکانی هەموو سوتێنراون.

لەم سەرو بەرەدا دەبێ ئەوەش بێنینەوە یاد کە ئەبو تالیبی مەکی یەکەمین کەسە کە بەرنامەو پێڕەوی بۆ سۆفیگەرێتی داناوەو کتێبی (قوت القلوب) لەنووسینی ئەوەو ابن کسیر لە کتێبی البدایە واالنهایە-دا ئاماژە بەوە دەکات کتێبی- قوت القلوب-ی ئەبو تالیبی مەکی پڕاوپڕە لەفەرمودەی دەستهەڵبەست و بێ بنەما، شایانی باسە ئەبو تالیبی مەکی لەکتێبی ناوبراویدا ئەوە روو ماڵ دەکات کە شێخ حەسەنی بەسری یەکەم کەس بووە کە پێڕەوی ڕێبازی سۆفیگەرێتی کردووەو ماناکانی ئاشکرا کردووەو گرۆڤ و درۆڤ و نوونکەکانی خستۆتەڕوو و قسەی وەهای کردووە لەهیچ کەسێکی هاوچەرخی خۆی نەبیستراوەو کە لێیان پرسییوە ئەمجۆرە ئاخاوتنەت لەکێ وەرگرتووە گوتوویەتی لە (حزیفە بن الیمان) کە لە حوزەیفەیان پرسیوە تۆ لە کێت

وەرگرتووە گوتوویەتی لەپێغەمبەرەو (د.خ) وەرمگرتووە.

بەڵام من دەپرسم بۆچی لەسەردەمی شێخ حەسەنی بەسری ئەم رێبازە شاراوەتەوەو کەس پێڕۆی نەکردووە. بێگومان پێڕۆنەکردنی ئەم رێبازە لەو ماوەیەدا ئەوە دەسەلمێنێ کە شێخ حەسەنی بەسری ویستوویەتی رێبازی سۆفیگەری کە لادانە لەشەرع و فیقهی ئیسلامی، بە زۆری زۆردارەکی و بە بەڵگەی بێ بیرساو بێ بنەما، بداتە پاڵ پێغەمبەرو یارانی بەدر، دروودی خوایان لێ بێت. بەڵام بۆی نەچۆتە سەرو دەرەنجام هەموو کتێبەکانی سووتێنراون تەنها یەک کێتبی نەبێ، لەمبارەیەوە نووسەری کتێبی- فی تهزیب الکمال- ناسراو بە-المزی-هەروەها-الزبهی-لەژیاننامەی حوزەیفەی کوڕی یەمانیدا ئاماژە بەوە ناکەن کە شێخ حەسەنی بەسری فەرموودەی لەحوزیفەوە وەرگرتبێت لە راستیدا شێخ حەسەنی بەسری ئەم رێبازەی لەچاووگ و ژێدەرە نائیسلامییەکانەوەو وەگرتووە. بەتایبەتی لەتەورات و ئینجلەوە کە زۆرجار لەکۆڕو کۆبوونەوەکانیدا دەیگوت لەتەوراتدا وادەگوترێ وایان فەرموودەو وایانکردووەو زەبوور وای نووسیوەو ...هتد.

شایانی باسە وەکو لەلاپەڕە ١١ی کتێبی -الصوفیه بین الدین والفلسفه- دا ئەوە دەخاتەڕوو کە(ئیبن حجر)و (النسائی)و (قتاده) هیچیان پشتگیریی لەقسەکانی شێخ حەسەنی بەسری ناکەن، کە گوتوویەتی ئەم رێبازی سۆفیگەرێتییەم لەپێغەمبەرەوە بۆ ماوەتەوە (د.خ) و هەموو قسەکانی لەو بارەیەوە بەبێ بنەماو ئاراست ناوزەد دەکەن و دەکرێ ئەم ماوەیە ناوبنێین قۆناغی یەکەمی سۆفیگەری، بەڵام دوای ئەوە کە دەکرێ بەقۆناغی دووەمی سۆفیگەری ناودێری بکەین و لەم قۆناغەدا هزری فەیلەسووفان و بیروبۆچوونی بیرمەندان بەئاشکراو بەداپۆشراوی و بەبێ ئاماژەپێکردن ئامیتەی رێبازی سۆفیگەری بووەوە لەم بوارەدا جابری کوڕی حەیانی کووفی و زەنوونی میسری و پێڕۆکارانیان رۆڵی باڵایان بینیوەو ناواخنی فەلسەفە کۆنەکانی یۆنانییان تێهەڵکێشی رێبازەکە کردووەو لەمبارەیەوە شەهابەدینی سەهرەوەردی ناسراو بەکوژراو ئەوە دەخاتەڕوو کە زەنوونی میسری هەوێنی فەلسەفەی فیساغۆرسی وەگرتووەو پیڕۆی کردووەوە، لەویشەوە گەیشتۆتە گەورە سۆفی ناسراوی سەهلی تەستری و پێڕۆکارانی دی رێبازی سۆفیگەری. جابری کوڕی حەیانی کووفی کە زۆربەی سەرچاوەکان بە یەکەم سۆفی ناودێری دەکەن، لە عیراقدا لە زانستی کیمیا و هزر و بیردا قوڵبۆوە

و چەند کتێبێکی ئەرستۆی کرد بە عەرەبی و پەیوەستەگی خۆی لەگەڵ فەلسەفەدا توند و تۆڵ کرد و سۆفیگەرێتی و شەرع فیقهی ئیسلامی لێکدی دابڕی و سۆفیگەرێتی لەسەر بنەمایەکی نائیسلامی پێگەی خۆی دارِشت و سۆفیەکان لە ئاخاوتنەکانیاندا بە ئاشکرا ئەوە دەردەبڕن کە لە شەرعی ئیسلامی دابڕاون و ئەوان هەمیشە دەڵێن: (زانستی ئێمە و مەزهەبی ئێمە و رێبازی ئێمە و پەیڕەوکارانی ئەم رێبازە) ئەم جۆرە دەربڕینەش خۆی لە خۆیدا تایبەتمەندێتی سۆفیگەرێتی و لادان و دوورکەوتنەوەی لە شەریعەت و فیقهی ئیسلامی دەگەیەنێ و دەیسەلمێنێ.

ئەوەی گرنگە رووماڵی بکەین ئەوەیە کە سۆفییەکان لەم قۆناغەدا ئەوەیان راگەیاند کە (خدری زیندە) رابەری رێبازەکەیانە... و گەلێ سۆفی زۆرجار باسی ئەوەیان کردووە کە خدری زیندە لەگەڵیاندا پەیڤیوە و پەند و ئامۆژگارییان لێ وەرگرتووە و لە سەرووی هەموویانەوە ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم.. و ئەم پەیوەستبوونەی سۆفییان بە خدری زیندەوە لەم بارەیەوە ئەبولقاسمی قشیری لەلاپەڕە ٢٠-٢١ و دواتردا باسی ئەوە دەکات کە سۆفییەکان لەشەریعەت لایانداوەو دەڵێ: ئایندارییان نەماوەو بەرەی خۆی لوولکردووەو تەماح و چاوچۆنکیان پەرەیسەندووەو پیرۆزمەندی شەریعەت لەدڵیاندا سڕاوەتەوەو کەمتەرخەمی بەرامبەر بەئاین دەکەن و بەرپەرچی جیاوازی نێوانی حەڵاڵ و حەرامیان داوەتەوەو بانگەشەی نەهێشتنی شکۆمەندی دەکەن و گاڵتەو تەوس بەخوداناسی و نوێژو رۆژوو دەکەن و جاڕی ئەوەیان داوە کە ئەوان لەکۆت و بەند ئازادبوون و لەوەی دەیکەن و نایکەن گلەیی خوایان لەسەر نییەو ئەوان نهێنییەکانیان بۆ ئاشکرابووەو حوکمگەلی مرۆییان لەسەر لابراوە...هتد.

ئاشکرایە ئەم قسانە لەئاین لادان و شەریعەت بەزێنییان لێ دەبارێ و ئەم هەڵوێستەی سۆفێکانیش هۆکارگەلی جیاوازی هەیەو لەهەموویان گرنگتر بەرجەستەبوونی رۆحی فەلسەفەی یۆنانییە لەلای خاوەن و پیرۆکارانی ئەم رێبازە، سەرەتا ئەمە بەنهێنی بوو دوایی کەسانی وەکو ئیبن فارزو ئیبن عەرەبی و قۆنەری و تەلمەسانی و ئیبن سەبیعن و ئیبن عەتائی ئەسکەندەری و عەبدولکەریمی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عەبدولکەریمی جیلی و سەرجەمی سۆفێکان بەئاشکرا بانگەشەیان بۆکردو بەرجەستەیانکرد. هەروەها ئیمام جەعفەری سادیق کە ئیمامی پێنجەمی موسڵمانانە لەبارەی ئەبولهاشمی کوفییەوە کە بەیەکەمین سۆفی عیراق دەژمێردرێ گوتوویەتی کەسێکی

زۆر باوەڕ بۆگەن بووەوەو مەزهەبێکی داهێناوە کە تەسەوفی ناوبووەو کردوویەتی بەپەناکەی باوەڕو ئیدی بۆگەنەکەی. بێگومان بۆیە ئیمام جەعفەری سادق وای بەئەبولهاشمی کووفی گوتووە، چونکە ئیمام جەعفەری خۆی وابەستەی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکان بووەو ئەبو هاشم لادەرو یاخی بووە لەئەحکامەکانی شەریعەت و فیقهی ئیسلامی جگەلەوەش سۆفی ناودار زەنوونی میسری بەزەندیق ناوزەدکراو لەوبارەیەوە یوسفی کوڕی ئەحمەدی بەغدادی دەڵێ: خەڵکی ناوچەکە زەنوونی میسرییان بەزەندیق ناوبردووەو عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولحەکەم پەسەندی نەکردووەوە زانیانی بواری شەریعەتیش لەمیسر لێی دوورکەتوونەتەوەو بەزەندەقیان ژماردووە. هەر لەبارەی ئەبوهاشمی کووفییەوە نووسەری ئێرانی حاجی معصوم لەکتێبی گرائف الحقائقدا گوتەزاکانی قەشە نەسرانییەکانی لەبارەی دوو ناودوونکردنەوە دووبارەی دەکردەوە. ئەوان دوو ناودوون و یەکبوونیان لەگەڵ خوادا بۆ حەزرەتی عیسا بانگەشەدەکرد، بەڵام ئەبوو هاشمی کووفی لافی دووناودوونکردن و یەکبوونی لەگەڵ خوادا بۆ خۆی لێدەدا. دیسانەوە لەبارەی حەزەرتی خدری زیندەوە نووسەری کتێبی الصوفیە بین الدین والفلسفەدا لەلاپەڕە (٦٢-٦٣)ی نوسراوی ئاماژە بۆکراویدا ئەوە رووماڵ دەکات کە ئیبن عەرەبی گوتوویەتی خدری زیندە خەرقەی سۆفیگەرێتی بەدەستی خۆی کردۆتەبەری و ئەوەشی دەربڕیوە کە خدری زیندەی لەئشبیلییە بینیوەو رێنمایی کردووە کە ملکەچی پیرانی تەسەوف بێ ئەگەر لەکاروبارێکیشدا هەڵەیانکرد ململانێیان لەگەڵدا نەکات. هەروەها (عبدالرحمن بن محمود نموس) لەلاپەڕەو کتبێی ئاماژەپێکراویدا باسی ئەوە دەکا کە سۆفی ناسراو ئیبراهیمی ئەدهەم گوتوویەتی بۆ راووشکار دەچووم لەپڕ لەجەرگەی نادیارەوە فەرمانم پێدرا کە خەرقەی سۆفیگەری بپۆشم و دەستبەجێ جلوبەرگی میرزادانەی خۆم دا بە شوانەکانی باوکم و هەرلەوێدا بەدەستی سۆفیگەرێتی بووم و کەسێک هات و ناوە مەزنەکانی خوای فێرکردو کاتێ توانی ئەو ناوانە لەبەر بلێ خدری زیندە بەرەو پیری هات و پێی گوت ئەوەی ناوە مەزنەکانی خوای فێرکردی حەزرەتی داود بوو. بێگومان ئەمجۆرە قسانە دەرچوونە لەبازنەی شەریعەت و لادانە لەئیدورێوسمی ئیسلامی و هەروەکو السلمی باسمان بۆ دەکات: ئەبو سولەیمانی دارانی کە سۆفییەکی ناودار بووە لەبەرئەوەی گوتوویەتی مەلائیکە دەبینێ و قسەی لەگەڵدا دەکەن شەریعەتمەداران لەدیمەشق دەریانکردووەو

هەروەها سۆفییەکی دی بەناوی علی احمد بن ابی ئەلحواری دەیگوت ئەولیاکان لەپێغەمبەران مەزنترن لەبەرئەوە خەڵکی تووڕەکردو لەترسا دیمەشقی بەجێهشت و رایکرد بۆ مەکە، سۆفی بەناوبانگیش ئەبو سەعیدی خەراز لەبەرئەوەی هەندێ قسەی دەکرد لەشەرع و ئاینەوە دوور بووە بەگومڕا ناوزەدیان کرد. شێخ محەمەد عەبدەش لەبارەی تەسەوفەوە بیروڕای باش نەبوەو بەبابەتێکی دژە شەریعەتی ناوزەکردووە. سۆفێکان بەئاشکرا قسەی دژە ئاینی ئیسلام دەکەن و هەر بۆ نموونە عەبدولکەریمی جیلی لەکتێبی-الانسان الکامل دا باسی ئەوە دەکات کە ئیفلاتوونی بینیوەو جیهانی نادیاری پڕاوپڕکردووە لەنوورو پلەوپایەیەکی وەها شکۆداری هەبووە بەدەگمەن هەندێ لەئەولیاکان ئەو پلەو شکۆمەندییەیان هەبووەو گوتوویەتی من قوتبی زەمانم، هەر لەو کتێبەدا عەبدولکەریمی جیلی دەڵێ ئەرستۆی قوتابی ئیفلاتوون پابەندی خدری زیندەبووەو گەلێ زانستی لێ وەرگرتووە.

ئەم قسانە عەبدولکەریمی جیلی پێچ و پەنای تیادا نییەو بە ئاشکرا دژی شەریعەت و فیقی ئیسلامییەو ئەوە دەگەیەنێ کە سۆفێکان پابەندی دەستووری ئیسلامی نین و لەم بارەیەوە ئەدۆنیس لەلاپەڕە (٩)ی الصوفیە والسریالیەدا دەڵێ: تەسەوف پێویستی بەوە نییە باوەڕی بەئایینی ئاسایی و باو هەبێ، یاخود ئیمانی ئاسایی و باوی بە ئایین هەبێ.

هەروەها ئەدۆنیس لەلاپەڕە (١١)ی کتێبی ناوبراویدا ئەوە دەخاتەڕوو کە سۆفیگەرێتی لەئەنجامی ئەوەوە هاتۆتەکایە چونکە زانست و شەریعەتی ئایینی نەیانتوانیوە وەڵامی گەلێ پرسیاری قوڵی مرۆڤ بدەنەوە.

هەروەها لەلاپەڕە (٣٠)دا دەڵێ: سۆفییەکان پابەستەی سونەتی پێغەمبەر نین (د.خ)و ئیمامی مالک دەڵێ: سونەتی پێغەمبەر کەشتێکەی نوحە، هەر کەسێ پەنای بۆ بەرێ رزگاری دەبێ و هەر کەسێ پەنای بۆ نەبات دەخنکێ.

هەروەها ئیبن تیمیە حاڵ و باری سۆفێکان بەشەیتانکاری ناوزەد دەکاو ئەوە دەخاتەڕوو کە سۆفێکان عاشقی جۆرە شیعرو دەنگ گەل و ئامێرگەلێکی مۆسیقایین کە عەشقێکی رەها دەوروروژێنن تایبەت نین بەئیماندارانەوە بەڵکو عەشقێکی هاوبەشە لەنێوانی عاشقانی خواو عاشقانی بت و خاچ و عاشقانی هەتیوە لوسکەو عاشقانی ژنان و ئەمەش کارێکە سۆفێکان بەبێ هیچ پاڵپشتییەکی قورئان و فەرمودەکان پەیڕەوی دەکەن.

هەروەها وەکو لەلاپەڕە (١٢و١٣)ی کتێبی الفرق الصوفیە فی الاسلام-ی

سبنسر ترمنجهامدا هاتووە کە (د.عەبدولقادر البحراوی) وەریگێڕاوەو لەساڵی (١٩٩٧)دا دار **النهضة العربیة** لەبیروت چاپیکردووە، ئیبن حەزم لەبارەی سۆفییەکانەوە ئەوە رووماڵ دەکات کە سۆفییەکان دەڵێن (ئەوەی گەیشتە پلەی ئەولیات ئیتر پەیڕەوکردنی شەریعەتی لەسەر نامێنێ و نوێژو رۆژوو و زەکاتی لەسەر لادەچێ و هەموو جۆرە حەرامێکی بۆ حەڵاڵ دەبێ تەنانەت زیناو مەی).

هەر لەبارەی سۆفییەکانەوە نووسەری گەورەی عیراقی هادی ئەلعەلەوی لەلاپەڕە (١٨)ی کتێبی (دیوان الوجد)دا کە دار المدی لەساڵی (١٩٩٨)دا چاپیکردووە، دەڵێت: (فەیلەسوفەکان دەڵێن مرۆڤ لەزانینی حەقیقەتەکاندا هاوبەشی خوایە... بەڵام سۆفێکان لافی ئەوە لێدەدەن کە مرۆڤ هاوبەشی تەواوی هەموو خەسڵەتێکی خوایەو خوا دەبێ بەمرۆڤ و مرۆڤ دەبێ بەخوا).

ئاشکرایە ئەم بیروبۆچوونانە لەقورئان و فەرمودەکاندا نییەو ئەم قسانە لەناوەرۆکدا دژایەتی شەریعەت و فیقهی ئیسلامی دەکەن و بەڕوونی ئەوە دەسەلمێنن کە زەمینەو رەگ و کرۆکی سۆفیگەری ئیسلامی نییەو بەڵکو دژایەتی ئیدو سروت و بنەما جوانەکانی ئایینی ئیسلام دەکات و خۆی لەخۆیدا بانگەشەی بەرجەستەکردنی کردنی ئاینێکی دییە لەبۆتەی ئاینی ئیسلامیدا.

نووسەری کتێبی (التصوف فی الشعر العربی الاسلامی-عەبدولحەکیم حسان-کە ساڵی (٢٠١٠) دار العراب چاپیکردووە لەلاپەڕە ٨٠ و ٨١ و٨٢ی کتێبی ناوبراویدا ئەوە دەخاتەڕوو کە سۆفی هەست بەوە دەکات کە لەگەڵ خوادا یەکانگیر دەبێ، واتە هەست بەوە دەکات کە خۆی و خوا بوون بەیەک شت و لەبەرئەوە سۆفی دەڵێ: من خوام، شایانی باسە ئیبن جەوزی لەبەشێکی زۆری کتێبی (تلبیس ابلس)دا باسی سۆفی و سۆفیگەری دەکات و لەزۆر شوێنی باسەکەیدا بەبێ پێچ و پەنا گومڕایان دەکات و بە لەئاین دەرچوو ناوزەدیان دەکات، چونکە لافی ئەوە لێدەدەن کە خواو سۆفی لێکدیدا دوو ناو دووندەکەن و هەر لەم بارەیەوە ئیمامی غەزالی لەکتێبی (تهافت الفلاسفە)دا ئیبن سینا بەگومڕا لەقەڵەم دەدات کە یەکێکە لەسۆفییە بەناوبانگەکان، جێی داخیشە هەندێ لەنووسەرو لێکۆڵەران ئیمامی غەزالی بەسۆفی دەژمێرن، بەڵام لەڕاستیدا وەکو لەکتێبی (سۆفی و سۆفیگەریتی)دا ئاماژەم پێداوە ئیمامی غەزالی شەریعەتمەدار بووەو پشتیوانی دەسەڵاتداران بووەو لەزانستی شەرع و فیقهی ئیسلامیدا کاریکردووە نەک لەبواری تەریقەت و کتێبی (احیاء علوم

الدین) كە لەدانانی ئەوە گەواهی لەسەر راستی ئەم بیروبۆچوونەم دەدەن و من پێداگری لەسەر ئەوە دەکەم کە ئەگەرچی هەندێ بابەتی لەسەر سۆفی و سۆفیگەرێتی نووسیوە خۆی سۆفی نەبووەو پەیڕەوی بەرنامەی سۆفیگەرێتی نەکردووە.

شایانی باسە خوێندنەوەو لێکدانەوەی دەقە پیرۆزەکان و فەرمودە لەلای سۆفی رووکەشی دەق و فەرمودە ناگرێتەوەو دەخزێتە ناوەوەی دەقەوەو لێکدانەوەی خۆی بۆ دەکات و بەم جۆرە سۆفییەکان لەبوارو پانتاییەکی رەهادا دەقەکانی قورئانی پیرۆزیان لێکداوەتەوەو لەئەنجامی ئەم ئەزموونەشدا بزۆزیی دەق و دەوڵەمەندی ناوەوەی دەق دەدۆزێتەوەو ئەم جۆرە لێکدانەوەیە رووکەش و رواڵەتی دەق دەهەژێنێ و دەرەنجامیش ئەو بیرو هزرە شل و شاو دەکات کە فیقە و شەڕی لەسەر دامەزراوەو لەم بارودۆخەشدا ئەو دەسەڵاتەش مۆلەق دەبێ کەپێوە پابەستە. ئەوەی ئاشکرایە ئیمامی غەزالی لەڕواڵەت و رووکەشی دەقی پیرۆزو فەرمودەدا لێکدانەوەی کردووەو پابەست و پەیوەستی ماناو گوزارەو واتای دەرەوەی دەق بووەو ئەمەش بەڵگەیەکی دییە کە ئیمامی غەزالی شەریعەتمەدار بووە نەک سۆفی.

هەنار
ژمارە ٧٨ یولیۆی ٢٠١٢

# بنیاتی زمانەوانیی هاومانایی
# لە تۆپی پێ و مەیدانەکانی جەنگدا



## بەدواداچوونێکی فیکری دەربارەی تۆپی پێ

نەجات حەمید ئەحمەد

یەکێک لەو چالاکییە مرۆییە هاوچەرخانەی کە زۆرترین ورووژاندنی تێدایە، کە لە زۆربەیان زیاتر هۆگریەکی ناهوشیاریی تێدایە، یاریی تۆپی پێیە، لەگەڵ ئەوەشدا وردبوونەوە لەم دیاردەیە لە لای مرۆڤ نەبووەتە گرفتێکی فیکری، یا فەلسەفی، هاوڕاییەکی مێژوویی هەژموونگەرا هەیە لەسەر قەبووڵکردنی یاریی تۆپی پێ وەکو دیاردە و چالاکییەکی کۆمەڵایەتی کە زۆرترین ورووژاندنی تێدایە، دەبێت پرسیار لەو هۆکارە شاراوانە بکەین، سەبارەت بەو خولیا و هۆگری پێوەگرتنە بێ سنوورەی مرۆڤی هاوچەرخ بە یاریی تۆپی پێوە، ئەو ڕەنگدانەوە تێپەڕکەرانەی کە لەسەر بیر و سرووشتی مرۆڤدا هەیەتی هەروەها کاریگەرییە شاراوەکانی ئەم هۆگرییە لە ناهوشیارییدا، وەکو بنیاتێکی دەروونیی پەیوەستدار بە کاردانەوەکانی ئەولە پەیوەندییە خێزانییەکانیدا، هەروەها لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشیدا، لە ئاستی دیکەی وەکو پەیوەندیی ئەو خولیایە بە پراکتیزەکردنی هەژموونی سیاسی، نیشتمانی یا نەتەوەیی، بەڵام گرنگترین کاریگەریی بە لایەنی ئێمەوە ئەو دینامیکییەتەیە،کە تەرزێک لە دەستەجەمعی

دێنێته دنیاوه، كه به ئاراستەی هەژموونگەرایی ناهوشیاریی دەستەجەمعی دەچێت و بەردەوام وێنای مرۆڤی هاوچەرخ دەکات و دیاریی دەکات، سرووشت و شێوازی ئەو مرۆڤە لە یاریداو ئەو کاریگەرییە دەروونییە شاراوانەی کە کاریگەریی دەروونیی شاراوە دەخەنە سەر بیر و عەقڵییەوە.

## ١- تۆپی پێ و بیری پاڵەوانێتی:

زاراوە زۆر و زەبەندەکانی کۆتایی لە فەرهەنگی چالاکیی وەرزشیدا، لە چەمکی کۆتایی چالاکییەکەدا کورت دەکرێتەوە کە بە شێوەیەکی قووڵ و ڕەگاژۆ بە چەمکی پاڵەوانێتییەوە دەبەسترێتەوە، ئاساییە کە ڕۆشنبیریی وەرزشی جەخت لەسەر دەرەنجامێک بکاتەوە، کە ئەوانیش بردنەوە و دۆڕاندنە، واتە سەرکەوتن و تێکشکان، لە پاشانیشدا هیچ چارێکمان نییە دەبێت دیاریکردنێکی ڕەوشتی و دەسەڵاتداریێتیی وەکو چەمکەکانی (پاڵەوانێتی، نووشوستی هێنان و سەرنەکەوتن... هتد بدەینە پاڵ یاریچییەوە و لەوێشەوە ئەو چەمکانە بدەینە پاڵ، گەلێک یا دەوڵەتێک یا تیپێکی تۆپی پێی جیهانییەوە.

لێرەدا گرنگە لە سەرەتاوە دەرک بەوە بکەین کە پاڵەوانێتی لە یاریی پۆپی پێدا نە دەستکەوتێکی ماددی و نە دەستکەوتێکی ژیارییە بۆ مرۆڤ لە کۆمەڵگەکەیدا، بەڵکو بەدیهێنانی بناغەیەکی مانەوەیە، چونکە مرۆڤ وەکو کەسێکی سەرکەوتوو بەسەر کەسێکی دیکەدا بەرجەستە دەکات بە (هێزی جەستەیی، هونەرکردن لە بەکارهێنانی تۆپ بە پێ، فرتوفێڵی هونەری و جەستەیی، پێشڕەوی بەسەر ئەوی دیدا)، ئەمانە بەردەوام ئەوی دی بەرەو ورووژاندن و چێژوەرگرتن دەبەن، کاتێک پاڵەوانێک دەبینن سەردەکەوێت و پاڵەوانێکی دیکەش نووشوستی دێنێت)، ئەم بینینەش وابەستەکراوە یا هاوکات کراوە لەگەڵ (چێژ، هەستی سادیانە، ناوبانگی دەرکردن و جیاواز بوون و خۆ دەرخستن)، بۆیە ئەمە کێشەیەکی دەروونی و جەستەییە، پشت بە هێزی ماسولکە و عەقڵیش دەبەستێت، لە دەستپێشخەریکردن و جووڵەدا، گەر زۆریش لە ئاستی جۆش و خرۆشی ئەوانی دی ورد بینەوە، کە چۆن ئەوان سەیری پاڵەوانەکانیان دەکەن، وەک ئەوەی شەڕ دەکەن لەپێناوی بەدیهێنانی سەرکەوتن بەسەر پاڵەوانەکانی دیکەدا، یەکسەر لەلای جەماوەردا لە ئاستی ئەو هەستە سادیە تەشەنە سەندووە تێدەگەین، کە چەندێک چێژ دەبینێت لە بینینی سەرکەوتنی پاڵەوان و بینینی ئەو زەلیلبوونە دەروونییە و ئەو شکستییە بەڕووداو کراوەی کە دۆڕاندنی بەرامبەرەکانە، کاریگەرییەکانی ئەم هەستە لەنێوان سەرکەوتوو و دۆڕاودا قەتیس دەخوات، (لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان

و هاندەرانیان و هاوبەشی کارانیاندا... هتد). ئەمانە کاریگەریی دەروونین زۆر جاریش کاریگەریی وێرانکەرن.

هاونموونەیی مانەوی و گەوهەری لەنێوان یاریی تۆپی پێ وەکو یارییەکی جەستەیی بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن، لەگەڵ ئەو شەڕ و کێشە و جەنگانەی کە لەنێوان تاک و میللەتاندا ڕوودەدەن، هاونموونەیی بوونێکی مانەوییە، کە بە چەمکەکانی دەستە باڵایی بەسەر ئەوی دی و سەرکەوتن بەسەریدا دەڕازێنرێتەوە و ئاڵ و واڵا دەکرێت، (لە ڕۆشنبیریی سەردەمیشدا، واتە ڕۆشنبیریی ئەورووپی، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی نیتشە، دەربارەی مرۆڤی دەستە باڵا، واتە مرۆڤی سوپەرمان، بەیەکێک لەو سەرچاوە گەوهەرییانە دادەنرێت کە فاشییەت و نازییەت بەرنامەی کاری خۆی لەسەر داڕشتووە). ئەو بینەرەی کە بە شێوەیەکی سەرشێتانە بۆ پاڵەوانە هەڵبژێردراوەکەی حەماسەت دەیگرێت و ئەم حەماسەتەشی هاوکات دەبێت لەگەڵ هاواری سەرشێتانە، لە گەوهەر و ناکاودا هاوشێوەیە لەگەڵ چەکداران و شمشێر بەدەستان، لە لێدان و پێکانی بەرامبەرەکانیان و زەلیلکردنیان، ئەمە پراکتیزەکردنێکی دەروونی و جەستەییە و پراکتیزەکردنی ڕۆشنبیریی زەلیلکردنی ئەوی دیە، تاکو بیکاتە ئەو کەسەی کە بە ئازارێکی قووڵەوە بە زەلیلی و نووشوستیی خۆی ڕازیبێت، ئەو ئازارەی کە لە بەها و دەلالەتەکانیدا هاوشێوەیە لەگەڵ ئازاری هاندەرەکانیدا، یاخود هاوپەیمانە دەروونییەکانی خۆی، واتە هاوپەیمانە مانەوییەکانی خۆی و ئەو بە پەلە ئازارەکانی خۆی بۆ ئەوان دەگوازێتەوە، هەروەکو چۆن سەرکەوتوو ڕووداوی کرانەوەی دەروونیی خۆی بۆ هاوپەیمانەکانی دەگوازێتەوە، ئەوانەی کە هەمان پێناسی نەتەوەیی و جوگرافی و دەوڵەتی و نیشتمانییان هەیە، ئەوان لەم حەماسەتەیاندا لێزانن لە چۆنێتیی سەرکەوتن بەسەر ئەوی دیدا و خولقاندنی ئازارێکی دەروونی و عەقڵی بۆی، لەسەر هەمان ڕێچکەی دەروونی و دەلالەتەکانیدا، هاوارەکانی شکستی و نووشوستی و کێشان بەسەردا لە لایەن دۆڕاوەکانەوە، یاخود لە قەبووڵکردنی سەرکەوتنی بەرامبەرەکەی بەسەر ئەودا، لەم حاڵەتەدا دۆڕاو نەک تەنها نازناوی پاڵەوان لەدەست دەدات، بەڵکو متمانەی ئەوانی دیش بەخۆی لەدەست دەدات، ئەو دەبێتە ئەو کەسەی کە بووە هۆکاری ئەوەی ئەو ئازارە بۆ هاوپەیمانە دەروونییەکانی بێنێت، ئەوانەی کە دەبێت بەرەو ڕووی دەرەنجامە خراپەکانی زەلیلبوون و نووشوستیهێنانیان هەڵگرن بە هۆی نووشوستیهێنانی پاڵەوانە هەڵبژێردراوەکانیانەوە، لە جەنگیشدا، بە ماتەمینیی گشتی و نیشتمانی ونەتەوەیی پێشوازی لە دۆڕاندن دەکرێت، هەموو پراکتیزەی

ئازاری سەرنەکەوتن دەکەن بەسەر دوژمن و پێشبڕکێی کارەکانیانەوە، بۆیە سەیر نییە ئەم ئازارە بگاتە ئاستی سزادانی جەستەیی و دەروونی و مانەوی و کەسانێکی پلەبەرز لە دەسەڵاتدا هەن، لەو وڵاتەی کاتێک تیپەکەی دەدۆڕێت، پەنا دەباتە بەر سزادانی یاریزانەکان بە هۆی نووشوستیهێنانیان لە بەدیهێنانی سەرکەوتن، هەروەکو ئەو کارەی عودەی کوڕی سەدام حوسێن کردی، کاتێک فرمانی دا سەری یاریکەرە عێراقییەکان بتاشن، لە دوای یەکێک لەو یارییە نێودەوڵەتییانەی کە تیایدا دۆڕاندنیان، وەکو سزایەک لە نووشوستیهێنانیان لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەسەر پێشبڕکێکارانیانەوە، ئەم کەسە، واتە عودەی، لە ناخی خۆیدا جیاوازییەکی نەدەکرد لەنێوان شەڕێک کە وڵاتەکەی دژی دوژمنەکانی بەرپای دەکات، لەگەڵ یارییەکدا کە یارییەکی مانەوییە، ئەو وای بینیوە کە تۆپی پێ یارییەکی سیاسییە و رەهەندێکی نەتەوەیی و جوگرافیی هەیە و بە چاوی دوژمنەوە سەیری تیپی پێشبڕکێکار دەکات و یاریچییەکانیش لە لای ئەو رێگەیەکن یا کەرەستە و چەکێکن بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانیدا، ئەو وای نەدەبینی کە یاریکردن بە تۆپ، نە لە شێوە و نە لە بارودۆخەکەیدا یارییکردنێک نییە بە چەک، بەڵکو وای دەبینێت کە کاتێک یاریچییەکان دەچنە گۆڕەپانی یارییەوە، هەروەک چوونی جەنگاوەران و سەربازانە بۆ گۆڕەپانی جەنگ.

ئەم گونجاوییە گەورەیەی نێوان بەدیهێنانی سەرکەوتن لە چوارچێوەی پاڵەوانێتی لە جەنگەکاندا و هەروەها لە یارییەکاندا، فەرهەنگێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کەلەپووریی فراوان پێکیان دەبەستێتەوە. لە هەزاران ساڵ لەمەوبەردا، مرۆڤ خەون بە پاڵەوانی رزگارکەرەوە دەبینێت، کە خاوەنی سیفاتی پەرجوودار و تێپەڕێنکارە لەنێو هەموو مرۆڤدا، بۆیە سەیر نییە کە گەورەترین خەسڵەت کە بشێ وەکو وەسفێکی پیرۆز و گران بۆ مرۆڤ بەکاربهێنرێت، لە لایەن خەڵکی و بە پێچەوانەوەش لە لایەن حاکمەوە، سیفەتی پاڵەوانە، کە پاش سەرکەوتن لە یاریی و لە جەنگ. دەبینین گەل و دەسەڵاتداران میدالیاکانیان بەسەر بەدیهێنەرانی سەرکەوتندا دابەش دەکەن، یاریی چییە پاڵەوانەکان جام و میدالیا و میدالیای زێڕبن بەدەست دێنن پاش سەرکەوتنە گەورەکەیان، لەوانەشە پارەو ئیمتیازاتیش بەدەست بێنن، هەروەکو چۆن پاڵەوانەکان میدالیای رێزگرتن وەردەگرن کە جیایان دەکاتەوە لەوانی دی، سەدام حوسێن، میدالیای ئازایەتیی بەسەر سەربازەکاندا دەبەخشییەوە، پاش بەدەستهێنانی هەر سەرکەوتنێکی لە جەنگەکەی لەگەڵ ئێراندا. یا لە کاتی خۆ سازدانی بۆ هێرشێکی کتوپڕ بەسەر

دوژمنانیدا یاخود خۆ ئامادەکردن بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی دوژمنەکانی، بۆچی مرۆڤ میدالیا بەسەر پاڵەوانەکاندا دابەش دەکات و ئۆتۆمبێلیشی بەسەر ئەندامانی تیپی عێراقیدا دابەش دەکرد، بۆچی لەوانی دیەکەیان جیا دەکاتەوە؟

کە تۆ جامێکت هەبێت (کاس) ناونراوە بە جامی جیهانی، یا جامی ئاسیا و ئەورووپا... هتد جامەکە بریتی نییە لە بەهایەکی مادی، بەڵکو ئەو جامە بەهایەکی مانەویی و دەروونی و نەتەوەیی و نیشتمانیی هەیە، لە بەدەستهێنانیدا دەویسترێت دەستە باڵایی رەگەزی و ئیتنی بەرجەستە بکرێت بەسەر نەتەوە و رەگەزە مرۆییەکانی دیکەدا، هەروەها بۆ گەیشتن بە شانازییەکی جوگرافی و نەتەوەیی، لەوانەشە بۆ قەرەبووکردنەوەی کۆمەڵێک لە زەرەر و نووشوستیهێنانی دیکەی بوارەکانی ژیاندا، کە دەویسترێت بەو سەرکەوتنە قەرەبوویان بکرێتەوە یا ژێردەستیی پێ بکرێت، یاخود پەردەپۆشی پێ بکرێت بەهۆی بەدیهێنانی سەرکەوتن بەسەر بەرامبەردا.

لە یاریەکانی تۆپی پێدا گوتنەوەی سروودی نیشتمانی و گۆرانییە نەتەوەییەکان و لە پاشاندا هەڵکردنی ئاڵای وڵات چەند دەلالەتێکن، دەربڕین لە دانەپاڵی ئەم دەورە دەکەن بۆ یارییەک کە بە پلەی یەکەم پشت بە تێهەڵدانی تۆپ دەبەستێت، بۆ گۆڵێکی دیاریکراو بە هۆی دەستبەسەراگرتنی گۆڕەپان و تێکشکاندنی بەرگریکارانی بە هێزی تیپی بەرامبەر، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە تەنها یاریکردنە بە تۆپێک کە بەهۆی پێیەکانەوە تێهەڵدەدرێت، بەڵام ئەم تۆپە دەبێت بە شێوەیەکی وا تێهەڵدرێت، کە تامبۆکانی یاریچییەکان و گۆڵچیی گۆڵەکە و هێڵەکانی بەرگریکاران ببڕێت، تاکو بگاتە گۆڵەکە، ئەو تێهەڵدانەی کە شوێنی خواستراو دەپێکێت ناوی نراوە ئامانج (هدف)، ئەو یاریچییەی کە لە هاوڕێکانی زۆرتر تۆپ دەسرەوێنێتە گۆڵی بەرامبەرەکەی نازناوی پاڵەوانی یاری (هداف)ی پێ دەبەخشرێت، ئەو لە هەموو کەس شایستە ترە کە نازناوی پاڵەوانی یاریی یا دەوریی پێ بدرێت،... هتد ئاشکرایە کە ئەو گرنگیدانە گەورەیە بە بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانێتی دەدرێ و لە پاشاندا وەکو رەهەندێکی رەوشتی و مانەویی و نەتەوەیی قەبوولْ بکرێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا قەبوولکردنی ناهوشیاریی خودیانەیە لە قەبوولکردنی کەسێک لە ئێمە و لە خۆمان کە چەندین پەیوەستی پیرۆز بەومان دەبەستنەوە وەکو پەیوەستی خوێن و جوگرافیا کە دەیکەنە کەسێکی هەڵبژێردراو ببێتە نوێنەر و ئێمە و جێگری ئێمە ئەو شتەمان بۆ بەدی بێنێت کە ئێمە نەمانتوانیوە بە دەستی بێنین، کە ئەوانیش سەرکەوتن و پاڵەوانێتییە، ئەو واتە پاڵەوان شایەن و شایستەی ئەم متمانە کوێرانەیەیە و لە کۆمەڵگە

دواکەوتووەکانیشدا کە لەژێر دەلالەتی دەسەڵاتداریتی و باوکسالاریی داسەپاودا دەناڵێنن، هەڵبژاردنی ئەو کەسەی کە هەڵدەستێت بە نوێنەرایەتیکردنمان. ناوی دەنرێت پاڵەوان، یاخود بە پاڵەوانی رزگارکەر ناودەنرێت، هەروەک ناوی پاڵەوانی (عێراق، لیبیا و سوریا،... هتد) یاخود پاڵەوانی (شۆڕش و راپەڕین و کودەتا... هتد) لە دنیای تازەشدا هێشتا خەون بینین بە پاڵەوانی رزگارکەرەوە هەر خەونێکی باوە لەلای هەموو کۆمەڵگەکانی دنیادا، کارە درامییەکان و فلیم و شانۆگەرییەکان، ئەکتەرەکانی بە پاڵەوانی کارە هونەرییەکان ناو دەنێت، وەکو نووسینی (پاڵەوانێتیی فەرید شەوقی، یاخود ئارنۆڵد شوارزنیگەر... هتد)، ئەم چەمکەی پاڵەوانێتی رزگارکار، چەندین فلیمی سینەمایی بەرجەستەی کردووە، کە لە هەموو دنیادا شوێنی رەزامەندی بوونە، هەروەک فیلمی سوپەرمان، یاخود فیلمی مرۆڤی جاڵجاڵۆکە، (سپایدەرمان) ئەم فیلمانە بیری ناهوشیاریی دەستە جەمعییان بەرجەستە کردووە، لە چاوەڕوانیی ئەو کەسەی رزگارمان دەکات، بۆچی چاوەڕوانیی رزگارکەر دەکەین (پاڵەوان)؟

مرۆڤ لە ژیانیدا هیوا و ئارەزووی شاراوەی لە ناخیدا هەیە، هەروەک بۆ نموونە رازیبوونی ئەو (چاونووقاندنی بە زۆری ئەو) بە زووڵم و هەستکردن بە زوڵم لێکراوی، لە قۆناغەکانی ژیانیشیدا بەرەو رووی کۆمەڵێک لە ناعەدالەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بووەتەوە، کەوایان لێکردووە توانای ئەوەی تێدا نەبێت ئەم زووڵمە و تەشەنەسەندنی لابەرێت، بەڵام ئەو ئیرادەکەی تووشی ئیفلیجی بووە یا کەسێکە ژیانی خۆی ناخاتە بەر مەترسییەوە و توانای رووبەڕووبوونەوەی نییە لەگەڵ مەترسیدا، ئەو لە چاوەڕوانیی ئەو رۆژەدایە کە ئەو خەونەی بێتە دی، کە زۆردار و چەوسێنەران ببینێت زەلیل بوون، رزگاربوون لەو هەستەی کە بە رادەیەک ئازاری لێ دەچێژێت کە بۆ چەپاندنێکی دەروونیی قووڵ دەگۆڕێت، لەڕووی دەروونییەوە دەشێ لەم هەستە رزگاری بێت، یا سووکی بکات کاتێک ئەو مرۆڤە دووبارە ئەو ئازارەی لاسایی دەکاتەوە، بەوەی خۆی دەخاتە نێو کێشەی دیکەی جیاواز لەم کێشەیەوە، کە لە لایدا سەلمێندراوە کە ئەو ئیرادەیەکی وای نییە بەسەریدا زاڵ بێت و لە پاشاندا سەرکەوتن و پاڵەوانێتی بەدەست بێنێت، باشترین پاڵپشتی ئەم هەستەی ئەو بینینی ئەو پاڵەوانانەیە و قەبوولکردنیانە وەکو هێمای دەروونی و پانۆرامایەکی دەرک پێکردنەوە بۆ خودێک کە دوودڵە لە خۆی، کە ئەوەتانێ رێکەوتێکی لەبەردەستە کە جێگرەوەیەک بۆ رزگاربوونی ئەو لەو ئازارە بدۆزێتەوە بە هۆی پاڵەوانە چاوەڕوانکراو و پاڵەوانە دادوەر و بەهێزە هەڵبژێردراوەکەی خۆی، لەبەر ئەم

هۆیانە پیرۆزکردنی پاڵەوان لە بناغەوە بینینی ئیرادەی مرۆڤە لە کرانەوەیدا، هەروەها لە پراکتیزەکردنیدا وەکو میانگیری و جێگرتنەوە و شوێن پێگرتنەوەی رەوشتی و دانە پاڵەوە، کە ئەوەتانێ پاڵەوان لەجیاتی ئێمە زیندوویان دەکاتەوە و تیایاندا سەردەکەوێت و بەرامبەرەکەی زەلیل دەکات.

بەشێکی گرنگی ئەم ئاڵۆزییە دەروونیانەی کە بیری مرۆڤ دەشڵەژێنن، دەشێت بدرێنە پاڵ کەسان و رووداوی واوە و لاساییان بکرێتەوە، کە پەیوەندییەکی پیرۆزیان لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا هەیە، ئەو ناونانە پیرۆزەی کە لەنێو هەموو ناونانەکانی دیکە پیرۆزترە، کە شۆڕشگێڕانی پێ ناودەنرێت، ناونانی ئەوانە بە پاڵەوانە سەرکەوتووەکان، ئەوە ئەوانن کە لاسایی ئازارمان دەکەنەوە و تۆڵەمان بۆ دەکەنەوە لە چەوسێنەرانمان، کە ئازاری زۆرمان لە زوڵم و کردارەکانیان بینیوە، هەموو ئەم لاساییکردنەوەیەی نێوان سەرکەوتن بەسەر زۆرداردا و بەدیهێنانی سەرکەوتن و پاڵەوانێتی لە تۆپی پێدا تەنها چارەسەرێکی سەرێریی دەروونیی خودی مرۆڤە.

### ناونانە دەلالییەکانی نێوان یاریی تۆپی پێ و جەنگ وەکو هێمای کەلەپووری

لێکچوونی چەمکی پاڵەوانی جەنگ و پاڵەوانی یاری و لە پاشانیشدا لەنێوانی یاری و جەنگ زۆر فراوانە، لە رۆشنبیریی سیاسی و سوپایی، شەڕی نێوان دوو تیپ یا دوو نەتەوە و دووخێڵ ناونانرێت بە شەڕ وەکو وشەیەکی داماڵدراو، بەڵکو بە ناوێکی دیکە ناودەنرێت وەکو شەڕی تەروادە، یا شەڕی کەنداو یا شەڕی حوشتر، لە تۆپی پێشدا یارییەک ناونانرێت تەنها بە وشەی یاریی، بەڵکو یارییەکە بە ناو و وەسفی دیکە دیاری دەکرێت و وەسفی دیکەی دەدرێتە پاڵ، وەکو یاریی دەوری، یا یاریی ئاسیا، یا جیهان، یا یاریی کەنداو، ئەم ناونانەش هاوپێچ دەکرێت بە زاراوەی پیرۆزکراو و رەوشتیی دیکەی وەکو (یاریی کۆتایی، یا یاریی چارەنووسساز).

ئەو شوێنەی کە شەڕی تێدا دەکرێت، ناونانرێت بە شوێنی شەڕ یا ناونانرێت، تەنها بە شوێنێک کە داماڵدرابێت لە سیفەتی دیاریکردنی دیکە، بەڵکو ناودەنرێت بە گۆڕەپانی شەڕ، ئەو شوێنەی کە یاریشی تێدا دەکرێت تەنها ناونرێت بە شوێنی یاریکردن یا شوێنی تۆپ و گۆڵ، بەڵکو بە مەیدان و گۆڕەپان ناودەنرێت، لە شەڕدا کاتێک سوپا پێشڕەوی دەکات یا تۆپ ئاگربارانی خۆی دەکات و فرۆکەکان رۆکێتەکانیان دەهاون، خەمی سەرەکیان پێکانی ئامانجەکەیە (الهدف) و دەست بەسەرداگرتنییەتی، لە تۆپی پێدا زاراوەی ئامانجی پێکا (أصاب الهدف) یا گۆڵی

تۆمارکرد (سجل الهدف)، یاخود لێدانێکی یا تێهەڵدانێکی مەزن، (**ضربة قاضية**)، گرنگییەکەیان لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوەیە، بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمی تێکۆشانی بەردەوامی خۆی، لە شەڕەکاندا و لەنێوان دوو لای شەڕکەردا، بریندار و کوژراو دەبێت، لە تۆپی پێشدا هەروەها بریندار و لێدراوان هەن، زۆربەی جارەکانیش لێدراوان لە لایەن پاڵەوانە پێشبڕکێ کارەکانیانەوە بە ئەنقەست بەرەو رووی لێدان دەبنەوە (بە کوردی زاراوەی شکاندن بەکاردێت لە یاریی تۆپی پێدا) لە شەڕی نێوان دوو دەوڵەت و دوو شەڕکەردا، هێڵی جیاکەرەوە هەیە بۆ بنکە دیاری کراوەکان و لەنێوانیاندا دیاریکراوە، وەکو هێڵی سنوور و هێڵەکانی جەنگ، هەروەک ناونانی هێڵەکانی بەرگری (**خطوط الدفاع**) وەکو ناونانێک بۆ هێڵی بەرگریی، یا بەرەی پێشەوە، قۆڵی لای راست و چەپ. تیپی یا سریەی هێرشبەر، لە گۆڕەپانی یاریشدا یا لە مەیدانی یاریدا، پێویستە یاریزانان ئەو هێڵانە بگرنە بەرچاو کە ئەوان لە پێشبڕکێ کارەکانیان جیا دەکاتەوە و دەبێت دەوری خۆیان و شوێنی خۆیان بپارێزن، وەکو هێڵی سزادان و هێڵی بەرگریی و هێڵی پێشەوەی بەرگریکار و یاریزانی بەرگریکار (**الخط الامامي** للدفاع. او لاعب الدفاع)، ئەم زاراوانەی جەنگ و شەڕ چۆن چوونە نێو فەرهەنگی زاراوە وەرزشییەکانەوە؟ دەلالەتە هێماکارییەکانیان چین؟

ئەوە راستە باوەڕمان بە نووشوستیی زەمەنێکی دووردرێژ هەبێت لە تێپەڕکردنی میراتی مرۆڤایەتی لە بواری فیکر و کەلەپوور، لە پاشانیشدا خولقاندنی کەلەپوورێکی تازەی وا کە دابڕاو بێت لەوی پێش خۆی، ئەوەش راستە باوەڕمان بەوە بە مانەوەی ئەو چەمکە مرۆڤایەتییانە هەبێت، کە پەیوەستن بە کەلەپووری فیکری و کۆمەڵایەتی بە درێژایی سەردەمەکانی رابوردوو، (بارت وای دەبینێت، کە ئاماژە جیاوازەکانی مێتۆلۆژیای کۆن، هێشتا هەر زیندوون لە سەردەمی ئێستاماندا، ئەو وای دەبینێت کە ئۆتۆمۆبێلی سیترۆن بۆ نموونە، لاساییکردنەوەی کاتدراییە گەورە و زەبەلاحەکانە)، بەڵام لەم راستییەش گرنگتر، ئەوەیە کە هاتنە کایەوەی گۆڕانکارییەکان لە فیکردا، پێویست بە تازەکردنەوە دەکات لە زمانی فیکر و هەموو زمانێکی تازەی فیکر پێویستیی بە رەنگدانەوەی تێگەیشتنێکی تازە هەیە لە شتەکان، واتە تێگەیشتنی داهێنەرانە کە ئەویش پێویستیی بە داکشانێکی کراوەی زمانی نووسین هەیە، هەمووشمان دەزانین رۆچوون لە پرسیاری بایەخی چەمکی شەڕ و ئامادەیی کاریگەری بە درێژایی سەردەمەکان و تاکو ئێستا، نووچخواردنێکی فیکری و خەلەلێکی مرۆیی و گەوهەرییەک سەردەم و لە دوای سەردەمیش و دەمانەوێت تائەمرۆ لەسەر

شانمان هەڵگرین، ئەو پرسیارەشی دەیخەینە روو بۆچی پەنا دەبەینە بەر جەنگ وەکو رێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان لەگەڵ ئەوانی دی؟ ئایا جەنگ بە چارەسەرییەکی شیاو دەزانرێت لە کوشتنی ئەوی دی و تێکدانی ژیان و هێنانە کایەوەی نەهامەتی لە نێوکۆمەڵگەکاندا؟ ئەی بانگەشەکانمان بۆ داکۆکیکردن لە بەها مرۆڤایەتییەکان و رێزگرتن لە بیروڕا چیان بەسەرهات؟

بە دڵنیاییەوە زاراوەی زمانی شەڕ و پراکتیزەکردنی لە ژیانماندا و لە مێژووماندا پەیوەندییەکی رەگاژۆی بە نووشوستیی زمانەوە هەیە لە بەدیهێنانی باوەڕپێکردنی بەرامبەر و متمانەی ئەو، لەبەر ئەمەش عەقڵییەتی جەنگ هەر مایەوە، بەو مانایەی بەرامبەرەکەت ناچار کەی و زەلیلی کەی و لە پاشاندا بیخەیتە ژێر دەسەڵاتی خۆمانەوە و لە دواییشدا خولڤاندنی ئاماژەیەکی مێژوویی چەسپاو لە نووشوستیهێنانی زمان و زەینی مرۆڤ... ئەمە عەقڵییەتێکە کە لە ژیانماندا پراکتیزەی دەکەین لە هاوشێوە بوونە مەجازییەکانیدا، تاکو ئێستاش لەم سەردەمەدا مرۆڤ شانازیی بە باوەڕەکانی خۆیەوە دەکات، چێژ لە کوشتنی گا دەبینێت لە گۆڕەپانەکانی کوشتارگەدا، شمشێرەکەی دەچەقێنێتە جەستەی گایەکەوە، ئەویش خوێنی لێ دەچۆڕێت و تاکو دەگاتە ئەو ئاستەی هێزی نامێنێت و لەدەست و پێ دەکەوێت، لە پاشاندا شمشێری بەزەیی لە ملی دەچەقێنێت و بە شێوەیەکی وەحشەتگەریی و نامرۆڤایەتییانە، شوێنی سەرسوڕمان و تاسانە کە گەلی ئیسپانی و لەگەڵیاندا گەلانی دنیا، لە کوشتنی گیاندارێک بەم شێوە رەمەکی و سەرەتایی و وەحشییەتە ئەم کارە ئەنجام دەدەن، لەوانەشە وێکچوونی کاری وەحشیی هاوشێوەش هەبێت، وەکو کوشتنی نەهەنگ و بێچووەکانیان لە هەندێک وڵاتاندا لەپێناوی هێشتنەوەی کەلەپوورێکی وەحشی و رەمەکی یاخود تەنها لەپێناوی کات بەسەربردن، بەرامبەر بەمەش شەرعیەتدان بە کوشتنی مرۆڤ لە فلیم و دراماکاندا هەرچەندە ئەو کوشتنە لەپێناوی مەسەلەیەکی دادپەروەرانەشدا بێت، ئەم کردارانە بەشێوەیەکی مێژوویی و بە ناهوشیارییەکی دەستەجەمعییەوە بیری کوشتنی ئەوی دی قەبووڵ دەکات و لەپێناوی بەرجەستەکردنی پاڵەوانێکی نەتەوەیی یا رەوشتی و یا پاڵەوانێکی هونەرمەند و دەستڕەنگین، لە شێوازی کوشتن و جووڵە و دەستپێشخەریکردن و نواندنی بیری کوشتن، ئەو پاڵەوانەی کە گایەک دەکوژێت، هونەرمەندە لە شێوازی کوشتن و لەپێناوی ئەوەی ئەوی دی بێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو هونەری کوشتن دەزانێت و ئەوپەڕی کاتبەسەربردن و خۆشی و گوێ نەدان لە لای بینەردا دروست دەکات، بینەر لە فلیمەکانی ئەکشندا واتە کردار، هونەری خۆی دەردەخات لە کوشتنی

ئەوانی دی، تاکو توانای خۆی و دەستڕەنگینیی بسەلمێنێت و ببێتە پاڵەوانێک لە پاڵەوانەکانی مێژوو سەرکەوتن بەدەست بێنێت بەسەر دوژمنەکانیدا، لەو باوەڕەدام کەلەپووری بەرجەستەکردنی پاڵەوان و زەلیلکردنی ئەوی دی لە ڕێگەی سەرکەوتن بەسەریدا، هێشتا هەر هەڵبژاردنێکی کاریگەرە لە لای مرۆڤی هاوچەرخ، لە رۆشنبیری و پەروەردە و هونەر و نووسینەکانییەوە و چەمکی پاڵەوانێتی لە تۆپی پێش درێژبوونەوەیەکی سرووشتیی چەمکی سەرکەوتنە بەسەر ئەوی دیدا لە ڕێگەی زەلیلکردن و کۆنترۆڵکردنییەوە بە شێوەیەکی هونەری و شێوەی تازە، هەموو ئەو جوانکارییە جەستەییانەی کە تۆپی پێ بەرهەمی دێنێت تەنها پاساوێکن بۆ تێپەڕاندنی شەرعیەتدان بە عەقڵییەتی کۆنترۆڵکردنی ئەوی دی و کارامەیی لە خولقاندنی ئازاری دەروونی و جەستەیی بۆی، هەروەکو چۆن گواستنەوەی یا دەماودەم پێ کردنی ناونانە هاوشێوەکان لەنێوان ئەم چالاکییانەدا و هاوبەشیکردن تیایاندا لە هاومانایی بووندا.

**توندوتیژیی بە کۆمەڵی دۆڕاندن و بردنەوە.**

لە تۆپی پێدا هێزێکی قووڵ و شاراوە هەیە کە لە بەهاکەیدا هاوشێوەیە لەگەڵ هێزی سوپایەکی هێرشبەر و بەرگریکاران و هێزی شۆڕشگێڕان و هەروەها ئامادەبوون بۆ هێرشبردن و خۆئامادەکردن بۆ بەرپەرچدانەوە و بەرگریکردن و دەستپێشخەریکردن، جیاوازییەک نییە لەنێوان یاریگەیەکی ئەورووپی و یاریگەیەکی رۆژهەڵاتی لە پراکتیزەکردنی ئەو توندوتیژییەی کە هەموو یارییەکی تۆپی پێ لە جیهاندا بە خۆوەی دەبینێت. تایبەتمەندێتیی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، تایبەتمەندیی لاساییکردنەوەی کەلەپووری سەرکەوتن بەسەر ئەوی دیدا، کاتێک جەماوەر و تاکەکانی جۆش دەسەنن و پراکتیکی حاڵەتە دەروونییە ناباو و نا سرووشتییەکان دەکەن، باری دەروونیی تاک ئامادەبوونی دەروونیی بۆ قەبووڵکردنی دەستپێشخەریی سەیر و توند و تیژ دەگاتە ترۆپکی خۆی، ئەو کەسەی هاوار دەکات و بە دەنگی بەرز و نێرانە بانگ دەکات، ئەو بارە دۆخێک لە ناهوشیاریی دەستەجەمعی و لەدەستدانی هاوسەنگیی دەروونیی دەستەجمعی لەگەڵ خۆیدا دێنێت، ئەو لە سرووشتی خۆی دەردەچێتە دەرەوە، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، ئامادەگییەکی تەواوی دەبێت بۆ پراکتیککردنی توندوتیژی بەرامبەر ئەوانی دی، ئەوانی دی کە وەکو دوژمنێکی هێماگەریی سەیریان دەکات، واتە تیپی بەرامبەر و جەماوەری بەرامبەری و ڕێخۆشکەری دەکات لە جووڵاندنی ئەم جیاکارییە دوژمنکارییە بۆ پەرەسەندنێکی بە پەلە، یا تاوسەندنێکی سۆزاوییی

پەیوەستدار بە مەیلە شاراوەکانی مرۆڤەوە، کە لە دەروونی تاکەکاندا کرداری کۆنترۆڵکردن و سنوور بۆدانان لەدەست دەدات، یەکەم: لە گۆڕەپانی یاریدا دەبینین، ئەم توندوتیژییە لە کاتی یارییەکاندا دەکەونە بەرچاو، هەروەها لەو ساتانەی کە تیپێک خەریکە دەیدۆڕێنێت بە هۆی تەواوبوونی کاتی دیاریکراوی یارییەوە، ئەوسا دەبینین، یاریکردن دەبێتە پێکداکێشانی توندوتیژ و جموجوڵی توندوتیژی دوولایەنە، لەپێناوی ئەوەی رێگە لە تیپی بەرامبەر بگیرێت لە گۆڵ نزیک بێتەوە، هەروەکو چۆن کاری دیکەش دەکەونە بەرچاو وەکو شەق وەشاندن لەوی دی، پاڵپێوەنانی توندوتیژ، هەروەها بەرپێنەی مەترسیدار لەو یاریچییەی کە لە راکردندا لە گۆڵ نزیک دەبێتەوە، ئەم کارانەش برینداربوونی یاریچییەکان و شکانی دەست و پێیان بەدواوە دێت، ئاشکراشە جەماوەریش دەبێتە هاوبەشی کاری ئەم توندوتیژییە، کاتێک دادەبەزنە ناو گۆڕەپانی یاریی بۆ لێدانی یاریچییەکانی بەرامبەر یا لێدانی دادوەری وەرزشی، یاخود بۆ هێرشکردنە سەر جەماوەری تیپی بەرامبەر، لەوانەشە ئەگەر بێت و گۆڕەپانەکە بە تەواوی لە لایەن پیاوانی پۆلیس و ئاسایشەوە کۆنترۆڵ نەکرابێت کارەساتی مرۆیی رووبدات، هەروەکو ئەوەی لە گۆڕەپانێکی میسردا لەم دواییانەدا روویاندا، کە سەدان کەس لە جەماوەر بوونە قوربانیی ئەم توندوتیژییەی نێوان یاریچییەکان خۆیان و نێوان جەماوەری هەردوو تیپ ناودەنێین توندوتیژیی هیستیریی راستەوخۆ، ئەمەش مانای وایە کە یاریی تۆپی پێ جۆرێکی دیکە لە پراکتیککردنی توندوتیژیی تێدایە، کە ئەویش توندوتیژیی دەروونییە، کە بە درێژکراوەیەکی سرووشتیی توندوتیژیی جەستەیی دادەنێین، بەڵام ئەو شێوەیەی توندوتیژیی لە تۆپی پێدا کە بووەتە نموونەیەکی روون لە پراکتیککردنی ئەم یارییە، فراوانبوونەوەی ئەو ئەگەرانەیە لە بەرهەمهێنانی توندوتیژیی وێڕای ئەو مەترسییانەی کە یاریچییەک رووبەڕوویان دەبێتەوە، هەر کاتێک بیەوێت بگاتە ئەم ئاستە لە توندوتیژیی، نموونە لەسەر ئەمە کاتێک یاریچییەکی تیپێک دڵنیا دەبێت لەو راستییەی کە پێشبڕکێکارەکەی خەریکە گۆڵێک لە تیپەکەی دەکات، وێڕای مەترسییەکانی ئاگادارکردنەوەی یا ئینزارکردن و سزادانی لە لایەن دادوەرەوە، پەنا دەباتە بەر رێگە لێگرتن لە یاریچییەکە بە توندوتیژیی تاکو لە شوێنی خۆی رایگرێت و نەهێڵێت بچێتە پێش، ئەم تەرزە نا دروستە لە یاریدا بە پەرەسەندنێکی روون و ئاشکرا دادەنرێت و بە پراکتیکێکی توندوتیژانە سەیر دەکرێت کە لەلایەن یاریچیانی تۆپی پێوە ئەنجام دەدرێن، کە زۆربەی جارەکان دەبێتە هۆی هێنانەکایەوەی بارێکی دەروونیی توندوتیژ لە لای هاندەران و

بینەراندا و مەیلی تۆڵە سەندنەوەیان لە لادا دەورووژێنێت، بەرامبەر بەمەش ئەو یاریچییەی کە بە تیژی پێش دەکەوێت و لە گۆڵ نزیک دەبێتەوە، ئەویش ئەندامەکانی جەستەی دەخاتە مەترسییەوە و بارێکی دەروونیی هیستیریی توند دێنێتە کایەوە لە لای هاندەراندا.

**کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی بیری پاڵەوانێتی و دۆڕاندن.**

کێشەی تاک لەگەڵ تاک و کێشە کەسایەتییەکان، لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان و کۆمەڵگەی رۆژهەلاتی بە گشتی، بیری کێ براوەیە و پاڵەوانە و کێ دۆڕاوە هەڵیدەسووڕێنێت، دۆڕاو لە کێشەکاندا کەسێکە بە ترسنۆک و زەلیل وەسف دەکرێت، هەروەها چارەنووسی ئەوەیە کە بەرگەی هەندێک لە وەسفی ناڕەوشتیی نەشیاو بگرێت وەکو شوبهاندنی بە (ژن، بێ رەوشت، ترسنۆک، جوولەکە... هتد)، کەسی پاڵەوانیش ئەو کەسەیە کە کە بە سیفاتی رەوشتی و پیاوەتی پیرۆز دیاری دەکرێت وەکو شوبهاندنی بە (ئازا، پیاو، سەربەرز، بە جەرگ... هتد)، حاڵەتەکەش لە کۆمەڵگە پەرەسەندووەکاندا دەگۆڕێت، هەروەکو کۆمەڵگەی رۆژئاوایی، بۆنموونە، لەم کۆمەڵگانەدا جیاوازییەک نییە لەنێوان ئەو کەسەی داهێنانێک دەکات و دۆزینەوەیەکی زانستی دادەهێنێت، لەگەڵ ئەوکەسەی کە سەرکەوتنێک لە تۆپی پێ یان هەر یارییەکی وەرزشیی دیکە بەدەست دێنێت، گرنگ ئەوەیە کە کارێکی داهێنەرانە دەخوڵقێنێت، هەردووکیشیان نازناوی پاڵەوان بەدەست دێنن، وێڕای ئەم پەرەسەندنە لە تێڕوانینی مرۆڤ لە رۆژئاوادا، ئەوا کەلەبەری عەقڵی و رۆشنبیریی زۆر هەیە لە تێگەیشتن لە پاڵەوانێتیی مرۆڤ و کارە پەرجوودارەکانی. ئەو توندوتیژییەی کە سینەمای رۆژئاوایی بەرهەمی دێنێت و لە کەسایەتیی پاڵەواندا بەرجەستە دەبێت، بەسەر هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان و یاساکانیدا تێپەڕ دەبێت، زۆر جار بەرجەستەبوونی پاڵەوان بەرجەستەبوونێکی سادیە و دادپەروەرانە نییە، لە زێدەڕۆییکردن و توندڕۆیی پەرەسەندوو، لەپێناوی رزگارکردنی ئافرەتێک لە دەستی رفێنەرانی. چۆن قەبووڵ دەکرێت دەیان کەس بکوژرێت و دەیان موڵک و خانووی تایبەت و گشتی بڕووخێنرێت و چۆن لە پێویستبوونی مرۆڤی رۆژئاوا بگەین بە رزگارکەرێک؟

کەوابێ نهێنیی بایەخ پێدانی خەڵک بە تۆپی پێ چییە؟

جگە لەو هۆکارانەی باسیانم کرد لە سەرەتای شیکردنەوەکەم لە هۆکارە ناسرووشتییەکان، لە بایەخدان بە تۆپی پێ، هەندێک هۆکاری دیکەش هەن، کە لەلای خەڵکی شاراوەن، کە هەندێکیان ئەمانەن:-

١- لایەنگریکردن لە تیپێکی دیاریکراو، تەنها هەر لایەنگرییەکی هێماکارییە لە لایەن خەڵکانێکەوە لە پراکتیزەکردنی چالاکییەکی وەرزشیدا کە ئینتیمایەکی پێگیریکراوی تێدا نییە بە رەوشت و سیاسەتەوە، مەبەستمان لێرەدا بەرچاو نەگرتنی کەمینەیەک لە جەماوەر نییە، کە ئەم یارییە بە رێگەیەک دادەنێن بۆ پراکتیزەکردنی هەستە نەتەوەیی و نیشتمانی و جوگرافی و سیاسییەکانیان، بەڵکو مەبەستمان زۆرینەیەکە لەم جەماوەرە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە پەرەسەندووەکانی جیهاندا، بۆچی؟

بۆشایی سیاسی و لاوازبوونی چالاکیی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و تەنانەت ئاینیش لەم کۆمەڵگانەدا، وای لە تاک کرد کە بوونەوەرێک بێت لە ناخەوە بەتاڵ بێت، ئەو بوونەوەرەی زۆرترین پراکتیزەی خودی و دەستەجەمعیی تاقیکردووەتەوە و لە ئەزموونی ژیاریی زۆردا ژیاوە و تۆپی پێ و گۆرەپانەکەی پڕکردنەوەیەکی تەواوی ئەم هەستە لە ناکاوانەیەتی، کە هەمیشە لە ژیانیدا بەرەو روویان دەبێتەوە، لە ماڵ و شار و راگەیاندن و هەواڵی سیاسییەکانی وڵاتەکەی، بۆچی؟ بەهای ئەم هەستە دوو سەرەیە، لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا بایەخدانی زۆر بە تۆپی پێ لەم خاڵەدا گەڕانە بەدوای کێشەیەکی خودی کە پڕکەرەوەی بەتاڵییەکانی شەڕ و سیاسەت و ململانێ و دەوری سەربازی بێت، لە کۆمەڵگە دوا کەوتووەکاندا بێزاربوونە لە سیاسەت و جەنگ و ململانێی زۆر و گەڕانێکە بەدوای ململانێیەکی سپی و بێ خوێن.

٢- شوێنگۆڕکێ پێکردنی خەیاڵی بۆ سەرکەوتن و دۆڕاندن، واتە نووشوستی و سەرکەوتن و لە پاشانیشدا دەرخستنی پاڵەوان و زەلیلبوونی پاڵەوانی بەرامبەر وەکو پراکتیزەکردنی ناهوشیاریی بەکۆمەڵ. ئاشکرایە سیستمی تۆپی پێ بەدیهێنانی دەرەنجامەکان تیاندا لە سێ هەڵبژاردن کۆدەبێتەوە، یاخود لە سێ گریماندا، کە هیچ لێکدانەوە و گۆڕانکارییەکی کاریگەر قەبووڵ ناکات، چونکە یاری پشت بە سێ دەرەنجام دەبەستێت، سەرکەوتن (بردنەوە) دۆڕاندن، واتە قەبووڵکردنی سەرکەوتوو، یەکسانبوون، واتە خۆئامادەکردن بۆ یارییەکی دیکە، دەرەنجامی کۆتایی و حەتمی سەرکەوتنە بەسەر بەرامبەردا، ئەو جەماوەرەی کە جۆش دەیگرێت و دەشڵەژێ و هاوار دەکات و هەناسە هەڵدەکێشێت و چەپڵە لێدەدات، بۆ هەر جووڵەیەکی باش و خراپی یاریچییەکان، ئەوا ئەم هەڵچوونەی ئەو دەچێتە خانەی داکۆکیکردن لە بارێکی دەروونی و مانەوی، کە دەیەوێت پراکتیزەیان بکات لە چوارچێوەی شوێنگۆڕکێ پێکردنێکی خودییانەی خۆی بۆ کەسانی مانەویی دیکە، واتە تیپە پاڵەوانەکە کە هەڵبژێردراوە لای و

سەرسامە پێی و بۆی هەیە شوێنی ئەو بگرێتەوە، هەروەها شوێنی ئارەزوو هەڵچوونەکەی، لەبەر ئەوەی ئەم تیپە بە بەشێک لە جیهانی خەیاڵیی خۆی دادەنێت، هەروەها بە تەواوکەری خۆی، کە بە ئاسانی نوێنەرایەتیی ئەو دەکات، ئەوەتانێ گۆڕەپانی یاریی و یاریچییەکان پێشوازیی لەم شوێنگرتنەوەیەی ئەو دەکەن و بەبێ پرسیار لێکردنی و یاخود بەبێ ئەگەری ئەوەی رەت بکرێتەوە یان قەبووڵ نەکرێت، یا داسەپاندنی هیچ مەرجێکی دەروونی و باوەڕداریی تێدا بێت، ئەم کردارە کردارێکی خودییانەی شوێنگرەوەیە بۆ گەڕان بە دوای پاڵەوان و زەلیلکردنی ئەوی دی، وەڵامدانەوەیەکیشە بۆ مەیلی هەڵبژاردنی دەروونی لە بیری شوێنگرتنەوەدا.

٣- تۆپی پێ و کاریگەرییە دەروونییەکانی لەوەی بە راستی دادەنێین و ئەوەشی بە هەڵەی دادەنێین، بەڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ خەیاڵ و خواستە خودییەکانمان دەنوێنێت و ئەم خەونە لە خەیاڵ و بۆچوونەکانماندا دێنێتە دی، لەبەر ئەوەی لە لای هەموو مرۆڤێکدا هێزێکی نائامادە لە ناخیدا هەیە کە هانی دەدات بەوەی ئەو هەمیشە لەسەر راستی بێت، واتە قسەکانی راستن، ئەم ئاراستە دەروونییەش وەکو مرۆڤێکی جیاواز لەوانی دی دەری دەخات یا نیشانی ئەوانی دی دەدات، رێگەش بۆ ئەوە خۆش دەکات کە ببێتە مرۆڤێکی، کە ببێتە تاکێکی عەقلانی، چونکە ئەو لەسەر راستە، ئەوەشی دەیڵێ دێتە دی، بەم جۆرەش تۆپی پێ دەبێتە ئەو بوارە دەوڵەمەندەی کە ئەمەی بۆ دێنێتە دی و بەڵگەیەکیش بۆ سەلماندنی ئەوەی هەستی پێ دەکەین و ئەوەی پێشبینیی دەکەین، بینەر و هاندەران و لایەنگرانی تیپێک، تیپێک لەسەر بناغەیەکی رەوشتی هەڵنابژێریت، ئەو تیپەش پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ ئەودا نییە، (لە زۆربەی جارەکان ئینتیما رەگەزی و جوگرافی و ئاینییەکانیش) لە لایدا دەگۆڕێن، بەڵکو پەیوەستە دەروونییەکان جێگرەوەیەکن لە لایدا لە هەموو شتێ گرنگترن و دەبنە هەڵبژاردنی یەکەمین لە لای، ئەویش لەسەر بناغەی چەندێتی راستیی تێڕوانینی بۆ شتەکان و چەندێتی هێزی ئەم یارییە لە بەدیهێنانیدا دەوری دەبێت و لەم تێڕوانینە خودییەوە، تیپەکان هەڵدەبژێرن.

٤- گاریگەربوونێکی دەروونیی قووڵی مرۆڤ بە چەمکی هێز و دەرپەڕین و دەستپێشخەریکردن، ئاشکرایە بنیاتی جووڵە و هێز لە دەستپێشخەریکردن و جووڵە لە تۆپی پێدا، مەیدانێکی بەربەرەڵا دابین دەکەن بۆ دەرخستنی کەسی بەهێز، یان کەسانی بەهێز، بۆچی بینەران و هاندەران سەرسام دەبن بە یاریچیانی وەکو رۆنالدۆ و یان بە تیپی وەکو بەرازیل؟ چونکە ئەو کەسانە

ئەوانن کە خەیاڵمان دەکەنە واقیع هەڵبژاردن و بارە دەروونی و عەقڵییەکانمان دێننە دی سەبارەت بە خۆمان و ئەوانی دی، ئەم تیپەش ئەو تیپەیە کە بۆچوونەکانمان دێننە دی و حەماسەت و کاریگەرییەکانمان بەجێ دەگەیەنن، ئەوان ئەو پاڵەوانانەن کە ئەوەی ئێمە بە دروستی دادەنێین، دەیپارێزن، هەروەها هەڵبژاردنیشمان، کەواتە ئەوان ئەو پاڵەوانە هەڵبژێردراوە راستەقینانەن کە وا پێویست دەکات حەماسەتمان بۆیان هەبێت و ئەگەر پاڵەوانی بە جووڵە و بەهێز نەبوونایە، نەیاندەتوانی ئەم متمانەیەی ئێمە بپارێزن.

٥- ئینتیمایەکی غەریزەیی بۆ دیاردەی کۆبوونەوەی فراوانی مرۆڤ و پێکەوەبوون، گرنگە پرسیار لەو کۆبوونەوە فراوانەی بینەران بکەین لە گۆڕەپانەکانی تۆپی پێ و بەپێی گرنگی و ئاستی یارییەکە (ناوخۆیی، دۆستایەتی، خول، نێودەوڵەتی و جیهانی، لاوان... هتد)، بینەر تەنها بۆ ئەوە ناچێتە یاریگا بۆ بینینی یاریچییەکان تاکو بزانێت کێ دەیباتەوە، چونکە هەواڵی لەم جۆرە لە توانادایە بەبێ مەرجی چوون بۆ یاریگەکان و لە تەلەفزیۆن و رادیۆکاندا سات لە دوای سات بیبیستێت، بە درێژایی ساڵانێکی زۆر و تاکو ئەمڕۆش کۆبوونەوەی بەرفراوانی بینەران لە یاریگەکاندا بووەتە کەلتوورێکی رەگداکوتاو بۆ هاوبەشیکردنێکی دەروونی و مانەوی و گردبوونەوەیی کاریگەر لەگەڵ ئەوانی دی، کە هاوبەشمانن لە بەدیهێنانی سەرکەوتن و چێژلێوەرگرتن لە بینینی دۆڕاوەکان، کە دەستبەرداری سیفەتی براوە و نازناوی پاڵەوانێتی دەبن، ئەوەتانێ ئێمە لە گردبوونەوەیەکی مرۆیی بەرفراواندابین و لەنێو بەشداریکەرە راستەقینەکاندا دابەش بووین (واتە ئەوانەی هەمان هەڵبژاردنی ئێمەیان هەیە)، ئەو هاوبەشیکارانەش (لە هەڵبژاردندا لەگەڵماندا هاوڕا نین)، گرنگ چێژوەرگرتنە لە ئامادەبوونێکی فراوان و هاوبەشیکردنێکی فراوانی خەڵکی، ئەم هەستەش پەیوەندییەکی بە تینی هەیە لەگەڵ هەستی مرۆڤ بەوی دی و لە حاڵەتە دەروونییە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکاندا، واتە هەستکردن بەوی دی.

٦- پێشڕەویکردن و چوونەپێشەوەی هارمۆنیایی و مۆسیقاداری یاریچییەکان و گریمانی پێکانی گۆڵ، بەهایەکی شێوەگەری و جوانکاریی هەیە پەیوەست بە شوێنی جەماوەر وەکو بینەرێک لە جێگەیەکی بەرزدا و تیپەکانیش لە خوارەوەی ئەواندا، ئەوەتانێ یاریچییەکان بەرگرییەکانی تیپی بەرامبەریان تێپەڕ دەکەن و دەیانشکێنن، لە گۆڵ نزیک دەبنەوە، پێویستە زۆرتر نزیک بنەوە، لە گۆڵ...، بە نزیکبوونەوەیان لە گۆڵ دوودڵی و هەست و هەڵچوونە دەروونییەکانمان زیاتر دەبن و هانمان دەدەن، وەڵامێکمان بۆ ئەم رێکخستنە مۆسیقی و مانەوییەی

یاریچییەکان و بەجێگەیاندنی پیشەیی و لێهاتووییان هەبێت، چونکە ئێمە بەپەلەین و لە حاڵەتێکی دەروونیی ڕاڕادایین و نامانەوێت ڕێچکەی ئەم پێشڕەوییە جوانکاریی و شێوە مانەوییە بپسێت، چونکە کارمان تێدەکات و بەهێزەوە دەمانجووڵێنێت و ئارەزووەکانمان بەدی دێنێت، کەوابێت ئێمەش کەوتووینەتە ژێر دەسەڵاتدارێتیی شێوەیی و جوانکاریی جووڵەی یاریچییەکان کە ئەوان لە پێشڕەوییدان، بەڵام بەرامبەر بەمەش، چەندین جووڵەی شێوەیی مۆسیقیی دیکەش هەن کە بەشدارن لەگەڵماندا لە هەستکردن بە دوودڵی و نادڵنیایی، کە ئەوانیش پێشڕەویکردنی یاریچییەکانی تیپی پێشبڕکێکارە، کەواتە جۆشسەندن بۆ بینینی یاریی تۆپی پێ و کرداری هەڵبژاردنی تیپی پاڵەوان و جەماسەتێکی بێ سنوور بۆ بردنەوە و بەدەستهێنانی پاڵەوانێتی لە لای بینەراندا، لاساییکردنەوەی غەریزە دەروونی و ژیاری و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانە لە لای مرۆڤ.




# ڤلادیمیر مایاکۆفسکی
## سەرهەڵدان و سەرەتای فۆتۆریسمی رووس

**بابەک سەحرانەوەرد (تاران)**

**فۆتۆریسم چییە؟**

قوتابخانەی فۆتۆریسم لەبنەڕەتدا شۆڕش و ملپێچی بەرامبەر بە شێوازە پەیمانییەکان بوو و لە چاخی ماشین، شەڕ، گرژی و هەڵچوویی لایەنگری دەکرت.

«ئیمیلیۆ فیلیپۆ مارینێتتی» هونەرمەند و بیرۆکە وا نیئیتالیایی، بیرداڕێژی ئەم شەپۆلە هونەرییە بەبەیاننامەیەک کە لە ساڵی١٩٠٩ی زایینی بڵاویکردەوە و بە وشەگەلێکی ئازایانە، کۆتایی هونەری پێشووی راگەیاند و مزگێنی بۆ لە دایکبوون و سەرهەڵهێنانی هونەری داهاتوو و ئایندەی دا. ناوبراو لەو بڕوایەدا بوو کەبۆ وێژە و هونەری ئەمڕۆ دەبێ شێواز و زمانێکی بە پێز و گونجاو بێتەئارا.

پێشکەوتووخوازەکانی فۆتۆریسم دەیانوویست جەخت و هەرا و هوریای ژیانی نوێ و پیشەسازی بە کۆمەڵگاو مرۆڤی هاوچەرخ بنوێنن و بەر لە ئاخافتن لەمەڕ بزاڤ و بزووتنەوە و هەیەجانی دەروونی ژیانی نوێ و سووڕاندنی چەرخی ئۆتۆمبیل و گوڕەی فڕۆکە (ماشینیزم) باس لە هیچ شتێکی دی نەکەن. ئەندامانی ئەم قوتابخانەیە، تەواوی رەق و دژوار نووسینی شاعیرانی ئەو

سەردەمەیان بە گاڵتە دەگرت و هەر جۆر شیعری دڵداریی، دووردەخستەوە و شێوازێکی وەک پەخشان بە جێی شیعر دابین کرد.

بە تەواوی ئەم شتانە، فۆتۆریسم دەگەڵ ئەمرازەکانی هەست و دەربڕینی هەر جۆرە وشەیەک کە مرۆڤی تامەزرۆ دەکرد و هەروا دژ بە پاراستنی هەمە لایەنەی رێنووسی زمانەوانی بوون بە گشتی. بە جۆرێک خوازیاری رزگاربوون لە کەڵک وەرگرتنی وشەگەلی نائاسایی و دژ بە شیعریان دەویست و بۆ ئەوەی کە وتەکانی خۆیان دەرببڕن لە دەستەواژەگەلی کورت کورت و بڕشت بڕشت کەڵکیان وەردەگرت.

رۆنراو و نوێنەری ئەم قوتابخانە هونەری و ئەدەبییە لە رووسیا تەنیا «ڤلادیمیر مایاکۆفسکی» بووە. ناوبراو ئەم قوتابخانەی بە ئەمرازێکی زۆرباش بۆ بانگەشەکردن و راگەیێنی ئەندێشە شۆڕشگێڕییەکان دەزانی و لەو بڕوایەدا بوو کە ئەم شێوەیە لە واقیعدا گونجاوترین شێوەی نزیک خستنەوەی شیعر بە پەسەندی خەڵکە.

مایاکۆفسکی وەزن، وشە، شێوەزار و دەستەواژەی نوێ و تازەی ئاڕاستەی شیعری رووسی کرد و دەستەواژە هەر رۆژەییەکانی لەم شیعرەدا خستە ئارا و شێوازی ئاسایی ئەو چاخەی بە کتووپڕی داڕماند.

**منداڵییەکی پڕسەمەر**

مایاکۆفسکی، شاعیر، شانۆنووس و نیگارکێشی ئاژاوەگێر لە حەوتی ژوورییەی ساڵی ١٨٩٤ی زایینی لە دێهاتێک بە ناو (بەگداد) سەر بە قەفقاز، پارێزگای کووتائیسی، لە رووسییە لە دایکبووە، بەڵام دایکی لەو بڕوایەدا بوو کە ڤلادێمیر لەساڵی ١٨٩٣ هاتۆتە دونیا.

ڤلادیمیر ئەونە کە لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی پێکردووە و نووسیویەتی، هەرزۆر زوو لەگەڵ نیگارکێشی، شیعر و بە گشتی لەگەڵ هونەردا ئاشنا دەبێ. بەو جۆرە کە باوکی ناچاری دەکات لە هەموو جەژنەکانی لە دایکبوون- کە زۆریش دەبن- شیعر بخوێنێ و ڤلادێمیر مەجبوور دەبێت هەر جار چەند دێڕ شیعر لەبەر بکات.

ڤلادیمیر فێرکاری سەرەتایی لە لای دایک و کچەپوورەکانی فێردەبێ. کە واتە هەوەڵین قوتابخانەی ڤلادیمیر، ماڵەکەیان و یەکەمین فێرگەی زمانی زگماکی و ئەدەبی رووسی بە شێوەی زارەکی لە خزم و کەسەکەی وەردەگرێت و ئەوان دەبن بە یەکەمین مامۆستایانی ئەم منداڵە سەیر و سەمەرەیە. هەوەڵین

پەرتووکێک کە لێی ورد دەبێتەوە و دەیخوێنێت، بۆ هەمیشە لە یادیدا دەمێنێ: «کولانەی ئاگات» بە پێنووسی (کلاوێدیا لووکاشێوویچ) نووسەری منداڵان کە وا لە مایاکۆفسکی دەکات کە لەم بەرهەمە بێزاربێت:

(ئەگەر دیسان لەم جۆر کتێبانە دەگەیشتە دەستم، بێگومان بۆ هەمیشە دەستم لە خوێندن دائەشت.)

بەڵام دووەمین کتێبێ کە خوێندی، خۆشحاڵی دەکات. دەبێ بە هۆی ئەوەی کە هانبدرێ بە لای ئەکتەر بوون و لایەنێکی شیاو بۆ خۆی بگرێتەرێ و وازی بە بەشداری لەشانۆ ڕێشەی تێدا دەکوتێ:

(بە بەختەوەری دووهەمین بەرهەمێکە خوێندم « دۆنکیخۆتەی سێرڤانتس» بوو. ئابەمە دەڵێن بەرهەم. بۆخۆم بە دار، زرێ و شمشێرم دروست دەکرد و کەسوکاری خۆم دەتۆقاند).

ڤلادیمیر دەگەڵ دایکی بۆ پارێزگای کوتائیسی دەچن و لەوێدا نیشتەجێ دەبن. ئیتر لە دایک و کچە پوورەکانی خوێندن فێرنابێ و دەچێ بۆ قوتابخانە. قۆناغی سەرەتایی بە نمرەی باش تێدەپەڕێنێ. بەرهەمەکانی (ژوول ڤێرن) دەخوێنێ و لە کتێبی فانتازیایی چێژی زۆر دەبا. هەر لەم تافەدایە کە کەسێک تامەزرۆیی مایاکۆفسکی لە وێنەکێشان هەست دەکات و بڕیاردەدا هەوەڵین وانەی نیگارکێشی بێ وەرگرتنی پارە فێری بکات.

ساڵی ١٩٠٤ لەگەڵ شەڕدا ئاشنا دەبێت، چونکە شەڕ لەگەڵ ژاپۆن دەسپێکردووە. بنەماڵە هەموو ڕۆژێک، ڕۆژنامە دەکرن و ڤلادیمیر دەیانخوێنێتەوە. ئەو ئێستا دە ساڵی تێنەپڕاندووە کە لەگەڵ ڕاپەڕین و شیعر بە شێوەیەکی جیددی ئاشنا دەبێت.

(دوای ئەمە، چەمکی شیعر و ڕاپەڕین لە زەینمدا یەکتریان گرت.)

مایاکۆفسکی لە خۆپیشاندان خۆشحاڵ دەبێ و ڕوانگە شۆڕشگێڕییەکانی بەوێنەکێشان دەردەبڕێ. ئانارشیزمەکان (بشێوەخوازەکان) بە ڕەنگی ڕەش دەکێشێت، سۆشیالیزمەکان بە سوور، سۆسیال دیموکراتەکان بە شین و فیدراڵەکان بە ڕەنگی تر و دائیمە خەریکی خوێندنەوە و لایەنگری لە سۆشیالیزمەکان دەکات و پەرتووکی «چی بخوێنین؟»ی (ڕووباکین) بە دەس دەگرێت و لەم و لەو کێشەکانی ڕاست دەکا و دەبێ بە یەکێک لە ئەندامانی حیزبی مارکسیزم.

لە ساڵی ١٩٠٦دا، بـــــاوکی کە نزارەوان بووە، بە هۆی برینی کێمەوە دەمرێت

و ڤلادیمیر دەگەڵ بنەماڵەکەی بەرەو مۆسکۆ کۆچ دەکەن. بیرەوەرییەکانی ئەم سەفەرە بە تایبەت دیمەنی باکۆ زۆر زوێر و پەشۆکاوی دەکات.

(جوانترین شار با کۆیە. لەگەڵ دەکەڵ و هەمارە نەوتەکانی بە باشترین عەترەوە: بۆنی نەوت. ئەولاتر بیاوان.)

لە مسکۆ دۆخێکی لەباری نییە. ڤلادیمیر لە برسییەتی و بێ نانی رەنج دەکێشێت. دەگەڵ دوو خوشکی دەبن بە قوتابی. مانگانە زێدە لە ١٠ رووبل دەرناهێنێت  و هەست بە نەبوویی بنەماڵەکەی هەمیشە لەبەر چاویەتی. دایکی ناچار دەبێ بە چەند خوێندکاری زانسگا کە سۆشیالیست و هەژارن، خانوو بەکرێ بدا و چێشتیان بۆ ساز بکات.

مایاکۆفسکی دەگەڵ بولشویکێ بە ناو «ڤاسیا کاندێلاکی» ئاشنا دەبێ و حەزی بە خوێندنەوەی رۆمان لە دەس دەدا و زۆرتر فەلسەفەی «هیگڵ[1]» و «زانستی سرووشتی» وبەرهەمەکانی«مارکسیزم[2]» دەخوێنێت. لە لایەن قوتابیەکان نامیلکەیەکی قەدەغەکراو چاپ و بڵاودەبێت. مایاکۆفسکی وا هەست دەکات مەڵاسە  و لە زۆر ئیش و کار دەستەوەستانە و دەبێ ئەویش رەهندێکی شیاو و ئەوتۆبگرێتە رێو هەروەک هاوڕێکانی خۆی سەرقاڵی ئیشێکی بایەخدار بکات.

**هەوەڵین کۆمەڵە شیعر**

لە ساڵی ١٩٠٨، ڤلادیمیر، جاحێڵێکی چواردە پازدە ساڵ، بۆ یەکەم جار دەبێ بە ئەندامی حیزب و دەچێتە نێو پارتی سۆسیال دیموکراتەوە و ئەرکی بانگەشەکردن بەو رادەسپێرن. دەچێت بۆ لای نانەواکان، بۆیاخچییەکان و پیتچنەکان و لەمەڕ سۆسیال دیمۆکراتەوە قسەیان بۆ دەکات و لەگەڵ کرێکارە هەژارەکان دەکەوێتە ئاخافتن.

لە کونفرانسی گشتی حیزب بە ئەندامەتی کومیتەی حیزبی مۆسکۆ هەڵدەبژێردرێت. بە ڤلادیمیر نازناوی «هاوڕێ کۆنستانتین» دەدەن. ماوەیەک تێناپەڕێ کە لە «گوروسینی» بە تاوانی ئاگادارنامە نووسین دەسبەسەر دەکرێ. دەکەوێتە بەندیخانە و لەم جێگا بۆ ئەو جێگا دەیگوازنەوە. لەکۆتاییدا دادستان بەو خەیاڵە کە فریوی دەدا، ناچاری دەکا دەقێکی کورت بنووسێت. ڤلادیمیر بە ئەنقەست هەڵەی زۆر بە جێدەهێڵێت. لە ئەنجامدا بە دانانی دەستەبەر لە بەندیخانە قوتار دەبێت.

چەن کەس لە کرێنشینەکانی دایکی مایاکۆفسکی، بڕیار ئەدەن کە بۆ

رزگارکردنی ژنە لە بەندکراوەکان خەریکی چاڵهەڵکەندن بن. ڤلادیمیر یارمەتیان دەدا. لە سەرەتا زۆر سەرکەوتووانە دەڕۆنە پێش، بەڵام پێیان دەزانن و هەمیسان مایاکۆفسکی کلۆڵ بۆ دووەمینجار قۆڵبەست دەکرێ و رەوانەی بەندیخانەی دەکەن. لە ماڵەکەیان، دەمانچەیەک و کەمێک وێژەی قەدەغە دەدۆزنەوە. ڤلادیمیر کە پێشتر تامی زیندانی چێشتووە، دەستدەکات بە قیژ و هەرا. نایەوێ بیبەن بۆ بەندیخانە. هێندە هەرا و هوریا دەکات کە لە بەندیخانەیەک بۆ جێگایەکی تر دەیگوێزنەوە.

ئەم چاخە لە ژیانی ڤلادیمیر بایەخێکی زۆری هەیە. لە دوا سێ ساڵ خوێندنەوە و تێکۆشان دەستدەکات بە خوێندنەوەی رۆمان. لە بەرهەمەکانی رەمزییەکان (سەمبۆلیزمەکان) وەک «باڵمۆن» خۆشی دێت. جەختێکی زۆر دەکات کە لاسایی ئەوان بکاتەوە و وەکو ئەوان دەنووسێت، بەڵام لەم رەوتە دیارە لێزان نییە و نووسینەکانی باش نیین.

نامیلکەیەک لە شیعرەکانی کۆدەکاتەوە کە لە کاتی رزگاربوون لە بەندیخانە ئێشکچییەکان لێی دەسێنن. شاعیری ئەم نامیلکە، واتە(ڤلادیمیر)، لەم رووداوە شادی خۆی دەردەبڕێت. وا دەزانێ کە شیعرەکانی ئەم کتێبە زۆر بە سۆز بووە و باشتر کە هەر زوو فەوتان.

مایاکۆفسکی بە حەزێکی قووڵەوە دەخوێنێ. بەرهەمگەلی هاوچەرخەکان تەواو دەکات و دەچێتە سەر کتێبە کلاسیک و کۆنەکان. دەستدەکات بە خوێندنی بەرهەم گەلی بایرۆن، شەکسپیر و تۆڵستۆی. خەریکی خوێندنەوەی «ئاناکارنینا[٣]»یە کە پێی دەڵێن زیندانییەکەی تەواو بووە . بەم چەشنە، هیچ کاتێ نازانێ «ئانا» تووشی چ کارەساتێک دەبێت.

(بە خۆشحاڵییەوە لە زیندان رزگاربووم. بەرهەمگەلی کەسانێکم خوێندبوو کە بەوانیان دەگوت گەورەکان، بەڵام نووسین بە شێوازی ئەوان زۆر سەخت نییە.)

تا ئەم ئاستە، ڤلادیمیر، روانگەیەکی نێونەتەوەیی بۆ خۆی دابینکردووە، بەڵام هیچ ئەزموونێکی لە هونەردا بەدەست نەهێناوە، ئەگەر چی نایەوێت وەک لاوێکی هۆپیالا و خام تەماشای بکەن، بەڵام تا رادەیەک جۆرە کەمایەتییەک لە خۆیدا بە ئاشکرایی هەست دەکات. لە قوتابخانەکان کە لە کاتی خۆی قوتابی ئەو جێگانە بووە، دەرکراوە. لە لایکەوە دەزانێ کە ئەندامەتی لە حیزب، پێویستی بەژیانێکی نهێنییە. ناچار دەبێ قۆل هەڵبکا بۆ نووسینی ئاگادارنامە و

هەڵبژاردن و پۆلێنکردنی هەڵویست و روانگەی کەسایەتییە بەناوبانگەکان لە بەرهەمەکانیان. هەست دەکا ئەگەر ئەو شتانەی کە خوێندوویەتی، لێی بگرن، هیچ شتێک بەر لە رەوشتێکی «مارکسیزمی» بۆ نامێنێتەوە. بڕیار دەدا لە حیزب و قوتابخانە و زانستگا دەستهەڵبگرێت و خۆی سەرقاڵی خوێندنەوە و فێرکاری لە ئاقاری ئەدەب و هونەر بکات. وا هەست دەکات لە نووسین نوشوستی کردووە و ناتوانێت شیعر بهۆنێتەوە. لە لای هونەرمەندێکی نیگارکێش بە ناو «جۆکۆفسکی» فێری نیگارکێشی دەبێت، بەڵام تازە دوا یەک ساڵ بۆی دەردەکەوێت بە جێی وێنەکێشانێکی جیددی، خۆی سەرقاڵیکێشانی ژنی ژیکەڵە و قەڵەویچکە بە تابلۆگەلی جۆراوجۆر کردووە. لە لای ئەم مامۆستایە نامێنێتەوە و دەچێ بۆ لای «کلین» و لای ئەو فێری هونەری ریال و هێڵکاری دەبێ. ڤلادیمیر «کلین» بە مامۆستایەکی باش و لێزان دەبینێت. پتەوەو وشەی مامۆستا بۆ «کلین» وشەیەکی پڕبە پێستە، چونکە کەسایەتییەکی تایبەت بەخۆی هەیە و بەسەر هونەرەکەی گەلێ زاڵە. ئینجا هەست دەکات لەم بوارە بووەتە مامۆستاو لێزان. دەچێتە قوتابخانەی باڵای هونەرەجوانەکانی مۆسکۆ لە بەشی نیگارکێشی. تەنیا جێگایەک کە ئەویان بە بێ لێوەشاوی سیاسی وەردەگرن. لە وێدا دەبینێ کە مامۆستاکان، ئەو قوتابیانە کە لاسایی ئەوان دەکەنەوە، رێزیان لێدەگرن و ئەوانەی کە بە روانگەیەکی جیاواز و تاکەکەسییەوە خەریکی داهێنان و ئافراندنن، ئازار دەدەن و بە چاوێکی سووک تەماشایان دەکەن. دەگەڵ «لاریونۆف» و «ماژکۆف» ئاشنادەبێ و بە هۆی ئەوەی کە نیگارکێشی زانیار و سەربەخۆن لە لایەن مامۆستاکانی ئەوێ زۆر ئازار دەبینن. خۆی بەم دوو کەسە نزیک دەکاتەوە.

**تووخمی فۆتۆریسمی رووس**

شەوێک کە بۆ کونسێرتی «راخمانینۆف» بە ناوی «دوورگەی مردووەکان» دەچێ، لێی بێتاقەت دەبێ و لە هۆڵەکە دێتە دەر. بەدوای ئەو «بورلیۆک» کە یەکێک لە هەڤاڵە نزیکەکانی بووە، لە هۆڵەکە دێتە دەر. هەر دوو کونسێرتەکە بە گاڵتە دەگرن و لە شەقامەکان پیاسە دەکەن و دەکەونە ئاخافتن. باسی ناخۆشبوونی کونسێرتەکە دەکەن هەتا دەگەن بە وێژە و هونەری کلاسیک. «بورلیۆک» تووڕەیی مامۆستایەکی تێدا دیارە کە هاوڕێکانی ناتوانن لێی تێبگەن و «مایاکۆفسکی» بڕوای کوێری سۆشیالیستێکی هەیە کە بە لای مەرگ و کۆنەپەرستییەوە دەڕوات. بەم چەشنە فۆتۆریسمی رووسی لە دایک دەبێت.

مایاکۆفسکی شەوی دوایی چەند دێڕ لە شیعرێکی تازەی خۆی بۆ بورلیۆک دەخوێنێت. بورلیۆک هاوار دەکات: ئێوە ئەم هونراوەتان وتووە؟ کەواتە ئێوە زۆر بلیمەتن. بەکارهێنانی بلیمەت بۆ ڤلادیمیر تووش هەستێکی نامۆ و سەیری دەکات.

(ئەو شەوە کتووپڕ بووم بە شاعیر.)

سەر لە بەیانی ئەو شەوە، بورلیۆک، ڤلادیمیر وەک شاعیرێکی پرۆفشناڵ بە هاوڕێکانی دەناسێنێت و بۆ ئەوەی کە مایاکۆفسکی تووشی دەردەسەری نەبێت، پێی دەڵێت کە تەنیا و تەنیا بنووسێت. ڤلادیمیر هەوەڵین شیعری دەنووسێت . شیعرێ کە لێی چاپ دەبێ بە ناوی «سوور و سپی» دەناسرێت و دوا بە دوای ئەمە چەن شیعری دیکەی لێ بڵاو دەبێتەوە.

**مایاکۆفسکی لە بیرەوەرییەکانی لەمەڕ بورلیۆک دەنووسێت:**

(هەمیشە بە خۆشەویستییەکی قووڵەوە شوێن بیری بورلیۆک دەکەوم. بورلیۆک لە واقیعدا هاوڕێی زۆرباش و مامۆستای راستەقینەی من بوو. ئەو بوو کە منی کرد بە شاعیر. بۆ شیعری شاعیرانی فەڕەنسی و ئەڵمانی بۆ من شیعری دەخوێندەوە. هەمیشە خەرمانێ کتێبی تازەی بۆ دەکڕیم و بە یەکەوە پیاسەمان دەکرد و لەگەڵم دەکەوتە ئاخافتن. هەموو رۆژێک ٥٠ کۆپێکی پێدەدام هەتا لە برسییەتی نەمرم و تەنیا و تەنیا بخوێنمەوە. بۆ جەژنی ساڵی نوێ منی بۆ وڵاتی خۆی برد و لەوێ توانیم چەن شیعری تازە بهۆنم.)

ڤلادیمیر مایاکۆڤسکی لە«لایاچکا» دەگەڕێتەوە. ئێستاکە فیکرە ئەدەبی و سیاسییەکانی پۆلێن نەکراوەن، بەڵام دەزانێ دەبێ چی بکات. لە مۆسکۆ «خەلبینکوف» و «کرۆچیونیچ» دەبینێ و لە دوای چەند شەو ئەم گروپە، داخویانێ دەنووسن و بورلیۆک کاری بەدواچوونەوەی دەگرێتە ئەستۆ و هەروەها ناوێکی لێدەنێن و دوای ماوەیەکی کورت بەیاننامەکەیان بڵاودەبێتەوە.

فۆتۆریسم دەکەوێتە سەرزاری خەڵک. رۆژنامەکان لەمەڕ مایاکۆفسکی و ئەندامانی دیکەی فۆتۆریسم وتار و رەخنە دەنووسن. لە پێشانگای هونەری بەناوی (خزمەتکارەکانی moوزاییک) باسگەلێکی بە گشتی و گرژی لەلایەن بورلیۆک و مایاکۆفسکی دەستپێدەکات.

نازناوی «سەگباب» بۆ مایاکۆفسکی دادەنێن. لەخوشکەکەی بڕشتێ قەیتانی زەرد وەردەگرێ و لە دەوری ملی خۆی دەیبەستێت. چەند دەستە هونەرمەند کۆدەبنەوە و خۆیان بە بێ هیچ بەڵگەیەک، بە نوێنەری شاعیران و نووسەران

پێناسە دەکەن. تاقەت ناهێنن و رەخنە لە حکومەتیش دەگرن. سەرۆکی پاسەوانەکان بە بۆڵەبۆڵ پێشنیاردەکات کە دەست لە رەخنەگرتنی حکومەت هەڵگرن. مایاکۆفسکی و بورلیۆک دژایەتی خۆیان لەمەڕ ئەم دۆخە ناحەزە دەردەبڕن. مایاکۆفسکی و بورلیۆک و چەن کەسی دیکە ئەم شار و شار دەکەن و بۆ خەڵک قسەدەکەن. لەلایەن سەرۆکی پاسەوانەکان بەوان هەمیسان پێشنیار دەکرێ کە بە مەقامە بەرزەکان و کەسایەتییەک وەک «پووشکین» هیچ نەڵێن. «واسیا کامێنسکی» کە فۆتۆریستە، دێتە نێو گرووپی مایاکۆفسکی. مایاکۆفسکی لەسەر فورم و پێکهاتە و لێزانین لە وشەدا خەریکی کار و توێژینەوە دەبێت. دەزگا چاپەمەنییەکان وەڵامیان دەدەنەوەو دەقەکانیان بڵاوناکەنەوە. بەڵام ئەوان واز ناهێنن و زۆرتر هەوڵ دەدەن. مایاکۆفسکی بۆ مۆسکۆ دەگەڕێتەوە و لە شەقامەکانی مۆسکۆ ژیان دەکات. ئەم چاخە لە ژیانی ئەو کە خۆی ناوی لێناوە «تراژیدیای مایاکۆفسکی» لە بەڵگی «لۆناپارک» کوتایی پێدێت.

**رێبازگەی فۆتۆریسم**

لە ساڵی ١٩١٤ مایاکۆفسکی لە ناخی خۆیدا ئیدی هەست بە زانایی و مامۆستایی بە نرخ دەکات. دەتوانێت بەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکانی زاڵ بێت و وەک دیل تەماشایان بکات. باسی ناوەڕۆک لە شیعردا دەخاتە سەر زار. نووسینی شیعری درێژی «هەوری پانتۆل لەبەر» لە زەینی دادەڕژێت. شەر دەسیتپێکردووە و بە خۆشحاڵییەوە دەچێتە ریزی خەباتگێڕان. شیعری «شەر دەستپێکردووە» دەنووسێت. ئۆگری شەڕکردنە، بەڵام چونکە دەستەبەرنامەی سیاسی نییە، نایخەنە نێو ریزی شۆڕشگێڕان. رقی لەشەڕ وەک ئاگرێک لە ناخیدا هەڵدەگرسێت و ئەم رقەی بە لاسارییەکی هونەرمەندانە بە هۆنینەوەی شیعری «ئاخ، دایخەن، دایخەن چاوی چاپەمەنییەکان» دەردەبڕێت. لە کایەی پاسوور ٦٥ رووبلی دەس دەکەوێ و بەو پارەیە دەچێ بۆ سەفەرێکی فەنلاند. لەشارێکی ئەم کیشوەرە خۆی بە چەند کارەوە سەرقاڵ دەکات. یەکشەممان بەرهەم گەلی «چووکوسکی» دەخوێنێت. دووشەممان «ئۆرینۆف» و ...هتد.

دەست دەکات بە خوێندنەوەی «مێرگزاری کورت»ی «ریپین» و هەست دەکات ئەم جۆر دەقانە بۆ فوتوریستێک لە ئاستی ئەو بە چەند کیلۆمیتر قەد و باڵا، خواردەمەنییەکی نالەبارە. شەوانە لە کەنار دەریا پیاسەدەکات و «هەوری پانتۆڵ لەبەر» دەهۆنێت. راپەڕین بۆ ئەو بە تەواوی مسۆگەر بووە. بۆ دیداری «ماکسیم گورکی[٤]» بۆ «مووستامیاکی» دەچێ و چەند بەشی ئەم شیعرە درێژەی




بۆ دەخوێنێت. ئەم بەرهەمە تەواونەکراوە، کاریگەرییەکی قورس لەسەر «گورکی» دادەنێنێت، ئەونە کە وەک منداڵێکی ساوا هۆنەهۆن دەستدەکات بە گریان. ڤلادیمیر بە بینینی ئەم دیمەنە سۆزییە لە ناخی دڵیەوە هەست بە بەرزی و بلیمەتی خۆی دەکات.

ساڵی ١٩١٥ ی زایینی، مایاکۆفسکیی شاعیر، شانۆنووس و نیگارکێش ناوی بۆ سەربازی دێت. نایەوێت بیبەن بۆ شەڕ. خۆی بە نەخشەکێش پێناسە دەکات. «بریک»، شیعرەکانی مایاکۆفسکی، بە ٥٠ کووپێک بۆ هەر بەیت لێی دەکرێ. کتێبی «شمشال و دارە برقەکان» و «هەوری پانتۆڵ لەبەر» بڵاودەکاتەوە. هەڵبەت هۆنراوەی «هەوری پانتۆڵ لەبەر» بە سانسۆرەوە چاپ دەبێت.

لە ساڵی ١٩١٦دا «شەڕ و جیهان» و «مرۆڤ» بڵاودەبن. مایاکۆفسکی ئیدی ناگەڕێتەوە بۆ سەربازی. دەزانێت بە زوویی سۆشیالیستەکان دەسەڵاتدار دەبن. بە شیعرێکی مێژوویی بە ناو«راپەڕین» درێژەدەدا. لە چەن وتاربێژی بە ناوی «بلشوویکەکان و هونەر»و «نهێنییە پێکەنیندارەکان» بەشدار دەبێت.

فۆتۆریستەکان ناچنە نێو ریزی هیچ حیزبەوە و لە واقیعدا راپەڕین بە مافی خۆیان دەزانن. مایاکۆفسکی بۆ شاری «سمۆلینی» دەچێ و لەوێ بە شوێن کار عەوداڵە. لەوێوە بەرەو مۆسکۆ دەڕوات. لە نێو خەڵکدا خۆی نیشاندەدا و شەوانە دەچێ بۆ «کافەی شاعیران» و لەوێ فیلمنامە دەنووسی و تەنانەت لە چەن فیلمیش بەشداری دەکات.

لە ساڵی ١٩١٨ تەواوی فیکر و زەینی لە ئاقاری هونەردایە. ئەگەر ببێ بە ئەندامی حیزب دیارە کە دەینێرن بۆ بەندەرێکی زۆر دوور و ناخۆش). شانۆی «بۆ ماسی گیر» تەواودەکات و بۆ زۆر کەس دەیخوێنێتەوە. لە هەموو کوێ

باسی ئەم بەرهەمە دەکەن. ئەم شانۆیە دەچێتە سەر سەحنە و خەڵکێکی زۆر بە دەوری کۆ دەبنەوە، بەڵام دوا ماوەیەک ئەم شانۆیە قەدەغەدەکرێت.

ساڵی ١٩١٩ بە کتێبی «بۆ ماسی گیر» و چەند بەرهەمی دیکەی خۆی و هاوڕێکانی دەچن بۆ کارخانەکان و لە هەموو جێگایەک خەڵک بە شادی و سەربەرزییەوە دێن بە پیریەوە. «هونەری کۆمۆن» دەنووسێ و بڵاوی دەکاتەوە. مایاکۆفسکی لەو بڕوایەدایە کە بەرهەمی «١٥٠٠٠٠٠٠» بنووسێت. ساڵی ١٩٢٠ ئەم دەقە تەواودەکات و بێ ئاماژە بە ناوی نووسەر بڵاودەبێتەوە. ئەگەر چی زۆر زوو هەمووان بۆیان دەردەکەوێ کە نووسەرەکەی کێیە. بە هەر قڕە دەبێ شانۆی «Mystere»دێتە سەر سەحنە و نزیکەی سەد جار ئەم شانۆیە کایە دەکرێت.

**لێف، بەیاننامەی ڕێبازگەی فۆتۆریسم**

لە ساڵی١٩٢٢ڕێخراوەیەکی چاپەمەنی(چاپ و پەخشی کتێب) دادەمەزرێنێ و ناوی «کفم»ی بۆ دابیندەکات، واتە «کۆی فۆتۆریستەکانی مۆسکۆ». تەواوی فۆتۆریستەکان کۆ دەبنەوە. لە ڕۆژهەڵاتی دوورەوە «ئاسدیف» و چەند کەسی کە لە دەوری کۆ دەبنەوە. خەریکی نووسینی «نێونەتەوەیی پێنجەم» دەبێ کە سێ ساڵ بە نووسینی ئەم دەقە خۆی هیلاک کردووە. ئەم تێکستە، یۆتۆپیا و ئارمان شارێکە کە بە وتەی مایاکۆفسکی تەواوی هونەری ٥٠٠ ساڵی داهاتوو دەگرێتەوە.

ڤلادیمیر لە ساڵی ١٩٢٣ گۆڤاری نەوەی هونەری چەپ بە ناو «لێف» ڕێکدەخات. لە ڕاستیدا گۆڤارێکە کە لە تەواوی شێوازەکانی فۆتۆریسم کەڵک وەردەگرێت. کتێبی «ئا لەمە» دەنووسێ کە بە شێوەیەکی تایبەت و دیاریکراو دژیایەتی خۆی لەمەڕ ژیانی ساکار و ئاسایی دەردەبڕێت. یەکێ لە دەسکەوتەکانی ئەم بەیاننامەیە، وێڕای جیاوازی، ستاتیکای هونەرە تایبەتییەکان بە چەشنێکی نائاساییە. شێوازێک کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەری هەڵهێناوە و پتر لە هەر شتێکی دیکە تیشک دەخاتە سەر بارستایی و فەزا و دیاردەکانی تەکنۆلۆجی نوێ و ئەمرۆیی و شارستانییەت.

«بیرەوەری کرێکارانی کۆرسک» لە ساڵی ١٩١٤ بڵاودەکاتەوە و وتاربێژی لە سەرانسەری یەکێتی سۆڤیەتی لەمەڕ «لێف» سازدەکات. شیعری درێژی «ساڵیادی پۆشکین» و شیعرەکانی دیکەی دەنووسێ. شیعری« لێنین» تەواو دەکا و لە چەند کۆڕی کرێکارانە بەشداریدەکات و ئەم دەقە شیعرییەی بە دەنگی بەرز

دەخوێنێتەوە. لەم ماوەیە چەنها جار بۆ وڵاتە بیانییەکان سەفەردەکات.

ئامانجی یەکەمی مایاکۆفسکی و فۆتۆریستەکانی دیکە، تەکنیکی ئەورووپی و پیشەسازی و تێکۆشان و لە خۆگرتنی رووسیای خاک و خۆلی و کۆنە. گۆڤاری «لێف» بە تیراژی کەمەوە، بەڵام بە زەحمەتێکی زۆر و بە شێوەیەکی نائاسایی، هەر بەردەوامە.

شیعری بانگەشەیی «کرێکاری باڵندە» و یەک کۆشیعری بانگەشەیی دیکە بە ناو «خۆت لە ئاسمانەکان سوورێ لێبدە» بڵاودەکاتەوە و خۆی ئامادەی سەفەرکردن دەکات. بڕیار دەدا لە شیعر وتن بەرەو پەخشان دەڕوات. دەیەوێت رۆمانێک بنووسێ و لە ساڵی ١٩٢٥ بڵاوی بکاتەوە.

دەچێت بۆ پاریس و لەوێ پارەکەی لێدەدزن. لەسەفەرکردن بە دەوری جیهان دەگەڕێتەوە. داوای لێدەکەن لە سانفرانسیسکۆ لە وتاربێژی کە پێشتر لەمەڕ هونەر و ئەدەبی نوێ رێکخراوە، بەشداربێت. بە هۆی بێ پارەیی بۆ مۆسکۆ دەگەڕێتەوە. دەسکەوتی سەفەرەکەی بڵاودەکاتەوە: «ئەمریکایەک کە من دیم و شیعرەکانی ئیسپانیا، ئۆقیانووسی ئەتڵەس، هاوانا، میکزیک و ئەمریکا».

نووسینی رۆمان لە زەیندا دەستپێدەکات و درێژەی پێدەدا و هەتا ساڵی ١٩٢٧ تەواوی ناکات. نایەوێت لە هۆش و زەینی کەڵک وەربگرێت. دەچێتە نێو مەیدانی رۆژنامەوانییەوە. ساڵی ١٩٢٦ لە یادەوەرییەکانیدا دەنووسێت:

«تەواوی شاعیران خەریکی هاوارکردن و قیژ و هەران، بەڵام هیچ کەس ناتوانێت روانگەیەکی تایبەت و دەسەڵاتدار بۆ خۆی دابین کات. بەرهەمەکانی ئەم جۆر شاعیرانە زۆرتر لە چەن گۆڤاری ئاسایی بڵاودەبنەوە. ئەمن لەم قسە قۆڕانە پێکەنینم دێت. وتنی ئەم جۆر شتانە هێندە سەیرە کە تەنیا ژنی شاعیرەکە چێژی لێدەبات.»

ساڵی ١٩٢٧ مایاکۆفسکی یەک جاری دیکە، لێف بە ناوی «لێفی نوێ» بڵاودەکاتەوەو کاتژمێرێکی زۆر خۆی بەم بەرهەمە هیلاک دەکات و تەنانەت یەک چرکەساتیش لە ئەڤین و دڵداری خافڵ نییە. نزیک بە ٢٠٠٠ نامە لە چواردەوری وڵاتەوە بۆی دێت.

لە ساڵی ١٩٢٨ شیعری «باشە»، شانۆی «کێبەرکێی قارمانی چینی جیهانی کرێکار» و «ژیان نامەی ئەدەبی خۆم» دەنووسێت. هەروەها لە ساڵی ١٩٢٩ دوو شیعر بە ناوی: «چیرۆکی کارگەکان و پیاوانی کوزێنتسک»، «پەساپۆرتی یەکیەتی سۆڤیەتی» و شانۆی «ساس» تەواو دەکات و هەروەتر لە ساڵی ١٩٣٠ چەن شیعری تازە و شانۆی «حەمام» دەنووسێت.

## مەرگی کتووپڕی

ڤلادیمیر مایاکۆفسکی لە ڕۆژی ١٤ی ئاپریلی ١٩٣٠ بە دەمانچەیەک  کە بە دڵی خۆیەوە نا، خۆی کوشت و بەم چەشنە بە ژیانە خەمناکەکەی کۆتایی هێنا و وەک گڤەی (با) زۆر توندوتیژ لەگەڵ جیهانی هونەر ماڵئاوایی کرد.

چەند کەس لە هاوڕێ نزیکەکانی ڤلادیمیر سەبارەت بە مەرگەساتی هاوڕێکەیان لەو بیر و بڕوایەدان کە خۆکوژی مایاکۆفسکی بە هۆی شکەست و حەژمەت لە ئەڤین و هەروەها دڵساردبوون و بەخۆدا شکاوی لە بارودۆخی پچڕپچڕکراو و قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە یەکیەتی سۆڤیەت بووە. جەستە بێگیانەکەی لە گۆڕستانی(ناڤدارەکانی ڕاپەرین) تەسلیم بە خاک کراوە.

بە مەرگی کتووپڕی مایاکۆفسکی، فۆتۆریسم ئەونەی پێنەچوو کە بایەخی نەما و بەیەک جار بۆ هەمیشە خامۆش بوو، بەڵام لە فەڕەنسە هەڤاڵی نزیکی ڤلادیمیر بە ناو «ڕۆمەن یاکوبسن» کە زمانناسێکی هەرە گەورەبوو، بە تێڕوانین و پێداچوونەوە بە دەقە شیعرییەکانی مایاکۆفسکی، ناوی ئەم ڕۆشنبیرە جوانەمەرگەی بۆ جارێکی تر خستە سەرزاری ئەدەب دۆستەکان.

لەنامەیەک کە لە تەنیشت جەستە بێ گیانەکەی پەیدایان کرد، ئاوای نووسیبوو:

(بە قوربانی هەمووان بم. هیچ کەس تاوان بار نییە و دەنگۆ دروست مەکەن. منێ کە مردووم، رقم لە دەنگۆیە. دایە، خوشکەکانم، هەڤاڵانم، داوای لێبوردن لە هەمووتان دەکەم. ئەمە شێوەیەکی شیاو و باش نییە. «لە کەس داوا ناکەم بە ڕێگای من (خۆکوژی) درێژە بدات»، بەڵام من هیچ چارەیەکم نەمابوو. «لیلیا[٥]»، منت خۆش بوێ.

هەڤاڵدەوڵەت، بنەماڵەی من بریتین لە: لیلی بریک، دایکم، خوشکەکانم و ڕۆنیکا و تیولدۆنا پوولۆنسکایا، ئەگەر بتوانی ژیانی ئەوان ڕێکخەی، سوپاست لێدەکەم. شیعرە  ناتەواوەکانم  بدەن  بە  بنەماڵەی بریک، ئەوان دەزانن  چیی لێ بکەن.)

دوایین هونراوەی ڤلادیمیر مایاکۆفسکی  چەند چرکە سات بەر لە مردن:

**(هەروا  کە  دەڵێن**
**«دۆسیە  داخرا»و**
**بەلەمی  ئەڤین**
**بەسەر  گاشەبەردی  ژیانی ڕۆژانە  ورد و خاش  بوو،**
**دەگەڵ  ژیان  پاک لە پاک  بووم**

**بە بێ هۆ**
**دەردەکان**
**کارەساتەکان**
**یان ئازارەکان**
**مەگێڕنەوە**
**هەر شاد بن.)**
ڤلادیمیر مایاکۆفسکی
١٤ی ئاپریلی ١٩٣٠

**دوا پەیڤ:**

لە مایاکۆفسکی سیانزە بەرهەم لە بواری شیعرو شانۆدا بەجێماوە کە زوربەیان پێش تراجێدیاکەی(مەرگەسات) ئاڕاستەی دونیای ئەدەب کراون و لەم خەرمانە بەرهەمە هەتا ئێستا تەنیا حەوت بەرهەمی لە رێچکەی چەند وەرگێڕی زانا وەک مدیا کاشیگەر ئاڕاستەی فارسەکان کراون.

مایاکۆفسکی ئەگەرچی لە تافی لاوی، بە هۆی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەک هەر مرۆڤێکی ئازدیخواز، شوێن مافە مرۆڤانەکەی کەوتبوو، بەڵام دیارە تەواوی ئەو چالاکییە شۆڕشگێڕانە بۆ هەژماردن و دەرخستنی هەڵوێستە تاکەکەسییەکانی خۆی لە بواری هونەر و ئەدەبدا بووە و لەم چاخە توانیویەتی پێگەیەکی بە هێز بۆ خۆی سازبکات و پێیدا بچێتەوە.

ئەگەر چی شۆڕشی مانگی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩١٧ی زایینی تەواوی خەڵکی روسیای ورووژاند و شاڵاوی خەڵک، ئاڵای تیزارە رووسەکانی پچڕ پچڕ کرد و تەنانەت هەموو هونەرمەندان لەم شۆڕشە دەگەڵ خەڵک هاوبەش بوون، بەڵام چون دوا ماوەیەک، هەمیسان سیستمێکی دیکتاتۆری بەسەر خەڵکی روسیا زاڵ بوو، هونەرمەندان و شاعیران لە ریزی یەکەمی دژیەتی لەگەڵ ئەو سیستمە راوەستان و هەرکام لە بواری تایبەت بە خۆی، گرژی و ملپێچی خۆیان بەرامبەر بەم بارو دۆخە لە بەرهەمەکانیان دەرخست. مایاکۆفسکی وەک سەرپەلی ئەم قوتابخانە هونەرییە، ئەگەر چی چالاکی سیاسی زۆری لە ئەستۆ گرتبوو، بەڵام دوا ئەوەی کە بۆی دەرکەوت ئەم دەوڵەتەیش دیکتاتۆرە، زۆری لێ دڵسارد بوو و لە چالاکی گەلی سیاسی بۆ هەمیشە خۆی قوتارکرد و تەواوی ژیانەکەی بۆ هونەر تەرخانکرد.

بۆ ئەو دەرکەوتبوو کە سیاسەت هیچ کاتێک لەگەڵ هونەر هاوشان نابن، بە هۆی ئەوەی کە سیاسەت بە جیهان و مرۆڤ وەک ئەمرازێک بۆ سەقامگیربوونی خۆی دەڕوانێت، بەڵام لە روانگەی ئەدەب و هونەردا، یەک بە یەکی مرۆڤەکان دونیایەکی پڕ لە نەهێنی و سەیر و سەمەرەن و لێرەوەیە کە ئێمە دەگەڵ دیاردەکانی ئەو دوو بوارە بەرفراوانە بەرامبەر دەبین.

مایاکۆفسکی وەک شاعیر، شانۆنووس و بیروکەوانێکی ئاژاوەگێڕ و نێوبەدەرکراو، لە دەرفەتێک بە ناو «ژیان» هەلومەرجێکی تایبەت لە وێژە و هونەری سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ ئێمەی رووخساند و بەم کارەی بە سانایی نیشانیدا کە هونەر ئەگەر بوەستێ، بۆن دەکات و ئەگەر پێشکەوێت دەتوانێت ئاسۆگەلێکی جۆراوجۆر لە خۆییەوە بۆ ئەم جیهانە سامناکە ئاڕاستە بکات.

بەرهەمەکانی مایاکۆفسکی هەروا کە لە سەرەتای ئەم دەقە ئاماژەی پێدرا، جگە لە نوێ کردنەوەی وشەگەلی ئاسایی، فەزایەکی ستاتیکی بە وێناکردنێکی رەسەن لە هەموو لایەنەکانی دەرەخسێنێ کە دەڵێی رەگەزی راستەوخۆی تەواوی هەست و نەست و شتەگەلێکە کە لە ئاقاری ئێمەن، بەڵام ئێمە تازە فێر دەبین کە چۆن بیانبینین و لێیان ورد ببینەوە. ئەمە وەک جەوهەرێکی سەرەکی لە شیعرەکانی مایاکۆفسکی فۆتۆریستە کە بۆمان دەرکەوتووە.

مایاکۆفسکی لە ریزی ئەو رۆشنبیرانەیە کە ژیانیان لە ئەزموونێدا و تەنانەت ئەولای ژیانیش کەوتن. بە دەگمەن ئێمە رۆشنبیرێک لە ئاستی «مایاکۆفسکی»، «هەمەنگوای» و «سادق هیدایەت» دەبینین کە بتوانێت بەم چەشنە کە ئەوان ژیانیان بە گاڵتەگرتووە، ژیان بە گاڵتە بگرن و هەموو کونج و قوژبنی لێکبدەنەوە. لە پێناو ئەم دیدگایە، هونەرمەند دەتوانێت و ماڤی ئەوەی هەیە کە تا بەرزترین پلەی مرۆڤناسی (مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی بیرکەرەوە) بڕوات و ئاوڕ بۆ هیچ سیاسەت کارو لێکۆڵەرێک نەداتەوە. مایاکۆفسکی هەمیشە دەیگوت: هونەردەبێت ئاوێتەی ژیان ببێ یاخود هیچی لێ نەمێنێتەوە. بە تەواوی ئەو وتانە، بۆ مایاکۆفسکی ژیان، ئەڤین و هونەر سێ رەهەندی دیاریکراون کە گرینگترین بایەخیان لە گۆڕپانی ئەندیشە ئارمانخوازەکانی ئەو بووە.

مایاکۆفسکی چانسی ئەوەی هەبوو کە پێش لەمەرگی بە هۆی ئەو هەموو چالاکییە سیاسی و ئەدەبییە ناوی بکەوێتە نێو نێوان. رەنگە ئەم شتە بۆ هەر نووسەر و شاعیرێک و تەواوی ئەو کەسانە کە بە جۆرێک داڵغەی ئافراندنیان هەیە خۆش بێت کە بەر لە مردن، هەموو کەسێک بیانناسن و رێزیان لێبگرن.

پێیان خۆشە کە خوێنەرەکانی ئەوان بە خوێندنی کتێب و هۆنراوەکەیان بزەیەک بگرن و خورپەیەکیش بە هەناویاندا بێت و زەین و نیگاکەیان لە دەقدا وردببێتەوە.

بەرهەمەکانی ئەم رووناکبیرە بە جۆرێک وەک پێوەرێکە بۆ روانینی ئەو کۆمەڵگایە کە مایاکۆفسکی تێیدا ژیاوە. بەرهەم گەلێک کە بە هۆی دژواری و قەدەغە بوونی ئەندێشە و هزر و بیر، نووسەر ناچاردەکات کە زۆر جار بە زمانێکی رەمزی وتەکانی دەرببڕێت هەتاکو لە رەوتی ئافراندن توانیبێت بیروبۆچوونی خۆی لەمەڕ ئەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا بە جیهان و مرۆڤ نیشان بدا. یەکەم ئامانجی هەر نووسەر و شاعیرێک دیارە بەر لە داهێنان، ماڤێکی مرۆڤانەیە کە لە هەموو دەوران و سەردەمێکدا خوازیاری بووە و هەوڵدەدات لە پێناو بزووتنەوەی ئەدەب و هونەردا بەم مەرجە سەرەکیی و گرینگە بگات و بەدەستی بێنێت.

لە کۆتایی ئەم دەقە دەبێ ئاماژە بەم پرسە پەیوندیدارەش بدەین کە مایاکۆفسکی بە نووسینی شیعر و شانۆ کە وەک داڵغەیەکی هەمیشەیی لەگەڵیدا بوون و لە یەک بە یەکی بەرهەمەکانی ژیانی کردبوو، تیشکی خستە سەر ئەم پرسە سەرەکییە کە ئاخۆ ئامانجی مرۆڤ لە پێناوی ئەدەب و هونەردا تەنیا وەخت کوژییە و دەبێ بە وەستان و کۆنەپەرستی مل بدات یاخود پڕۆسێسی داهێنان و ئافراندن یەکێک لە مەرجە هەرە دژوارەکانی مرۆڤ بە تایبەت مرۆڤی هاوچەرخە، کە چارەنووسێکی نەحس و گەندەڵیان لە سەرەوە بۆ تەرخانکردووە و یاخود دەبێت هەوڵ بدات تا لە هەڵوێستە چاکە مرۆڤانەکەی خۆی سەقامگیر بێ و یا ئەوەی کە خۆی بخاتە بەر زلەی سرووشتی بێبەزەیی، کە هەتاهەتا بووە گیانی مرۆڤی بە شتێکی سووک زانیوە و وەک گەڵای پاییزان وشک و ورد و خاشی کردووە و لە ناوی بردووە.

**تێبینی:**

تەواوی ئەو دێڕانەی کەنێو کەوانەکەدان و بە فۆنتێکی رەش و گەورە تر نووسراون، هەمووتەکانی «مایاکۆفسکی»ن و لە کتێبی «ژیاننامەی ئەدەبی خۆم» هەڵبژاردراون و لە هەر جێگای ئەم وتارە بە پێویستم زانیبێت، هێناومن.

پەراوێزەکان:

**١-«هیگڵ»**

فەیلەسووفی بەناوبانگی ئەڵمانی کەبەرهەمگەلێکی زۆر گرینگ و بایەخداری لێ بەجێماوە. هیگڵ لە واقیعدا لە مێژووی فەلسەفەدا بە دوایین فەیلەسووفی هەرە گەورە پێناسە دەکرێ کە بە مەرگی ئەم فەیلەسووفە، چاخی فەیلەسووفە مەزن و گەورەکان دوایی هاتووە.

یەکێک لە سەرەکیترین کاریگەرییەکانی ئەم فەیلەسووفە و فەلسەفەکەی ئەمە بوو، کە پێگەیەکی بە هێزی لە نێوان قوتابخانە فەلسەفییەکانی دوای خۆی دانا. بەو جۆرە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم سێ لقی فەلسەفی لە ئەندێشەی ئەو لێجیابوتەوە، کە بریتین لە:

١- فەلسەفەی نیتشە، فەیلەسووفە هەرە گەورەی ئەڵمانیا بە بەرهەمگەلی تایبەت و گرینگ وەک «وەهای وت زەردەشت».

٢- قوتابخانەی فەلسەفی مارکسیزم کە بیرداڕێژ و بنەمای ئەم فەلسەفە لە لایەن مارکس و ئەنگڵس دانراوە.

٣- فەلسەفەی بوونیانە یا قوتابخانەی «ئەگزیستانسیالیزم» کە چەند فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمانیا و فەرەنسە لە بیرداڕێژانی ئەم قوتابخانە فەلسەفییە بوون کە لە فەیلەسووفەکانی دەکرێت ئاماژە بکەین بە«سورێن کێرکگارد»، «هایدگەر» و «ژان پۆل سارتەر» وەک ناوازەترین ئەندامانی ئەم قوتابخانەیە.

فەلسەفەی «ئەگزیستانسیالیزم» لە سەدەی بیستەم تەئسیرێکی زۆر قووڵ و دیاریکراوی بەسەر کولتوور و مێژووی هزری وڵاتە ئەوروپییەکان و وڵاتانی دیکەداناوە و هەروەها کاریگەری خۆی بەسەر ئەدەبی هاوچەرخ، بە تایبەت ئەدەبی پووچی، یا شانۆی پووچی نواندووە.

**٢-«مارکسیزم»**

لە واقیعدا تیورییەک بوو لەمەڕ چۆنییەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی مرۆڤ کە لە لایەن «کارل مارکس» فەیلەسووف و کومەڵناسی گەورە و فەردریخ ئەنگڵس (هاوڕێی مارکس) کە هەردوو ئەڵمانیی بوون، دانرابوو.

لەم قوتابخانە فەلسەفییە، چەند لقی فەلسەفی - سیاسی لێبووەتەوە کە لە سەرەکیترینەکەیان دەکرێت ئاماژە بە «مارکسیزم لینێنیزم، مارکسیزم ستالینیزم و مارکسیزمی نوێ یا مارکسیزمی چەپ» بدەین کە هەر کام لەم

لقانە هەلومەرجێکی رامیاری، فەلسەفی، مێژوویی جیاوازیان لە سەدەی بیستەم رووخساندووە و کاریگەریی خۆیان بەسەر چەمکە مەعریفی و کولتوورییەکان قەبڵاندووە.

**٣-«ئاناکارنینا»**

ناوی ژنە پاڵەوانەکەی رۆمانی «تۆڵستۆی»، رۆماننووس و بیرۆکەوانی هەرە گەورەی رووسییە. تۆڵستۆی بەر لەم رۆمانە چەند شاکاری دیکەی بەرهەم هێناوە، کە بووەتە شانازی بۆ ئەدەبی جیهانی و بە تایبەت ئەدەبی رووسەکان کە بەناوبانگترینەکەیان رۆمانی درێژی « شەڕ و ئاشتی»یە.

تۆڵستۆی وەک بیرداڕێژێکی مەزن لە گۆرەپانی بیرۆکەوانی، چەند بەرهەمی پڕبایەخی نووسیوە کە سەرەکیترین کتێب لەم ریزە کتێبانە، کتێبی «مانای هونەر»ە، کە لەم بەرهەمە کە زنجیرە وتاری رەخنەییە، زۆرتر لەمەڕ روانگە و هەڵوێستە تاکەکەسییەکانی خۆی وەک نووسەرێکی مەسیحی و ئایینی دەپەیڤێت و بە تەواوی، خۆی لەم شێوە روانگەیە سەقامگیرکردووە و پتر لەوەش بە ئازایەتی و سانایی بیروبڕوا هونەرییەکەی بۆ خوێنەرانی ئاشکراکردووە. ئەم بەرهەمە لە چاخی خۆی سەرنجی زۆر رووناکبیر و نووسەری بە خۆییەوە راکێشا و هەندێک کەس وەک ئانتوان چیخۆف کە لە تافی لاوی، خۆی بە قوتابی ئەم کەسایەتییە دەزانی و رێزی زۆری لێدەگرت، دژایەتی خۆیان بە نیسبەت ئەم کتێبە و بیروبڕوا ئایینییەکەی تۆڵستۆی دەربڕی.

**٤-«ماکسیم گورکی»**

ناوی نووسەرێکی گەورەی رووسیایە کە زیاتر لە سی رۆمان و شانۆی نووسیوە و بەرهەمەکانی لە ئاستی کەڵە رۆماننووسانی رووس وەک «دەستۆیفسکی»، «تۆڵستۆی» و «تۆرگێنیڤ» بوون.

چەند ساڵ دوا مەرگی مایاکۆفسکی، واتە لە ساڵی ١٩٣٦ گورکی کە دژ بە بیروبۆچوونی ستالین دیکتاتۆری یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بوو، لە لایەن ئەم دیکتاتۆرە، زۆر بە نهێنی دەرمانخۆری دەکەن و دوای چەند روژ کۆچی دوایی دەکات. لە بەرهەمە نێونەتەوەییەکانی ئەم رۆمان نووسە بلیمەتە، رۆمانی «دایک»، «سێ هاوڕێ» و شانۆنامەی «لە قووڵاییەوە» لەناوازەترین بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەن کە بە زۆربەی زمانە بیانییەکان وەرگێڕدراون.

**٥-«ليليابريک»**

ناوی ژنێکی شۆخ و شەنگی رووسی بوو کە تاقانە خۆشەویست و دڵداری ماياكۆفسكی بووە، ئەونە كە لە زۆربەی هۆنراوەكانی ئەم شاعيرە ناوی ليليا بە ئاشكرايی هاتووە و ماياكۆفسكی زۆری حەز لەم ژنە ئەفسون ئاوييە كردووە.

ليليا دوا مەرگی ماياكۆفسكی وتبووی كە ڤلاديمير پێشتر دوو جار ويستبووی خۆی بكوژێت كە ئەو نەيهێشتبوو. پەيوەندی ئەم دوو كەسە تا دوايين رۆژی ژيانی ماياكۆفسكی هەر بەردەوام بوو.

**سەرچاوەكان:**

لە كاتی نووسينی ئەم وتارە، لەم بەرهەمانەی ژێرەوە كە يەكەم سەرچاوە، نووسينی خۆم بووە، كەڵكم وەرگرتوون كە بريتين لە:


١-فوتوريسم و مرگ غم انگيز ولاديمير ماياكوفسكی، بابک صحرانورد، تهران: ١٣٧٨

٢-ماهنامە ادبی گردون، پيدايش فوتوری‌سم، منصور كوشان، شمارە ی٤، تهران: ١٣٧٠

٣-مكتبهای ادبی،( جلد دوم) رچا سيد حسينی،انتشارات نگاه، چاپ دوم، تهران:١٣٧٤

٤-زندگی نامە ادبی خودم، ولاديمير ماياكوفسكی، ترجمە مديا كاشيگر، تهران: ١٣٧٢

٥- معنی هنر، نوشتە هربرت ريد، برگردان نجف دريابندری، نشر نگاه، تهران: ١٣٧١

# لەتیف هەڵمەت
## شاعیری پەیڤە جوانەکان

لەتیف فاتح فەرەج

گۆران لە شوێنێکدا دەڵێت: من بۆ ئەدەب زاوم. یان روونتر لەپێناوی شیعردا لەدایک بووە، هەر بۆیە ئەو گیانێکی دیکەی کردەوە بە بەر سرووشتدا، دۆزینەوەی جوانییە نەبینراوەکان لە سرووشتدا ئەرکێکی ئاسان نییە، ئەگەر گۆران لە سرووشتدا بەڕووی جوانیدا گەڕابێت، ئەوا هێرمان هیسە لەنێو خودی مرۆڤ خۆیدا. نووسەر و ئەدیب و شاعیر و رۆماننووسی باش ئەوەیە، کە دڕکی نیشان دا، مەبەستی ئەوە بێت کە گوڵیش هەیە، کە باسی گورگەکەی ناوەوەی مرۆڤی کرد، مەبەستی نیشاندانی فریشتە نەبینراوەکە بێت، لەتیف هەڵمەت ئەو شاعیرەیە کە لە وشەزبرەکانیش شیعری جوان دروست دەکات. دڕک و زۆردار و رۆستەم و... هتد، لەنێو شیعری لەتیف هەڵمەتدا زۆر جوانتر جێی خۆیان دەگرن تا شاعیرێکی تر، ئەمەیان جیاوازییەکی دیاری لەتیف هەڵمەتە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.

**ئەوەی نەتوانێ ببێ**
**بە گوڵ بۆ پەرچەمی کچێ**
**ناتوانێ ببێ بە دڕک**
**بەپێی زۆردارانا بچێ...!**

لەتیف هەڵمەت، شاعیری شۆڕش و کوردستان، بەردەوام بە شیعرەکانی بە ئێمەی گوتووە دەشێ مرۆڤ بەردەوام بێت... زۆرن ئەوانەی کە شیعری لەتیف هەڵمەت هانی داون بۆئەوەی بیر لە ئینسانیبوونی خۆیان بکەنەوە "شاعیر ئەگەر بیەوێ ئەتوانێ بە شیعری ئاگرینی خۆی ئاگر بەربداتە دڵی هەزاران کەس"[١]، لەتیف هەڵمەتی شاعیر کاتێ دەستی داوەتە قەڵەم هەر ئەمەی کردووە، ئەو لە شیعری ((قەدەغەیە))دا دەڵێت:

**لەوەتی خۆر مانگ راودەنێ**
**تەنها دوو شت**
**دڵی ئافرەتی پێکاوە...**
**یەک: جوانیی خۆی**
**دوو: هۆنراوە...**
**لەوەتی چیا... چیایە**
**پاشا ئافرەتی خۆش دەوێ و**
**چاوی بە شعر هەڵنایە...**
**چی پاشایە**
**پاسەوانی تایبەتی خۆیان داناوە**
**چی دەرگایە**
**وا لەسەر پشت**
**بۆ کچی جوان و ژنی قشت**
**قەدەغەشە یەک هۆنراوە**
**سەری بنێ بە پەنجەرەی**
**کۆشکی بڵندی پاشاوە**

ئەمە جیاوازیی لەتیف هەڵمەتە کاتێک کە باسی عیشق و جوانی و خۆشەویستیش دەکات. زەبر و زەنگ و ستەمکاریی بیری مرۆڤ دەخاتەوە.

ئەو جگە لەوەی دەقی جوان دەنووسێت، ئێمەش لەبەردەم بیرکردنەوەیەکی قوڵی ئەو دەقە جوانەدا رادەگرێت، ئەگەر چی زۆر سادەش بن...

**من گۆرانیم نەدەزانی**
**هەژارەکان فێریان کردم**
**تورەبوونم نەدەزانی**
**زۆردارەکان فێریان کردم**

هیوم دەڵێت: جوانیی ئەوە نییە کە لە شتەکاندایە، جوانی لەو بیرکردنەوەیەدایە کە بۆ شتەکان هەمانە...[٢]. لای لەتیف هەڵمەت جوانییەکە لە بینینی دەقەکان و لە بیرکردنەوەی ئێمەشدایە بۆ دەقەکە. ئاخر کە ئافرەت جوانییەکەی خۆی و هۆنراوە دڵی بپێکن و پاشاش چاوی بە شیعر هەڵنایات، ئەوە دەبێت پاشاکان هەر رێگای دیکە بدۆزنەوە بۆ رامکردن و دەستەمۆکردنی ئافرەت. پاشاکان لەبری جوانیی ببینن خەیاڵیان لای حەز و ئارەزووە ترسناکەکانی خۆیانە. حەمە سەعید حەسەن، دەڵێت: ئەو شاعیرانە جێگەی سەرنج دەبن کە لەگەڵ نوێکردنەوەی فۆرمی شیعردا زمانێکی تازەی گونجاویش دەهێننە ئاراوە[٣]، لە دوای کۆمەڵەشیعری "ئەم رووبارە وشک ناکات". ئێمە هەندێکمان گومانێکمان لا دروست بووە، بەتایبەت ئەو رۆژگارەشی لەتیف هەڵمەت بڕیاری دا تا ساڵانێک هیچ نەنووسێت!!! یان راستتر هیچ بڵاو نەکاتەوە!! زۆر جار لەگەڵ هاوڕێی شاعیرم محەمەد کوردۆ، کە هەردووکمان زۆر سەرسامی کاک لەتیف هەڵمەتی شاعیرین، لە گفتوگۆدا دەگەیشتینە ئەو گومانەی لە "ئەم رووبارە وشک ناکاتەوە"دا، رووبارەکە وشکی کردووە، لێ دواتر لەتیف هەڵمەت گومانەکەی بەتاڵ کردینەوە، هەرچەند لەنێو رووبارەکەشدا دەنکە مرواری زۆر جوان هەبوون. دواتر لە گورگەکانی لەتیف هەڵمەتیشدا وتی:

**تفەنگ**
**بە حەزرەتی مریەم بڵێن**
**بە یادی تاقانەکەی خۆی**
**قوبەی سپی کڵێساکان**
**سوور نەکات بە فرمێسک و خوێن...!**
**بە حەزرەتی مریەم بڵێن**
**بێزار نەبوو لە شین و زار...!**
**ئێستا رۆژی هەزار هەزار**
**عیسا دەدرێن**
**لە پەت و دار**
**نە خوا ئاگای لێیە نە شار**
**بە حەزرەتی مریەم بڵێن**
**ئیتر مەگری**
**سەدەی گریان کۆتاییهات**

**ئەمە سەدەی تفەنگە**
**بۆچی تفەنگێ ناکڕی...!**

لەتیف هەڵمەت وشەکان دەکاتە وشەی شیعر، هەندێ بۆچوون هەن دەڵێن وشەی ناشرین وشەی شیعریی نین، پێدەچێت ئەوان بەوردیی هەرگیز شێخ ڕەزای شاعیریان نەخوێندبێتەوە، ئاخر شێخ ڕەزا وەک ڕوومەت و لێو مامەڵە لەگەڵ سمت و گون دەکات، ئاینیش هەموو وشەی مرۆڤی بە لاوە گرنگە. لەتیف هەڵمەتیش وشە دزێوەکان دەکاتە وشەی شیعریی.

**با ڕەشەبا**
**فڕێ بدا**
**تەوری ژەنگن**
**نێرگزێک دەڕوێ بڕوێ**
**تفەنگەکان با بێدەنگ بن**
**منالێک دەیەوێ بنوێ**
**چی قەیسەر و پاشا هەیە**
**با گوێ بگرن**
**شاعیرێک دەیەوێ بدوێ**

ڕەخنە، دۆزینەوەی دیوی شاراوەی دەق و شیکارکردنێتی، نەک دابەشکردن بەسەر چاک و خراپدا، نازانم ئەم ڕستەیەم لەکوێ هێناوە، گومانم هەیە هی خۆم بێت، بەڵام کاری ڕەخنە جیاکردنەوەی چاک و خراپەکان نییە. وەک کاری ئەو میوەفرۆشانەی میوەکانیان بەسەر چاک و خراپدا دابەش دەکەن، لەتیف هەڵمەت سەرەڕای سادەنووسی، قوولنووسی دەکات، لەو شیعرەدا بەدووی یۆتۆپیادا دەگەڕێت، بەدووی کۆمارەکەی خۆیدا دەگەڕێت. چۆن ئەفلاتوون کۆمارێکی بنیات ناو ئەوەی نەیویست وەدەری نا، لەتیفی-ش تەور و تفەنگ و قەیسەر و پاشا و ڕەشەبا رادەگرێت، تا نێرگز و منداڵ و شاعیر کاری خۆیان بکەن.

لە شعری "گوللە"دا لەتیف هەڵمەت دیسان لەو وشانە شیعر دروست دەکات کە ڕەنگە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نەیەتەوە کە دەڵێت بۆ شیعر ناشێن...

**ئەرێ بشێ بتوانم**
**چی ئاسنی لەشم هەیە**
**هەمووی بکەم**
**بە گوللەیەک بۆ تفەنگێ**

**دژی زۆرداران بجەنگێ...!**

دیوانی لەتیف هەڵمەت، یان باشترە بڵێین دیوانە شیعرییەکانی لەتیف هەڵمەت پڕن لە پەیڤی جوان، ئەوە لەتیفە لەڕێی پەیڤی جوان و یاریکردن بە وشە و گەمەی زمانەوە، هەوڵی داوە وێنەی دیکە لە وشە بکێشێت، جارێکیان لەبارەی لەتیف هەڵمەتی شاعیرەوە، سەرکردەیەکی سیاسی و رۆشنبیری کورد، کە نامەوێت لێرەدا بێ ئیزنی خۆی ناوی بهێنم، وتی: لەتیف هەڵمەت لە رێگەی شیعرە ئاگرینەکانییەوە. سەرەڕای پڕاوپڕی لە عیشق، هەمیشە لاوانی ئاراستەی پێشمەرگایەتی دەکرد.

**ژمارە**
**کە من و تۆ یەکدەگرین**
**دەبین بە سیان**
**ماچ و تۆ و من**
**کە من و تۆیەک جێ دێڵین**
**دەبین بە چوار**
**تۆ و تەنیایی**
**من و ئازار...!حححخ**

شاعیر زۆرجار هەوڵی داوە سەرەڕای ئازادی و سادەیی و بێ گرێ و گۆڵی شیعرەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا سەروایەکی تایبەت بدات بە شیعرەکانی، ئەمەش بۆئەوەی ئاوازێکیان پێ ببەخشێت، شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت زۆربەی هەرە زۆریان بۆ گۆرانی دەشێن، شیعر و گۆرانیش لە یەک سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن و کەس نازانێت لە راستیدا کامیان لە کامیانە، ئایا شیعر بۆ یەکەم جار لەدایک بووە، یان گۆرانی، لە شیعری "ژمارە"دا لەتیف هەڵمەت یارییەکی جوان بە وشەکان دەکات و گەمەیەکی شیعرییش لەنێوان ژمارەکاندا دروست دەکات، ئەمە تەنیا لە هاوکێشەی شیعردا دەگونجێت دووانەکە لەگەڵ ماچدا دەبن بە سیان، لێ لە جیابوونەوەیاندا دەبن بە چوار، ئەو لەگەڵ تەنیایی و شاعیریش لەگەڵ ئازار. لەتیف هەڵمەت نەک هەر لە سرووشتدا، نەک هەر لە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەدا، ئەو، تەنانەت لە شیعریشدا جۆرێک لە یاخیبوون و لەڕیز دەرچوونی تیایە، کە بەبڕوای من لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا کەم شاعیری لەو جۆرەمان هەیە، ئەگەر نەڵێین نیمانە.

**خۆر**
**نەو لەسەدا سەد لە ئاوێنەدا**
**رووت لە خۆت ناکا**
**چی حەسحەس هەیە**
**شیعرێک کۆت ناکا**
**هەرچی با هەیە**
**زەوی رووت ناکا**
**هەرچی تەم هەیە**
**خۆر نابووت ناکا**

ئەوەی بەلای منەوە جێگای سەرنجە لەم دەقەی لەتیف هەڵمەت-دا، جگە لە یاخیبوونە سەیرەکە، ئەوەیە ئەو هاتووە رۆڵی هاوشێوەی داوە بە ((ئاوێنە و حەسحەس و با و تەم))، لەڕاستیدا ئەرکی ئاوێنە لە ئەرکی ئەوانی دیکە جیایە، بەڵام شاعیر دەیەوێت بڵێت ئاوێنەش ناتوانێت وێنەی راستەقینەی تۆ نیشان بدات، وەک چۆن حەسحەسێک ناتوانێت شیعرێک کۆت بکات، ئاخر شیعر هەر ئەوەندەی گەیشتە سەرزاری ئینسانەکان، ئیدی پۆلیس بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت کۆت و بەندی بکات، هەرچی با هەیە ناتوانێت گیا و گوڵ و باخ و دار و درەخت و سەوزایی و ژیان لە زەوی بسەنێت و تەمیش ناتوانێت خۆر بشێوێنێت!!

لەتیف یاخییەکی نیشتمانییە و وڵاتەکەی خۆی بە دنیا ناگۆڕێتەوە.

**ئەگەر**
**ئەگەر نەخشەی هەموو جیهان**
**تێکدەنەوە**
**ئەگەر زەوی وەکو لۆکە**
**شیکەنەوە**
**کە سنووریان کێشایەوە**
**دووبارە**
**هەر دێمەوە ئەم شارە**
**هەر کوردستان**
**دەکەمەوە بە نیشتمان**

هەرچەند ئەو لەوێدا ناوی شارەکە نابات، دەشێ مەبەستی کفری بێت، ئەگەرچی لەو شیعرەدا ئەگەر ئەم بەشەش: ((دووبارە/ هەر دێمەوە ئەم شارە))

ش نەبووایە، شیعرەکە زۆر جوانتر و دیارە سیمای یاخیبوونەکەشی تێدا زیاتر دەبوو... لەتیف هەڵمەت شاعیری پەیڤی جوانە، هەر بەو پەیڤە جوانانەشی درێژەی بە تەمەنی شیعریی خۆی داوە:

**شاعیرە هەتاوەکە**
**وڵاتێکیان**
**کرد: بە زیندان**
**شاعیرێکیان**
**تیا نایە گۆڕ**
**وڵاتەکە بوو بە ئاسمان**
**شاعیرەکە:**
**تیا بوو بە خۆر**

### پەراوێز و سەرچاوە:

* کۆی شیعرەکان لە دیوانی لەتیف هەڵمەت وەرگیراون، کە کۆکراوەی دیوانەکانێتی.

١- شێخ محمەدی خاڵ، ناڵەی دەرون، شیعر و شاعیر، چاپی دووەم، ٢٠١١ دەزگای ئاراس، لاپەڕە (٢٣).

٢- د.اسعد الاسدی، سکنی المکان، گبعە الاولی، ٢٠١١، عمان- الاردن.

٣- حەمە سعید حەسەن، سێوی هۆشیاری، چاپی ٢٠١١، دەزگای ئاراس، لاپەڕە (١٣).




# بازنە ڕاخراوەکانی بابل
# و
# هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە مێژوو

شێرکۆ شەریف



دیارە ئەوەی بۆ هەر کارێکی ئەدەبی گرنگە بە پێوەرە ئیستاتیکییەکەی و نرخە ئینسانیەکەی هیچ نییە جگە لەو بەها ئەدەبی و هونەری و فەلسەفیانەی کە لە ناو خۆیدا هەڵیگرتوون، جگە لەو توانا بەهێزە کارکردنە چڕوپڕەی کە لە ناو مێژوو ڕووداو و زەمەن و شوێندا کاری تێدا کردوون، ڕەنگە زیاتر ئەو پرسیارە بێتە پێشەوە، ئەوەی بۆچی ئەدەب لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا سەر دەکێشێتە نێو خەون و حیکایەت و یادەوەریی و کۆی ئەو شتانەی کە مرۆڤ بە تاسەوە عەشقیان دەبێت و بە کوڵ بۆیان دەگریت، بڕواناکەم هیچ ئەدەبێک هەبێت لە دونیا دا بە شوێن هەست و سۆزی ئینسان و خەونە ئەرخەوانییەکەیەوە نەبێت، هیچ ئەدەبێکی ڕاستەقینە نییە بەدەر بێت لە سیحر و جوانی و پێدانی چێژ بە خوێنەرە سەرشێت و سەر مەستەکانییەوە، هەڵبەتە ماناکانی ئەدەبی ڕاستەقینەش

لە ئیستاتیکای دەق و شیعریەتی زمانەوە سەرچاوەدەگرن، لێرەوە دیسانەوە دەپرسم ئەدەب چۆن دەتوانێت وا لە من بکات خۆم لە هەموو گوناهەکانی ئەم دونیا ناشرینە پەشیمان بکەمەوە، چۆن دەتوانێت لە مەترسی سیاسەت و هونەری درۆکردن ئاگادارم بکاتەوە، کەی من ئازاد دەکات لە فەلسەفە و بوونی مۆدیلی باو، کەی پڕم دەکات لە شەوق و نووری پڕ ئولفەت و خۆشەویستی، لە کاتێکدا ئەو نەزانێت من بە بوونی خۆم زۆر نامۆم و لە سێبەری دەور و بەریشم تا بڵێی بە گومانم، ئەو نەزانێت من سەرگەردانم بەنێو کۆمەڵێک حەقیقەت و بەناو حەقیقەتدا دێم و دەچم، لە کاتێک دا نەزانێت لە پشتی نا ئومێدی و دڵشکانی منەوە لەم دونیایە دەیان چیرۆک و رووداوی تراژیدی هەیە، نەتوانێت مانا قوڵەکانی بەدبەختیم شرۆڤە بکات و لە نزیکەوە هاوڕێی ساتە دەگمەن و روحە نا ئارام و دەروونە پەشێوەکەم بێت، لێرەوە ئەوەی لەئەستۆی ئەدەبەو وەزیفەی ئەو بە جێدەگەیەنێ، لە ئەستۆ و وەزیفەی هیچ کایەیەکی تر نییە، بونیادی ئەدەبیش جیاوازە لە هەر بونیادێکی تر لە رووی فۆرم و ناوەڕۆک و سیما و خەسڵەت و یەکە یەکەی بەشەکانییەوە، لەبەر ئەوەی بەهای ئەدەب بەهایەکی ئینسانییە و لە دەرەوەی هەر گوتار و ئاراستەیەکی ئایدۆلۆجی پرس و بابەتەکان پێناسە و شەن و کەون دەکات، یاخود لە دەرەوەی هەر قاڵب و چوارچێوەیەک بۆ بیرکردنەوە و تێڕوانین هەوڵی بە فەنتازیاکردنی ژیان و ئاوێتەبوونی خەیاڵ و واقیع لە بۆتەی دەق و مانا نادیارەکانی زەمەن و شوێن لە پانتایی دەقدا دەدات، لەم پێشەکییە کورتەوە هەوڵ دەدەین ئاوڕێکی خێرا لە رۆمانی (بازنە راخراوەکانی بابل) بدەینەوە و بە پێی توانا تۆزێک لێی وردبینەوە، ئەم رۆمانە بەر لەهەر شتێک لە ئاستی بینراودا ئەوەی پێ وتین گەر زمان و توخمەکانی ناو زمان راستگۆییانە بڕسکێن، دەتوانن هەڵبژاردنێکی هێمنانەی جوان و بێ خەوش لە بواری رستە و مانا و پەرەگرافدا بهێننە ئاراوە، دەتوانن گومانی گەورە لەسەر پرسەکان دروست بکەن و دەرگار پرسیاری زۆر بە رووی ئایدیا و هێما و ئاماژەکاندا بکەنەوە، لێرەوە زمان ئەو بەشە زیندووەی مێژووە کە لە رێگەی خەیاڵ و فەنتازیاوە دەنووسرێتەوە، ئەو بەشەشە لە حیکایەت و گێڕانە و توانای کارکردن لەسەر مێژوو و رووداو و کارەکتەر و کۆی شوناسە جیاوازەکان بەیەکەوە، بۆیە دەبینین هەموو کرانەوەیەکی زمان بە بێ کرانەوەی خەیاڵ و فەنتازیا کارێکی نەکردەیە، واتا ئەوە خەیاڵ و فەنتازیایە توانا شاراوەکانی زمان بەدەردەخات و زمان دەکاتە جۆرێک لە بەهای ژیان و بەهای پەیوەندیکردن لە بونیاتی تێکست و رووبەرە نادیارەکانی تێکستدا واتا فرەیی زمان، تێکەڵ دەبێتەوە

به فرەیی مانا و دەنگ و ڕەنگەوە، لێرەوە من وا هەست دەکەم ئەم ڕۆمانە خۆی لە بابەتێکی هەستیار داوە و بە چڕی بۆ نێو ڕووداوە مێژووییەکان و ململانێیە مێژووییەکان شۆڕبۆتەوە، بە تایبەتی هەندێک لەو ڕووداوانەی کە مێژوو جوان دەکەن و هەندێکیشی ناشیرین، دیارە ئەوەی لەم ڕۆمانەش دا هاتۆتە بەرباس دوو مێژووی جیاوازە بە دوو تایبەتمەندی شارستانی و فەرهەنگی مرۆیی جیاواز دا، وەک دەبینرێت مێژووییەک بە جوانی جێ پەنجەی لەسەر داهێنان و خەون و خەیاڵ و کۆی ئەزموونی مرۆڤەکانەوە هەیە، مێژووییەکیش بە قوڵیی دەچێتە نێو ڕووداوە توند و تیژ و خوێناوییەکانەوە و لەبەردەم ئەگەری کرانەوە و گۆڕان دا بۆتە بەشێک لەسەردەمێکی تاریک و ناشرین و بەربەری، بەشێک لەو کارەساتە تراژیدیایانەی کە بە ئاوڕدانەوە لێی مرۆڤ شاگەشکە دەبێت و یادەوریشی ورد و خاش دەبێت، بۆ نموونە لەسەرەتای ئەم ڕۆمانە دا وەک دەروازەیەکیش بۆ چوونە بابەتەکەیەوە ڕۆماننووس وەسفێکی جوان و بەراوردێکی بابل مان بۆ دەکات لە ڕابردوو و ئێستای خۆیدا، لە هەمان کاتدا دەیەوێت پێمان بڵێت بەراوردکردنی بابل لە نێو ئێستا و ڕابردوودا وامان لێ دەکات، بەکۆی ئەو پێوەر و ستاندارە ئینسانی و ئەخلاقی و ویژدانیانەدا بچینەوە لە ئەمڕۆی پەیوەندیە جیهانییەکان و هاوکێشە جیهانییەکاندا، وامان لێ دەکات وێنای لەبیرکراوترین و فەرامۆشکراوترین شارستانی بۆ بکەین لە دونیادا، چونکە بابل لە دۆزەخی ئێستا دا برینێکی گەورەیە بەسەر دڵی مێژووەوە، لێوانلێو لە ستەم و خەم و کارەسات (ڕۆمانەکە ل١١)، ئینجا ئەوەی بابل دەخاتە پەراوێزی مێژووەوە و خودی ئەو کارەکتەر و ئاراستە فیکری و ئایدۆلۆجیە جیاجیایانەن کە مێژوو بەرهەمی هێناون، خودی ئەو شەرعیەت و خیانەتە مەشروعەن کە گەمەیان بە بەها و موقەددەراتەکانەوە کردووە، لێرەوە گرنگە ڕۆمان لە ناو سیاقی مێژوودا کاربکات بە مەرجێک نەبێتە پاشکۆی ڕووداوە مێژووییەکان، نەبێتە ئاوێنەی دیدێکی ئایدۆلۆجی، بۆ ڕووداو و کارەسات و پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ڕەنگە گرنگی تەکنیکی نووسین لە ڕۆماندا لەوەدابێت کەدید و دونیابینی نووسەری تێدا ڕەنگ بداتەوە، هیچ نووسەرێک نییە بە بێ دونیابینی خەیاڵی ئازاد بکات و شرۆڤەی ئاستە جیاوازەکانی ژیان بکات لە ئاستی تایبەتی و گشتی دا ، یاخود مانایەک بە بوونی ئەو کارەکتەرانە بدات، کە لە نێو دەقەکەی دا بەرهەمی دەهێنێت، ئەم ڕۆمانە بە مانایەک لە ماناکان، لەبەر ڕۆشنایی دید و دونیابینی خۆی دا کارەکتەرەکان وێنا دەکات، بە هەندێ بار دا لەگەڵ ناوەوەی کارەکتەراکان دەدوێ و ڕاپێچیان دەکاتە نێو دونیای بیرکردنەوە

و تێڕامانەوە، بەڵام بیرمان نەچێت هەندێکجار دەنگی نووسەر بە رادەیەکی سەیر تیکەڵ بە دەنگی کارەکتەر دەبێت و بەشێک لە فەزای ئەم ڕۆمانە بۆخۆی داگیردەکات، دەنگێ لە گەرووی مێژوویەکی بریندارەوە دێتە دەر و ناکۆتا بە نێو ئەم گەردونە دا درێژ دەبێتەوە و دونیای ئەم ڕۆمانە تژی دەکات لە وێنە قوربانی و وێنەی ئەو کەسانە کە پێ دەچێت لەبەر دەم دڵ ڕەق و جەللادەکان دا هاوار و نزا و ئازاریان لێ بەرز ببێتەوە، من لێرەوە دەڵێم ئەی خودایە مرۆڤ بێ گەڕانەوە بۆ رابردوو دەتوانێت ژیانێک لە ئێستادا دروست بکات و ژیان دۆستانە بژێت کێ هەیە بێ کردنەوەی کۆدەکانی رابردوو، هیوای بە ژیان و ئایندە گەورە بێت، دواجار کێ هەیە بێ ناسین و خوێندنەوەی کۆی رەهەندە فیکری و مێژوویی کلتورییەکانەوە پەیوەندییەکی تەندروست لەگەڵ ئێستادا بونیاد بنێت، لەم سونگەیەوە ئەم ڕۆمانە چرکەساتێکی مێژوویی ترسناک باس دەکات و گوزارشت لەو پرس و ڕووداوانە دەکات کە بەشێکی گەورە لە مێژووی تراژیدیمان پێک دەهێنن، ڕۆماننووس بە ڕوونی پێمان دەڵێت پرسەکان زۆر لەوە ئاڵۆزترن گەر بمانەوێت ئێمە لە ئاستی دا هەست بە جۆرێک لە دڵنیایی بکەین، هەر بۆ نموونە پرسی ئەنفال یەکێک دەبێت لەو پرسانەی کە هیچ کاتێک لە ویژدانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسیمان دا پرسیاری جددی دروست نەکردووە و نەبۆتە یادەوەرییەکی تاڵ لە کۆ هەستی ئێمە دا، لێرەوە کارەکتەری باکۆ لە پانتایی ئەم دەقە دا دەبێتە نوێنەری سەردەمێکی ئاڵۆزی پڕ لە حیکایەت و گێڕانەوە، باکۆ هەڵگری یادەوەرییەکی پڕ لە ئازارە لە دونیای ئەم ڕۆمانەدا، کارەکتەری باکۆ حیکایەت خوان و هەموو شتزانی ئەم ڕۆمانەیە و هەست بە بوونی هێما و دەلالەتەکانی مەرگ و ژیان دەکات لە نێو مێژوو و حیکایەتە تراژیدیەکانی مێژوودا، واتا باکۆ بۆ گەیشتن بە نهێنی دیوە ناکۆک و دژوارەکانی ژیان و مەرگ ململانێ و شەڕێکی توند لە نێوان خەیاڵ و واقیع دا بەرپادەکات، ئینجا پرسیارەکە ئەمەیە، ئایا مرۆڤ دەتوانێت بێ بوونی خەیاڵ ساتێک لەم دونیا پڕ نهێنی و تەلیسمە رابمێنیت، لە راستی دا خەیاڵ زادەی فەلسەفەی ژیانە و بەشێک لە چیرۆکەکانی ئینسان لە زمانی ئەوەوە دەگێڕدرێتەوە، زۆر جار خەیاڵ دەکەوێتە پێش واقیعەوە و لە بری ئەو بە دوای نهێنی و حەقیقەتی بوون دا دەگەڕێت، دواجار مرۆڤ بێ یارمەتی خەیاڵ لە خودی خۆیی و دەور و بەرەکەی تێناگات، باکۆش ئەو کارەکتەرەیە بە یارمەتی خەیاڵ دەخوازێت بە چیرۆکی رابردوودا بچێتەوە، چیرۆکێک هەر هیچ نەبێت بتوانێت ئەو بەشە تاریکە شەرمەزار بکات کە دەستی هەبووە لە قڕکردنی هەزارەها مرۆڤی بێ گوناه ،

دیارە ئەنفال یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی ناو ئەم رۆمانە و حیکایەتخوانی ئەم رۆمانە تووشی بەریەککەوتن دەبێت، ئەنفال ئۆباڵی لە ئەستۆی هەموو مرۆڤێکە، گەر نەیەوێت لە ریشە قوڵەکانی تێبگات، گەر نەیەوێت بوون و مانەوەی خۆی لەسەر دادگایی بکات، دیارە رۆماننووسیش ویستوویەتی، بە ئاراستەیەکی مرۆیانە و بە رێگەیەکی وشیارانە ئەم پرسە لە یادەوەریمان دا تۆخ بکاتەوە، نیشانمان بدات دڵرەقی سەرانی جێبەجێکاری ئەنفال چەندە ترسناکە، یاخود ئەوەی بیەوێت بیسەلمێنێت تا چ ئاستێک جەللاد دەستی سوور بووە بە خوێنی قوربانی، هەڵبەتە وێناکردنەوەی قوربانی وێناکردنەوەی خودی خۆیەتی، بەڵام ئەم رۆمانە پێمان دەڵێت قوربانی وێنەیەکە لەو وێنانەی کە دەشێت نیگاری جۆراجۆری لەسەر بکێشین، هەمیشە وەک سێبەرێکی ئامادە بەسەر ژیان و زیندەگیمان رەنگ بداتەوە و رێی هەموو کوچەو کۆڵانێکمان لێبگرێت، نەیەڵێت هەنگاوی خێرا و بە پەلە بنێین بۆ پەڕینەوە بۆ ئەو دیو خود و وشیارییەکی خودییانە، لە شوێنێکی تردا دەبینین خەیاڵی باکۆ لەو بیابانە گەرمەسێرەدا لەگەڵ ئەمیتای شاژن دا خەیاڵێکی جوانە و پڕە لە مەراق و سەرکێشی پڕە لەو وێنە سیحریانەی کە هەستی مرۆڤ بۆ لای خۆیان پەلکێش دەکەن، کارەکتەری باکۆ لە سێبەری خەیاڵدا دەست لە ملی ژیان دا دەکات و ئاشنا دەبێت بە جوانییەکانی، ئیدی ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە لەم گەشتەی دا ئەو هاوسەنگییە بەهێزەی نێوان واقیع و فەنتازیایە کە توانیویەتی هێزێکی تر بدات بە گێڕانەوە و ماناکانی گێڕانەوە لەم تێکستە دا، لێرەوە ئەمیتا فۆرمێکە لە فۆرمەکانی قوربانی لە جەنگە دوور و درێژەکاندا، سونبولی پەیوەندییەکی ئینسانی بەهێزە لە نێو سەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا، واتا ئەمیتا لە دووتوێی بونێکی نەخوازرا و و نە نووسراودا هەڵگری نهێنی نەخشەڕێگایەکە، لە گوناە و چەشتنی ئازاری روحی بەدەستی گوناهەوە، لە دواجاردا هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ترس و ڕاڕایی و گومان بەشێکن لە فەزای ئەم رۆمانە و پێکهاتێکن لە پێکهاتەکانی، ترس لە لای مرۆڤ هیچ یاسا و رێسایەک ناناسێت و هەمیشە ئامادەیە بە پێی حاڵەتەکان، سرووشتی ئەم رۆمانەش تا ئەندازەیەک سرووشتێکی پڕ جوڵەیە لە بوونی کارەکتەرەکاندا، (بەڵام بیرمان نەچێت تر لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر دەگۆڕێت)، واتا باکۆ و ئەمیتا دوو کارەکتەرن لە رووبەری فەنتازیایی ئەم رۆمانە دا شوڕی زەمەنێکی دوور و درێژ دەکەن، بەرگری لە ئیرادەی مانەوە دەکەن، بۆ شەرعیەتدان بە مانەوە لە فەزای ئەم تێکستە و رووداوە تراژیدییەکانی نێو ئەم تێکستە، لە لایەکی ترەوە ئەم رۆمانە لە نێوان خەیاڵی ئەدەبی و حەقیقەتی

مێژووییدا بێدەنگی دەشکێنێت و پێمان دەڵێت هەموو حەقیقەتێک دابڕاو نییە لە زەمەنەکەی، بەمەرجێک بتوانین لەسەر دیوە ناکۆک و شاراوەکانی جەدەلی فیکری و فەلسەفی بکەین، دیارە هەموو حەقیقەتێکیش بە جۆرێک لە جۆرەکان داکۆکی لە جەوهەری بابەتیانەی خۆی دەکات، ئەم رۆمانە هەوڵێکە بۆ کەشفکردنی رێژەیەک لە حەقیقەت لە رێگای دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکاندا، بە مانایەکی تر حەقیقەت رۆڵی هەیە لە بەخشینی مانا بە رووداو و کارەکتەرەکاندا، هەر لەم سونگەیەوە ئێمەی خوێنەر درک بەوە دەکەین، کە حەقیقەت شتێک نییە بتوانین بە ویژدانێکی ئاسودەوە پێی بگەین، دەکرێت چەشنێک لە حەقیقەت بە پێوەری سەردەمی ئێستا ریشەی لە نێو کارەساتە گەورەکاندا بێت، لە ناو ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانەدا بێت کەی پێیان دەوترێت بازنەی مەرگ، واتا ئەنفال هەڵگری حەقیقەتێکی مێژوویی تاڵە و هێشتاش هەر خوێنی لێ دەچۆڕێت، تارماییەکە لە تارماییەکانی مەرگ، ماوەتەوە بڵێم بەداخەوە خەیاڵی ئەدەبی رۆشنبیری ئێمە نەیتوانیوە لەسەر ئەنفال و رەهەندە مەرگدۆستییەکەی کاربکات و وەک پێویست رامانچڵەکێنێت بۆ بینینی تەواوی دیمەنەکە، یاخود دید و وشیاری ئێمە بگۆڕێت لەسەر کۆی پرسە ئینسانی و کارەساتە ئینسانییەکان بەرەو باشتر.

-بازنە راخراوەکانی بابل، عومەر سەید، چاپ: بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٠.

# زەمانی بزربووـی فاتیح عیزەدین



**سەباح ڕەنجدەر**

شیعری باش وەک کانی پاراو وایە، هەمووومان لێی بخۆینەوە کەم ناکات. ئەو دەقانەی هاوچەرخی هەموو رۆژ و رۆژگارێکن، ئەوەیان وەک ناوەندێک بۆ ئێمە هێشتووەتەوە، شیعر برای خوێنی نەهامەتی و کەسەربارییەکانی ژیانە. (فاتیح عزەدین) لە دڵشکان و ناکامی و نەهامەتییەکانی ژیانی خۆیدا کەمەیەکی کەمی شیعری جوانی کوردی نووسی.

شاعیریشمان هەن کوڕی ڕێزلێگیراوی دەسەڵاتن و ژیانیان لێوانلێوە لە گەشت و خۆشی، دەسەڵات خەڕۆ و دانەخۆرە و ئالوودەی کردوون بە گەشت خۆشییەکانی ژیان. بۆشاییەک لە ژیانیاندا نەماوە لە پێناویدا تێبکۆشن و هەوڵی پڕکردنەوەی بۆ بدەن. ناچارن بۆ درێژکردنەوەی هێڵی شیعر پەنا ببەنە بەر دەرەوەی خۆیان و وەک هاندەر و هۆکار، جۆرێک ساختەکاری بەکاربهێنن و هەموو پیرۆزییەکانی خۆیان، کە شیعرە لە پێناو خەڕۆ و دانەخۆرەی دەسەڵات لە دەست بدەن. مرۆڤیش بێ ڕەچاوکردنی پیرۆزییەک ناتوانێت سەرکەوتوو بژی، کە شیعریش تاکە پیرۆزی شاعیری راستەقینەیە.

تێکۆشان لەپێناو خۆشییەکانی ژیان و تێکۆشان لەپێناو شیعر یەک یەکیان لاسەنگ دەکات. بەشێک، بەشێکی زۆری شاعیرانی ئێمە لەم ڕووەوە شوێنیان وەک شاعیری راستەقینە بەهێز نییە. خەڕۆ و دانەخۆرەکراون، خۆشیان هەموو پەیمانێکی نهێنی دەبەستن بۆ خەڕۆ و دانەخۆرەیی. دەچنە بەر سێبەران، ئەگەر ئەو سێبەرانە سڕیشیان بکەن. زمانحاڵی دەسەڵاتن و دەسەڵاتخواز و بێزراون.

بۆ هەمیشەش لە ساتە بۆنورکەرەکانی بەر سێبەران دەمێننەوە. سێبەری شێریش هەرسێبەرە.

شیعری (زەمانی بزربوو)ی فاتیح عزەدین، گۆڤاری بەیان، ژمارە (١٥٨)ی ئابی ١٩٨٩، ل: ٦٢،٦٣. لەئەنجامی پاڵەپەستۆی ناخی خۆی و لەیەکدانی هەستەکانی ، وەک دەربڕین لەنادیارییەکی کوشندە بەرهەمهاتووە.

لەم شیعرەدا هێمای دوولایەنی بەکارهێنراوە، شەوقێکی کورتخایەن لە ئەزەلییەتی ژیان دەگرێت و دەیبەستێتەوە بە فەزایەکی بێکۆتایی تا خوێنەر بچێتە ناوی و بە ئارەزووی خۆی ئەم فەزایە فراوانتر بکات و رامانی سەرەکی خۆی دابڕێژێت، بە تەواوی لەجەستەی دەقەکەشدا پەلوپۆ بهاوێت ، کە بوو بە خوێنی دەقەکەش، پێوانەی لێدانی دڵی دەقەکە بۆی ئاسان دەبێت و ئاستی کاریگەرییەکەشی دەردەکەوێت.

کارامەیی لە بەکارهێنانی رۆژەکانی هەفتە و لەناو پێشبڕکێی رۆژەکاندا بەدوای ئەزموونی کەسی خۆی گەڕاوە و پرسیاری چییەتی کەسی خۆی لە تۆیەکی ئەزەلی و نادیار کردووە. ئەم تۆیە لە خودی نووسەر خۆیەوە ناسراوە و دەست پێدەکات و دەیبەستێتەوە بە هێزی ژیانەوە. ئەگەر نەشی بەستێتەوە نزیکی دەکاتەوە لەو هێزەی ژیان بەگەڕدەخات. بەهەر ئاراستەیەکدا رۆیشتبێت لەدوا خاڵدا گەڕاوەتەوە بۆ خاڵی بەهرەی بێگەردی خۆی و (شیعربوون)ی کردووەتە ئامانج. وشەکانی ئەم شیعرە لەناو وشەی نامۆ و خەماوی هەڵبژێردراون. شیعری خەماوی و بیرکردنەوە و زمانی کەسی هەموودەم پەنا دەباتە بەر مۆسیقایەکی خاو و لەسەرەخۆ و هێزی شیعری خودی خۆی دەخاتەگەڕ و مۆرکی بیرکردنەوەی دادەڕێژێت. لە دوو وێنەشدا، هاودەقی لەگەڵ تابلۆی (کاتژمێری تواوە)ی سلفادۆر دالی و گۆرانی داریووشدا کردووە . لە تابلۆکەدا هاودەقی خەمی بوونیی و خۆشەویستی بوونیی لەگەڵ ناوەندی بووندا بەرجەستە دەکات و داهێنەرانە هاودەقی لە وێنەکەدا دەگونجێنێت و کەرەستەکانی هونەری هاودەقی باش بەکاردەهێنێت، بەڵام لەگەڵ گۆرانییەکەی داریووشدا، سۆزێکی رووکەشە و لەم بارەوە تێناپەڕێت بۆ خەمی بوونیی خۆشەویستی بوونیی و کەرەستەکانی هونەری هاو دەقی باش بەکارناهێنێت. دەقەکە لە من و تۆدا سەرچاوە دەگرێت و پەیژە پەیژە گەشە دەکات. پێوەندییەکانی نێوان من و تۆ، بنیادێکی بەهێزی ئەو ئاخاوتنەیە، کە من لەگەڵ خۆیدا دەکات، یان لەگەڵ ئەوەی لەبوونیدا تواوەتەوە و بووەتە بەشێک لەو. من لەتۆ جیاواز نییە، تۆش لەمن جیاواز نییە، هاوتایی پێکدەهێنن و دەڕواننە ئەزەلییەت و نادیارییەک. ئەو من و

تۆیە، من و تۆیەکی رۆمانسی نییە و ئاسۆ و دووری خرۆشاوی ناو دەقەکەیە، دانە پەیڤی من و تۆ کولتووری لەمێژینەی شاعیرانیی تەسەووفە، بەشێوازی کێش و سەروا بەکارهێنراوە، لە رووبەرێکی فراوانی شیعریدا کاری پێکراوە، لە تەسەووف و بەختەوەریی خوداییدا ژیان لە دروشم و دەمامک و گەلحۆیی رزگار دەبێت. ئەوەی مایەی سەرنجی قووڵ و سەرسوڕهێنەرە شاعیرێکی ئەمرۆ لەشیعرێکی ئازاد و شێوە پەخشاندا ئەم کولتوورە کلاسیکییە بەتاو و تینێکی داهێنەرانە دووبارەی بکاتەوە و باش بەکاری بهێنێت.(میلی سەعات، چرکەی زەمان، بەسەربالآی من و تۆدا دەچەمێنەوە وەک گۆچان).

شاعیر لەشیعرەکەیدا هاوولاتییەکی دیاری ماندووە و هەستی نامۆیی ئاوارەی کردووە، ئەم هەستە نامۆییەی بە گەورە دەخاتە بەرچاو و هەستی نوێبەخشی لێ بەرهەم دەهێنێت، کە بابەتێکیش هەڵدەبژێرێت بۆ ئەزموونکردن، یان بابەتێک ئەو هەڵدەبژێرێت بۆ ئاشکراکردنی، لە نیازی خۆیدا پێیوایە لەم ئەزموونکردنەدا دەگات بە رەگ و ریشە، نووسینە بەرهەم هاتووەکە خودی رەگ و ریشەکەیە و شاعیر لەسەر هەستەکانی خۆی تاقیکردووەتەوە. ژیانی نووسین بەستراوە بەو ژیانەی، کە کەسی نووسەر ئەزموونی کردووە، یان کەسی نووسەر بۆشاییەک لە ژیانی ئەزموونکردوویدا هەبووە و هەوڵدەدات لە ژیانی نووسیندا تەواوی بکات و شێواز و فۆرمێکی نیمچە بەختەوەری پێبدات. ژیانی ناو نووسین، ژیانێکی پاڵەوانانەیە و لە ناوەندی خودی خۆیدا چاودێرە و قووڵایی دەپشکنێت، کە ناوەندی نووسینە. بە دوای گفتوگۆ و خولیای ئاشنا و رۆشنا نزیکەکانی دەگەڕێت و بەدڵ دەیاندوێنێت و دەیانکات بە ئاکارە سەرەکییەکانی نووسین.

شیعرەکە کەمێک سۆزدارە، لە دەربڕیندا روون و رەوانە. لەهەمانکاتدا زۆر قووڵە و رۆشنبیری فراوان و رۆحانییەتیان لە خوێنەر دەوێت. دەکرێت وەک دەق و شێوازی(سانایی خۆبەدەستەوە نەداو) تەماشا بکرێت. بابەتەکەی بە دەوری ئەزەلییەت دەسووڕێتەوە و لە رێگای خەمی بوونیی و خۆشەویستی بوونیی تاسەی بۆ نادیاری مرۆڤ و گەردوون دەردەبڕێت، کە پێشبڕکێی رۆژەکانی هەفتە پێشبڕکێیەکی بێکۆتایی و ئەزەلی و نادیارە. رۆژ دەبێتە بنیادی شوێن و کەسی، یان جێگای بنیادی ئەزەلییەت دەگرنەوەو دەبنە واتا و لە زیندوویێتیدا رۆڵی ئێستێتیکا دەبینن، یان شەممە دەکاتە خاڵ و رۆژەکانی بەدوایدا دەهێنێت و دەیکاتە هێڵ، هەینی دەکاتە تابلۆ و ئامادەی دەکات بۆ پیشاندان، هەروەها بەهۆی رۆحانییەتی زمانەوە وادەکات وشە مانایەکی ئەزەلی و نادیار ببەخشێت و گواستنەوەیەک بێت بەرەو (رەگەزی کتوپڕی). رەگەزی کتوپڕی لە سروشتی

راستەقینەی خۆیدا ئەرکی شێواندنی کپی و هێمنی دەروونی خوێنەر نییە، بگرە دارشتنەوەی کپی و هێمنی دەروونی خوێنەرە و هونەری روونکردنەوەی ژیانە، بەمانا ئەزەلی و نادیارییەکەی، کە ژیان کۆمەڵێک پارچەی لێک نزیکن و بینایەکی روون و ئاشکرا دروست دەکەن و خەمی بوونیی و خۆشەویستی بوونیی لە بارێکی ناخەکی دەخرۆشێنن. ئەم خەمە بوونیی و خۆشەویستی بوونییە لەم دەقەدا لە فەزایەکی بێکۆتایی و نادیاریدا خرۆشێندراون و لێکگرێدراون.

زمان لە رۆحی نووسەر دەست بەکارە و لە شیعردا بە جۆرێکی تایبەت بەکاردەهێنرێت. نهێنییەکانی روانین و گرفت لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە زمانی پەخشان بەهەموو لکەکانییەوە بەکاردەهێندرێت، چونکە زمان لە شیعردا هێما و سرووش وەردەگرێت تا ئەوپەڕی سنووریش پەیوەستدار دەبێت بە سۆز و یادگاری ئەزموونی ژیانی کەسی شاعیر، هەروەها بەهۆی وێنەوە هێما و سرووش بەبیر و بیرکردنەوە دەدات و لە زەیندا وێنەی تایبەت دەخوڵقێنێت. لە هەمان مەبەست لە خاڵێکی قووڵتری (سەرنجی هەستی) دا وێنە بیروهۆش تاو دەدات.

وێنە لەنێوان کۆمەڵێک پێوەندی جیهانی پڕ هێزی ناوەوەی شاعیر و وێناکردنی ژیانی کەسی شاعیر دەخوڵقێنێت و هەڵچوون وریا دەکاتەوە. لەم بار و بوارەدا وێنە بە هۆی پیتی بانگکردن دەنگی وێنەکە دەگوازێتەوە. وەک هەینی دەکاتە ئاوێنەیەکی جیوە ئەفسوونی، وەک هاوارێک ئازاری هەموو رۆژەکانی تێدا کۆدەکاتەوە و دەریدەبڕێت. لە پاشاندا دووبارەی دەکاتەوە تارادەی بێزارییەکی سامناک و کوشندە. وێناکردنی کەسی و خەیاڵی لە چالاکی خۆیاندا بەردەوام دەبن. ئەو هەستە ئێستێتکییەمان لادروست دەکات، کە شاعیر هەوڵی رایەڵکردنی داوە، بەڵام دەبێت ئەو هەستە بەتەواوەتی لە رەوتی رستەکاندا بڕەخسێندرێت، کە بەهای شیعرییەتی تێدا پەنهانە.

شاعیر بەو شێوەیە دەنووسێت، کە پێی ئاسوودەیە و پێگە و رێگەی خۆی بۆ ئاشکرا دەبێت. خوێنەریش لەم پێگە و رێگەیەدا لە هەقیقەتی رەهای شیعرییەتدا لە خولیاکانی خۆی نزیک دەبێتەوە. گیانی شیعرییەت لە رێگای باش بەکارهێنانی زمانەوە دێتە ناو جەستەی شیعر. لادانی زمانی لە شیعردا گونجاوە، جۆرێکە لە بیری داهێنەرانەی شاعیر. ئەم بۆچوونە تارادەیەک بۆچوونێکی لەبارە، بەڵام شیعر پێشێلکردنی رێزمان نییە. لە سنووری ئەم نیمچە لادانەدا تێناپەڕێت. لەم دەقەدا زمان بەهێز نییە، هەست بەهێزترە. هاوسەنگ نەکردنی (زمان) و(هەست) جۆرێک ناتەبایی بە بنیادی شیعرەکە داوە، هەروەها وێنەیەکی لە سێ شوێندا

دووبارە کردووەتەوە، بێ ئەوەی ترپە و ئاوازێک، یان دۆخێکی زەینی بگۆڕێت. لە شیعرێکی وا یەکبابەتی و یەکگرتوو و کورتدا، دووبارەکردنەوەی وێنە مۆسیقایەکی بە جۆش بە بنیادی شیعرەکە نادات، بگرە تووشی هەناسەبڕکێشی دەکات، هەروەها رەنگ و رووی سروشتیش لە جیهانبینی شاعیردا دەرکەوتەیەکی تایبەتی نییە.

بینینی ئاسۆیی لە هاتنە خوارەوەی رۆژەکاندا هەیە، کە بە خوڕ بەدوای یەکدا دەڕژێن و دەڕژێنە ناوەندێک، کە رۆژێکی دیاریکراوە دەستنیشان نەکراوە لە رۆژەکانی هەفتەدا. بگرە رۆژێکی نادیار و ناوەندێکە وەک ئەزەلییەت و نادیاری، کە رامانی سەرەکی دەقەکە بەناو هەموو جەستەی رۆژەکاندا تانوپۆی چنیوە و دەبێتە رۆژ و رۆژگارێکی بزر، کە رۆحانییەتی رۆژەکانە و شیعرییەتی دەقەکەیە. دەقەکەش لە ژیانی ئاسایی خۆیدا ئالوودەی تەنیایی خۆی بووە. وەک ئالوودەیی بەتەنیا (لەدایکبوون) و بەتەنیا (مردن) و پڕبوو لە هەموو دڵشکان و ناکامی و نەهامەتییەکانی ژیان.

حوزەیرانی ٢٠١٢هەولێر

زەمانی بزربوو

-١-

**بێدارییە**
**خەونە**
**یاخود زیندەخەوە**
**من میوانی ناو ئەستێرەی گەردوونێکم**
**بەرەبەیان فرۆکەیە و لە ئاسمانێکی دوورەوە**
**بەدەوری خۆردا دەگەڕێ**
**بە سووتانی جگەرەیەک**
**بەلاکردنەوەی ناوەختی پیاسەیەک**
**شەپۆلی دەریای ئاسمانی شەو داهاتن**
**بەسەر ڕۆخی ئاوابوونی ئەم سەر زەمینەدا دەڕژێ**
**شەمە دەستی یەکشەممەیە**
**لەناو قەد و باڵای دووشەممە ئاڵاوە**

سێشەممە پێڵووی خەواڵووی چوارشەممەیە
ئەشکی ئێوارەی پێنجشەممە لە لێواریدا قەتیس ماوە
هەینیش چ بڵێم ئاوێنەیە
دەرخەرەوەی دەستە ڕەشە سامناکەکەی
نێوان گەرووی زەردەپەڕی ئێوارەکانی شەممەیە

-٢-

بێدارییە
خەونە
یاخود زیندەخەوە
من میوانی ناو ئەستێرەی گەردوونێکم
خۆرنشینان دەڵێی کەشتی ناو ئاسمانە و باڵگرتووە
ئەشقی خۆرە و مەلەوانی تەنووری گڕ
بەجیوەی پەنگر و پشکۆ
پێڵووی چاوانی خۆی دەشوا
بەناو قووڵایی گەردووندا
دەڕوا دەڕوا
لەناخیشدا دەروون تاریک
لەبەرچاویدا میلی سەعات نابزوێت و زەمەن ناڕوا

-٣-

شەممە باڵای یەکشەممەیە
لە باخەڵی دووشەممەدا لێی نووستووە
سێشەممە نەخۆشی کەوتووی بەر نەشتەری چوارشەممەیە
لە پێنجەشەممەدا مردووە
هەینیش چ بڵێم زەمەنێکە لە مێژەوە بزربووە
تابووتێکە میلی سەعات بەسەریدا چەماوەتەوە
تەرمی هەر حەوت شەوەکانی تێدا کەوتووە

-٤-

بێدارییە
خەونە
یاخود زیندەخەونە
خۆرنشینان شووشەیەک مەی لەبەردەممدا
لەناو خەون و بێئاگاییدا خاڵی و بۆشە
بەرەبەیانیان وەکو ئەوەی هەڵقوڵاوبێ
لەناو دەستمدا و لەکەناری بێداربوون و بەئاگایی لێوانڕێژە
تۆ ئەی شووشەی خاڵی و بۆشم
تۆ ئەی شووشەی لێوانڕێژم
نەشئەبەخشی و پڕم لە تۆ
پڕم لە برژانگ و نیگای بەیانیان و ئێوارانی کچانی شۆخ
پڕم لە شیعری گەرم و گوڕ
لە جەنگ و خوێن
لە مۆسیقا و دەنگی داریووش
لە هیستریا
پڕم پڕم لە شەپۆلی سەربڕاوی کەنار و ڕۆخ
بەڵام ئەفسووس بۆ ئەو ڕۆژەی یان ئەو شەوەی
میلی سەعات
چرکەی زەمان
بەسەر باڵای من و تۆدا دەچەمێنەوە وەک گۆچان

١٩٨٨/٣/٣سلێمانی

# دەق

دەق

| | |
|---|---|
| خەونە سۆزانییەکانی من و چەند پیتێکی بریندار | **ناڵە حەسەن** |
| چەند شیعرێکی کورت | **پەری شێخ ساڵح** |
| تریفەی مانگ و غەمگینی دڵم | **کەژاڵ ئیبراهیم خدر** |
| ونبوون | **شەیما بەدری** |
| گوڵێک بۆ خۆشەویستیباخچەیەک بۆ ژیان | **موحسین ئاوارە** |
| نەبا بۆنی نیشتمان کەم | **زیاد نادر عاڵلایی** |
| بهێڵە رەنگت بگرم دۆست...!! | **راهۆز پێنجوێنی** |
| هیچ و تەنانەت هیچ | **مستەفا زاهیدی** |
| ئێوارەیەک مریەم بەدوو پەلکی زەردەوە دێتەوە | **ئەنوەر عومەر** |

# خەونە سۆزانییەکانی من و
# چەند پیتێکی بریندار



**ناڵە حەسەن**

**وەرە ئەی یار**
**با پەیمانێکی تر ببەستین**
**کە جودا بێت لە پەیمانەکانی ترمان**

**وەرە ئەی یار**
**من هەموو جەستەی خۆمت پێدەبەخشم**
**تەنانەت**
**گلێنەی چاوەکانیشم**
**من هەرچیم هەیە پێت دەبەخشم**
**تەنانەت**
**سۆزانیترین خەونەکانیشم**

وەرە ئەی یار
هەرچیم هەیە بۆخۆتی بەرە
شیعر و
کتێبە چاو بە فرمێسکەکانیشم
چاویلکەکەم
قەڵەمەکەم
مۆمەکانی نێو ژوورەکەم
گوڵدانی گوڵەکانم
بوخچەی خەیاڵە نەوڕەسییەکانیشم
تەنانەت دەفتەری یادەوەرییەکانیشم

منیش تەنها
چەند پیتێکم لەتۆ دەوێ
چەند پیتێکی
لانەواز و چاوبەخومار و بریندار
ئەو پیتانەی
نەک بە تەنیا
بەیەکەوەش
نە ناوێک و نە ڕەنگێک و وێنەیەکیان
لە هیچ ئەلبوومێک و
لە هیچ کیشوەرێک و
لە هیچ دونیایەکدا نییە...!

- پیتەکان (ن ن ا ت ش ی م ی)



ئەی یار
نونێکم لە نەوڕەسەکان بۆ وەربگرە
نونێکی تر لە نوور
ئایەک لە باران و
تێیەک لە ترێیە چاوڕەشەکان و
شینێک لە شەوە پڕ تریفەکان



یایەک لە یاقووت و
میمێک لە مرواربیەکانی دەریا و
یایێکی تر لە خۆت ئەی یار

منیش بەم پیتانە
(نیشتیمان)ێک دەنەخشێنم
کە پڕاوپڕ بێت
لە نەورەسی باڵڕەنگین و
لە نووری سپیدە
لە بارانی بەهاری و
لە ترێی چاوڕەشی قەترانی
لە شەوی پڕ تریفە و
لە یاقووتی بریسکەیی
لە مرواری دەریا و
لە یاری باڵازڕاڤ و هەوەسباز و مەمک قنج

نیشتیمانێک
پڕبێت لە سوارچاکی
نێو پێدەشتە نەخشینەکانی عەشق

پڕبێت لە شنەبای ئێواران و
لە نەغمەی گوڵەگەنم و
لە باڵندەی سەرمەست و
لە کوڵیکە سوورەکانی موحیبەت

نیشتیمانێک
وەرزەکانی بە رەنگی ترەوە دەرکەون
سەمفۆنیایەکی تر
لە ماڵەکان و لە جێژووانەکان ببیسترێ
پەپوولەکان
بە ستایلێکی تر سەما بکەن

**ژیانیش**
**به جۆرێکی تر خۆی رووت بکاتەوه**

**نیشتیمانێک**
**دۆزەخێکی ئارام و**
**پەرستگەیەکی رووناک و**
**بەهەشتێک بێت بۆ هەمووومان**
**بەهەشتێکی**
**بێ سەردار و بێ سوڵتان و بێ خودا...!**

کۆتایی مایسی ٢٠١٢



# چەند شیعرێکی کورت



پەری شێخ ساڵح

پەنجەرە
بە چۆلەکەکانی
ئەودیو پەنجەرە ڕەنگپەڕیووەکانمەوە
پەیوەستم

***

بەلەم
بەلەمەکە لەوبەری ئاوە
منیش لەبەر دەرگای ترسناکی ئاوەکە
چاوەڕوانم

***

باڵندە
باڵندە سەرلێشێواوەکەی ئەو
ڕۆیشتووە
بەڵام من هەر بیری فڕین دەکەم

***

بەرد

تاکو سەرم

بە بەردی قولەمستی تۆ نەشکێ

لە مانای هیچ بەردێ ناگەم

***

ئاسمان

بە لقی دارچنارەکەدا

خۆی گەیاندۆتە ئاسمان

بۆئەوەی هەر وەک ئەستێرە

لێی رابمێنم

***



پیاسە

گەر لە پیاسەی رۆژێکی پایز گەڕامەوە

رەنگە نەمناسنەوە

جا کێ لە وێنە

کۆنی خۆی دەکا؟

***

سەرشانەکانت ئەستێرەی پێوەیە

پێموابێ

تۆ لە ئاسمانەوە هاتووی

***

خۆر

خۆرێکی بزێو بووم

گوناهم بەرامبەر ئاسمان کرد

دەرفەتم نەدا

دووگیان بێ بە هەور

گوناهم بەرامبەر هەور کرد

نەمهێشت دووگیان بێ بە باران

***

(با) دوورەکان لە دەرگا دەدەن

تیشکی ئەستێرە رەوتەنییەکان لە دەرگا دەدەن

باڵندەکانی شەو لە دەرگا دەدەن
بەڵام کەسیان پێم ناڵێن
تۆ کەی لە دەرگا دەدەی؟

***

جالجالۆکە
دەرگای ماڵەکەم
جالجالۆکە بە تەون چنیویەتی
تۆ چۆن دەتوانی
رۆژی سێ جار هاتوچۆ بکەی؟

***

شەو
سڵاو ئەی شەوی شین
لەژێر ئاسمانی تۆدا
تەواوی دڵم دەلەرزێ

***

شەو
سڵاو ئەی شەوی وەنەوشەیی
لەژێر ئەستێرەکانتدا
راکشاوم
لەئاوێنەی جۆگەکانتدا
تەواوی خۆم دەبینم

***

خەیاڵ
خەیاڵم وەک سوارچاکێک
ئەسپەکەی بە لقی (با)وە
دەبەستێتەوە
بەئەسپایی دەستی بۆ دەبەم
ئەو گرێیەم بۆ ناکرێتەوە

***



**هەڵمات**

**ژیان خلۆربوونەوەی**

**هەڵماتی دەستی منداڵێکە**

***

**لاسار**

**تۆ زۆر لاساری**

**ریشۆڵە نووستووەکانی**

**ناو پرچەکەم**

**لەخەو دەتارێنی**

***

**درەخت**

**نە درەخت دەتوانێ**

**رێ لە هاتنی (با) بگرێ**

**نە من دەتوانم**

**رێ لە هاتنی تۆ بگرم**

***



**تۆ منت هەیە**

**منیش تۆ**

**تۆ من دەخوێنیتەوە**

**منیش لە تۆ تێدەگەم**

**ئەمەش گەرمترین خۆری نێوانمانە**

**تۆ دەگمەنترین شیعری رۆژگاری منی**

**من تا ئەبەد لە دڵی تۆدا دەژیم**

***

**پیاو**

**لای پیاو وایە**

**ژن قەرزاری شەیتانە**

**بۆ دانەوەی**

**سێ پەراسووەکەی**

***

**ماچ**

**هەزاران ماچم بڕی**
**تا بگەم بە لێوەکانی تۆ**

***

**شێتی**

**ڕووخسارم فڕێدەدەم بۆ شێتی**
**ئەڵڵا**
**شێتی چەند جوان**
**ڕووخسارم وندەکا**

***

**پارچەیەک فرمێسکی سەهۆڵی هەیە**
**لەژێر پێڵووەکانمدا**
**بە بینینت**
**هێواش هێواش دەتوویتەوە**

***



# تریفەی مانگ و غەمگینی دڵم



کەژاڵ ئیبراهیم خدر

(١)

ئەوکاتانەی لام دەخەوی
ئاگات لێ نییە
دەتخەوێنم
دەتخەمە باوەشمەوە
دەتکەم بە گوڵ
ئەتبەم بۆ سەر کەلی شاخی سەرم
ئاگات لێ نییە
باران لێت ئەدا و تەڕ دەبی
بەسەر سەرتا دادەبارێ
بۆ بەیانی لێم دەڕوانی
هەموو جەستەم شوێنی ماچە و
تیشک ئەهاوێ

(٢)

**کە ڕۆیشتی**
**ئەو کاتانەی کە تەنیا بوویت**
**چراکەتم بۆ داگیرسێنە**
**پەنجەرەی ژوورەکەت بکەوە**
**تا وەک بایەک بە ژاوەژاوێکەوە**
**خۆم بکەم بە ماڵەکەتدا**
**ئەمجارەیان وەک دایک**
**پڕت بکەم لە سۆزی دایە و**
**شعری لایلایە**

(٣)

**ئەگەر ڕۆژێک نەتبینم**
**ئەزمر بەدوو چاوی منەوە**
**سەیرت دەکات**
**ئەگەر ڕۆژێ من گوێم**
**لە دەنگ نەبێ، گەرووی ئەشکەوتێک**
**گوێچکەی بیستنی منی تیدایە و**
**گوێت لێ دەگرێ**
**ئەگەر ڕۆژێک نەگەمە لات**
**خەمم هاوبەشی ژیانتە و**
**بۆنی پەنجە و بۆنی ماچی**
**یادگاری و کزەی هەناسەتی تیایە**
**شعری منیش لەو ناوەدایە**
**تریفەی مانگی شەیدایە**



(٤)

**هەمیشە بەرەو لات باڵ دەگرم**
**لەسەر ڕێگەت دەوەستم و**
**ماندوویێتیت رادەگرم**

**پێت دەڵێم:**
**تۆ بارانی بەهاری،**
**یان بەفری کرێوەی زستانی**
**یا ئێوارەیەکی غەمگینی،**
**هەموو رۆژێک لەم شوێنەدا**
**سەدان ماچی**
**پەڕ و باڵکراو سووتاوی**
**غەریبیم وەردەگری**
**پێم دەڵێی: ببوورە گیانەکەم**
**تۆ شعری چاو رەش و**
**خەرمانەی تەنیای عەشقێکت**
**پێ نییە بۆ منت هێنابێت**
**لەجیاتی هەموو ئەمانە**
**چەپکێ خونچەی کوژراوی**
**دووچاوم وەردەگری**

(٥)
**کە گوێ لە کۆنسیرتێک دەگرم**
**شعرم دەبێ بە شنەبا**
**کە چیرۆکێک دەخوێنمەوە**
**دەبم بە شەپۆلی دەریا**
**کە تابلۆیەکیش دەکێشم**
**تۆ دێیتە ناو چاوانمەوە**
**کە باوەشت پێدا دەکەم**
**چی خەم هەیە و بەجێم دێڵێ**
**گەش دەبمەوە**

(٦)
**ئەی بەخشندەترین مرۆڤ**
**ئەوکاتانەی لە گیرفان و لە بەرۆکی کوردستانا**
**بۆم دەگەڕێی**

من ئەوکاتە لەناو گەرووی قەندیلدام و
دەبم بە تیشک و بە باهۆز
ئەو شەوەش تۆ
دێیتە گەرووی قەندیلەوە
بۆم دەگەڕێی
بوومەتە هەور
چوومە چیای بوونتەوە و
لەگەڵ باران و هەورە برووسکە
ئەبم بە تابلۆیەک
لەسەر شانی بابەگوڕگوڕ



(٧)
لەم نیشتمانە وێرانەدا
کچێک دەکوژرێ و
لەگەڵ خوێنەکەیدا
عەشق ئەڕژێ
کچ ئەبێ بە پەلکەگیایەک
سەوز دەبێ
لەپڕێکا باڵا دەکا و
دەگاتە بەرزایی ئاسمان
شعری منیش لەنێو ئەو ئازارە زۆرەدا
دەبێت بە سوورە گوڵێ

(٨)
گەر ئەمجارە دیاریت بۆ کڕیم
کراسێکی شینم بۆ بکڕە
تا لەگەڵ ئاسمان ببمە هاوڕێ
بۆ دووەم جار
کراسێکی سەوزم بۆ بکڕە
تا سنەوبەر بە گەڵاکانی دامپۆشێ و
باخەکان ببنە دەستگیران

**بەڵام هەرگیز نەکەی**
**کراسێکی رەشم بۆ بکڕی**
**چونکە من نامەوێ**
**جەستەم ببێتە شەوێکی گریاوی**
**بێوەژنێکی نیشتمان**

(٩)
**هەمیشە ویستوومە**
**ئازادی و ژن، لە شعرێکدا بنووسمەوە**
**بەڵام دەستی ناحەز**
**هاتووە و سەریبڕیوم**
**ژنە ئەبێ بە کەمانچەیەکی رەشپۆش**
**ئازادیش بە پەنجەی تاریکی**
**شعریش**
**لە عەشقێکی چاوەڕواننەکراودا**
**بۆ باڵای غەمگینی**
**بەرگی رەش دەپۆشێ**



(١٠)
**ئەی پیاوەکان**
**بتانەوێ و نەتانەوێ**
**شەو نیوەی زیاتری موڵکی ژنە**
**هەتاو و پێکەنین**
**فرمێسک لە چوار بەش**
**سێ بەشی موڵکی ژنە**
**کەچی رۆژێ نییە لەم شارەدا**
**سەدای دەنگی مێینەیەک**
**هاوار نەکا**
**پێوەندەکانی نێرینە**
**پۆل و باسکی ژنە شۆخی**
**پێوەند نەکا**



(١١)
هەمیشە گریانێک دەمگرێ
بۆئەو شیر و شمشێرەی
مامزی شعری پێ راو دەکەن
ئەتگرن و ئەتدەنە
بەر سەری رووت و بیری رووت و
وشەی رووت
دواتر بۆ نێو ئەو دۆزەخەی
بۆنی رەنگەکانی حەرام و
پەیڤەکانی کفری لێ دێت

(١٢)
بیرتە تاڵی قژت بۆناردبووم
کردم بە دیاری پەڕینەوەی
رێگای عەشق
لەسەر رێگاکەت نەمامی شیعرم چاند و
لە رۆحمەوە خۆرم بۆ برد
تا هەناسەی شیعر
تریفەی گرت
لەناو خەودا چاوەڕێم کرد
نەمام، نەمام روام و
لەدوایدا بووم بە درەخت

(١٣)
لەسەر شیعریکی ئازادی بۆ خاکەکەم
شیعرێکیان دەستگیرکردم و
دەستی وشەکانیان بەستەوە و
چاوی ناوەرۆکەکەیان بەست
بۆ سبەینێ بووم بە سروودی نەورۆز
لەسەر چیایەکی بەرز گڕم گرت

(١٤)

من هەمیشە چرایەكی داگیرساوی
ئازادیم بۆت
تۆش سنەوبەرێكی سەوزی باریكەلە
كاتی كە دێم بەرەو رووت
تێكەڵ دەبین
ئەبین بە جەژنی سەری ساڵ
كاتی چراش كوژایەوە
ئازادی دەبێ بە تاریكستان
تۆش دەبی بە سنەوبەرێكی رووت

# ونبوون

ونبوون

شەیما بەدری



سنوورەکان مەبەزێنە
یادگارییەکان مەشێوێنە
میوانی باوەشی هەور مەبە
پوشی دەم ڕەشەبای سلێمانی مەبە
تۆ یار بە و
مینش دڵدار
تۆ شاخ بە و
مینش دەریا
دەمدەم بەدەم دەتنووسمەوە
دێڕ بەدێڕ دەتخوێنمەوە
بەرلەوەی بەلاستیکە چەتوونەکەی نێو گیرفانت
بمسڕیتەوە

من دێمەوە...
قەڵەمەکەت بەشوێن پیتی یەکەمی یاردا دەگەڕێت
من بەر لە تۆ ناوی خۆمی پێدەدەم
دەزانم شێتی سەری لێداویت
وەرە دەرمانخانەی دڵی من
دەرمانەکانت بەسەرچوون...
گولاجی ئازارەکانت لای چەپی روحمە
گەر بڕۆیت و گەربێت و گەر نەشیەیت
لای من هەر میوانی هەمیشەییت
لەمێژە تۆ نەخشی بەردینی دڵمیت
زۆر دەمێک پێش ئێستا
گێژەڵوکەیەک تۆی کردە دیاری سەری ساڵم
ئیتر لەو ساتەوە هەموو ساڵ بابانوئێل پارچەیەکی تۆم لێ دەستێنێتەوە
هەمیشە وندەبیت، وندەبیت و وندەبیت...
دەزانی یارم تۆ چەن جار ونبوویت؟



# گوڵێک بۆ خۆشەویستی
# باخچەیەک بۆ ژیان



موحسین ئاوارە

-١-

خۆم لە خۆمدا دەکەوم و بەردەبمەوە
بە دوای خۆمدا دەگەڕێم خۆم نادۆزمەوە
زۆریش دەڕۆم و دەڕۆم
تا ئەو کاتەی بە هۆش خۆم دێمەوە
ئاە... ئەوە من بووم و
لەلای تۆم بووم و ... دەگەڕێمەوە؟

-٢-

ساڵ دوانزە مانگە
من سێنزە مانگ تۆم خۆش دەوێ
شەو و رۆژیش بیست و چوار سەعاتە
من بیست و پێنج سەعا تۆم خۆش دەوێ
لەنێو بازنە و لە دەرەوەی بازنەدا تۆم خۆش دەوێ
بەدەر لە گومان و گریمانەدا تۆم خۆش دەوێ
تا خەیاڵ بڕ دەکا دووراودوور

تا ئەودیوی سنووراوسنوور
تۆم خۆش دەوێ
تۆم خۆش دەوێ
-٣-



ئەگەرچی پیرە مەلەوانم
خۆم دەناسم من کێم
گەر لە گەورەترین و قووڵترین دەریادا
نەفەوتێم
کەچی سەیر لەوە دایە
لەناو تەنکەئاوێکی خۆشەویستی تۆدا
دەخنکێم!!
-٤-
کە پەیوەندیم پێوە دەکەی
مۆبایلەکەم بە یەک (گوێ)وە دەنێم
گوێ رادەدێرم
پێم وایە یەک گوێ کەمە
بۆ ئەو خۆشەویستییە زۆرەی
بۆ تۆی هەمە
-٥-
لەژێر سێبەری دیواری تەلارێکدا
من و هاتن و چاوەڕوانی
لە سەعاتێکمان دەڕوانی
وەک ئەوەی لەژێر پێمدا
بەڕێک راکێشرێتەوە
سێبەر لەبەر پێمدا
راکێشرا
هەتاو جێگای گرتەوە
ئەوەی بۆ من مایەوە
لە جەستەمدا تکەی ئاراقەی گەرم و
لە زاکیرەمدا کەی دەرکەوتن
نە جوڵەم کرد نە جێگۆڕکێ

نەوەک ناونیشانی جێژووانمان
لەو تێکچێ!!

-٦-

لە دەمی هەورەوە
هەڵاوەیێ گەرم دەردەچێ
حەسرەتە و برین
لە دووری دوورانەوە
بایەکی سارد هەڵدەکا
بۆ رووخاندنی ئەو هەورە و
دواتر چەخماخە و
رێژنەو
بارین
ئێ هەر ئەو بارانە تەڕەیە
ناومان لێ ناوە عیشق و ئەوین

-٧-



تۆ لەوێ لەسەر رووبار و
من لێرە خۆم رووت دەکەمەوە
لە هەوادا باسکەمەلە دەکەم
لەوێدا پێکەکانمان لێک دەدەین
لێرەدا دەینۆشم
لێرەدا سەرخۆشم
تۆ و شەباقەی جوانیت
وەک یاقووت و بلوور
لێرەدا تەماشام خۆی داوەتە
بەر سێرەی نوور
لەلای تۆ بۆ من ژیان هەڵدەکشێ
لێرەدا بێ تۆیی بە پەیژەی مردن هەڵدەگەڕێ
ئەمشەو مێشولەیەک لێناگەڕێ بخەوم
چ جای ئەو عیشقە گەورەیە
پێت وایە ساتێ بسرەوم

-٨-

ناوم لە تۆ ناوە باران
کەوایە پێویستە بەناو هەورەکاندا گوزەر بکەم
ماڵی تۆ لە چ گەڕەکێکە لەنێو هەوردا
ژمارەی دەرگەتان چەندە
ئەگەرچی هەوریش لە بڵندایيدایە
تۆ پێم ناڵێی بۆ ماڵی خۆت
لەو بەرزاییە دانایە؟!



-٩-

جەستەم کێڵگەیەکی کێڵدراوە
بە پەنجەکانی تۆ
دانم پێوە کردووە
لە وشە ورشەدارەکانی تۆ
گوڵە شیعرم هەڵچووە
بۆ چاوانی تۆ
ئەوەتا قەبارەی وشەکانم
دیوانێکی قەبەیە
ئەویشم پێشکەش کردووە بە تۆ

-١٠-

هەر شتێکی جوان دەبینم
دەڵێم خۆزگە تۆش ئەو جوانییەت دیبا
هەر شتێکی خۆش دەخۆم
دەڵێم خۆزگە تۆش لەو خواردنەت خواردبا
چەند خۆشە دابەشکردن
هەر لە جوانی و هەر لە خواردن
من کە لە سەرفرازیدا بژیم
ناخۆشییەکەی تۆشم لەبەر چاوە
ئاوێتەی خۆشییەکەی خۆمی دەکەم
تێکەڵ دەبن... تێکەڵی یەک
نۆشیان دەکەم لە یەک پێک

# نەبا بۆنی نیشتمان کەم

زیاد نادر عالڵاییی

ئەرێ بۆ چێژی عەشق،
تامی عەشق،
ژاری عەشق،
شاری عەشق،
ئەوەندە تفت و تاڵ و وێرانەیە؟!
لەگەڵ رەوی پاسارییە تەریوەکاندا،
گەر نەزانم بە کوێندەریش دەگەم،
هەر دەڕۆم و... دەڕۆم و... دەڕۆم.
سەفەر، لەگەڵ پاسارییدا پیرۆزییە
ئاشنایی لەگەڵ گوڵدا، شکۆمەندییە
دوورکەوتنەوە لە تۆش، سەرمەدییە

هەرێی جەسارەتە و
ناشێ بیشکێنم.
هەور دەستی گرتووم و
چریکە و چەهچەهەی پاسارییەکان
لە دەنگی تۆ، رۆح هەژێن و شیرنترن!!
هوما رازگر و هاوڕێمە و
لێناگەڕێ خەون و بەهارم بسووتێ.
گوێم بۆ گمە و رازی ئەو کۆترانەش راگرتووە
مێیە مەکربازەکە دەیوت:
یاخیبوونی بێ رابوون، سەرابە
ئاسمانی بێ ئاسۆگە و گزینگ، تارستانێکی بێ ئامانە
فڕینی بێ هیواش، کوشتنی رۆح و
ش
ک
ا
ن
ی
خەونە!!
دەشێ هەر بڕۆم
زنار و تاوێر و تارمایی و دێو و درنجەکان
لەبەردەم عاشقی بازئاسادا هیچ نیین.
توخمی من، لە بروسکەیە و
خەونەکانم کەوشەن بڕە...
رۆح و رەگەزی من، سەراپا نەورۆزستانە
دەسووتێت و... تام لە سووتان دەبینێ.
بەو هەموو تیشک و هەست و هالاو و فڕینەوە
دوور...
دوور...
دوور دەڕۆم.
رۆیشتنێک، لە چەخماخە و بوراق تیژتر...
رۆیشتنێک، وەکو کۆچی مەلان دلڕفێن...

وەکو چاوی ڤارین سیحراوی...
دەمەوێ کە گەڕامەوە
لە هەمێزی نیشتمان و
چاوی ژنێکی شەکراوی بنووم...
ماندوویەتی و شەراری ساڵەهام
بە هەڵگلۆفینی هەنارەکانی تۆ
یا بە دیتنی ئاڵایەکی سەربەخۆ، بحەسێنمەوە.
من چیم، بێ ژن و عەشق و نیشتمان!!
من چیم، بە کوردستانێکی پڕ لە شکان!!
لێرە سەر هەڵدەگرم و دەڕۆم
ژیان و شەڕ و درۆ،
پەڕ و باڵیان شکاندووم...
نامەوێ باڵەکەی تریشم بشکێ،
جارێکیتریش ژیان و شەڕ و درۆ
شەربەی خەونیان کون کردووم
نامەوێ... نا...
دوا د ڵ ۆ پ ە ک ا ن ی
ب
ت
ک
ێ!!
کێ لەگەڵما دێ؟
کێ دەبێتە هاوسەفەری ڕێ؟
لە چاوتروکانێکدا سەفەر دەکەم و
جانتا و پریاسکە و هەگبەش نابەم
نەبادا یادی نیشتمان کەم...
نەبادا بۆنی کوردستان کەم...
نیشتمانی من، ئێستا مەلێکی زامدارە...
نیشتمانی من، ئێستا لە خوێندا خومارە...
خۆم بریندارم، برینی ئەو بۆ کوێ بەرم؟
خۆم خومارم، خوماری ئەو بۆ کوێ بەرم؟

ئێستا ساتی سەفەرە و
کێ ساز و ئامادەیە قامک هەڵبڕێ...
هەمووومان کامۆییانە لە پووچی ئێرە گەیشتووین
لێرە تەمەن کات کوشتنە و هیچی ترنا.



# بهێڵە رەنگت بگرم دۆست...!!

راهۆز پێنجوێنی

-١-

**تەنیایی خەریکە ئەمخوا...**
**باوەڕ ناکەم جارێکی تر**
**دەستی زبری ژیان بگرم،**
**حەرامە...!!**

-٢-

**من رەنگی خۆم ونکردووە...!!**
**حەزم وایە لەناو چەمی**
**رەنگی تۆدا مەلە بکەم،**
**روخسەت هەیە؟**

-٣-

**دەمەوێ**
**لە رەنگی خۆتم هەڵکێشی...**
**هەرکەس ئەمبینێ**
**ئەڵێ بێڕەنگ بوویت...!**

-٤-

کە سەیری مانگ دەکەم
تۆ زویر ئەبیت...!!
کە سەیری تۆ...
ئەو...!!
ئەرێ ئێوە هێندە لە یەک ئەچن
ئەڵێی دووانەن...!!

-٥-

نامناسی...؟؟!
منم،
منی شێتی بێ تۆ تەزیو...!!
منی شێتی بێ تۆ بەزیو...!!
منی شێتی بێ تۆ هەتیو...!!
منی شێتی ئۆقرە نەدیو...!!
منم،
منی تەنیایی بەدڵ گریا و
منی دیلی بێ تۆ خنکا و...!!
منی شاعیری بێلانە...!!
منی بە خۆشی بێگانە...!!
تۆ...!!
هەرخۆت و باران و خوا و هیچی تر...!!

-٦-

ئێستا...
ئەوەندەم لە وێنەکانی مناڵی تۆ روانیوە
هێندە چوومەتەوە ناو ساتەکانت
ونبووم لە خۆم
ئەی گۆرانییە شکاوەکەی بیرەوەریم...!!

-٧-

ژیان بەسەرما رووخاوە...
زیاد لە هەرشت لە ئاوازی "با" دەچم...
تۆش تەیرە کچ، ئیدی هێندە

لەسەر چڵی لقی حەزم مەنیشەوە
هەڵبەستی من
شلۆڤەی کەساسی تۆ ناکا برۆ...!!

-٨-

من ئەتوانم پڕاوپڕ
تەنیایی خوا بخەمە رستەوە
ئاخر، پڕ بە فراوانی عەرشی تەنیام...!!!

-٩-

تۆ وەک گۆرانییە لاسارەکان
خۆت کرد بەماڵی رۆحمدا
کەچی وەک سەربازە دۆڕاوەکان
رۆیشتی، بۆ...؟؟!

-١٠-

ئەو زەن گیانەی چرکەیەک
لە مزیانە هیچەی
لە ستیانی شەوی کچێنی خۆیا نەدی
بۆیە لەسەر سنگی بەفر رەنگی
بە سوور نووسی
م
ر
د
ن.

٢٠١١/٩/٩

چیرۆک

# هیچ و تەنانەت هیچ



مستەفا زاهیدی

(٠)

**هیچ و تەنانەت هیچ**

سەرگەردان. تەنها. دەست دەبەیتە ناو جانتاکەت. جگەرەیەک... دوان... سیان... هێشتا خووت بەم دووکەڵە نەگرتووە. هێشتا... هێشتا بەرلەوەی هێشتا بێت وشەیەک بوو... وشە بەرلەوەی وشە بێت هەر نەبوو. مژێک و هەناسەیەک.

ئەو دوایین چوارشەممەی گوێت لە دەنگی بوو، کامە چوارشەممە بوو؟

حیکایەتخوان ئەڵێ: "هەرچی چوارشەممەیە بۆنی هەناسەکانی ئەوی لێدێت".

: "تەنهاییەکانم بە چوارشەممەدا ئەدوورمەوە. سەرگەردانییەکانم بە بێ تۆییدا خانم".

: "چەنێ لە تەنهایی خۆتا چوارشەممە بیت کە جگەرەش تامێکە لە هیچ".

دەگریت. سەری خۆت بە دیواردا دەدەی. دەست دەبەیتە ناوجانتاکەت. بیرەوەرییەک... دوان... سیان... ئەم تەنهاییەت بە دیازپامێک ئارام دەگرێت...

حیکایەتخوان ئەڵێ: "لەعنەت لە هەرچی چوارشەممە و دیازپام و تەنهاییە".

: "ئەم بێ تۆییە بە کامە دیازپام بلاوێنمەوە، کە جگەرەش تامێکە لە بێ تۆیی و چوارشەممە خانم؟"

تاڵ تاڵ بیرەوەرییەکانت بە جگەرەیەکەوە دەکێشیت. دەست بە جانتا و

چوارشەممە و مۆبایلەکەتدا دێنیت. هەرچی دیازپامی دونیایە ساتێک ئەم دوورییەت نالاوێنێ.

قەبرکەن ئەڵێت: "ئەوەندە لە تەنهاییدا خولایەوە هەتابوو بە..."

نەیتوانی بڵێت بوو بە هیچ... جاڵجاڵووکەیەک لێرەوە گوزەر دەکات. هەر ئێستا ئاگادارییەک بۆ هەموو رۆژنامەکانی چوارشەممە بنووسن.

: "پیاوێک لە سەرگەردانیدا، بێ جانتا و جگەرە، تەنهاییەکانی کردە دیازپامەوە و... فاتیحا".

**(١-)**

هیچ و...

پیاو لەو دیو دیوارەکانی چوارشەممەوە تەنهاییەکانی بەخۆیدا دەدوورێ. مژێک و رەشاییەک.

**ئای غەریب مەڕۆ دای غەریب گیان**

ژن لەم دیوی سنوورەکانی بێ مبالاتییەوە خۆی بە هیچەوە مەشغووڵ دەکات و تەنهاییەکانی پیاوLike دەکات.

حیکایەتخوان ئەڵێت: تا چەند خۆی بە تەنهاییدا بدوورێنێ، ئەوەندەی تر غەریبانە دەگری.

تۆ دەڕۆیت و سەر بەهەموو کونج و کەلێنەکانی چوارشەممە و بیرەوەری و غەریبییەکانتدا دەکەی. خۆت لە دووکەڵەوە دەپێچی و سەر بە هەرچی گۆرانیدا دەکەی. بەڵام هیچ و...

ژن دەنک دەنک تەنهاییەکانت Likeدەکات و...

**گوڵ نەبێت بۆ سەرم**

**زەرد چەپێک ئاڵ چەپکێ.**

حیکایەتخوان ئەڵێ: "خەریکە خۆی لە تەنهاییدا دەتوێنێتەوە. نە گوڵێک و نە دەنگێک و نە... تەنهاییەکانی Remove ناکات".

پیاو دەگری و سەر بە چوارشەممەدا دەکوتێ.

**(٢-)**

ژن ئاسمان و ڕێسمان بەخۆیدا دەدوورێت، لە مەستیدا کلیک کلیک دەکات و پیاو Ignore دەکات. ئەمڕۆ وتارێکی فێمنیستی خوێندۆتەوە و رادیکاڵتر لە هەرچی بۆمبە بە پیاودا دەتەقێتەوە.

پیاو لەناو دووکەڵی جگەرە و شیعر و تەنهاییەکانیدا نوقم بووە و پەڕ پەڕ بیرەوەرییەکانی دەنووسێتەوە.

حیکایەتخوان ئەڵێت: "تاچەنێک لەناو بیرەوەرییەکانیدا بخولێتەوە، تا چەنێک تەنهاییەکانی بشێعرێنێ، خانم هەر رادیکاڵتر ئەبێت".

تۆ هەر بیرت لای ئێوارەیەکی چوارشەممەیە و دەفتەر دەفتەر بیرەوەریی و تەنهایی دەشێعرێنی.

حیکایەتخوان ئەڵێت: "مەیکەن با تەنهاییەکانی بشیعرێنێت. با خۆی بە دووکەڵ و کتێب و دیازپاما بدات".

خانم: قا... قا... قا.

**(-٣)**

From: piaw2012@yahoo.com

To: xanm@yahoo.com

Subject: Sillaw

سڵاو خانم: بەر لەوەی لە ناو تۆزەکەدا بخنکێین، بەر لەوەی رەنگەکان بەرچاومان بگرن، تکایە با پازڵەکان رێک بخەینەوە. هێشتا... هێشتا دەکرێت...

پیاو ویستی بنووسێت هێشتا دەکرێت سەرجەم رەنگە جوانەکان پێکەوە بچنین. هێشتا دەکرێت... نەیزانی بنووسێت هێشتا دەکرێت چی؟ ئاخر کە ئەو هەر بنووسێت و بگری و شیعر بنووسێت و خانم هەر گوێ نەدات چی بنووسێت؟

پیاو دەست بە چاوی خۆیدا دێنێ و چاو لە تەپوتۆزی ماڵەکە دەکات و دەنووسێت.

تکایە... تکایە با ئەم تۆزە نەمانخنکێنێ، با خۆشمان بە بای گسکەوە نەڕۆین.

تۆ چاو لە نامەکە دەکەیت و لە ناخەوە هەناسەیەک هەڵدەکێشی و بیر لە تەپوتۆزی ماڵە وێرانەکە دەکەیتەوە.

حیکایەتخوان ئەڵێت: هەموو هەوڵ و نامەکان بێهوودەن، پیاو خەریکی بێهوودەکارییە. شتێک نەماوە پێی بوترێت رەنگ و پازڵ.

خانم چاو لە نامەکە دەکات و هەر گسک ئەدات و...

**(-٤)**

جاڵجاڵووکە هەر هەوڵی چنینی ماڵەکەی ئەدات و خانم خراپتر لە هەرجارە گسک ئەدات و لەناو تۆز و رەنگی پازڵدا ون دەبێت.

تۆ سەر بەماڵەکەدا دەکەی و لەناو تۆز و ڕەنگدا چاوت هیچ نابینێت، تەنها دەنگی بای باڵی خانم دەبیستی کە خەریکە گسک ئەدات.

پیاو دەنک دەنک پازڵەکان ئەم دەست ئەو دەست پێ دەکات و چاو لە تۆزی رووخانی ماڵە جاڵجاڵووکەیەکە دەکات و تەنهاییەکانی دەلاوێنێ.

حیکایەتخوان ئەڵێت: تا ئەو زیاتر تۆز بکات ئەم زیاتر تەنهاییەکانی دەشیعرێنێ.

خانم دەشیعرێنێ بە دەشیرێنێ دەبیستێ و خراپتر تۆز ئەکات.

## (-٥)

جاڵجاڵووکە تاڵ تاڵ، ماڵ دەچنێت و پیاو لە بیری خۆیدا هەموو پازڵە جوانەکان یەکدەخات و ماڵێکی بچووکی پڕ لە جوانی لێ درووست دەکات.

تۆ سەر بە هەموو کونج و کەلەبەری ماڵەکەدا دەکەی. خۆت لە هەموو ئەو جوانییەدا دەبینیتەوە و دەستێک بە سەر و سمێڵی تاشراوتا دێنیت.

خانم گسکێکی بە دەستەوەیە. دێت ماڵەکە بماڵێت بای گسکەکە هەموو ڕەنگ و پازڵ و جوانییەکە لەگەڵ خۆی دەبات.

حیکایەتخوان ئەڵێت: خەریکە خۆیان ئەدات بە دەم باوە. خەریکە...

تۆ دەست بە گۆشەی چاوتا دێنێت و چاو لە تەپوتۆزی رووخانی ماڵە جاڵجاڵووکەیەکە دەکەیت و خانم هەر گسک ئەدات.

# ئێوارەیەک

## مریەم بەدوو پەلکی زەردەوە دێتەوە

ئەنوەر عومەر

شوێن ناوەڕاستی شانۆیە و گۆڕیک لە ناوەڕاستی شانۆدا ئەبینرێت کە لەوە ئەچیت گۆڕەکە هەڵدرابێتەوە، کات بوولێڵی ئیوارەیە و دەنگی لورەی بایەک بەر گوێ ئەکەویت و جار بەجاریش لورەی گورگێک لە دورەوە دەبیستریێت، رووناکی ئەچیتەسەر (پیاوێک کە جلێکی سپی لە بەردایە و رووخسارێکی خەماوی و رەنگی رووخساری زەرد هەڵگەراوە، لەناوەڕاستی شانۆدا وەستاوەو دیمەنی خاچێکی وەرگرتووە و سەری بەسەر سینگیا شۆڕکردۆتەوە، ژنێک کە دایکیەتی بە جلێکی سەوزی دریژەوە تا سەر هەردوو پێی و قژێکی زەردی دریژ بەسەر شان و ملیدا هاتۆتە خوارەوە و بەژنێکی باریک و رێکی هەیە و تووڕەبوونێکی خەم ئامیز لەسەر رووخساری نیشتوە و بەرامبەر بە کوڕەکەی وەستاوە و هەردوو دەستی بەرەو ڕووی درێژکردووە)

دایک:کوڕم ، پیم بڵێ. تۆ بەڕاستی ئەو کارەت ناو ناوە بەخشندەیی، بەڕاستی من زۆرم بەلاوە سەیرە. ئایا بەخشندەیی ئەوەیە مرۆڤ نەتوانێ بەرگری لەدەستەکانی خۆیشی بکات؟

کوڕ: بەڵێ دایکە گیان مرۆڤ دەبێت بەردەوام بەرگەی ئازارەکان بگرێت،

هەرچەندە ئازارەکان بەسوێش بن..
دایک:من ئێستاش دەنگی ئەو چەکوشانە لەگوێما ئەزرنگێنەوە کەبزمارەکانیان دائەکووتی، ئەبێ مرۆڤ بەرامبەر بەوانەی تر بەخشندەبێت و بەرامبەر بە دایکی خۆشی دڵرەقترین مرۆڤی سەرزەمین بێت و بێباکانە لەئازارەکانی دایکی بڕوانێ؟

کوڕ:بەڵێ دایکە گیان، ئەزانم تۆ هەستت بەئازارەکانم کردووە، بەڵام من چرکە بەچرکە ئازارەکانم چەشتووەو ئێستاش برینی دەستەکانم خوێنیان لێدەچۆڕێت، بەڵام هەر دەبوو بەرگەی ئازارەکان بگرم.
دایک:بەرگەی ئەو ئازارانە بگریت کە لە ئەوانی ترەوە سەرچاوە ئەگرن؟!
کوڕ:ئێستاش هەرباوەڕم بەوەیە کە مرۆڤ کاتێک سەرپشک بکرێت لەنێوان ئەوەدا کە ئازاربەخش بێت یان ئازاربچێژێت... واباشترە ئازاربچێژێت..
دایک:ئەگەر سەرچاوەی ئازارەکان، خەمەکان، مەینەتییەکان، مرۆڤەکان، خۆیان بن، ئەوە بۆدەبێت مرۆڤێک ئەم شتانە قبوڵ بکات، بۆنابێت ڕەتیان بکاتەوە؟
کوڕ: بۆئەوەی مرۆڤ فێری بەخشندەیی بێت، چونکە من بۆئەوە نەهاتومەتە بوون بیر لە ئازاردانی خەڵکانی تربکەمەوە...
دایک: (لێی نزیک دەبێتەوە سیمای توڕەبوون لە رووخسارو دەنگیا بەدی دەکرێت) بەڕاستی تۆ بێباک ترین مرۆڤی سەرزەمینی، بەڵام مرۆڤ تەنها کاتێک ئەتوانێت بەرامبەر بەمردنی خۆی بێباک بێت کە مردنەکەی نەبێتە مایەی ئازار بۆکەسانی تر ئەگینا بەپێچەوانەوە ئەوە ئەبێتە بیرکردنەوەیەکی گەمژانە.
کوڕ: دایکە گیان جیاوازی بیرکردنەوەی من و تۆ ئالێرەدایە، من ئێستاش باوەڕم بەوە هەیە کەمرۆڤ واباشترە ستەم لێکراوبێت نەک ستەمکار.
دایک: ئەمە بێ نرخترین فەلسەفەیە کەتۆ هێناوتە بوون، تۆ هەزاران ساڵە مرۆڤەکان فێر دەکەیت و هانیان دەدەیت کەبەدەستی خۆیان خاچەکانیان بۆ خۆیان دروست بکەن.
کوڕ: نەخێر من مەبەستم ئەوەنەبووە، بەڵام مرۆڤ ئەو بونەوەرەیە کەدەتوانێ لەڕێگەی بەرگەگرتنی ئازارەکانی خۆیەوە وانەیەکی جیاواز بەوانی تر بڵێتەوە...
دایک: وانەیەکی بێسود بوو، کەواتە تۆ پێمان دەڵێی، چونکە مرۆڤ دەتوانێت بەرگەی ئازارەکان بگرێت ئیتر دەبێ وەکو بەرخ لەبەردەم کێردی جەلادەکان ڕاکشێ؟!
کوڕ: تۆ قەت لەمێژوودا خوێندوتەوە مرۆڤێکی ستەمکار بە ئاسوودەیی ژیابێت؟

دایک: بەڵام هیچ مرۆڤێکی ستەم لێکراویش نییە بە ئاسوودەیی ژیابێت.

کوڕ: ستەمکار ئەگەر بەچرکە ساتێکیش بێ هەست بە ئازاری ویژدانی دەکات بەرامبەر بەو ستەمەی کە دەرهەق بەوانی ترکردوونی.

دایک: بەڵام ستەملێکراویش تا ئەمرێت بەو ئازارەوە ئەتلێتەوە، چونکە بە درێژایی تەمەن خەون بەوەوە ئەبینێ کە ڕۆژێک ستەمکارەکان بەزەلیلی ببینێت.

کوڕ: هەموو مرۆڤێک ناتوانێت بەخشندەیی بکات، بەڵام هەموو مرۆڤەکان هەرکاتێک بیانەوێت ئەتوانن ستەمکاریی بکەن.

دایک: نەخێر بەردەوام مرۆڤە بێ دەسەڵاتەکان بۆشاردنەوەی بێ دەسەڵاتی خۆیان شتێکیان داهێناوە پێی ئەڵێن بەخشندەیی.

هەموو مرۆڤێکیش جۆرێک لەستەمکاریی لەناخیایە، بەڵام ئەوکاتە پیادەی ئەکات کە بزانێت کەسێک نییە ڕووبەڕووی ستەمکاریەکەی بوەستێتەوە.

کوڕ: مرۆڤی ئازا ئەو کەسەیە کە ستەمکاری نەکات.

دایک: نەخێر ئەو کەسەیە کە ستەم قبوڵ ناکات و لەدژی ئەوەستێتەوە.

کوڕ: بەڵام دەستەکانی ئێمە بۆ ئەوە دروست نەبوون کە شمشێری پێ بوەشێنین.

دایک: بەڵام بۆ ئەوەش دروست نەبوون بقرتێنرێن.

کوڕ: تۆ قەت بیستوتە مردنی جەلادێک تەنها کەسێکی گریاندبێ، بەڵکو هەمیشە هەزارانی هێناوەتە پێکەنین.

دایک: ئەی پێکەنینی هەزاران کەسیش بەمردنی جەلادێک کۆتایی بە جەلادەکان هێناوە؟ جەلادەکان ڕۆژانە لەدایک دەبن و ستەمکاریش هەربەردەوامە..

کوڕ: ئەمە حەقیقەتێکی نەگۆڕە، هەرکاتێک شمشێر بەرزکرایەوە ئیتر کەسێک دەبێت بەستەمکارو یەکێکی تریش بەستەملیکراو.

دایک: ئەی بۆ ناڵێی کاتێک شمشێر بەرزدەکرێتەوە کەسێک ستەمکارەو کەسێکی تریش ئازادیخواز...

کوڕ: مەحاڵە من بتوانم باوەڕ بە بەرزکردنەوەی شمشێر بکەم، چونکە بەرزکردنەوەی شمشێر بۆ ڕشتنی خوێنەو هیچی تر.

دایک: ئەمە بیانویەکە تەنها ترسنۆک و بێ دەسەڵاتەکان پەنای بۆ ئەبەن بۆ ئەوەی ترسنۆکی خۆیانی پێ بشارنەوە و لەحەقیقەت خۆیان بدزنەوە.

کوڕ: نەخێر من هەرگیز ترسنۆک و بێ دەسەڵات نەبووم، بەڵام من ویستومە بەڕژانی خوێنی خۆم ئیتر مێژووی خوێنڕشتن ڕاگرم.

دایک: چەند ساویلکەبوی، ئایا لەو کاتەوە تا ئێستا خوێنڕشتن هەر بەردەوام

نەبووە، ئایا مردنی تۆ تەنها یەک ستەمکاریی پەشیمانکردەوە کەچیتر خوێن نەڕژێت.

کوڕ: ئەزانم، ئەوە ڕاستە، بەڵام ئەزانی کوشتنی من چ مێژوویەکی پڕ لەشەرمەزاری بە ستەمکاران بەخشیوە.؟

دایک: نەخێر بەپێچەوانەوە، تۆهاندەر بوویت بۆ ئەوەی بەدرێژایی مێژوو خەڵکانێک هەمیشە وەکو بەرخ لەبەردەم جەلادەکان ڕاکشێن و جەلادەکانیش بێ باکانەتر و بێ بەزەییانە تر سەریان ببڕن.

کوڕ: بەڵام دایکە، ئەگەر هەموو هەر بیر لەکوشتن بکەینەوە ئەوە بەخشندەیی بەیەکجاری لەبەین ئەبەین و هەموومان ئەبین بەستەمکار و خوێنڕێژ.

دایک: ئەوکاتەی جەلادێک شمشێرەکەی بەرزدەکاتەوە ئەوە بەخشندەیی ئەبێتە پڕوپوچترین ووتە، چونکە تەنها شمشێرە ئەتوانێ شمشێر ڕابگرێت.

کوڕ: ئەگەر وابکەین ئەوە دنیا ئەبێتە جەنگەڵستانێکی گەورە.

دایک: نەخێر، ئەگەر وانەکەین جیهان ئەبێتە جەنگەڵستان، چونکە بەشێک ئەبن بەگورگ و بەشەکەی تریش ئەبن بەبەرخ.

کوڕ: ئەی ئەگەر ئەوانەی شمشێر لە ئاست ستەمکاریدا بەرزئەکەنەوە دوایی خۆشیان بوون بەستەمکار؟

دایک: ئەوە خەڵکانێکی تریش دێن و شمشێر بەڕووی ئەوانیشدا بەرزئەکەنەوە.

کوڕ: کەواتە ژیان ئەکەین بەخوێنڕشتنێکی بەردەوام و بێهودە.

دایک: نەخێر ژیان ئەبێتە گەڕان بەدوای دادگەریدا، مرۆڤ ئەبێت بەردەوام بەدوای ژیانێکی دادگەرانەو ئاسودە تردا بگەڕێ.

کوڕ: مرۆڤ ئەبێت ژیانێکی دادگەرانەو ئاسودە بۆخۆی بنیات بنێ، بێ ئەوەی دەست بۆ شمشێرو خوێنڕشتن بەرێت..

دایک: بەڵام کێشەی مرۆڤ ئەوەیە هەمیشە دەسەڵاتخوازەو چاوەکانی برسین، ئەگەر ڕێگەی پێ نەگیرێت ئامادەیە لە پێناو تێرکردنی ئارەزوەکانی خۆیدا هەموو دنیا خاپوربکات.

کوڕ: من ویستم مرۆڤەکان فێربکەم کەمرۆڤ نابێ مرۆڤ بکوژێت، مرۆڤ نابێ ستەم بکات..

دایک: وانەکانت بێسود بوون، لەو چیرۆکانەیە کەئینسانەکان حەزدەکەن گوێی لێ بگرن، بەڵام پەیرەوی ناکەن.

کوڕ: تۆ پێت وایە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ دادگەربێت؟

دایک: نەخێر مەحاڵە مرۆڤ بتوانێت بەسروشت دادگەربێت، بەڵکو ئەبێ بەڕێگەیەک لەڕێگاکان دادگەری بەسەریدا پسەپێنێ، ئەگینا خراپەکاری بەشێکە لەسروشتی مرۆڤ.

کوڕ: کەوابێ درۆیە، مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ خۆشەویستی بکات؟

دایک: مرۆڤ غەریزەی دەست بەسەرداگرتنی هەیە نەک خۆشەویستی، مرۆڤە بەهێزەکان دەست بەسەر هەموو ئەو شتانەدا دەگرن کەحەزی لێ ئەکەن و بێ دەسەڵاتەکانیش لەبەرئەوەی ناتوانن دەستی بەسەردابگرن ئیتر بۆ خۆدزینەوە لەحەقیقەتی بێ دەسەڵاتیان پێی ئەڵێن خۆشەویستی...

کوڕ: ئەی بیروباوەڕی ئەمەیان ناو دەنێی چی؟

دایک: هاندانی کۆمەڵێک خەڵکی گەمژەیە بۆ بەدەستهێنانی ئارەزویەکی کەسێکی زۆرزان و فێڵبازو هیچی تر.

کوڕ: بەڵام زۆرجار ئامانجێک هەزاران مرۆڤی پێکەوە کۆکردۆتەوەو یەکخستووە؟

دایک: بەڵام لەکۆتاییدا ئامانجەکە چووەتە خزمەت کەسێکەوە کە لەهەمووان فێڵزان تر بووە.

کوڕ: کەواتە تۆ پێتوایە مرۆڤ هەرگیز پێویست ناکات بەدوای بەختەوەریدا بگەڕێت؟

دایک: مرۆڤە گەمژەکانن بەدوای بەختەوەریدا ئەگەڕێن، ئەگینا بەختەوەری مرۆڤ تەنها خۆی ئەتوانێت دروستی بکات.

کوڕ: تۆ ئەتەوێت پێم بڵێی بەختەوەریی مرۆڤ لەناخی خۆیدایە، بەڵام بۆی نادۆزێتەوە؟

دایک: تۆ بیربکەرەوە، ئەوکاتەی کەوەک بەرخ بەخاچێکا هەڵیانواسیت تۆ بەختەوەربوی بەو مردنەت؟ بێگومان نەخێر، ئەی ئەگەر ئەوکاتە شمشێرێکت بەرزبکردایەتەوەو بەگژ جەلادەکەتدا بچویتایەتەوەو لەو شەڕەشدا بکوژرایتایە ئایا بەختەوەر تر نەدەبوی بەمردنەکەت؟

کوڕ: بەڵام مرۆڤ خاوەنی بەهاترین ئاکارە کە ئەویش ویژدانە.

دایک: ویژدان خەواڵوترین بونەوەرە بەردەوام دەبێت هێزێک هەبێ بێداری بکاتەوە، ئەگینا لەخەوێکی سەرمەدیدا ڕادەکشێ..

کوڕ: سەرمەدی... سەرمەدی... کەواتە شێوازی مردنەکەی منە کە منی کردۆتە حەقیقەتێکی سەرمەدی هەمیشە منی بەزیندوێتی هێشتۆتەوە، ئەوەتا دۆزیمەوە وایە..؟

دایک: حەقیقەتێکی سەرمەدی کە هەمیشە فرمێسک و گریان بەوانی تر بەخشیوە، حەقیقەتی سەرمەدی ئەوەیە کە تۆ ئاسودەو بەختەوەری بەوانی تر ببەخشی نەک فرمێسک و گریان.

کوڕ: دایکە، باوەڕم پێبکە خەم و ئازارەکانی مرۆڤ هەرگیز کۆتایی نایەت، هەرگیز..

دایک: ئەی مرۆڤی ساویلکە، چەند زوو تەسلیم بەقەدەرێک ئەبێت کەمرۆڤ خۆی دروستی کردووە نەک ئاسمان.

کوڕ: مرۆڤەکان هەزاران ساڵە خەون بەژیانێکی ئاسودەو دادگەرەوە دەبینن بەڵام ئایا توانیویانە ئاسودەیی دادگەری بدۆزنەوە؟

دایک: ئەمە گەورەترین کێشەی مرۆڤەکانە، بەردەوام خەون ئەبینن، بەڵام لەبری خەو بینین هەوڵیان بدایەچی دەبوو؟ ئایا ژیانێکی ئاسودەتریان فەراهەم نەدەکرد؟

کوڕ: کەواتە تۆ دەتەوێت ڕێگەی خەوبینینیش لەمرۆڤەکان بگریت؟

دایک: تەنها مرۆڤە کۆیلەکانن خەون بە ئازادیەوە دەبینن، برسییەکانن خەون بەنانەوە ئەبینن، بەڵام ئایا تەنها خەو بینین بەسە بۆ بەدەستهێنانی نان و کەرامەت؟

کوڕ: سروشتی مرۆڤ وایە، لەبەرئەوەی مرۆڤە دەبێت هەڵەش بکات.

دایک: نەخێر سروشتی مرۆڤ وایە تاوان دەکات، لەبەر ئەوەی مرۆڤە دەبێت ڕێگەی لێ بگیرێت تاوان بکات.

کوڕ: بەڵام مرۆڤ هەرکاتێکیش تاوانی کردبێ هەستی بە پەشیمانی کردووە...

دایک: ئەمە کێشەکەیە، من ئەڵێم مرۆڤ هەرکاتێک تاوانی کرد ئەبێ سزابدرێت.

کوڕ: کەواتە تۆ هیچ بوارێک بۆ پەشیمانبوونەوەو لێبوردن ناهێڵێتەوە.

دایک: سزا باشترین لێبوردنە بۆ مرۆڤی ستەمکار، چونکە ڕێگە لەستەمکاریی تر ئەگرێت.

کوڕ: بەڵام مرۆڤ واباشترە بەردەوام دەرفەتێکی بدرێتێ بۆ پەشیمانبوونەوە.

دایک: ئەی ئەگەر ئەو دەرفەتە بووە هۆی ئەنجامدانی تاوانێکی گەورەتر..؟

کوڕ: کەواتە تۆ ئەتەوێت ئەوەم پێ بسەلمێنی کە مێژووی مرۆڤ بریتییە لە گەڕانێکی بەردەوام بەدوای تاوانکاریدا.

دایک: مێژووی مرۆڤ بریتییە لە گەڕان بەدوای دەسەڵات و پاوانخوازیدا، هەموو دەسەڵات و پاوانخوازیەک کۆمەڵێک تاوانی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە.

کوڕ: کەواتە جیهان لەدیدی تۆوە تاریکستانێکەو هیچی تر..

دایک: نەخێر... نەخێر... من ئەوەناڵێم، جیهان ڕووناکە، بەڵام ستەمکاریی مرۆڤەکانە کردویەتی بە تاریکستان..

کوڕ: کەواتە ئەبێت ئێمە مرۆڤەکان فێری بەخشندەیی بکەین تا کۆتایی بەستەمکاریی بهێنین.

دایک: نەخێر ئەبێ مرۆڤەکان فێری بەرەنگاری بکەینەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بەستەمکاریی بهێنن.

کوڕ: کەواتە گفتوگۆکەمان سوڕانەوەیە لە بازنەیەکی بۆشدا..

دایک: نەخێر گەڕانە بەدوای حەقیقەتدا.

کوڕ: (بەرەو لایەکی شانۆ دەڕوات و بەدەم ڕێگەوە دەڵێ)،کەواتە ئەبێت مرۆڤەکان شمشێرەکان فڕێدەن و فێری لێبوردەیی ببن..

دایک: (بەرەو لاکەی تری شانۆ دەچێ و دەڵێ)، نەخێر ئەبێ مرۆڤەکان شمشێرەکان بەڕووی ستەم کاریدا بەرزبکەنەوە و دادگەری دەستەبەر بکەن.

کوڕ: ... نەخێر... بەخشندەیی... بەخشندەیی.

دایک:... نەخێر... بەرەنگاری... بەرەنگاری.

٢٠١١/٧/١٢

# وەرگێڕان

# وەرگێران

| | |
|---|---|
| کتێب سووتاندن نزیکەی ٨٠ ساڵێک لەمەوبەر | **رەزا حەمە** |
| شۆڕشی پاش پێکهاتەخوازی | **عەبدولخالق یەعقووبی** |
| گفتوگۆیەک لەگەڵ ئەرنست هەمەنگوای | **کارزان محەمەد** |
| چارلز دیکنز و رۆمانی کۆمەڵایەتی | **ئازاد بەهین** |
| ئیتر کاتی ئەوەیە من بڕۆم | **جەواد حەیدەری** |

# کتێب سووتاندن
## نزیکەی ٨٠ ساڵێک لەمەوبەر
## ١٩٣٣/٥/١٠



ئا. و. لە ئەڵمانییەوە: رەزا حەمە

**لەهەر شوێنێ کتێب بسووتێنرێت، لە ئەنجامدا**
**مرۆڤیش دەسووتێنرێت**
**هاینریش هاینە**

سەرەتای مێژووی رەش و خوێناوی هێتلەریزم بوو، ژیانی رۆژانە بریتیبوو لە بەجێهێنانی.(Hakenkreuz) فەرمانە دڕندەییەکانی خاچی قولاپی هەر لە قەڵاچۆکردنی جولەکە و مرۆڤی ئاشتیخوازەوە بگرە هەتا دەگاتە خنکاندنی دەنگی هونەر و تاساندنی چریکەی شیعر و لەسێدارەدانی ماف و راستی و سووتاندنی هەموو وشەیەکی ئازاد.

ئاشکرایە هەموو رژێمێکی کۆنەپەرست و دیکتاتۆر هێندەی سڵ لە هاواری قەڵەمی شۆڕشگێڕ و لە زایەڵەی دەنگی ئازادی و سەربەستی ناوخۆی وڵاتەکەی دەکاتەوە، هەر هێندە و بگرە کەمتریش، سڵ لە هەڕەشەو گوڕەشەی چەکداریی و سەربازی بێگانە دەکاتەوە.

دەڵێت:(١٨٩٩- ١٩٧٤ Erich Kaestner) شاعیری ئەڵمانی ئێریش کێستنەر

(لەو رۆژەوەی کتێب دەنووسرێت، لەو رۆژەوەش کتێب دەسووتێنرێ).

لەبەرئەوەی هونەر و بیروباوەڕ بە هیچ نرخێک نافرۆشرێن، چەوسێنەرو زۆرداران هەوڵدەدەن ڕێگایەکی دی بۆ دەستبەسەراگرتنیان بدۆزنەوە، ئەو ڕێگایەش بریتیە لە لەناوبردنیان)

وەک چۆن مێژووی ئازادی لە هەمانکاتدا مێژووی چەوساندنەوەکەیەتی، مێژووی هونەر و ئەدەب و بیروباوەڕیش لە هەمانکاتدا مێژووی سەرهەڵدانی رق و زەبروزەنگ و دژایەتیکردنیانە. هەوڵدان بۆ کەلەپچەکردنی زوانی وشە و بۆ کۆتکردنی هەنگاوی هونەر نوێ نییە و دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی خودی هونەرو ئەدەب.

مێژوونووسی رۆمی تاکیتۆس (٥٥ تا ١٢٠ ی زاینی) لە سەردەمی قەیسەری خوێنمژی رۆمی دومیتانۆس (٨١ تا ٩٦ ی زاینی)دا دەنووسێت:

(کاتێک ساربازان فەرمانیان پێدەدرێت بۆ ئەوەی کە بەرهەمە (فکری)یەکان بە ئاشکرا لە ناو گۆڕەپانی شاردا بسووتێنن، مەبەست تەنها لە دژایەتیکردنی نووسەراکانیان نییە، بەڵکو زیاتر رقەبەری و دژایەتیکردنی کتێبەکانیانە، چونکە مەبەستی سەرەکی ئاگرەکە بریتییە لە سووتاندنی دەنگی گەل و سووتاندنی ئازادی و سووتاندنی ویژدان.

مەبەستیان لە راوکردن و راونانی فەیلەسوف و زانا و هونەرمەندان ئەوەیە کە کەس نەمێنێت بانگی (حەق) بدات و دەنگی ناڕەزایی بڵندبکاتەوە)

بێگومان وشە هەمیشە لە مێژوودا رۆڵی سەرەکی خۆی بینیوە و هەمیشەش هەر بەردەوامدەبێت لە بە ئاگا هێنانەوەی مرۆڤ و کردنەوەی چاوە داخراوەکان و خستنەڕووی شتەکانی پشتی پەردەوە.

پیاوانی تاج و هێز و کورسیش هەمیشە هەوڵی لغاوکردنی ئەسپی وشەکانیان داوە، چونکە وشە، وشەی سپی، کامێرایە و وێنەی ناوەوەیان دەگرێت.

بەڵێ، ئەو(کورسی دەسەڵات) پەرستانە لە پێناوی بەرژەوەندی و مانەوەی خۆیاندا، وەک چۆن ملی مرۆڤ، ئاواش ملی چۆلەکەی وشەکان هەڵدەکێشن.

ئەی (جەنابی خەلیفە) فەرمانی دەرنەکرد، کە کتێبخانە، (با بڵێین گەوهەرخانە) کەی

(الاسكندریە) بسووتێنن، گەرچی چەندان خێرخوا و مرۆڤی بەویژدان لێیپاڕانەوە و دەست و قاچیان ماچکرد، ئەمە خوایە (جەنابی خەلیفە) لە بڕیارەکەی پەشیمانبێتەوە و کاری وا نەکات، بەڵام بەداخەوە پاڕانەوە و لاڵانەوە هیچ سوودیان نەبوو چونکە (جەنابی خەلیفە) بە بۆچونی خۆی بەڵگەی پێبوو.

هەموو بەڵگەکەشی بریتیبوو لە: (بۆچی نەیسووتێنم، ئەگەر کتێبەکان دەربارەی ئەو شتانە دەدوێن، کە لە قورئاندا هاتوون و باسیان لێوەکراوە، ئەوا زیادەن و پێویستیمان پێیان نییە. خۆ ئەگەر کتێبەکان دەربارەی شتێک دەدوێن، کە لە قورئاندا نەهاتوون و باسیان لێوەنەکراوە، ئەوا زیانبەخشن و سووتاندنیان فەرز (فرض)ە)

بەڵێ، هەر وشەیەک لە کەشکۆڵی زۆردار و داگیرکار و رژێمە دیکتاتۆرەکاندا جێگەی نەبێتەوە و لەگەڵ بەرژەوەندی ئەواندا نەگونجێت، ئەوا بە زیادە و زیانبەخشی دەزانن.

بۆیە نازییەکانیش، هەر لەو کاتەوەی کە پۆستاڵی فاشیانەیان لەپێکرد، دەستیانکرد بە راوکردنی رۆشنبیر و رۆشنبیریی پێشکەوتوخوازانە . ئەوەتا هەر لە سەرەتاوە لەسەر دیوارەکان و لە ناو رۆژنامە و گۆڤارەکانیاندا بە پیتی گەورە دەیاننووسی: (ئێمە نامانەوێت، نا هەرگیز نامانەوێت، وڵاتەکەی گۆتیە و ئاینشتاین بین) ١٩٣٣ / ٥/ ٧ Berliner Loka- Anzeiger (بڵاوکراوەی ئەمانیش وەک هەموو رژێمێکی تری دیکتاتۆر و فاشی، بە هەندێک سروودی مارشی و کۆمەڵێ دروشمی ساختە و چەند کتێبێکی ناوەڕۆک پوچەڵ، ئیشوکاری خۆیان بەڕێوەدەبرد.

یەکەم هەنگاوی نازیەکان، شانبەشانی قەڵاچۆکردنی جولەکە، بریتیبوو لە راوکردنی زانست و کولتور و ئەدەب و هونەر. لە سەرەتاوە لیستی ناوی کتێبەکان و نووسەرەکانیان بەسەر چاپخانە و کتێبخانەکاندا دابەشدەکرد. لیستەکانیان ناونابوو (لیستەی رەش و لیستەی سپی)

بێگومان ژمارەی لیستە سپییەکان لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕینەدەکرد و لیستە رەشەکانیش هێندە زۆربوون، لە ژمارە نەدەهاتن، بەڵام هەر وەک ئۆسکار ماریا گراف دەڵێ : ١٨٩٤ - ١٩٦٧- Oskar Maria Graf ( ئەگەر لیستێکی رەش هەبێت، ئەوە هەر ئەوەیە کە ئێوەی نازی بە سپی لە قەڵەمیدەدەن).

(Goebles) ئەوەی شایەنی باسە، یەکێتی قوتابیانی نازیەکان، بە سەرپەرشتی گۆێبلێسی وەزیری پڕوپاگەندە، جێبەجێکردنی ئەم کارە چەپەڵەیان لە ئەستۆگرتبوو.

بەماوەیەکی کەم، دوای بڵاوکردنەوەی لیستەکان بە هەموو کون و قوژبنێکی ئەڵمانیادا، قوتابیانی هێتلەر، بە بەرگی سەربازییەوە، وەکو چەتە و تاڵانکار،

کەوتنە پشکنینی چاپخانە و کتێبخانەکان. هەروەها لە ژێرخان و سەربان و باخچە و کتێبخانەی ماڵە گومانلێکراوەکاندا کەوتنە دۆزینەوەی کتێبە شاراوەکان و بەرەو مۆڵگاکانیان بردن.

دوای راوڕووتکردنی هەموو زانکۆکانی ئەڵمانیاو هەموو ئەو شوێنانەی کە کتێب و گۆڤار و هەموو بەرهەمێکی چاپکراوی تێدا دەستدەکەوت ( کۆن یا نوێ، سیاسی یا ئەدەبی، کۆمەڵایەتی یا زانستی)، دوای ئەوەی کە هەر بە تەنیا لە زانکۆی بەرلین ١٠٠٠٠ دە هەزار کتێب و گۆڤاریان هێنایە دەرەوە، دوای ئەوەی کە زانکۆکانی فرانکفۆرت و لایپسیگ و میونخ و دوسلدۆرف و ...هتد تاڵانکرد، بە کورتی دوای کوێرکردنەوەی کتێبخانەی ئەڵمانی، رۆژێکی رەش لە مێژووی ئەدەب و زانست و کولتوردا لە دایکبوو. ئەو رۆژەش رۆژی رەشی ١٠/٥/ ١٩٣٣ بوو، رۆژی سووتاندنی شیعر و چیرۆک و رۆمان و فەلسەفە و زانست و رۆژی سووتاندنی هەموو وشەیەکی (نا ئەڵمانی) بوو. مەبەستیش لە وشەی نا ئەڵمانی، کتێب و نووسەرانی وڵاتانی تر نەبوو، بەڵکو مەبەست لە هەموو ئەو وشانە بوو کە بۆنی پارتی کرێکارانی ناسیۆنالیزم NSDAP-یان لێنەدەهات. رۆژی ١٩٣٣/٥/١٠ رۆژی سووتاندنی ئازادی، دیموکراتی، کۆمۆنیزم، رۆژی سوتاندنی هەموو شتێکی (نا نازی) بوو . لەم رۆژەدا قوتابیان و لاوانی هێتلەر، بە



هاوکاری پیاوانی بەشی پاراستن، هەستان بە کێشکردنی کتێبە راوکراوەکان /SS شالاوبردن و / بەشی SA بەرەو مەیدانی شارە زانکۆییەکان. هەر- نازی- بوو کتێبی بە زیل، بە گالیسکە بەرەو کەڵەکە ئاگرەکان دەبرد.

گەورەترین کەڵەکە ئاگر، ئەوەی شاری بەرلین بوو، کە لە مەیدانی ئۆپێرا بەرامبەر بە زانکۆ، لە بەردەم پیکەری ( ڤیلهێلم فۆن هومبۆلد Oper Platz)دا، یەکێک لە هەرە رۆشنبیرەکانی (١٨٣٥- ١٧٦٧ / Wilhelm von Humboldt)

سەردەمی وریابوونەوە و دامەزرێنەری زانکۆی بەرین. لەوێ خەڵکێکی زۆر کۆبۆتەوە و ئەم دیمەنە پڕلە تراژیدیایە بە چاوی خۆیان دەبینن، کە چی هێشتا کەسانگەلێک هەن هەر بڕوا ناکەن، یان نایانەوێت بڕوا بکەن!

- چۆن شتی وا دەبێت !!

- تۆ بڵێی بە راستیان بێت؟!

- چ یاسایەک، چ مافێک، چ ویژدانێک رێگە دەدات، کە ئەدەب و کولتور و زانستی ١٥٠ سەدوپەنجا ساڵەی رابردووی ئەوروپی بسووتێنرێن؟

یەکێکی تر بە ترسەوە بە گوێی هاوڕێکەیدا دەچرپێنێ و دەپرسێت:

- تەنیا کتێبی نووسەرە ئەڵمانییەکان دەسووتێنن؟

- نا... نا، تێکەڵاوە، هەموو لایەکی تێدایە . من لیستە رەشەکانم خوێندۆتەوە، ئەوەی لە Jack Londenبیرم مابێ، لە نووسەرانی ئەمریکی، بەرهەمەکانی جاک لۆندەن

چیکۆسلۆڤاکی: ماسارکی, Romain Rolland رۆمان رۆلان و Malraux فەرەنسی : مالرۆ و Siegmund Freud نەمساوی : زیگمۆند فرۆید, Benes بینیش و Masarky. نووسەرانی سۆڤیەتیش هێندە زۆرن لە ژمارە نایەن -Ste fan Zweig تسڤایگ شتێفان، ئەڵمانییەکانیش بێجگە Ilia Ehrenburg هەر لە گۆرکیەوە بگرە هەتا دەگاتە ئیلیا ئێرنبورگ و هاینس ئێڤەرس Walter Bloem لە یەک دوو کۆلکە نووسەر و شاعیری وەکو ڤالتەر بلۆم، ئیتر مرۆڤ دەتوانێ بڵێ Will Wesper و شاعیری نازی ڤیل ڤیسپەر Heinz Ewers

هەموو ئەوانی تر لە ناو لیستە رەشەکاندان. خۆ ئەگەر یەک دوانێکیان بە مەبەستێکی تایبەتی خۆیان پشتگوێخستبێ، یان کتێبێکیان لە سەرجەمی بەرهەمەکانی نووسەرێک هێشتبێتەوە، ئەوا ئەمرۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە و سبەینێ گڕ لە باڵای ئەوانیش بەردەدرێن.

بێگومان کەسانگەلێکیش هەبوون، بە تایبەتی نووسەران و هونەرمەندان و

ئاشتیخوزان، کە هەر لە سەرەتاوە بۆنی دەردیسەرییەکەیان کردبوو، دەیانزانی چ ڕۆژە ڕەشییێک چاوەڕوانی خۆیان و بەرهەمەکانیان دەکات.

(لە پاییزی ١٩٣٢ دا، کە ٣ سێ ساڵ لەوەوبەر خەڵاتی نۆبڵی Tomas Mann) تۆماس مان وەرگرتبوو، پاکەتێکی لە ڕێگەی پۆستەوە پێدەگات. کاتێک دەیکاتەوە دەبینێ مشتێک کاغەزی سووتاوە و یەک دوو پەڕە کاغەزی نیوەچڵ سووتاوی تێدایە، بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە بتوانێ (Buddenbrooks چەند وشەیەک بناسێتەوەو بزانێ کە ڕۆمانەکەی خۆیەتی، بەناوی) بەو جۆرە هەر لە ڕۆژی ١٩٣٣ /١/٢٠ وە، واتە ڕۆژی دانیشتن لە سەر کورسی دەسەڵات، ڕۆژی بەکارهێنانی تێڵا، ڕۆژی گۆڕینی دەستور و ڕۆژی ڕێگە بەخۆدان بۆ سەپاندنی یاسای نازیانە و قەدەغەکردنی هەموو پارت و ڕێخراوەکان.

ژیانی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی هونەری و سیاسی وکولتوری و ڕێبازی پەروەردەکردن بە پلەی ١٨٠ گۆڕا . گۆڤارو ڕۆژنامەکان کە لەچەکران و یەکێتی نووسەرانیش قەدەغەکرا.

خاڵی سەرەکی و یەکەمی ناو (لیستی ئیشوکار)ەکانیان بریتیبوون لە جێبەجێکردنی ئەم کارە بەربەریانەیان. ئەوەتا هێتلەر لە ڕۆژی ١٩٣٣/١١/٣١ لە نامەیەکەدا بۆ ڕۆزنبێرگ ( Rosenberg ) دەنووسێت:

"یەکێک لە مەرجە هەرە سەرەکییەکان بۆ سەرکەوتنی بزوتنەوەی (ناسیۆنالیزم) بریتیبوو لە قەڵاچۆکردنی ئەو (دژە بیروباوەڕە جیهانی)یەی کە بەرامبەر ئێمە وەستابوو" هەر لەو ڕۆژەوەی پۆستاڵی فاناتیزم کەوتە شەقوەشاندن و تێڵای فاشیزم دەستیکرد بە سەروگوێلاک شکاندن، نەک بەتەنیا هەر کۆمۆنیستەکان بەڵکو زۆربەی هەرەزۆری نووسەر و شاعیر و هونەرمەندان و مرۆڤی ئاشتیخواز بۆیاندەرکەوت کە ئەمان چیتر لەم وڵاتەدا کە بە نەتەوەیەکی مۆدێرن (Moderne Nation) ناودەبرێت، جێگەیان نابێتەوە و خۆدەربازکردنیان تەنیا ڕێگەیە بۆ مانەوەیان لە ژیاندا، چونکە دەیانزانی کە یان دەبێت وەکو نووسەری ڕەگەزپەرست ڤاڵتەر بلۆم و شاعیری نازی ڤیل ڤێسپەر سیاسەتە کولتورییەکەی (Kultur Politik) هێتلەر پەسەندبکەن و کاری بۆ بکەن، یان دەبێت ئەمانیش قسەکەی شاعیرو نووسەری شانۆیی بەناوبانگ گێرهارت هەوپتمان (Gerhart Hauptman) کە ساڵی ١٩١٢ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، بکەن، کاتێک لێیانپرسی: بۆ ئەڵمانیا بەجێناهێڵی؟ لە وەڵامدا وتی: (من ترسنۆکم .... ترسنۆک، تێدەگەن).

یاخود دەبێت وەکو شاعیر ئێریش مویهەزام (Erich Muehesam) ملیان بکرێت بە پەتی نازییەکاندا، یان وەکو پرۆفیسۆر تیۆدۆر لێسیگ (Theidor Lessig) گوللەباران بکرێن یان وەکو رۆژنامەنووس و ئاشتیخواز کارل فۆن ئوسیتسکی (Karl von Ossietzky )، ئەو مرۆڤەی کە لە قەسابخانەکەی هێتلەردا بوو، کاتێک خەلاتی نۆبلی بۆ ئاشتی پێدرا، گیانیان ببێتە خۆراکی تێلا.

ئێوارەیەکی بەهارە و شاری بەرلین ماتەمینی دایگرتووە. لە ناوەراستی مەیدانەکەدا کەلەکەدارێکی گەورە چین چین هەلچنراوە، لە تەنیشتییەوە کێوێک کتێب هەلرێژراوە. سەدان مندال ئالای ئەلمانیان دراوەتە دەست و ریز ریز وەستاون . قوتابیان و لاوانی هێتلەر سەرو تێلایەکی سەرگراوییان بەدەستەوەیە و بەدەوەری ئاگرەکەدا بازنەیەکیان دروستکردووە. سەربازانی موزیکژەنیش شوێنێکی بەرزیان گرتووە و زەردەخەنەی ژەهراوی دەگرنە کامێراکان. تەواوی روداوەکەش راستەوخۆ لە رادوێوە بلاودەکرێتەوە.

هەزاران مرۆڤ سەریانکردووە بە ناو یەکدا و لە نێوان هەر دووان و سیانێکدا تێلا بە دەستێ وەستاوە. ئێریش کێستنەری شاعیر پالیداوە بە پەیکەرەکەی هومبۆلدەوە ئەمیش وەکو هەزارانی تر خەمی لێدەبارێت.

جەنابی وەزیری پروپاگەندە دەگاتە جێ و لەگەل گەیشتنیدا دەنگی موزیک بەرزدەبێتەوە.

قوتابیانی تێلاگراوی بەدەوری کەلەکە ئاگرەکەدە دەخولێنەوە و بەدەم چرینی سروودی نیشتمانییەوە گر لەبالای کەلەکەدار بەردەدەن:

ئەلمانیا ......... ئەلمانیا، لە سەروی هەموو شتێکەوە

لە سەروی هەموو شتێکەوە لە دنیادا.

جەنابی وەزیر دەچێتە بەردەمی میکرۆفۆنەکان و بە دەنگێکی ئەوتۆ گرو پر لە رق و هەرەشە دەنەرێنێت، کە تەنانەت بلندگۆکانیش دەکەونە لەرەلەر و زیکەزیک:

هاوقوتابیان، ئەمرۆ رۆژی سووتاندن و قرکردنی بیروبۆچونی جولەکەییانەیە، ئەمرۆ هزری ئەلمانی لەگەل بلێسەی ئاگرەکەدا گەشەدەکات و دەنگ و رەنگ و دەسەلاتی ئەلمانیانەی خۆیدەنوێنێت . ئەوا من لێرەدا نووسراوەکانی نووسەری جولەکە ماگنوس هیرشفێلد (Magnus Hirschfel) فرێدەدەمە ناو ئاگرەکەوە، لەبەر ئەوەی پروپاگەندە بۆ داوێنپیسیی و خەسێنراویی (لە پیاوەتیکەوتنی) گەلی ئەلمان دەکات. ئەوا من لێرەدا کتێبەکانی زیگمۆند فرۆیدی جولەکە دەسووتێنم،

چونکه بوختان بۆگەلی ئەڵمان دەکات و بە داوێنپیس و( زیناباز) بەدناویدەکات.

ئەوا من لێرەدا (هاینریش مان) دەکەم بە خۆراکی کڵپەکان، بە تاوانی خیانەتکردن لە گەل و دەوڵەتی ئەڵمان. هتد....هتد....هتد.

دوای چەپڵە لێدانێکی درێژدادڕ دووبارە:

ئەڵمانیا ......... ئەڵمانیا، لە سەروی هەموو شتێکەوە.

لە سەروی هەموو شتێکەوە لە دنیادا.

قوتابییەک دەچێتە شوێنەکەی جەنابی وەزیر و...... دەنەڕێنێت: ئەوا من لێرەدا و لە پێناوی ئەڵمانیایەکی نوێدا، کتێبەکانی مارکس و ئەنگلس و لێنین رۆزا و ستالین و.. وووووو هتد...... دەکەم بە خۆراکی ئاگرەکە.

قوتابییەکی تر و دوانی ترو سیانی تر...........:

ئەوا من لێرەدا و لە پێناوی ئەڵمانیایەکی بێگەرد و خاوێندا، کتێبەکانی برێخت و تۆماس مان و ئەوگوست بیبل و کارل لیبکنێشت و ئێرنست تۆلەر و کلاوس مان و ئەلفرید دۆبلین و ماکس برۆد و گۆرکی و ووو... هتد، دەسووتێنیم.

ئیتر بەوجۆرە، هەر کۆتری وشەیەو بەرەو ئاسمان هەڵدەفرێت و ئەڵمانیای نازی جێدەهێڵێت.

بێگومان ئەم کارەساتە بە تەنیا هەر لە ئەڵمانیا روینەداوە، بەڵکو بە درێژایی مێژووی کتێب، لە چەندان وڵاتی جیهاندا ئەم کارە چەپەڵە دژ بە ئەدەب و فەلسەفە و هونەر کراوە و هەتاکو ئێستاش هەموو رژێمە دیکتاتۆر و رەفتارفاشییەکانی ئەم دنیایە دوبارەو سێبارەی دەکەنەوە.

هێتلەرەکەی بغداد کتێب و نووسەر و خوێنەری پێکەوە دەسووتاند.

لەزۆربەی زۆری وڵاتە عەرەبیەکان و لە تورکیا و ئێران و لە چەندان وڵاتانی تری جیهاندا ئەسپی وشە ئازادەکان لغاوکراون و دەکرێن. لە باکور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان نەک هەر زمانی کتێب، بگرە زمانی دایک دەبڕن.

کلاوس شۆیفلینگ (Klaus Schoeflimg) لە روونکردنەوەیەکدا دەربارەی کتێبەکەی بەناوی (لەو شوێنەی کتێبی لێدەسووتێنرێت) دەڵێ: ئامانجی ئەم کتێبە بە تەنیا بریتی نییە لە خستنەڕوو و گێڕانەوەی کارەساتەکەی ١٠/٥/ ١٩٩٣ لە رێگەی نووسینەکانی نووسەرە جەرگسووتاوەکانەوە، بەڵکو لە هەمانکاتدا بە ئاگاهێنانەوەیەکە بۆ رووداوەکانی لەوەوپێش و لەوەو پاشیش.

کتێب سووتاندن لە ئەڵمانیا دیاردەیەکی فاشیزم نەبوو، ئەوەتا ٢٥



ســاڵ دوای ١٩٣٣/٥/١٠ دیسانەوە دەستکرایەوە بە پڕوپاگەندەکردن دژی، وەک خۆیان دەڵێن (ئەدەبی بێنرخ و بێکەڵک). لە ساڵی ١٩٥٨ دا جـارێـکـی دی پرسیاری سووتاندنی کتێب هاتەوە گۆڕێ، ئەویش بە بەهانەی ئـەوەی، کەگوایە ئەم جۆرە ئەدەبانە ئەدەبێکی سێکسی (Pornographie) ین. ئەمەش بەهانە و بیانویەکە، کە لە قوتوی هیچ عەتارێکدا نییە و کەس بە پولێک نایکڕێت.

لە ساڵی ١٩٧٧ دا بێرند نۆیمان (Bernd Neumann)، ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دیموکراتیی مەسیحی (CDU) ئەڵمانی، سێ و دووی لێناکات و بێ سڵکردنەوە دەڵێت:

ئەم کتێبانە دەبێت بسووتێنرێن. دیسانەوە بەزمەکەیەو ئامانجیش سووتاندنی ئەدەبە.

کتێبەکانی ئێریش فرید (Erich Fried)ی شاعیر بۆ گرتێبەردان پێشبینیکراون، ئەو شاعیرەی کە ساڵی ١٩٣٨ بۆ بەریتانیا کۆچیکرد و بۆ هەمیشە لەوێ مایەوە، بێگومان خۆی باش دەزانێت، کە بۆچی نەگەڕایەوە!

لە ساڵی ١٩٨٣ دا دادوەرێکی شاری هیلدسهایم (Hildesheim) کتێبەکانی هاینریش هاینە (Heinrich Heine) و هاینریش مان (Heinrich Mann) و ئەلفرێد دۆبلین (Alfred Doebling)ی بە ئەدەبی (تێرۆریستی) لە قەڵەمدا و خوێندنەوەیانی لە زیندانیەکان قەدەغەکرد.

بەکورتییەکەی هێشتا ئاگری کتێب سووتاندن بەتەواوی خامۆش نەبووە.

خۆێنەری بەڕێز، دەربارەی سووتاندنی کتێب لە ئەڵمانیا، خەروارێک شیعر و پەخشان و چیرۆک و نامە نووسراون، ئەمانەی لای خوارەوە مشتێکن لەو خەروارە.

**١- کتێب سووتاندن، نووسینی بێرتۆلد برێخت (Bertolt Brecht) ١٩٣٨**

کاتێ رژێم فەرمانیدا، هەموو ئەو کتێبانەی کە زانین و زانیاری زیانبەخشیان لە خۆگرتووە، بە ئاشکرا بسووتێنرێن، کاتێک گا دابەستەو خەسێنراوەکان بۆ

راکێشانی گالیسکە لە کتێب بارکراوەکان بەرەو کەڵەکە ئاگرەکان نەقیزەژەن دەکران، شاعیرێکی راونراو، شاعیرێک لە هەرەشاعیرە باشەکان، بە دەم خوێندنەوەی لیستی کتێبە سووتێنراوەکانەوە، بۆیدەرکەوت کە کتێبەکانی ئەم لەبیرکراون. مووچڕکەیەک سەرتاپای لەشی داگرت، لە داخا کەڵلەیی بوو، هێندەی بڵێی یەک و دوو خۆیگەیاندە مێزی نووسینەکە و بە پاندانێکی باڵدار نامەیەکی بۆ دەسەڵاتداران نووسی:

بمسووتێنن! بمسووتێنن! کاری وام لەگەڵمەکەن! پشتگوێم مەخەن و مەمهێڵنەوە!

بۆ مەگەر من لەکتێبەکانمدا هەمیشە دەربارەی راستی نە ئەدوام؟
ئەی بۆ ئێستاکە لە لایەن ئێوەوە وەک درۆزنێک مامەڵەم لەگەڵ دەکرێت!
فەرمانتان پێدەدەم: بمسووتێنن! بمسووتێنن!

**٢- بۆ پۆلی قوتانخانەیەک ....... شیعری: هانس سال (Hans Sahl) ١٩٧٠، بە قوتابیان قوتابخانەی بوتسباخ (Butzbach) پێشکەشە.**

**ئەی ئەوانەی لە دایکبوون،**
**تا لە بیرتان بچێتەوە،**
**ئێوە دەربارەی شێتێتی مرۆڤ چی دەزانن؟**
**ئەو چیمەنەی ئێوە لەسەری راکشاون،**
**نایدرکێنێ و پێتان ناڵێ**
**چەند لە ئێمەی تیا کوژراوە.**
**ئەو دەستەی ئێوە دەیگووشن،**
**دەشێ دەستی جەلادێک بێ**
**شایستەی (سڵاو) تان نەبێ.**
**هەبوونی ئێمە بۆ ئێوە، بۆتە ئەفسانەو بەسەرهات**
**ئازار و خەمەکانیشمان، بە دەنگۆی کۆن و واتەوات.**
**بەڵام ئێمە لە گۆرانی ئاوارەکراوەکاندا،**
**لە گڤەی ئەو بایەدا کە پەڕەکانی**
**کتێبێکی سووتاو هەڵدەداتەوە،**

بۆتان دەگێڕینەوە چی رویدا،
کاتێک کەڵەشێرەکە
بۆ جاری سێهەم قوقانی.

### ٣- نامەیەکی کراوە بۆ جەنابی گوێبێلس (Goebbels). نووسینی شاعیری ئەڵمانی ئێرنست تۆلەر (Ernst Toller) ١٩٣٣

لە رۆژی ١٠ / ٥ دا، کاتێک کە بەرهەمی نووسەر و فەیلەسوف و تۆژەرە ئەڵمانییەکانیان فڕێدرانە ناو کەڵەکە ئاگرەکەوە، ئێوە جەنابی گوێبێلس، پشتگیری ئەم رەفتارە بەربەرییەتان کرد و بە کارێکی باشتان زانی. ئەوەبوو لە وتارەکەتاندا بەرهەمە سووتاوەکانی هەموو ئەو پیاوانەی کە (بە پێچەوانەی ئێوەوە) نوێنەرایەتی ئەڵمانیایەکی بەنرخ و مەزن دەکەن، بە(بیروبۆچوونی چەپەڵ) لە قەڵەمدا.

بەرهەمەکانی ئێمەتان لە ناو چاپخانە و شانۆ و کتێبخانەی گشتی و کتێبخانەی کەرتی تایبەتی و قوتابخانەکانەوە دەرهێناو گڕتانتێبەردان و کەوتونەتە گیانی نووسەرەکانیان، چ بە گرتن، چ بە دەرپەڕاندنیان لە نیشتمان. ئەمە جگە لەوەی کە کەوتونەتە راوکردن و دەرپەڕاندنی:

- باشترین مامۆستاکانی زانکۆ
- موزیکزان و کۆمپۆنیستی کۆنسێرتەکان
- چاکترین ئەکتەرەکانی شانۆ
- وێنەکێش و پەیکەرتاش و ئەندازیار لەفێرگاو شوێنی کارکردنیاندا.

ئێوە هەر بە ئەشکەنجەدانی زیندانییەکانی ناو گرتوخانەو مۆڵگاخانەکانتان تێرناخۆن و دەستانکردووە بە راوکردن و راونانی پەنابەران. هەموو جۆرە زەبروزەنگێک لە دژیان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی (با بەزمانەکەی خۆتان بیڵێم):

(هەم بە گیان و هەم بە جەستە و بە دڕندانەترین شێوە و بێڵێکدانەوە قەڵاچۆبکرێن).

ئەرێ هۆکاری ئەم (رقە بێبنە) چییە؟

ئەم پیاوانە بڕوایان بە دنیایەکی ئازاد، بە مرۆڤایەتی، بە یەکسانی کۆمەڵایەتی هەیە.

ئەم پیاوانە سۆسیالیست و کۆمۆنیستی جدی یان (کریست)ی خواپەرستن.

ئەم پیاوانە نایانەوێت نکوولی لە دەنگی راستی بکەن و سوژدە بۆ دەسەڵات ببەن.

ئەم راونان و تەفروتووناکردنە بۆ ئێمەی راونراو مایەی شانازییە، هەندێکیش لە ئێمە دەبێت ئێستا بیسەلمێنن کە شایستەی ئەو سەربەرزی و شانازییەن.

ئێوە لاف و گەزافی ئەوە لێدەدەن، کە گوایە کولتوری ئەڵمانی لە تیاچوون رزگاردەکەن، کەچی شاکارەکانی کولتوری ئەڵمانی لە ناودەبەن.

ئێوە لاف و گەزافی ئەوە لێدەدەن، کە گوایە گەنجانی ئەڵمانی بێداردەکەنەوە، بەڵام لە راستیدا ئێوە هێزو توانایان، چاویان، هەست و هۆشیان بە شەوارەدەخەن و لە خشتەیاندەبەن.

ئێوە لاف و گەزافی ئەوە لێدەدەن، کە گوایە منداڵی ئەڵمانی رزگاردەکەن، کەچی بە درۆ و دەلەسەی بێئابڕوویانە فریویاندەدەن و دڵ و دەروونیان بە ژەهری ناسیۆنالیستی و رەگەزپەرستی سواخدەدەن.

ئێوە لاف و گەزافی ئەوە لێدەدەن، کە گوایە ئەم گەلە رەنجدەرە سەرفرازدەکەن، بەڵام لە راستیدا کۆت و کەلەپچەی دەکەن و ئازادی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری پەرژیندەکەن و بەرەو کۆیلایەتی دەبەن.

ئێوە لاف و گەزافی ئەوە لێدەدەن و دەڵێن، ئەڵمانیا لە (تاوانبارەکانی) پاکدەکەنەوە، کەچی کەوتونەتە گیانی بێدەسەڵاتترین و لاوازترینیان کە جولەکەن.

ئێوە پڕوپاگەندەی ئەوەدەکەن کە گوایە ئێوەی ئاوەز (عقڵ)ی ئەڵمان چونیەکن، بەڵام کردەوەکانتان بریتین لە نەفرەتکردن و قەڵاچۆکردنی هزر (فکر) ی گۆتیە و لێسنگ و هێردێر و شیلەر و ڤیلاند و رانکە و هەموو ئەو پیاوانەی کە لە پێناوی بەها زێڕینەکانی ئەڵمانیادا خەباتیانکرد و بە دنیایان ناساند.

لەم رۆژانەدا بەرهەمە هونەرییەکانی (مەبەست هونەری شانۆیە) خۆتان و هاوبیرانتم خوێندەوە. سەبارەت بەوەی کە بە ئەڵمانییەکی شەق و شڕ دەنووسن، هیچ گلەیتان لێناکەم، چونکە (هەتا ئێستا زەبروزەنگ بەهرەی بە کەس نەبەخشیوە).

بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئێوە دەتانەوێت بە ملهوڕی بە زۆرداری شانۆی ئەڵمانی ناچاربکەن، بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمە بێکەڵک و لاوازانە پێشکەشبکەن، ئەمە شایەنی سکاڵادەربڕین و دادوبێدادیکردنە.

ئێوە زۆرزۆر دەربارەی قارەمانێتی دەدوێن، کوا؟ ئەم قارەمانێتییەتان لە

کوێ سەلماندووە؟ ئێمەش قارەمانێتی دەناسین، قارەمانێتی کار، قارەمانێتی خو و ڕەوشت، قارەمانێتی ئەو مرۆڤەی کە بەبێ مەرج خەمخۆری بیروباوەڕەکەی خۆیەتی.

ئێوە زۆرزۆر باسی ترسنۆکی دووژمنەکانتان دەکەن. ئێمەش بەڵێنتان پێدەدەین کە زوڵم و زۆرداریتان ئێمە پشتئەستورتر، ڕق و توندوتیژیتان ئێمە کامڵتر و جەنگیشتان ئێمە جەنگاوەرتر دەکات.

ئێمە بێتاوان نین لەم چارەنووسەی خۆماندا و هەڵەیی زۆرمـان کرد، گەورەترین هەڵەشمان بریتییو لەوە کە ئێمە لەڕادەبەدەر ئارامبووین و ئۆقرەمانگرت.

ئەوەی ئێوە بە ئێمەتان کرد، هاندەرمان بوو بۆ سڕینەوەی هەڵەکانمان.

سڕینەوەی هەڵەکانیشمان پاداشتی ئێوەیە.

**سەرچاوە:**

نووسەری ئەڵمانی کلاوس شۆفلینگ بەشێکی زۆر لەو شیعرو چیرۆک و نامە و هتد لە کتێبێکدا بەناوی: لەو شوێنەی کتێبی لێدەسووتێنرێت، لە کتێبێکی ٤٨٠ لاپەڕەیدا کۆکردۆتەوە لە ساڵی ١٩٨٣ دا لە فرانکۆرت چاپکراوە. منیش گوڵبژێرێکی ئەو تێکستانەم کردووە وئەم چەپکەم لێ چنیوە و کردوومە بەکوردی.

Dort wo man Bücher verbrennt

Klaus Schöffling / Frankfurt 1983

ئەو چەند دێڕەی کە پەیوەندی بە کتێب سووتاندنەکەی ئەڵمانیاوە نییە، خۆم نووسیمەوە تێهەڵکێشم کردووە.

**تێبینی:**

مێژووی سووتاندی کتێب (فەلسەفە، ئەدەب، زانست بە هەموو بەشەکانییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش زاین). هیوادارم لە بوارێکی تردا بلاوی بکەمەوە. (وەرگێڕ)

# شۆڕشی پاش پێکهاتەخوازی




**یۆهانس ویلیەم بێرتێنز**
**و. لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی**

(٢-٢)

سەرەتا لەبەرئەوەی مانای وشەکان بەرهەمی پێوەندیگەلی جیاوازیکارانەیە، مانا هیچ کات ناب و رەها نییە. گڵۆپی ترافیک لەبەر چاو بگرن: ئێمە هەموومان "مانا"ی گڵۆپی سوور، زەرد و سەوز دەزانین، بەڵام هیچ کات هەڵناکەوێت بیر لەوە بکەینەوە کە ئەم مانایانە "ناب" و رووت نین. کاتێک گڵۆپی سوور دەبینین ئاگادارانە بیر لە گڵۆپی زەرد یان سەوز ناکەینەوە، بەڵام دەکرێت بگوترێت زەرد یان سەوز بە شێوەیەک لە شێوەکان لە سووردا بوونیان هەیە. ئەم سێ رەنگە، بە یەکەوە، پێکهاتەیەکی جیاوازیکارانە پێکدەهێنن و ئەوە ئەم پێکهاتەیەیە کە مانا بە سوور دەدات. دەنا لە زەمینەی تردا، سوور لەوانەیە مانایەکی بە تەواوەتی جیاوازی هەبێت. سووریی گوڵەباخ سەدان ساڵە مانای ئەڤین دەدات، نەک مانای "راوەستە". کە وایە، سووریی گڵۆپی ترافیک، "شوێنپێی" زەرد و سەوزیش لە خۆیدا هەڵدەگرێت، و ناب و "پاڵێودراو" نییە. دریدا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەر ئەم دۆخە لە بابەت وشەکانیش وەڕاست دەگەڕێت: هەر وشەیەک شوێنپێی

وشەکانی تر و لە ئاستی تیۆریکدا شوێنپێی هەموو وشەکانی تری سیستمی زمانی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە:

چەمکی مەدلوول هیچ کات لە خۆیدا و بۆ خۆی، لە ئامادەبوونێک کە بەست بێت و تەنیا بۆ خۆی بگەڕێتەوە و ئاماژە بە خۆی بکات، بوونی نییە. هەر لە بنەڕەتەوە و بە پێی ڕێسا، هەر چەمکێک لە زنجیرەیەک یان لە سیستمێکدا دەچێندرێت و لەنێو ئەو سیستمەدا بە ئەوی تر، واتە بە چەمکەکانی تر ئاماژە دەدات و دەگەڕێتەوە.

(دریدا "۱۹۸۲" ۳۰:۱۹٦٦)

بێجگە لەمە، چونکە وشەکان لە ڕێگەی پێوەندییان لەگەڵ ژێدەرەکەیان دیاری و دەستنیشان ناکرێن، هەر بۆیە بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندان. ئەوەی ڕاستی بێت دریدا پێمان دەڵێت کە ئەو پرۆسەیەی مانا بە وشەکان دەدات هەرگیز کۆتایی پێ نایات. وشەکان هەرگیز بە قۆناغی نەگۆڕی و داسەکناوی ناگەن، نەک هەر لەبەر ئەوەی کە پێوەندییان بەو وشانەوە هەیە کە بەر لەوان هەن و بەشێک لە مانای خۆیان لەوانەوە وەردەگرن، بەڵکو هەر وەتر لەبەر ئەوەی کە مانایان هەموو کات لە سۆنگەی ئەو شتەی کە دوا بە دوایان دێت تووشی گۆڕان دێت. ئەو وشەیەی کە لە پاش وشەیەک دێت کە لێی دەڕوانین، یان وشەیەک کە لە بەردەوامی هەمان ڕستە یان تەنانەت پەرەگراف دێت، بە نەرمونیانی، ماناکەی دەگۆڕێت. کە واتە مانا بەرهەمی جیاوازیکارییە و بەردەوام لە بەردەم پرۆسەی وەخران (وەدوا خستن)دایە. لە ڕاستیدا، پێوەندیی وشەیەک –یان نیشانەیەک– لەگەڵ وشەکان یان ئەو وشانەی کە بە دوایدا دێن مەرجی مانایە؛ بێ ئەو پێوەندییانە ئەگەری مانا لەئارادا نییە. دریدا لەم بارەیەوە دەڵێت:

پرۆسەی دەلالەت تەنیا لە حاڵەتێکدا مومکین و ئەگەرهەڵگرە کە هەر ڕەگەزێکی وەک دەڵێن "ئامادە"، لەگەڵ شتێکی جگە لە خۆی پیوەندی هەبێت و بەمجۆرە لەنێو خۆیدا نیشانێک لە ڕەگەزی پێش خۆی بپارێزێت و لەوە پێش ئەم زەمینەیەی لەخۆیدا ڕەخساندبێت، کە لە ڕێی نیشان (mark)–ی پێوەندییەکەی لەگەڵ ئەو ڕەگەزەی کە بە دوایدا دێت بنەماکەی تێک بتەپێت؛ ئەم شوێنپێیە لەگەڵ ئەو شتەی پێی دەگوترێت داهاتوو هەر ئەوەندەی پێوەندی هەیە کە لەگەڵ ئەو شتەی پێی دەڵێن ڕابردوو و ئەو شتەی ئێستا–ی پێگوتراوە لە ڕێی ئەم پێوەندییەوە لەگەڵ ئەو شتەی نییە و لە غیابدایە بیچم دەگرێت(۳۲).

کە وایە، "زەمەنی ئێستا"ی ئەو وشەیەی کە بە زمانی دەهێنین ئێستای راستەقینە نییە، و ئێستای راستەقینە بۆ هەمیشە لەدەست زمان هەڵدێت: "مەودا دانان" (spacing) و "تێپەڕینی زەمەن" (temporization) هەموو کات دەست لە پرۆسەی دەلالەت وەردەدەن. دریدا بۆ نیشاندانی ئەم چەمکە لە وشەی -dif ferance کەڵک وەردەگرێت. ئەم وشەیە هەم هەڵگری واتای جیاوازیکارییە و هەمیش لە خۆگری واتای وەخرانی مانا. دریدا ئەسڵی نەگۆڕبوونی پێوەندیی نێوان دال و مەدلوول کە پێشتر لە بەشی پێکهاتەخوازیدا ئاماژەمان پێ کردبوو، هەڵدەوەشێنێتەوە. دال -ئەو وشەیەی کە دەیبیسین یان دەیخوێنینەوە- هەڵبەت بە ئەندازەی پێویست نەگۆڕە، بەڵام بە باوەڕی دریدا، مەدلوول دەستەویەخەی جۆرە بگۆڕییەکی زاتییە. هەموومان دەزانین کە ئەم بگۆڕییە لە ئاستێکی تردا بوونی هەیە: بۆ وێنە، مانای وشەکان لەوانەیە بە درێژایی زەمەن گۆڕانی بەسەردا بێت و ئەو ڕێکەوەند و دەستەواژانەی کە سەردەمی خۆی هەڵگری خوازەگەلێکی زیندوو بوون، لەوانەیە هەنووکە پێگەی خوازەییان لە کیس دابێت. (لایەنگرانی پێکهاتەشکێنی کەیفیان بەوە دێت خوازە کۆن و لە کارکەوتووەکان ببووژێننەوە و سەرلەنوێ چالاکیان بکەنەوە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە نەگۆڕی و داسەکناویی دەق لە بەین ببەن). کە واتە لە گۆشەنیگای دریداوە، زمان هیچ کات ئێمە ناخاتە نێو بەستێنی پێوەندی و بەریەککەوتنێکی راستەوخۆ لەگەڵ جیهانی راستەقینە؛ زمان میدیایەکی شەفاف و روون و پەنجەرەیەکی رووەو جیهان نییە. بە پێچەوانە، هەموو کات لە مابەینی ئێمە و جیهاندا رادەوەستێت -ڕێک وەک شووشەیەکی لێڵ یان ئاوێنەیەکی رووش.

بەمجۆرە لە نێوان "هەقیقەت"ی ناب و رەسەن کە دەمانەوێت دەری ببڕین -ئەو شتەی لە راستیدا هەست دەکەین دەیزانین- و میدیایەکی بگۆڕ کە دەبێت بۆ ئەو هەقیقەتە بە کاری بێنین، جۆرە رووبەڕووبوونەوەیەک لەئارادا هەیە. ئەوە واتە گومان لە بوونی ئەو هەقیقەتە ناب رەهایە. هەڵبەت بوونی هەقیقەتێکی ئەوتۆ پێشتر لەلایەن پێکهاتەخوازانەوە حاشای لێکرابوو. بۆ وەبیرهێنانەوە، بە کورتی، شیکردنەوەیەکی سەرلەنوێتان ئاراستە دەکەم: ئێمە هەموو کات پاژێکین لە پێکهاتەیەک؛ بە دەربڕینێکی وردبینانەتر، ئێمە لەنێو ژمارەیەک پێکهاتە، کە باڵیان بەسەر یەکدا کێشاوە، بیچم دەگرین. ئێمە بە شێوەیەکی ناچارەکی، لە رێگای هەر کارێکەوە کە دەیکەین یان هەر شتێکەوە کە دەیڵێین، نیشاندەر و دەربڕی ئەو پێکهاتانەین کە خۆمان پاژێکین لەوان. هەروەها چونکە پێکهاتەکان بەر لەوەی ئێمە بێینە نێو مەیدانەوە، هەبوون، وردبینانەتر دەبێت بڵێین ئەوە

پێکهاتەکانن کە لەسەر دەستی ئێمە و لە ڕێگەی ئێمەوە قسان دەکەن. بۆ دریداش، هەروەک پێکهاتەخوازان، ئەو "زانستە ڕەسەنەی دەروونی ئێمە" هێندە بەکار نایات. هەرچەندە دریدا ئەو پێکهاتانە ناسەلمێنێت و قبووڵ ناکات کە بە باوەڕی پێکهاتەخوازان لە ڕێگەی ئێمەوە قسان دەکەن (و دواتر دەگەڕێینەوە بۆ ئەم باسە)، بەڵام وەک پێکهاتەخوازان، ئەویش بە گشتی نکووڵی لە بیرۆکەی "ئامادەبوون"، یان "دەنگ" (دەنگی قسەبێژ لە پێوەندی دەگەڵ بوونی ڕەسەنی خۆمان) دەکات. لە ڕوانگەی دریداشەوە، ئەو شتەی کە لە بنەڕەتدا لە ئێمەدا بوونی هەیە، واتە ئەو شتەی لە ڕاستیدا لە چرکەساتی دەربڕیندا دەیزانین، ڕاستەوخۆ دەری نابڕین. ئێمە دەبێت لە زمان کەڵک وەربگرین و زمانیش هەر لەو کاتەدا کەڵک لە ئێمە وەردەگرێت، واتە لە ڕێگەی ئێمەوە قسە دەکات. دریدا لە کتێبی لەسەر گراماتۆلۆژی (De la Grammatologie) دەڵێت کاتێک لە زمان کەڵک وەردەگرین، لە ڕاستیدا ڕێگە بە سیستمی زمان دەدەین بەشێوەیەک و تا ڕادەیەک کۆنترۆڵی ئێمە بکات. دریدا، بە پێچەوانەی زۆربەی ئەو پێکهاتەخوازانەی کە بە چەشنێکی زێدەڕەوانە دژە هیومانیستن، نییەتە دەروونییەکان بە گشتی وەلا نانێت، بەڵام لە لایەنێکی ترەوە، زۆر زێدەڕەوانەتر لە پێکهاتەخوازی دەجووڵێتەوە. لە ڕونگەی پێکهاتەخوازانەوە، ئێمە لانیکەم دەزانین چی دەڵێین. لەو ڕووەوە کە ئێمە زمانحاڵی ئەو پێکهاتانەین کە لە ڕێگەی ئێمەوە قسان دەکەن، ئەو شتەی دەیڵێین لە ناخی ئێمەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵام بە هەمە حاڵ سەقامگیرە و لە بنەماکاندا قابیلی ناسینە، بەڵام لە پاش پێکهاتەخوازیدا هەر ئەم هەست بە ئاسوودەییکردنەش لەنێو دەچێت. لە ئامادە نەبوونی (غیاب) ئامادەبووندا (حزوور) (ئەو دەستەواژەیەی کە ئێستا ئیتر دەبێت ماناکەیتان بۆ ڕوون بووبێتەوە)، تەنیا زمان دەمێنێتەوە کە خۆی ناوەندی جیاوازیکاری و وەخرانە. هەر نییەتێکمان کە هەبێت، ئەو نییەتانەمان هیچ کات بۆ خودی ئێمە شەفاف و ڕوون نین، چونکە هیچ شتێک ئەگەری دەرچوونی لە بازنەی زمان نییە. هەروەک دریدا دەڵێت، "il nya de hors-texte"، واتە هیچ شتێک بوونی نییە کە لە "دەرەوەی دەق" بێت، چونکە بۆ مرۆڤ، زمان، هەمووکات نێونجیی هەموو شتێکە (دریدا "١٩٦٧" ١٥٨:١٩٧٦).

ئێستا کە جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان ئاخافتن و نووسین ڕەویوەتەوە (واتە "ئامادە بوون" و "دەنگ"ی ئەو تاکەکەسێتییە ڕەسەنەی کە پێمان وایە لە کاتی قسەکردندا دەیبیسین، سەنگ و جێی متمانەبوونی خۆی دۆڕاندووە)، ئاخافتنیش بووەتە جۆرێک نووسین ("نووسین" بەو واتایەی کە لە سوننەتی فەلسەفیی

ڕۆژاواییدا باسی لێ دەکرێت: واتە ئەو شکڵ و شێوەیە لە زمان کە هەر لە بنەڕەتەوە جێی متمانە نییە). لە ئاخافتنیشدا مانای ڕاستەقینە هەمووکات وەدوا دەخرێت. تەنانەت ئەگەر خودێکی ڕەسەنی جێگای باوەڕمان هەبێت کە شتەکان بەر لە زمان و لە دەرەوەی زمان بزانێت یان بناسێت، هەر کە دەست بکەین بە قسەکردن، دەبینە قوربانیی متمانەهەڵنەگری زاتیی زمان. هیچ کات ناتوانین مانای ئەو شتەی کە دەیڵێین بە تەواوەتی بخەینە ژێر ڕکێفی خۆمان. ئەگەر ئەو شتەی دەیڵێین هەڵگری ئەو مانایانە بێت کە لەبەر ئەوەی لە ڕێگای "جیاوازیکاری و وەخرانەوە" بەرهەم هاتوون، نەک لە ڕێگای خودی ئێمەوە، تەنانەت لە بابەت بوونیانەوە ئاگادار نین، ئیتر تەنانەت بۆمان نییە لافی داهێنەر بوونیان لێ بدەین، واتە دیعایەی ئەوە بکەین ئەو شتەی کە مەبەستمانە بیڵێین، بە تەواوەتی جێگای باوەڕ و ڕەسەنە. "گەمە"ی سەربەخۆی زمان کە کەس ناتوانێت پێشی پێ بگرێت و ڕابگرێت، سەرچاوەی جۆرێک زاوزێی مانایە کە لەگەڵ مانای بەرمەبەست، جا هەر چییەک بێت، گەمەیەکی وێرانکەر دەست پێ دەکات. کە وایە، لەوانەیە بکرێت بڵێین ئەو شتەی بە ڕای ئێمە وەک مانا خۆ دەنوێنێت، نەک لە نییەتی بێژەر، یان نووسەر، بەڵکو لە پێکهاتەی خودی زمانەوە، لە چۆنێتیی ئەرک و کاری زمانەوە، سەرچاوە دەگرێت.

### پێداچوونە بە چەمکی دوانە لێکدژەکان

ئێستا تەواو ڕوونە کە بۆچی ئەو شتەی دەیڵێین، بە سرووشتی و ڕاستەقینەی لە قەڵەم دەدەین: وەهمی ئامادەبوون ئێمەی گومڕا کردووە، بەڵام چۆن دەلوێت وشەی نووسراو ئێمە گومڕا بکات؟ چۆنە بەو ڕاستییە نازانین کە سەرلەبەری ئەو مانا زیادەیەی کە نازانین چۆنی کۆنترۆڵ بکەین، لەسەر دەستی زمان بەرهەم دێت؟

وەڵامی پاش پێکهاتەخوازی ئەوەیە کە دەق، یەک یان چەند ناوەندی هەیە —کە لەو زمانە وەرگیراوە کە کەڵکی لێ وەردەگرێت— کە پێویستە سەقامگیریان بکات و گەڕیانی هێزەکیی دوانەبڕاوی مانا کە هەموو دەقەکان بەرهەمی دەهێنن پێشی پێ بگرێت و ڕای بگرێت. ئەگەر ناوەندێک بوونی هەبێت، بە دڵنیاییەوە ناوەندێکیش لەئارادا هەیە کە سەر بەو نییە، واتە پەراوێزییە. پێکهێنانی ناوەندێک، بە شێوەیەکی ئۆتوماتیک پێکهاتەیەکی زنجیرە پێگەیی بەدی دەهێنێت: ناوەند گرنگتر لە پەراوێزە. پێکهاتەشکێنی، کە لە ڕاستیدا هەمان شێوەی خوێندنەوەی دریدایە لە دەق، بەر لە هەرشتێک بە دوای زەقکردنەوەی تەنگەژەی نێوان

ناوەند و پەراوێزی دەقدا دەچێت. رەخنەکاری ئەمریکی، باربارا جانسن لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "پێکهاتەشکێنیی دەق لە رێگەی گومانی بە هەڵکەوت یان تێکرووخاندنی دڵخوازانە کار ناکات، بەڵکو بە کردنەوەی وردی گرێ پووچکە لە هێزە دژبەرە دەلالەتگەرەکانی نێو دەق دێتە دی" (جانسن ١٩٨٠:٥).

ئەم پێکهاتە زنجیرە پێگەییانە لەنێوان ناوەند و پەراوێز بە شێوەی دووانە لێکدژەکان خۆیان دەردەخەن (یەکێک لە ئاشکراترین قەرزارباریەکانی پاش پێکهاتەخوازی لە هەمبەر پێکهاتەخوازی). هەر دەقێک پێناسەکەری کۆمەڵێک لە لێکدژەکانە کە لەپێناوی دامەزراندنی پێکهاتە و سەقامگیرکردنی کار دەکات. زۆربەی کات ئەم لێکدژانە شاراوەن و کەموزۆر نابیندرێن -بۆ وێنە، لەوانەیە لە خوازەکانی دەقدا شاردرابێتنەوە- و یان ئەوەیکە تەنیا یەکێک لە لایەنەکانی دووانە لێکدژەکە بە ئاشکرایی باسی کرابێت، بەڵام باسکردنی راشکاوانەی لایەنێک وەبیرهێنەرەوەی لایەنەکەی تر، واتە لایەنی نائامادەیە (غایب). ژمارەیەکی



بەرفراوان لەم لێکدژانە هەن، کە هێندێکیان زۆر گشتین، لە کاتێکدا هەندێکی تر بە کولتوورەوە بەستراونەتەوە. کۆمەڵەیەکی کەم و زۆر گشتیی دووانە لێکدژەکان بریتین لە چاکە لە هەمبەر خراپە، راستی لە هەمبەر درۆ، پیاوەتی لە هەمبەر ژنایەتی، ئاوەزمەندی لە هەمبەر بێ ئاوەزی، هزر لە هەمبەر هەست، زەین لە هەمبەر لەش، سرووشت لە هەمبەر کولتوور، پاکی لە هەمبەر ناپاکی و... هتد. یەکێک لە دووانە لێکدژە باوەکانی کولتووری رۆژاوایی دژبەرایەتیی نێوان سپی و رەشە. یەکێک لە لایەنەکانی ئەم دژبەرایەتییە بەردەوام وەک ناوەند کار دەکات -واتە پاش پێکهاتەخوازان گوتەنی وەک لایەنی باڵادەست لە قەڵەم دەدرێن. هەندێک لە لایەنەکانی دووانە لێکدژەکان هەمووکات باڵادەست هاتوونەتە ئەژمار؛ چاکە، راستی، پیاوەتی، پاکی، سپییەتی و هەندێکی تر لەوانەیە جارێک لە ناوەند بن و جارێک لە پەراوێز. لە مێژووی ئەدەبیاتدا چاومان بە کۆمەڵێک دەق دەکەوێت کە پێگەی باڵادەست بە "هزر" و "ئاوەز" دەدەن- بۆ وێنە، بەرهەمەکانی ساموئێل جانسن (١٧٨٤-

١٧٠٩) -بەڵام لە شوێنەواری شاعیرانی ڕۆمانتیکی لە چەشنی ویلیام وردزورس (١٧٧٠-١٨٥٠) و جان کیتس (١٨٢١-١٧٠٩) "هەست" لە ناوەند دایە.

هەر وەک گوتمان، لەوانەیە بەو خاڵە نەزانین کە هەندێک لە لایەنەکان بە باڵادەست لە قەڵەمدراون و لە پێگەی بەرزتر داندراون. بۆ وێنە، نیشانە بازرگانییەکانی لە چەشنی "واکمەن" (walkman) و "گەیم بۆی" (gameboy) کە لەم دواییانەدا دروستکراون لەبەر چاو بگرن. لایەنەکەی تری لێکدژەکە کە لە پێگەی نزم و ژێرەدەستدایە، لێرەدا هەر لە بنەڕەتەوە نائامادەیە و بوونی نییە. لەوانەیە هیچ کات سەرنجمان نەگرتبێتە ئەم خاڵە، بەڵام لە ڕاستیدا لە "واکمەن" و "گەیم بۆی"دا دژبەرایەتییەک لەنێوان پیاوەتی و ژنایەتی لەئارادا هەیە. باشە بۆچی "واکمەن" و نەک "واکوومەن" (walkwoman) یان "واکگرل" (walkgirl)؟ بۆچی "گەیم بۆی" و نەک "گەیم گرل" (gamegirl)؟ ئایا بەرهێنەرانی سەرەکی و کارمەندانی بەشی پێوەندییە گشتییەکانی ئەم کۆمپانییانە لەسەر ئەو باوەڕەن کە گوێدان بە واکمەنێک یان دانیشتن لە پای جیهازێکی گەیم بۆی لە بنچینەدا چالاکییەکی نێرانەن و بۆ کچان و ژنان سەرنجڕاکێش نین؟ وێناچێت بەم جۆرە بێت. وەڵامی ماقووڵانەتر ئەوەیە بسەلمێنین و دان بەوە دابنێین ئەوان لە وشەی "مەن" (man) واتە پیاو لە "واکمەن" و "بۆی" (boy)، واتە کوڕ لە "گەیم بۆی"دا کەڵکیان وەرگرتووە تا ڕووخسارێکی ئەرێنی و واتایەکی شیاو بە بەرهەمەکەیان ببەخشن و لەم ڕێیەوە ڕێژەی فرۆشیان زیاد بکەن. لە هەر دوو حاڵەتدا دووانە لێکدژێکی شاراوە لە ئارادا هەیە، کە تێیدا لایەنی "پیاوانە" لایەنی "باڵادەست و بەرز" دێتە هەژمار.

بەڵام ئەگەر ڕاگرتن و پێش گرتن بە گەڕیانی بەردەوامی ماناکان لە ڕێگەی هێنانە ئارای پێکهاتەگەلی دووانە لێکدژەکانەوە دەلوێت و دەگونجێت، بۆچی دەبێت دڵەڕاوکەی زمانمان هەبێت؟ لە پێکهاتەشکێنیدا وا لێکدەدرێتەوە کە دووانە لێکدژەکان ئەوەندەش کە مەزەندەی بۆ دەکرێت، دژبەر نین. لە دووانە لێکدژەکاندا نەک هەر پێوەندییەکی دژبەرانە لەنێوان دوو لایەنی بەرباس، بەڵکو جۆرە پڕ پێچ و پەناییەکی سەیروسەمەرەش دێتە بەر چاو. بۆ نموونە، بڕواننە دژبەرایەتیی نێوان "ڕووناکی" و "تاریکی". بە دڵنیاییەوە ڕووناکی بە شێوەیەک لە شێوەکان پێویستیی بە تاریکی هەیە. ئەگەر تاریکی نەدەبوو، ڕووناکیش بوونی نەدەبوو لەو سۆنگەیەوە کە چیتر پێمان نەدەزانی و نەماندەناسییەوە. بە بێ تاریکی، لە لایەنێکەوە بە دڵنیاییەوە ڕووناکیمان دەبوو -واتە تەنیا شتێک کە بوونی دەبوو ڕووناکی بوو- بەڵام بە بوونی ڕووناکیمان نەدەزانی و لێی ئاگادار

نەدەبووین. کە وایە لە حاڵەتەدا چەمکی ڕووناکیمان نەدەبوو، چونکە ئەو شتەی پێی دەڵێین ڕووناکی (کە لە هەمان کاتدا نیشاندەری ئەو زانیارییەیە کە ئەگەری نا-ڕووناکیش بوونی هەیە) بوونی نەدەبوو. هەر بۆیە لەوانەیە بۆمان هەبێت ئەم باسە بێنینە گۆڕێ کە بوونی تاریکی (واتە، زانیاریی ئێمە لە مەڕ نا-ڕووناکی) چەمکی ڕووناکی دەخوڵقێنێت. خاڵی سەیر و سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لایەنی ژێردەست لەم دووانە لێکدژەدا مەرجێکی پێویستە بۆ خودی ئەم دژبەرایەتییە و هەر بۆیە هێندەی لایەنی وەک دەڵێن باڵادەست گرینگە. دوو لایەنی هەر کۆمەڵە دژبەرێک لە سۆنگەی یەکتر پێناسە دەکرێن: ڕووناکی لە سۆنگەی تاریکی، ڕاستی لە سۆنگەی درۆ، پاکی لە سۆنگەی پیسی، ئاوەز لە سۆنگەی نائاوەزمەندی، هاوشێوەیی لە سۆنگەی ئەوی تر و سرووشت لە سۆنگەی کولتوور. لێرەشدا مانا لە هەناوی جیاوازیکارییەوە سەرهەڵدەدەن. ئەگر درۆ نەدەبوو، واتای ڕاستی بیچمی نەدەگرت؛ ئەگەر پاکی نەدەبوو، چەمکی ناپاکی و چەپەڵی دروست نەدەبوو. دوای ئەوەی کە مانا لە ڕێگەی جیاوازیکارییەوە بیچمی گرت، ئێمە هەندێک لە ماناکان لە پێگەی باڵادەست دادەنێین و هەندێک بە ژێردەست لە قەڵەم دەدەین. لە هەندێک حاڵەتدا ئەم دژبەرایەتییە لەنێوان لایەنی باڵادەست و لایەنی ژێردەست بە تەواوەتی ماقووڵ دێتە بەر چاو بۆ وێنە، چاکە لە هەمبەر خراپە، یان ڕاستی لە هەمبەر درۆ. هەندێک لەو حاڵەتانە کە تێیدا لایەنێک باڵادەست دێتە هەژمار و لایەنێک ژێردەست لە قەڵەم دەدرێت، دەبنە هۆی هێنانە ئارای کۆمەڵێک ئاریشەی جیدی، وەک حاڵەتی دژبەرایەتیی نێوان سپی و ڕەش، یان پیاوەتی لە هەمبەر ژنایەتی، بەڵام کاریگەرێتیی دووانە لێکدژەکان هەر چییەک بن، هەمووکات ڕەگوڕیشەیان لە جیاوازیکاریدایە. شرۆڤەکردنی ئەم دژبەرانە و وەک دەڵێن داماڵینی بەرگی ئەم دووانە لێکدژانە، واتە ئەو کارەی کە لە دێڕەکانی سەرەوەدا کردمان، بە واتای سەندنەوەی ناوەندێتیی (decenter) لایەنی باڵادەستە و نیشاندانی ئەوەی کە هەر دوو لایەنی ئەو دژبەرایەتییانە تەنیا لە سۆنگەی جیاوازیکارییەوە ئەگەر و هەلی بوونیان بۆ دەڕەخسێت.

دریدا باش لەوە ئاگادارە کە زمانی خودی ئەو، چ ئاخافتن بێت و چ نووسین، پەیڕەوی ئەسڵی جیاوازیکاری و وەخرانە. دریدا هەر وەتر دەزانێت زمانی ئەو لە کاریگەرێتییەکانی ناوەندخوڵقێنی، کە زمان لە سۆنگەی مانا شاراوە لە ئەژمار نەهاتووەکانی هەیەتی، ڕێگای دەربازبوونی نییە. تەنانەت ڕەخنەکارانی زێدەڕەوی زمانیش بۆ پێکهێنانی پێوەندی دەشێت هەر لەو میدیایە کەڵک وەربگرن کە کاری ڕەخنەیی لەسەر دەکەن. ڕەخنە زمانێک بەکار دەهێنێت، بناغەکەی سست دەکات

و پایەکەی وەلەرزە دەخات و ئەو زمانەش، لە سۆنگەی تاو و تەئسیرەکانی ناوەندی خولقاندن، لەجێی خۆیدا، بناغەی رەخنە لاواز دەکات. دریدا جاروبار لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی خۆیدا، لە رێگەی هێڵێکی چەپ و راست کێشان بەسەر هەندێک لەو وشانەی لە کاری دەکرد، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاماژەی بە ئەم هاوژینییەی نێوان رەخنە و بابەتی رەخنە دەکرد. لە رێگای خستنە گەڕی پرۆسەی سڕینەوە -ئەو سەردێڕەی کە ئەو بۆ ئەم گەڕیانەی هەڵبژاردووە- ئەو لە وشەکان کەڵک وەردەگرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەم وشانە پێناسەکەری ئەو بنەما زمانییانەن کە ئەو هێندە زێدەڕەوانە گومانی لێ کردوون. لەوانەیە بڵێین دریدا لەم نێوانەدا گیری خواردووە: ئەو ناتوانێت کەڵک لە زمان وەربگرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆی نییە لە زمان کەڵک وەرنەگرێت. دریدا لە بارودۆخێکی ئەمە یان ئەوەدا گیری نەخواردووە (واتە بارودۆخێک کە یان دەتوانین لە زمان کەڵک وەربگرین، چونکە جێی متمانەیە، یان ناتوانین کەڵکی لێ وەربگرین لەبەر ئەوەی جێی متمانە نییە)، بەڵکو لە بارودۆخی هەم ئەمە، هەمیش ئەوەدا گیری خواردووە: ئێمە ناتوانین متمانەمان بە زمان هەبێت، کەچی لە هەمان کاتدا کەڵکی لێ وەردەگرین. ئەم دۆخە، هاوشێوەی ئەو دۆخەیە کە لە پێکهاتەشکاندنی دووانە لێکدژەکاندا بوونی هەیە. لەبری ئەو دژبەرانەی کە ئەگەری جیاکردنەوەیان لەئارادا نییە، ئێمە ڕووبەڕووی ئەو لایەنانە لە دووانە لێکدژەکان دەبینەوە کە بە تەواوەتی ئاوێتەی یەکدی بوونە. لە پێکهاتە شکاندنی دووانە لێکدژەکانیشدا بارودۆخی ئەمە یان ئەوە، رێگە بۆ بارودۆخی هەم ئەمە، هەمیش ئەوە خۆش دەکات.

**ژێدەر:**


Bertens. Johannes Willem

Literary Theory: The basics



# راز و نهێنییەکانی نووسەرایەتی
## گفتوگۆیەک لەگەڵ (ئەرنست هەمەنگوای)

**و. لە فارسییەوە: کارزان محەمەد**

نووسەری پەرتوکەکانی (ماڵئاوایی لە چەک) و (پیرەمێرد و زەریا)، لەو بڕوایەدایە هەر سەروەختێ کۆمەڵگا تەنهایی بۆ مرۆڤ بڕەخسێنێت و بۆی نەبنە مایەی بارگرانی، ئەو مرۆڤە دەتوانێت بنووسێت، بەڵام باشترین نووسین سەردەمێ لەدایک دەبێت کە عاشق بیت.

ئەرنست هەمەنگوای لە (٢١ی تەمموزی ١٨٩٨ز) لە (ئۆک پارک)ی ئەیالەتی ئیلینویز هاتووەتە دونیا، (کلارنس)ی باوکی بە پیشە پزیشک و (گریس)ی دایکیشی مامۆستای پیانۆ و ئاواز بوو.

هەمەنگوای لە دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی، لە ساڵی (١٩١٧ز) بۆ ماوەیەک لە (کانزاس سیتی) وەک ڕیپۆرتوانی مانگنامەی (ستار) کەوتە کار.

لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بۆ سەربازی بانگهێشت کرا، بەڵام بەهۆی لاوازیی توانای بینینی چاوەکانییەوە، لە خزمەت بەخشرا و بووە شۆفێری ئەمبوڵانسی مانگی سوور لە نزیک بەرەی ئیتاڵیا، لە (٨)ی تەمموزی (١٩١٨ز)دا بریندار بوو،

بۆ ماوەی چەندین مانگ لەسەر تەختی نەخۆشخانە مایەوە.

میتۆدە تایبەتییەکەی لە نووسیندا، هەمەنگوای کرد بە نووسەرێکی بێ هاوتا و زۆر کاریگەری هەبوو.

لە ساڵی (١٩٢٥ز) یەکەمین زنجیرەی کورتە چیرۆکەکانی لەژێر ناوی (لە سەردەمی ئێمەدا) بڵاوکرایەوە، تیایدا بە باشی میتۆدی تایبەت بە نووسینەکانی رەنگی دابووەوە.

لە کۆی بەرهەمەکانیدا، دەتوانین ئاماژە بۆ هەریەک لە (پیاوان بەبێ ژنان، ماڵئاوایی لە چەک، گردۆلکە سەوزەکانی ئەفریقا، پیرەمێرد و زەریا) بکەین.

هەمەنگوای لە (٢ی تەمموزی ١٩٦١ز) لە (Ketchum) کە دەکەوێتە ئەیالەتی ئەیداهۆ، لە کاتی خاوێنکردنەوەی تفەنگی راوشکارەکەی، بە هەڵە گوللەیەک دەتەقێ و بەری دەکەوێت. بە مەرگی ئەو، درەخشانترین رووخساری ئەدەبیاتی سەدەی بیستەمی ئەمریکا ئاوا بوو، ئەم گفتوگۆیەش لە ماوەی ژیانیدا لەگەڵ گۆڤاری (پاریس ریڤیو Paris Review) ئەنجامی داوە.

هەمەنگوای لە ساتی نووسیندا رادەوەستێ!، ئەمە یەکێکە لە نەریتە بەراییەکانی، سەرەتا هەموو پرۆژەیەک لە سپێدەی بەیاندا دەنووسێت. ژوورەکەی بەو هەموو پەرش و بڵاوییەوە کە لە یەکەم تێڕوانیندا دێتە بەرچاوانمان، نیشاندەری دڵەڕاوکێی خاوەن ماڵەکەیە کە لە بنەڕەتدا پاکوخاوێنە، بەڵام حەوسەڵەی دوورخستنەوەی هیچ شتێکی لە خۆی نییە. بەتایبەتی ئەو شتانەی بەلای هەمەنگوایەوە، دڵگیرییەکی سۆزدارانەیان هەیە.

هەمەنگوای سپێدەی بەیانێ لە خەو رادەبێت، بە بیرکردنەوەیەکی چڕەوە خۆی سەرقاڵی نووسین دەکات، کاتێک کارەکەی بەباشی بچێتە پێش، ئارەقێکی زۆر دەردەدات. تا دەمەو ئێوارێ درێژە بە نووسین دەدات، پاشان ماڵەکەی بەرەو بەردەڵانەکان جێدەهێڵێت، ئەو شوێنەی کە رۆژانە نزیکەی نیو میل تیایدا مەلە دەکات.

**دەتوانیت کەمێ دەربارەی پرۆسەی نووسینتان بدوێیت، چ کاتێ کار دەکەیت، ئایا بەرنامەیەکی دیاریکراوت هەیە؟**

کاتێ لەسەر پەرتوکێک یاخود چیرۆکێ کار دەکەم، هەر لە سپێدەی بەیانییەوە تا دەمەو ئێوارێ، دەنووسم. هیچ کەسێ نییە تا ببێتە مایەی ئازار و مەینەتی بۆ ژیانم و کەشوهەواش شیاوە، دێمەسەر کارەکەم و بە نووسین گەرم دادێم. ئەو شتەی نووسیومە، دەیخوێنمەوە، دەزانم دوای ئەوە چ روودەدات و

لەوێوە درێژەی دەدەمێ. هەوڵ دەدەم تا ڕۆژی دواتر کە سەرلەنوێ سۆراغی چیرۆکەکەم دەکەمەوە، ڕۆحی بەبەر جەستەیدا دەکەم. کاتژمێر (٦)ی سپێدە دەست پێدەکەم، لەوانەیە تا ئێوارێ یاخود کەمێ زووتر سەرقاڵ بم. کاتێ دەست لە نووسین دەکێشمەوە، چەندە دەست بەتاڵ دەبم، هێندەش لێوانلێوم. هیچ شتێ ناتوانێت ئازارم بدات.

**ئایا لەپێناو باشنووسیندا، پێویستمان بە هەستێکی پۆزەتیف هەیە. جارێک بە منت گوت کە تەنها کاتێ دەتوانیت بە باشی بنووسیت، کە عاشق بیت. ئایا دەتوانی ئەمە پتر روون بکەیەوە؟**

چ پرسیارێکە! بەڵام دەبێت نمرەیەکی باش بدەمە ئەم هەوڵەتان! هەرساتێ کۆمەڵگا واز لە تەنهایی مرۆڤ بهێنێت و نەبێتە مایەی بارگرانی بۆ مرۆڤ، دەتوانێت بنووسێت. باشترین نووسینیش ئەو ساتانە دەنووسرێن کە مرۆڤ عاشق بێت.

**بۆچوونت لەسەر ئاسایش و ئارامی چییە، ئایا ئەم مەسەلەیە لەپێناو باشتر نووسیندا پێویستە هەبێت؟**

ئەگەر ژیانت هێندەی کار خۆش بوێت، لەپێناو مانەوە لەهەمبەر نیگەرانییەکاندا دەبێت کەسایەتییەکی بەهێزترت هەبێت. کاتێ نووسین تاکە حەز و خولیا و مەزنترین چێژی ژیانتان بێت، ئەو ساتە تەنها مەرگ دەتوانێت ڕێگەی لێ بگرێت. (دڵەڕاوکێ) توانای نووسینت لێ دەستێنێتەوە. نەخۆشی لەو ڕووەوە خراپە کە دەبێتە مایەی دروستبوونی دڵەڕاوکێ، ئەمەش بەشێوەیەکی نەستیانە دەتکاتە سێرە و نیشانەی خۆی و توانستەکانت لەنێودەبات.

**ئایا بەوردی ئەو ساتەت لە یادە کە بڕیارت دا ببیتە نووسەر؟**

نەخێر! من هەمیشە دەمویست ببمە نووسەر.

**لە دیدگای تۆوە، باشترین ڕاهێنانی دەروونیی بۆ ئەو کەسەی بیەوێت ببێتە نووسەر، چییە؟**

ڕاستییەکەی وەها باشترە بڕواتە دەرێ و خۆی بەداردا بکات، یاخود بەبێ هیچ پاداشتێک بە داردا هەڵبواسرێت تا ناچار بێت بەوپەڕی تواناکانییەوە و بە باشترین شێواز بنووسێت.

بەم چەشنە بۆ دەستپێکی نووسین، بەلایەنی کەمەوە دەتوانێت سوود لەم چیرۆکی دارکارییە وەربگرێت.

**لە پاریسی سەدەی بیستەمدا، ئایا هیچ جۆرە (هەستێکی گرووپبازی و کوتلەکاری)ت لەگەڵ نووسەران و هونەرمەندانی دیکەدا هەبوو؟**

نەخێر، هیچ هەستێکی گرووپ و گرووپکاریمان نەبوو. ئێمە ڕێزمان لەیەکتر دەگرت، هەندێکیان هاوتەمەنی من بوون و هەندێکی دیکەیان گەورەتر بوون وەک: گریس، پیکاسۆ، براک و هەندێکی دیکەی وەک جویس و... هتد.

**وادێتە پێش چاوان لەم ساڵانەی دوایی لە هاوڕێیەتی نووسەران دوور کەوتبیتەوە، بۆچی؟**

ئەمە زۆر ئاڵۆزە، هەتا لە نووسیندا بەرەوپێش هەنگاو بنێی، پتر دەکەویتە نێو تەنهاییەوە. باشترین و دێرینترین هاوڕێکانت دەمرن، هەندێکی دیکەیان بەرەو شوێنی دوور کۆچ دەکەن و بە دەگمەن بەدیداریان شاد دەبیتەوە، بەڵام کاتێ دەنووسم هەروەک ئەو رۆژە دێرینانە وایە کە لەگەڵ یەکتردا لەنێو کافێ بووین، پەیوەندییەکی هاوشێوە لەگەڵ یەکتردا دروست دەکەیتەوە، هاریکاریی یەکتر دەکەین و هەندێکجاریش نامەی پڕ لە شادمانی و قسەی خۆش ئاڵوگۆڕ دەکەین، ئەمەش دیالۆگێکی دروست و باشە، لە هەمانکاتدا زۆربەی کات بەتەنهایت، ئەمەش شێوازێکە کە دەبێت مامەڵەی لەتەکدا بکەیت. ئەو زەمەنەی بۆ کارکردن لەبەردەمتدایە، رۆژ بەڕۆژ کەم دەبێتەوە، ئەگەر ئەو دەرفەتەش لەدەست بدەیت، ئەوا هەست بە ئەنجامدانی گوناهێ دەکەیت کە لێخۆشبوونیشی تێدا نییە.

**کێ بە سەرمەشقی ئەدەبیاتی خۆت دەزانیت، ئەو کەسانەی کە زۆرترین وانەیان لێ فێربوویت؟**

(مارک تواین، فلۆبێرت، ستانداب، باخ، تۆڵستۆی، داستایۆفسکی، چیخۆف، جۆن دۆن، شکسپیر، مۆتزارت، دانتە، ڤێرژیل، گویا، سیزان، ڤان کوخ، گۆگۆڵ و... یەک رۆژ دەخایەنێت تا ناوی هەمووان بهێنم.

پاشان پتر حەز بەوە دەکەم دەربارەی ئەو پێگەیە بدوێم کە دەستەبەرم نەکردووە، نەک ئەو مەسەلانە وەبیر خۆم بهێنمەوە کە کاریگەرییان لەسەر ژیان و کارەکانم جێهێشتووە، ئەمەش پرسێکی کۆن نییە. ئەم پرسیارەم بەلاوە باشە، بەڵام شێلگیرانەیە و پێویستی بە شرۆڤەیەکی هۆشیارانەیە. من ناوی شاعیرانم

هێنا و بە ناوی ئەوان دەستم پێکرد، هەروەک چۆن نووسەران فێری چلۆنایەتی نووسین بوون، بەندەش لە ئەوانەوە فێربووم. لە من دەپرسی چلۆن وەهایە؟ بۆ شرۆڤەی ئەمەش، یەک رۆژێکمان دەوێت. پێموایە ئەوەش روون و ئاشکرایە کە مرۆڤ چلۆن فێری نووسینی ئاواز و موزیک و شرۆڤەی هارمۆنی فێر دەبن.

**ئایا هەرگیز سازت ژەندووە؟**

پێشتر کەمانم لێداوە، دایکم یەک ساڵی تەواو لە قوتابخانە دووری خستمەوە تا موزیک و ئاواز فێرببم. پێی وابوو توانستی ئەوەم تێدایە، بەڵام من بەتەواوەتی بێ بەهرە بووم. ئێمە لەنێو گرووپی موزیکی شانۆدا، موزیکمان پێشکەش دەکرد، خوشکەکەم کەمان و دایکیشم پیانۆی لێدەدا. من لە هەموو کەسی دونیا خراپتر کەمانم لێ دەدا. بێگومان ئەو ساڵەی لە دەرەوەی قوتابخانە بووم، کاری دیکەشم دەکرد.

**پێتوایە لەنێو رۆمانەکەتدا، جۆرە سیمبولیزمێکی تێدایە؟**

پێموایە کۆمەڵێک سیمبولیان تێدا هەن، چونکە هەمیشە رەخنەگران دەیدۆزنەوە. راستت دەوێت نامەوێت دەربارەیان بدوێم و لەو رووەوە پرسیارم ئاراستە بکەیت. گەلێ سەختە کە پەرتوک و چیرۆک بنووسی و داوات لێ بکەن سەبارەت بە بەرهەمەکانت بدوێی، ئەمە کار و پیشەی شرۆڤەکارانیش بێ بەرەو دەکات. کاتێک پێنج یاخود شەش یا چەندین شرۆڤەکاری باش بتوانن بەم کارە درێژە بە ژیانیان بدەن، کەواتە من بۆ دەبێت دەست لە پیشەکەیان وەربدەم؟ ئەوەی من دەینووسم، بۆ چێژی خۆتان بیخوێننەوە! هەر شتێکی دیکەی تیادا بدۆزیتەوە، دەرەنجامی ئەوەیە کە خۆت هاویشتووەتە نێو خوێندنەوەوە.

**وەبیرم دێ جارێک زەنگی ئەوەت لێدا، کە بۆ نووسەر مەترسیدارە دەربارەی کارێک بدوێت هێشتا لە پرۆسەی نووسیندایە. بۆچی وەها بیر دەکەیەوە، تەنها لەبەرئەوە پرسیارەکەم دەکەم، چونکە پێموایە هەندێ لە نووسەرانی وەک: مارک تواین، جەیمز تێربەر و ئۆسکار وایڵد نووسینەکانیان لەسەر گوێگرانیان تاقی دەکەنەوە پاشان دەیخەنەڕوو.**

بڕوا ناکەم مارک تواین هەرگیز (هاکلبەری فین)ی لەسەر گوێگرانی تێست کردبێت! ئەگەر بەو چەشنە بێت، ئەوا رەنگە گوێگرەکان ناچاریان کردبێت تا شوێنە باشەکان لاببات و شوێنی خراپی بۆ زیاد بکات! کەسە نزیکەکانی وایڵد، لەو

بڕوایەدابوون ئەو پتر گوتاربێژێکی باشە نەک نووسەرێکی باش! ئەگەر جەیمز تێربەریش بەو چەشنە باشەی پێی دەینووسی، بیتوانیایە بەو شێوازەش قسە بکات، ئەوا بەدڵنیاییەوە یەکێک دەبوو لە باشترین و دڵگیرترین گوتاربێژەکان.

**ئایا دەتوانیت ئەوە بدرکێنی چەندە شرۆڤە و کۆششت لەپێناو گەشانەوە و پەرەپێدانی ئەم میتۆدە جیاوازەتاندا کردووە؟**

ئەمە پرسیارێکی درێژە و ماندووم دەکات. دەتوانم بڵێم ئەو شێوازەی ئەماتۆرەکان بە میتۆد ناوزەدی دەکەن، بەگشتی جۆرە نزیکایەتییەک لە هەوڵەکانیاندا بۆ بەرهەمێنانی شتێکە کە پێشتر نەبووبێت. بەگشتی هیچ کلاسیکێک لێکچوونی لەگەڵ کلاسیکەکانی پێش خۆیدا نییە. سەرەتا خەڵک تەنها لایەنە سەیر و نامۆکەی دەبینن، ئەوان ناتوانن پەی پێ ببەن. کاتێ بەهرەمەندان ئەو رێوشوێنە دەگرنەبەر، خەڵکیش پێی وایە ئەم لێکچوونە جۆرە میتۆدێکە و زۆربەیان کۆپی یەکتر دەکەن. ئەم مەسەلەش بێگومان مایەی نیگەرانییە.

**هێڵە گشتییەکانی کورتەچیرۆک لەنێو هەستتدا تا چ ئاستێ فۆرمەڵە دەبێت، ئایا لە ساتی نووسیندا گۆڕانکاریی لە هێڵە گشتییەکە یاخود کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکەدا دەکەیت؟**

هەندێکجار چیرۆکەکە دەزانم و هەندێکجاریش لە ساتی نووسیندا دەیسازێنم، هیچ وێنایەکم بۆ ئەوە نییە کە بزانم کۆتایی چیرۆکەکەم بەکوێ دەگات. هەموو شتەکان لە ساتی نووسیندا دەگۆڕێن، هەر ئەم شتەش بزاوتن و جوڵە لەنێو چیرۆکەکەدا دەخوڵقێنێت. هەندێکجاریش ئەم جێگۆڕکێیە هێندە ئارامە کە ناتوانرێت هەست بە جوڵەکەی بکرێت، بەڵام هەمیشە گۆڕان و جێگۆڕکێ هەیە.

**ئایا ئەم مەسەلەیە بۆ رۆمانیش هەر دروستە، یاخود بەرلە دەستپێکی نووسین، سەرجەم نەخشەکان کامڵ دەکەیت و پاشان تا کۆتایی پێوەی وابەستە دەبیت؟**

بۆ رۆمانی (زەنگەکان بۆ کێ لێ دەدرێن؟) گرفتێکم هەبوو، هەموو رۆژێ پێوەی سەرقاڵ بووم. بەشێوەیەکی گشتی دەمزانی چی لە رۆمانەکەدا روودەدات، بەڵام رۆژانە رووداوەکانی نێو رۆمانەکەم دەسازاند.

**ئایا بەلای تۆوە ئاسانە لە پرۆژەیەکی ئەدەبییەوە بەرەو سۆراغی پرۆژەیەکی دیکە بڕۆیت، یاخود ئەو ساتەی دەستت بە پرۆژەیەک کرد تا کۆتاکەی هەر کاری**

**تیادا دەکەیت؟**

ڕاستییەکەی من کاری شێلگیرانەم ڕاوەستاندووە تا وەڵامی ئەم پرسیارانەت بدەمەوە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە هێندە گەمژەم شیاوی سزام و سزاش دەدرێم! نیگەران مەبە!.

**ئایا خۆت لە گۆڕەپانی ململانێ لەگەڵ نووسەرانی دیکەدا دەبینییەوە؟**

هەرگیز! هەمیشە هەوڵم داوە تا باشتر لە ژمارەیەک لەو نووسەرانە بنووسم کە کۆچی دواییان کردووە، ئەوانەی لە بەها و نرخیان دڵنیا بووم. هەندێکجار چانس یار و هاودەمم بووە و شتی باشترم لە ئەوان نووسیوە.

**سەبارەت بە کەسایەتییەکان گفتوگۆمان نەکرد، ئایا ئەو کەسایەتیانەی لە بەرهەمەکانتدا هەن، ڕاستەوخۆ لەنێو ژیانی ڕاستەقینەوە هەڵقوڵاون؟**

بێگومان نەخێر! هەندێکیان لە ژیانی ئاساییەوە هێناومن، بەڵام زۆرینەی کەسایەتییەکان لەسەر بنەمای زانیاری و تێگەیشتن و ئەزموونی مرۆڤەکان وەدەستم هێناون یاخود خوڵقانراون.

**چێژ لە خوێندنەوەی نووسینەکانت وەردەگریت بەبێ ئەوەی هەست بکەیت کە پێویستە گۆڕانکاریی لە هەندێکیاندا بکەیت؟**

هەندێکجار دەیانخوێنمەوە تا هەستێکی باشتر پەیدا بکەم، ئەو ساتانەش نووسین کارێکی دژوارە و هەمیشە ئەوەم لەیادە کە نووسین هەمیشە دژوار بووە، هەندێکجاریش بەلامەوە مەحاڵ بووە.

**ئایا لە پرۆسەی نووسیندا، ناونیشان بۆ چیرۆکەکان دادەنێیت؟**

نەخێر!، دوای ئەوەی پەرتوکەکەم تەواو کرد، لیستێک ناو هەڵدەبژێرم! هەندێکجاریش دەگاتە (١٠٠) سەد ناونیشان، پاشان یەک بە یەک لایاندەبەم و گەلێکجار هەمووانم سڕیونەتەوە!

**سەرچاوە:**

ماهنامه الکترونی کتاب نیوز، مرداد ١٣٩٠، راز و رمزهای نویسندگی همینگوی
http://www.ketabnews.com/detail-29403-fa-1.html

# چارلز دیکنز و ڕۆمانی کۆمەڵایەتی




**و. لە فارسییەوە: ئازاد بەهین**

چارلز دیکنز، نووسەری بەریتانی، دامەزرێنەری شێوازێکی نوێ بوو لە ئەدەبی داستانییدا. "ڕۆمانی کۆمەڵایەتی" کە لەگەڵ دیکنز هاتە ئاراوە، دەرەنجامی هەژارییەکی گشتگیرە وەک یەکێک لە دەرەنجامەکانی یەکەمین شۆڕشی پیشەسازیی لە ئەورووپا.

دیکنز کە بە باشی هەژاری دەناسی و تێکەڵی ببوو، لە ڕۆمانەکانیدا بە دڵسۆزیی و هاوخەمییەوە باس لە هەژار و نەدارەکان لە کۆمەڵی تووڕە و بێ بەزەیی ئەو سەردەمەدا دەکات. ئەو بەهۆی ئەو وەسفە جوانانەی کە لە بەرهەمەکانیدا لە چارەڕەشیی مرۆڤ دەینواند، هەروەها بەهۆی ئەو کەسایەتیيانەی کە لەناو خەڵکی کۆڵان و بازاڕ هەڵیدەبژارد و سەرەڕای ئەوە لێهاتوو، ڕەسەن و لە بیرنەکراو بوون و هەروەها بەهۆی ڕەخنە توندەکانی لە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و هەژاری، لە کاتی ژیانیدا یەکێک لە خۆشەویستترین نووسەرانی بەریتانیا بوو. بەرهەمەکانی دیکنز وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانەکان و لە رووی ڕۆمانەکانییەوە گەلێک فیلم و شانۆ و ئۆپێرایان دروستکردووە و لە سینەماکانی جیهان خراونەتەڕوو و نمایش کراون.

## چاودێری وردبین و وریای ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان

دیکنز لە کۆمەڵێک ڕۆمانی وەکو "ئۆلیڤەر تویست" و "دەیڤید کاپێرفیلد"دا بە وەها هاودەردی و هاوخەمییەوە باس لە مرۆڤە هەژار و نەدارەکان دەکات، کە تەنیا نووسەرێک دەتوانێت ئەوە بکات کە بۆ خۆی لەگەڵ هەژاری و بێبەشبوون و چارەڕەشی دەست و پەنجەی نەرم کردبێت.

باوکی دیکنز ژمێریاری هێزی دەریایی بەریتانیا بوو و بە گشتی سەردەمی منداڵێتییەکی باشی هەبوو، بەڵام باوکی تووشی قەرزدارییەکی زۆر هات و کەوتە بەندیخانەوە و دیکنز لەو کاتەدا مێردمنداڵ بوو و ناچار بوو واز لە خوێندن بێنێت و لە کارگەیەکدا ئیش بکات. ئەو هەروەها بە باشی ئاگاداری ژیانی بارەندازەکان بوو لە بەندەری لەندەن. ئەو ئەزموونانە لە گرنگترین ڕۆمانەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە و نیشانەی ئەو ڕاستییەیە کە لە چیرۆکنووسیدا "ئەزموونی ژیان" گرنگییەکی زۆری هەیە.

لە دوای ئەوەی کە باوکی دیکنز لە زیندان ئازاد کرا، توانی جارێکی دیکە بچێتەوە بۆ قوتابخانە. ئەو ئیشی فێرخوازیی دەکرد بەو ئامانجەی کە وەک یاریدەدەری پارێزەر بتوانێت ئیش بکات. قۆناغی ئیشی فێرخوازی بە ناتەواوی جێهێشت و دەستی بە ئیشی ڕۆژنامەنووسی کرد. سەرەتا لە ڕۆژنامەی مۆرنینگ کرانیکل (Morning Cronicle) کۆمەڵێک ڕاپۆرتی لە دادگاییکردنە پڕ کێشەکان بڵاوکردەوە، بەڵام دواتر زۆر زوو ڕوویکردە ڕۆژنامەوانیی فەرهەنگی.

دیکنز سەرەتا بە نیاز نەبوو ڕۆمان بنووسێت، بەڵکو یەکەمین بەرهەمی ئەو لەوانە "ئۆلیڤەر تویست" (The Adventures of Oliver Twist) بەشێوەی زنجیرەیی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکردەوە بەو ئامانجە کە سەبارەت بە هەژار و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆشنگەریی کردبێت و سەرنج و بۆچوونی خەڵک بەرەو هەژار و دەستکورتەکان ڕابکێشێت. کاریگەریی ڕۆژنامەوانی بە باشی لە بەرهەمە پڕخوێنەرەکانی دیکنزدا دەکرێ بەدی بکرێت. هەر لەبەر ئەوەشە کە بەرهەمەکانی ئەو لەوانە ئۆلیڤەر تویست تا ئەمرۆکە هەروا نوێ و پڕخوێنەرن. هەر لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، لە ساڵی ٢٠٠٥دا بوو کە ڕۆمەن پۆلانسکی جارێکی دیکە لە رووی ئۆلیڤەر تویست فیلمی درووست کرد و ئەو چیرۆکەی خستە سەر پەردەی سینەماکانی جیهان و چەندین ملیۆن کەس بوونە بینەری.

بەهەرحاڵ یەکەمین ڕۆمانی دیکنز لە ڕۆژنامەکاندا ساڵی ١٨٩٣ بڵاوکرایەوە.

ناوی ئەو رۆمانە (The Pickwick Papers) بوو، رۆمانێکی دۆن کیشۆتئاسا بە کەسایەتییەکی تەوەری بە ناوی ئاغای پیکووک و خزمەتکارەکەی سام و رووداوە سەرسامهێنەرەکان کە بۆ ئەوان روو دەدات.

### ژیانی مرۆڤە کەم داهات و منداڵە بێ بەشەکان:

گرنگترین لایەن و رووی جیاوازی رۆمانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی رۆماننووسی لە چۆنێتی هەڵبژاردنی کەسایەتییەکاندایە. نووسەر لە جیاتی ئەوەی کە روو بکاتە ژیانی شکۆدار و رازاوەی چینە سەرووەکانی کۆمەڵگا و ئاهەنگی سەما و میوانی و قومار و عەشق و عاشقییە بێ ئەنجامەکانی دەوڵەمەندەکان، کەسایەتییەکانی لەناو خەڵکی هەژاردا هەڵدەبژێرێت و ژیانی ئەوان و تواناییەکانیان لەناو کۆمەڵگەیەکی بێ بەزەیی لەگەڵ چارەڕەشییەکان و ژیانی تاقەت پڕووکێنی رۆژانە وێنا دەکات.

دیکنز هەر بەو یەکەمین رۆمانانەی کە بەشێوەی پاوەرەقی لە رۆژنامەکاندا بڵاوی دەکردنەوە، لە نیکۆلاس نیکلێبی (The Life and Adventures of Nicholas Nickleby) یان دووکانی کۆنەفرۆشی (١٨٤١) (The Old Curios-ity Shop) ناوبانگ و خۆشەویستی بەدەستهێنا.

ئۆلیڤەر تویست (١٨٨٣) چیرۆکی منداڵێکی هەتیوە کە لە نانەوایەکدا گەورە دەبێت. دەیڤید کاپێرفیلدیش (١٨٥٠) کە لە روانگەی یەکەم کەسی تاک دەگێڕدرێتەوە، چیرۆکی گەشەکردنی منداڵێکە کە زڕباوکی ئازاری دەدات و بە خراپی هەڵسووکەوتی لەگەڵ دەکات، لە ماڵ هەڵدێت و لە لەندەن لە دوکانێکی شەراب فرۆشیدا ئیش دەست دەخات، لەدوای مردنی دایکی و مایەپووچبوونی خاوەن کارکەی، بۆ لای پووری دەچێت. پووری دووبارە دەینێرێتەوە بۆ قوتابخانە، دەیڤید روو دەکاتە رۆژنامەوانی و نووسەرێتی و لە داوی ئەوەی کە پووری بەشێکی زۆر لە داراییەکانی بەهۆی قەیرانی ئابووریی لەدەست دەدات، سەرپەرشتی و ئاگاداریی لەو دەکات و لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدات بە بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکان گەندەڵی دەسەڵاتداران و کەسانی تێوەگلاو لە قاو بدت و هۆکارە راستەقینەکانی هەژاری و نەهامەتییەکان و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرا بکات.

دەبینن کە ژیانی پڕ رووداوی دەیڤید کاپێرفیلد لە هەر هەموو روویەکەوە هاوشێوەی ژیانی چارلز دیکنزە. لە خۆوە نییە کە دیکنز ئەو رۆمانە بە

خۆشەویستترین رۆمانێک دەزانێت کە نووسیویەتی. دیکنز وتوویەتی: من باوکێکی باشم بۆ هەموو منداڵەکانم، بەڵام بە نهێنی یەکێکیانم زۆرتر لە ئەوانی تر خۆش دەوێت و ئەویش دەیڤید کاپێرفیلدە.

دەبێت ئەوە لە بەرچاو بێت کە لەو سەردەمەدا هێشتا کۆمەڵگەی مەدەنی لە رۆژئاوا نەگەیشتبووە یەکگرتوویەکی ئەوتۆ و یاسایەک کە مافی منداڵان لەبەرچاو بگرێت و مسۆگەری بکات، بوونی نەبوو. لە شۆڕشی پیشەسازیدا منداڵان لە کارگە و کانەکان ئیشی زۆر قورسیان دەکرد و زۆریان یان گیانیان لەدەست دەدا و یان roوویان دەکردە گەندەڵی و دزیکردن. دیکنز لە بەرهەمەکانیدا زیاتر لە هەموو شتێک داکۆکی لە مافی مەدەنیی منداڵان دەکات.

## پارێزەری بێ بەشان:

لە ساڵی ١٨٤٨ دیکنز رۆمانێکی نووسی بە ناونیشانی "سروودی کریسمەس" (A Christmas Carol). ئەو لەو رۆمانەدا چیرۆکی پیاوێک دەگێڕێتەوە کە شەوی کریسمەس سوێسەکان بۆ لای دێن و ناچاری دەکەن کە ژیانی خۆی بگۆڕێت. لەو کاتەوە سەرمایە و سامانی خۆی بۆ خۆشگوزەرانی بنەماڵەکەی و هاوەڵانی دەخاتەکار. لە "دامبی و کوڕەکەی" (١٨٤٨) (Dombey and Son)دا دیکنز بە توندی رەخنە لە هەلومەرجی ئیشکردن لە کارگە و کانەکان دەگرێت، لە "ماڵی خەم لێدراودا"دا (Bleak House) داد و دادگەری بەریتانیا دەخاتە ژێر پرسیارەوە و لە "سەردەمی کوێرەوەری"دا (١٨٥٤) بە توندی رەخنە دەگرێت لە شێوازی ئیشی پیشەسازییەکان لە بەریتانیا.

ئەگەر لە رۆژئاوا مەدەنییەت بوونی هەیە و مافی کرێکاران و منداڵان پێناسە و مسۆگەر کراوە، بەشێک لەم دەستکەوتانە بەهۆی هەوڵە ماندوویی نەناسەکانی نووسەران و رۆژنامەنووسانێکی وەکو چارلز دیکنزە.

لە ئێران سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵگە زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام منداڵانێک هەن کە لە شەقامەکان گەورە دەبن، ئازار دەدرێن و دەستدرێژییان دەکرێتە سەر و لە کەمترین مافە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان بێ بەشن و لە هەمان کاتدا، گرووپێک لە نووسەران لە جیاتی ئەوەی کە سەبارەت بە شوێنی ژیانیان هەستیار بن، لە فەزا ئاپارتمانییەکاندا چیرۆکی خۆشەویستیی بێ سوود دەنووسن و لە پەیوەندییە ناتەندرووست و کۆڕ و کۆمەڵییەکاندا خەڵات بە یەکتر دەبەخشن و کاتێکیش رەخنەیان لێدەگرن، رەخنەگران بە نەزان تۆمەتبار دەکەن. بە دڵنیاییەوە

دەوڵەتیش پشتیوانیان لێدەکات، بەڵام تا ئەو رادەیە کە هێڵی سوور نەبەزێنن و هیچ کات ئەوەندە گەورە نەکرێنەوە، کە بتوانن نارەزایەتی دەربڕن. بەو جۆرەیە کە گرنگترین بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێمەدا نایەتە ئاراوە و رەخنەی ئەدەبیش رۆمانی کۆمەڵایەتی بە کەمبایەخ و سووک نیشان دەدات و لە بەرامبەردا داکۆکی و رەسمییەت بە جۆرێک ئەدەبیاتی زەینی دەبەخشێت کە تەنیا کەڵکەڵەی نەخۆشیانەی نووسەرێک لە لایەنێکی سۆزداریدا دەخاتەڕوو.

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەو خاڵە بکرێت کە کەس ناتوانێت دژایەتی ئەدەبیاتێکی ئەزموونی بکات کە لەسەر بنەامی رێفلێکۆسیۆنە زەینی و فەلسەفی و سۆزدارییەکانی نووسەرێک لە دەقی ئۆربانیزم (شارخوازی) وەستاوە، بەڵام ئەو جۆرە لە رۆماننووسی دەبێت بچێتە پاڵ جۆرەکانی دیکەی ئەدەبی.

بەڵا، دیکنز تا لە ژیاندا مابوو، خوێنەرانێکی زۆری هەبوو و لە بەریتانیا و ئەمریکا لە کۆبوونەوە چیرۆک خوێندنەوەکاندا بەشداری دەکرد و بۆ ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی چیرۆکیشی دەخوێندەوە. چارلز دیکنز لە ٩ی ژوئێنی ساڵی ١٨٧٠ بەهۆی جەڵدەی مێشک لە تەمەنی پەنجاوهەشت ساڵیداماڵئاوایی لە ژیان کرد. ئەو هەروەها دامەزرێنەر و خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی دەیلی نیوزە کە تا ئەمڕۆ هەروا لە گرنگترین رۆژنامەکانی بەریتانیا لەقەڵەم دەدرێت.

**سەرچاوە:**

http://www.radiozamaneh.com/culture/khaak/2011/09/20/6923

# ئیتر کاتی ئەوەیە من بڕۆم



ن: شەهلا شەهابیان
و. لە فارسییەوە: جەواد حەیدەری

– دەڵێی بێوەژن وەک میوە وایە؟ قسەی وە دوا دەخەن، ڕاست دەکەی، بەڵام من کارم بەوە نییە. قسەی من شتێکی ترە.

– دەنگی پوورم بوو. بە دایکمی وتبوو. بێوەژنم، شێتم، وێڵم، هەر شتێک بم پەیوەندی بەوەوە نییە. پێی بڵێ وازم لێ بێنێت و لەکۆڵم بێتەوە. گوێم نابوو بە دەرگاکەوە. دایکم متەقی لێوە نەدەهات. تەنها ئاخی هەڵدەکێشا. ڕەسوڵ جانتاکەی لە دەستم وەرگرت و لە سووچێکی ژوورەکەدا داینا و وتی: سەیری ئەمە ناکەی!!

سەیری ئینجانەکەی سەر ڕەفەکەم کرد، دوای سێ ساڵ تازە چرۆی کردبوو لە لابەلای بەرگەکانیدا گوڵێکی پەمەیی ڕوابوو. چاوەکانی ڕەسوڵ پێدەکەنین. پوورە شەهێنم وتی: هەتا درەنگ نەبووە بیرێک لەو منداڵە بکەوە. دایکم ئاخێکی هەڵکێشا و وتی: مەگەر خوا بۆ خۆی بیرێک لە حاڵی ئەو بکاتەوە. ڕەسوڵ وتی: گوناحە!!! ناچاری مەکەن بەم وەزعەوە بەرامبەر خوشکەکەی بوەستێتەوە. لەناکاو چاوەکانی تێکچوون. وتی: بۆ ئەوەندە خۆت ئازار دەدەی، لەو سووچە ڕاوەمەستە، بڕۆ دەرەوە، بڕۆ بۆ بازاڕ شتێک بکڕە. ئێستا کاتی خۆیەتی!! بڕۆ جوتێک ماسی سوور بکڕە، ناوی ماسییەکان بە ناوی خۆمانەوە دەبێت و ناوی خۆمانی لێ دەنێین، بەڵام وەک پارەکە لە بیرت نەچێت خۆراکیان بدەیە.

لە ژوورەکە دەنگی فینکە فینکی گریان دێت، چاوەکانی رەسوڵ زۆر نیگەرانن. دووبارە گوێم دەنێم بە دەرگای ژوورەکەوە. پوورە شەهێنم وتی: ئەوانە تازە شانسیان کراوەتەوە!!! قسەیان لەگەڵ بکە. لەگەڵ پیاوێکی ژیر، کەسێک کە ئاگای لە هەر دووکتان بێت. رەسوڵ هەناسەبڕکێی بوو، بە دەنگێکی بەرز دەگریا، دایکم وتی: بێدەنگ بە!!! ئەگەر بێتەوە بۆماڵەوە و ببیستێت چی؟

بە دایکم وتبوو: ئەمجارەیان لە بەرامبەریدا دەوەستمەوە، رەسوڵ وتی: کاری وا مەکە!!. ئەگەر نێوانیان تێکچێت دایکت بە تەنیا دەمێنێتەوە. سەیرم کرد، تەنیا؟ کەواتە من چیم؟ چاوەکانی رەسوڵ تەڕ بوو. کوڵی گریان گرتمی، وتم: رەسوڵ تەنیام. رەسوڵ وتی: من لەگەڵتم. دواتر ئاخێکی هەڵکێشا. هیچم نەوت تەنانەت هەناسەشم هەڵنەکێشا هەتاکو باقی قسەکانی دایکم ببیستم. قسەیەکی نەکرد. پوورم وتی: ئەگەر لە خەمی خۆتدا نیت، لانی کەم بیرێک لەو بکەوە. وتت وای لێهاتووە لەگەڵ کەس نادوێت و تەنها قسە لەگەڵ خۆی دەکات. ئەگەر وابێت ئەوە نەخۆشە. باشە. خۆم کۆکردەوە. لەوانە ئێستا برۆ تاتۆکراوەکانی هەڵدەتەکێنێت و بە چاوە گەورە خۆڵەمێشییەکانی سیلەی لە قاچی دایکم گرتووە. وتم: دڵڕەق!!. رەسوڵ لێوی خۆی گەزی. دایکم پێشی بە فینکە فینکەی ئەو گرت و وتی بیکە بۆ خاتری خوا هێواشتر و لەسەرخۆتر!! ئێستا کاتی ئەوەیە بگەڕێتەوە.

پوورە شەهێنم بە قاچەکانییەوە نایە سەر عارەبانەکە و دایکیشیم قاچەکانی نایە سەر یەک و بەرامبەری دانیشت. سەیری چاوەکانی دایکم کرد. دایکم بە کەیف نەبوو. چەرچەفەکەم (سەر دۆشک) قەت کرد و خستمە سەر قاچی دایکم. رەسوڵ مۆنی کرد و رووی گرژ کرد. وتی: بۆچی ئەو کارەت کرد، قاچەکانی دەشارییەوە بۆ ئەوەی نەیانبینی؟ چاوەکانی وێک نابوو بە حاڵ چاوەکانی کردبووەوە.

دەنگی پوورە شەهێنم بەرزبووەوە. لێگەڕێن با گوێی لێ بێت، بۆ تێناگەی؟ پێت وایە منداڵەکەت بە هاوکارەکانی ناڵێت مێردەکەی مردووە؟ ئیتر بەسە کاتی ئەوە هاتووە لەو کەشوهەوایە بێتە دەرێ. دەنگی گریانی دایکم بەرز بووەوە. وتم: بێدەنگ... بێدەنگ... وست... رەسوڵ وتی: وا مەڵێ تۆ بۆ خۆت دڵت لە شوێنێکی تر پڕە!! دووبارە هەست بە گوناە دەکەم. تەنها بە رەسوڵم وتبوو ئەو کاتەی کە منداڵ بووم حەزم دەکرد پوورە شەهێنم دایکم بوایە. بە تایبەتی ئەو کاتانەی کە شایی و زەماوەند دەبوو پوورم بەو بەژن و باڵا و ئەندامە جوانەی سەما و هەڵپەڕکێی دەکرد و شاباشی وەردەگرت و دەیدا بە کچەکەی. هەمیشە لەوە دەترسم ئاخر رۆژێک دایکم ئەو قسەیەی بە گوێ بگاتەوە کە من وام وتووە.

ڕەسوڵ چاوەکانی تۆزێک وێکنا، وتی تۆ گێلی، بۆچی ناتەوێت تێبگەی کە ئەو کاتەی کە تۆ ئەو قسەیەت کردووە کچێکی بچووک و کەم تەمەن بووی. دەستی نایە سەر شانم، دەستی زۆر سووک بوو. دەستە سووکەکەی دەنێتە سەرشانم بۆ ئەوەی دڵم توند توند و خێرا لێنەدا. دەستی هێندە سووکە هەستی پێناکەم. ئێستا دڵم زۆر زۆر بە خێرایی لێدەدا خەریکە لە دەمەوە بێتە دەرێ.

ڕەسوڵ پێدەکەنێت و دەڵێ ئەوە بوو بە شتێ. پوورم بۆڵەبۆڵ دەکات و دایکیشم هەنسک دەدات و من هەرچی هەوڵدەدەم دەنگێک نابیستم. دەست دەگرم بە دەسکی دەرگاکەوە و دەمەوێت بڕۆم، ڕەسوڵ دەستم دەگرێت و دەڵێ نابێ تۆ بڕۆی. دایکم دەناڵێنێ و دەڵێ تۆزێک هێواشتر. نامەوێ ببیستێت کە منداڵەکەی خەم دەخوات. ڕەسوڵ دەڵێ: خەم مەخۆ، باشە؟ دەنگی پوورە شەهێنم بەرز دەبێتەوە و دەڵێ: لێی گەڕێ با گوێی لێ بێت کە کچەکەی بە هاوکارەکانی خۆی نەوتووە کە مێردەکەی مردووە. دایکم دیسان کوڵی گریان گرتی و وتی: سوودی چییە کە بزانن؟ ئاوا باشترە. پوورم بە توڕەییەوە دەڵێ: بۆ کێ باشە؟ ئەو کە بێ مێردە یان تۆ کە پەرستاری بەلاشت هەیە؟ وتم: هەی بێ ڕوحم و دڵڕەق. دایکم هۆن هۆن دەگریا و وتی: ئەویش وەک خۆم چارەڕەشە و بەختی نییە، هیچ ناکرێت. پوورم هاواری کرد و وتی بۆ تێناگەی؟ تەمەنێکە چەسپیوی بەو عارەبانەیەوە و هەرچی ئێمە قسە دەکەین تۆ هەر دەڵێی وس... بێدەنگ... بێدەنگ، هیچ مەڵێن بێوەژنم. ئێستاش دەتەوێت هەمان بەڵا بەسەر ئەودا بێنیت. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئەویش لەم کەشوهەوایە بێتە دەرێ. دوو ساڵ و نیو لە مردنی مێردەکەی تێپەڕ دەبێت!!!

ڕەسوڵ وتی: دوو ساڵ و نیو تێپەڕی؟ چاوەکانی خەفەتاوی بوون، بەڵام لێوەکانی پێدەکەنین.

دەنگی گریانی دایکم بەرز و بەرزتر دەبووەوە، خۆم لە ڕەسوڵ دوورخستەوە، چرپەچرپێکی کرد و وتی: چەند هەناسەیەک هەڵکێشا تا پشووت دێتەوە سەرخۆ.

نەمدەویست پشووم بێتەوە سەرخۆ. کاتێک کە چوومە ژوورەوە دەبێت ئەوەندە تووڕە بم کە لە رووم هەڵبێت سەیری چاوەکانی پوورە شەهێن بکەم و بەبێ شەرم و ترس پێی بڵێم هەستێ وەدەرکەوێت و گۆڕی خۆی ون کات. پێی بڵێم لە کوڵ منی شێت و دایکی ئیفلیجم بێتەوە.

ڕەسوڵ وتی: دیسان خەریکە تێکی دەدەیت!! خۆ پوورە شەهێن مەبەستی ئەوە نییە.

ڕەسوڵ لەو شتانە تێناگات. نازانێت کاتێک هاوکارەکەم کارتی شاییەکەی

دایە دەستم بە تەشەرەوە وتی: ئیتر من شەقارتەی بێ خەتەرم و مەترسیم نییە. ئێستا دەکرێت مێردە جوان و ڕێکوپێکەکەی تۆ لە شاییەکەدا ببینم؟ دڵم تێکەڵ هات و رامکرد بۆ ئاودەستەکە و رشامەوە. نازانێت کاتێک من لە ئاودەستەکە دەرشامەوە هاوکارەکەم بە پێکەنینەوە پێی وتم: پیرۆزە. ئێستا زاوا کوڕی دەوێت یان کچ؟ پەلی دەگرم و دەیهێنمەوە ناو ئاودەستەکەوە، چاوەکانی وەها تێکنابوو کە زۆر بچووک ببوونەوە. سەری دەگرم و دەموچاوی دەخەمەوە ناو سیفۆنی ئاودەستەکەوە. رەسوڵ ئەم شتانە نازانێت و بەردەوام دەڵێ نا... نا... نا!!! دەرگای بەسەردا دادەخەم. پێی دەڵێم بەڵێنەکەمان با وەک خۆی بمێنێتەوە. پێیان بڵێ کە مێردەکەم منداڵی نابێت.

رەسوڵ لەم شتانە تێناگات. لێی دەپرسم رەسوڵ ئەوەندەی دەهێنا تۆ وات کرد. سەیرم دەکات. کوڵی گریان دەمگرێت. وتم: رەسوڵ ئەو کارەی تۆ کردت ئەوەندەی دەهێنا کە من چارەڕەش بم؟ چاوە گریاناوییەکەی رەسوڵ تەسکتر دەبنەوە، دەیەوێت دەنگی خۆی ساف بکات. رووی خۆمی لێ وەردەگێڕم. ئێستا وەختی خۆیەتی کە بڵێ هەموو شت دەبێ لە کاتی خۆیدا هەڵیسەنگێنیت.

گوێ دەنێم بە دەرگاکەوە، دایکم ئیتر ناگری، رەسوڵ وتی: پوورە شەهێن راست دەکات. دواتر ئاخێکی هەڵکێشا. حەزم دەکرد لە باوەشم بگرێت. رەسوڵ وتی: دوو ساڵ و نیو تێپەڕیوە. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە کۆتایی پێ بێنین. ئیتر کاتی ئەوەیە بڕۆم. چاوەکانی وەک ئەو کاتانەی لێهاتبووەوە کە دەیەویست قسەی جدی بکات.

دایکم لەناو قسەکانی پوورمدا قاقا پێدەکەنی. رەسوڵ دەستی برد بۆ ئەو دەورییەی کە لەسەر رەفەکە بوو، بە هێواشی سووچی قوماشەکەی گرت. ئەو گەنم و ئاوەی کە لەناو دەورییەکەدا بوو چرۆی کردبوو و سەوز بوو. دەنگی رەسوڵ گریاناویی بوو، وتی ئەمساڵ لەباتی گەنم دەبێت ماشم بۆ لەناو ئاو بکەی هەتا سەوز بێت، من گەلای سەوزم زۆر خۆش دەوێت لەبیرتە؟

**سەرچاوە:**

www.valselit.com

# هونەر

## هونەر

پۆلێنکردنی هونەری هاوچەرخ — **تەها ئەحمەد رەسولْ**

وتوویژ لەگەڵ شەهرام نازری — **و.محەمەد ئەدیبی**

تەقوا کارکردنێکی ورد لەسەر ئیسلامی سیاسی لە تورکیا — **سیروان رەحیم**

ئیستاتیکای بێدەنگی و کولتووری ژاوەژاو — **و. ئەکبەر حەسەن**

# پۆلێنکردنی هونەری هاوچەرخ



تەها ئەحمەد رەسوڵ

شێوەی توێژینەوەی هێربرت رید بۆ هونەری هاوچەرخ چەند جۆرێک لەخۆدەگرێت، دەبینین لەپاڵ دوالیزمی تیۆرەکەیەوە کە لە (فۆرنگەر)ەوە وەریگرتووە و سانای کردۆتەوە، چەند لایەنێکی لێدەبێتەوە و دەڕژێتە نێو فەلسەفە و دەروونشیکاریی نوێوە، لە نووسینەکانی فۆرنگەردا و بەتایبەتیش لە هەردوو کتێبی (ئەبستراکت و شیکردنەوە) و (شێوە لە هونەری شوانکارەییدا- **الفن القوطي**) گریمانەکەی رید بەدەردەکەوێ و بانگەشەی دوو جۆر هونەری دژ بەیەک دەکات کە هەریەکەیان ئامانج و ئەرکی تایبەتی خۆیان هەیە، ئامانجیش لە خوڵقاندنی هەریەک لەم هونەرانە دابینکردنی پێداویستی جیاوازە، ئەو دوو هونەرەش هونەری ئەبستراکت، یاخود ئەندازەیی و هونەری ریالیزمییە یان ئەندامیی، لە سیستمەکەی ریددا ریالیزم بەواتای دڵسۆزی لە بەخشین و راستەقینەیی لەگەڵ سروشتدا، ئەبستراکتیش بەمانای هەموو شتێک کە لە سروشتەوە سەرچاوە دەگرێت، لێ بەمانای خۆتەرخانکردن ناگەیەنێت لەهەمبەریدا، داماڵین و رووتکاریی بریتییە لە (رزگاربوونێکی گەوهەری لە هەموو ئەو شتانەی دیاریکراون).

شایانی وتنە رید ئاشنای دوالیزمەکەی فۆرنگەر بووە لەمیانی بڵاوکراوەکانی شاعیر و رۆشنبیری ئینگلیزی (تۆماس ئارنست هۆلم)ەوە کە زانیاری تەواوی هەبووە لە تیۆرەکەی فۆرنگەردا ساڵی ١٩١٤. وتارە بەناوبانگەکەی فۆرنگەر (ئەبستراکت و شیکردنەوە) لە ساڵی ١٩٠٦-دا نووسیویەتی و لە ١٩٠٨-دا بڵاوبۆتەوە، زانراویشە کە چەمکی فۆرنگەر بۆ هونەر تەرخانکراوە بۆ دوو بایەخدەری هونەریی کە ئەوانیش ئەلویزی ریگڵ لە بواری مێژووی هونەر و لیپس لە بواری دەروونشیکاریی و ئیستاتیکایە.. سەرنج دەدرێت تیۆرەکەی فۆرنگەر بەر لە مەیلەکانی ئەبستراکت کەوتووە لە هونەری نوێدا، هەندێکیش بۆ ئەوە دەچن، ریدیش یەکێکە لەوان، کە بیرۆکەی وتارەکەی فۆرنگەر زەمینەی تیۆرەیەکی خۆشکردووە بۆ کارەکانی (ڤاسیلی کاندینسکی) و (کاشیمێر مالیڤیچ) و (گابۆ) کە هەموویان بەرەو هونەرێکی ناکەسێتیی و رووتکاریی دەکشێن.

رید هەوڵدەدات هونەری هاوچەرخ بکات بە دوو پۆلەوە کە بەلایەوە رێبازی نوێخواز و شۆڕشگێڕانەیان هەیە، ئەوانیش هونەری ئەبستراکت و ئەوەی پێی دەوترێت هونەری ناکەسێتیی ئەندازەیی لەگەڵ هونەری سوریالیدا، رید دەربارەی یەکەم دەڵێت هونەرێکە جەخت لە پێوەر و بەها پلاستیکییەکان دەکاتەوە، هونەرێکی بابەتیانەیە و پابەندی هیچ سیاسەتێک نییە، لەکاتێکدا ئەوەی دووەمیان ئەدەبییە (تەنانەت لە نیگارکێشانیشدا) خودیی و پابەندە بە سیاسەتەوە. بەپێی تیۆرەکەی فۆرنگەر رید بوونی دوو رێگە بە پێویست دەزانێ بۆ گەیشتنە ئاکامی باش لە خوڵقاندنی هونەریدا، ئەوانیش رێگە یان شێوازی ئەبستراکت و رێگەی مەبەستدار بۆ دۆزینەوەی جیهانی ئەندامیی، روونیدەکاتەوە رۆچوونە نێو ئەم دوو ستایلەوە رەوشی دەوروبەر دەستنیشانی دەکات، وەک ئەوەی مرۆڤ هەست بکات کە هێزەکانی سروشت شەڕانگێزی هەڵگرتووە، بۆ نموونە لە زەوییەکانی بەشی باکووردا کە بە بەفر داپۆشراون یان لە بیابانەکاندا، وایدەبینێ کە هونەر هەڵاتنە لە هەموو ئەو شتانەی هێما و ئاماژەیەک بن بۆ سروشت، هێڵێکی چەماوەی ئەندامیی بە سادەترین شێوەکانیەوە مایەی قایلبوون نییە، هەربۆیە هونەرمەند لەو ناوچانەدا هەموو شتەکان بەشێوەی ئەندازەیی دادەڕێژێت بۆ خاتری بەخشینی فۆرمێک کە کەمتر لە سروشت نزیک ببێتەوە، پێدەچێت کاری هونەریی هەمیشە پێویستی بە دینامیکیەت و چنینەوەی بیروڕاکان بێت لەپێناوی وروژاندنی هەستەکاندا، بۆیە دەبینین شێوە ئەندازەییەکانی ئەو هونەرە تژین لە دوودڵی و ڕاڕایی. سەرباری ئەوەی میکانیکییە کەچی هەستەکان دەوروژێنێ. لەلایەکی دیکەوە رید جەخت

لە هونەری زیندووی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان دەکاتەوە کە هەماهەنگن لەگەڵ سروشتدا، ئەو میللەتانە ئارەزووی هێڵی چەماوەی ئەندامیی دەکەن و زیندوێتی پێدەبەخشن، هونەری کەشوهەوا مامناوەندییەکانی نزیک رۆخ و پێدەشتەکان هونەری خۆشنودییە بە چیان و متمانەی تێدایە، رووەک و ئاژەڵ و فیگەرە مرۆییەکان کە لەو هونەرەدان بە وریاییەکی هەستیارەوە پێشکەش کراون، دەبینین هەر دابڕان و جیابوونەوەیەک لە لاساییکردنەوەی سروشت (کە ئەوەش شتێکە رید بە سیفەت و خەسڵەتی بنەڕەتی هەموو هونەرێکی دادەنێت) ئامانجی بەرجەستەکردنی ترپە زیندووەکانە، رید پێی وایە ئەو دوو چەشنە هونەرە دژ بەیەکە (ئەندازەیی و ئەندامیی) لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا بوونیان هەبووە، بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ سەرهەڵدانی شارستانییەکان و تێکەڵاوبوونی رەگەزە مرۆییەکاندا ئەو هونەرەش ئاوێتەی چۆنێتی دەبێت، هێڵی سەرەکی گشتی دیرۆکی هونەر بە سادەیی ئەو تێکەڵاوبوون و تەبایی دژەکان لەگەڵ یەکتر ئاماژە پێدەدات، دەتوانین لە هونەری رۆژهەڵاتی و هونەری شوانکارەییدا (**الفن القوطي**) ئەوە دەرک بکەین کە لە گەوهەریاندا دارشتنی بنەمای ئەندازەیی بە ئەندامیی هەڵدەگرن.

چەشنی ئەندازەیی لە هونەردا بەردەوام بەدەردەکەوێت هەر لە زەمەنی بەر لە مێژووەوە تاوەکو زەمەنی مێژووش، گەر سەرنج لە نموونەی نزیک بدەین بەشێوەیەکی رێژەیی دەبینین هونەری ئەندازەیی بەرەو شێوازی مۆریتانی دەگەڕێتەوە، باشترین رواڵەتی ئەو هونەرە لە هونەری بێزەنتی و رۆمانیدا دەبینرێتەوە، هەروەها دوور لە کاریگەریی دیکە لە پیرۆ و مەکسیک و جاوە و ژاپۆندا دەیبینینەوە، گەڕانەوە بەرەو هونەری ئەندازەیی کۆبیزمی نوێش بەرجەستەی دەکاتەوە.



رید پێی وایە ڕۆچوونە نێو ئەبستراکت سیفەتێکی بەرچاوی کۆچبەرەکانی باکووری زەوی بووە و ئیدی هونەری ئەندازەیی بە ئەوروپا و ئاسیادا بڵاوبۆتەوە (لە ئیرلەنداوە بۆ سیبریا). بەگشتی دەکرێت بڵێین ئەو دیاردەیە لە مێژووی ئابووری جیهاندا دوپات بووەتەوە، کە ئەوەش هێرشی میللەتانێک بووە کە لەسەر ڕاوشکار ژیاون بەرەو میللەتانی کشتوکاڵی، ئەو کۆچبەرانە لەگەڵ خۆیاندا زەخرەفە و کڵێشە ئەندازەییەکان و چەکەکانیان هەڵگرتووە وەک گوزارشتێک لە دروستکراوی خۆیان و بیروباوەڕە تەمومژاوییەکانیان.. هەموو ئەمەش پرۆسەیەکی ئاڵۆز بوون لە هاتنە سەر تەختی پاشایەتی و روخانیان سەرباری کودەتای ئابووریی و کارەساتی سروشتی و سەرهەڵدانی ئایینەکان، ڕەنگە هونەریش هەموو ئەم شتانەی بەرجەستە کردبێت، لەگەڵ نیشتەجێبوون و سەقامگیربوونیشدا هونەر بەشێوە مێژوویە مەزنەکەیەوە دەرکەوتۆتەوە وەک هونەری ساسانی و ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی و هی دیکە.

رید ریالیزم بە هونەرێکی مرۆیی ناو دەبات کە لەسەر ڕەگەزی دەربڕینخوازیی هزریی و کاردانەوەکان دەوەستێتەوە و قۆناغەکانی گریکی و ڕۆمانی و سەردەمی ڕێنیسانسی ئیتاڵی دەگرێتەوە، هونەری مرۆیی بەرامبەر بە هونەری ئەبستراکت دەوەستێتەوە و ئەرکی خوڵقاندنی فیگەری پلاستیکییە بەهاوشانی ستاتیکا، بەو پێیەش هونەری ئەبستراکت دوو چەشنە ڕەگەز لەخۆدەگرێت، ڕەگەزی شێوەیی بۆ پێوانە و گونجاندن کە کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی هەستەکان دەوروژێنێ لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەدا کە سروشتێکی نائاگایە لەخۆدەگرن.

دوالیزمەکەی رید لە بۆچوونەکانی ئەفلاتون لەمەڕ هونەر نزیکدەبێتەوە هەربۆیە رید لای خۆیەوە بایەخی ئەوتۆ دەدات بە توێژینەوەکانی ئەفلاتون، بەڕای رید ئەفلاتون شێوەی ڕێژەیی و شێوەی ڕەهای لەیەکتر جیاکردۆتەوە، لە ساتی هەوڵدان بۆ شیکردنەوەی شێوەکانی نیگارکێشان، ئەفلاتون وایدەبینێ کە شێوەی ڕێژەیی ئەو شێوەیەیە کە سود و جوانییەکەی لە سروشت و هەموو شتە زیندووەکان جیانابنەوە کە هەوڵدەدات لاساییان بکاتەوە، هەرچی شێوەی ڕەهاشە شێوەیەکە یان داماڵین و رووتکارییە و پێکهاتووە لە (هێڵی جێگیر و بازنەیی و ئاستەکان و بارستایی) کە هەموویان لە بوونەوەرە زیندووەکانەوە هاتوون لەڕێگەی بەکارهێنانی پێوانەی ئاسانەوە، ئەفلاتون ئەو جوانییە نەگۆڕ و سروشتییە بەراورد دەکات بە ئاواز و میلۆدی دەنگی پوخت و هێمنەوە کە لەبەر پێودانگی تر جوان نین بەڵکو بۆ خۆیان جوانن.

بە بەکارهێنانی ئەم گریمانەیە لە جیاکردنەوەی شێوە و فۆرمەکان دەتوانین

شێوەکانی کارە هونەرییە سەرکەوتووەکان بکەین بە دوو جۆرەوە، یەکەم دەتوانین بە تەلارسازیی ناوی بهێنین و ئەوی تریش بە هێماخوازیی یان شێوەی رەها. قسەکردن دەربارەی شێوەی تەلارسازیی رید بەرەو نمونەی خوڵقاندنی پێکهاتە لە نیگارکێشانی سەردەمی رێنیسانسدا دەڕوات، وەختێ هونەرمەندەکە خۆی لە ناهاوسەنگی لاداوە بنەمای نیگارکێشانی وەک بەکارهێنانی دروستکردنی هەرەمەکان پەیڕەو کردووە، ئەوەی لێرەدا سەختە سروشتی ئەو شێوەیەیە کە رید بە سیمبۆڵ و هێما ناوی بردووە، لەمبارەیەوە دەکرێت پشت بە هەوڵەکانی گریمانەی سایکۆلۆژیی یۆنگ و دەروونناسی دیکە ببەسترێت لە سەلماندنیدا، ئاستی قووڵبوونەوەی ئەپستیمی ئەنترۆپۆلۆژیی و ئایینیان گەیشتۆتە ئەو گەتەیەی کە پێی وایە سیمبۆل دەشێت فۆرمێکی بە بنەچە هەرەمەکی بێت، بەواتای سیمبۆل رواڵەتێکی تایبەتی بپۆشێت لەبەرەنجامی دەرککردنە خودییە نائاشکراکانەوە.

بەپێی بۆچوونە ئەفلاتونییەکان شیمانەکەی رید بەم شێوەیەیە: هەموو کارێکی هونەریی لە دوو کۆمەڵە فاکتەر پێکدێن کە دەتوانین بە گشتگیریی و نماییشکاریی ناویان ببەین، لە کۆمەڵەی گشتگیریدا هەموو رەگەزەکانی فۆرم و رەنگ و ماتریال یان ئەو رەگەزانەی راستەوخۆ کار لە هەستەکان دەکەن دەگرێتەخۆ، بەم پێیەش دەکرێت هەستی مرۆیی بە جێگیریی لەقەڵەم بدرێت لە هەموو زەمەنەکاندا، هەرچی کۆمەڵەی نمایشکارییە ئەو رەگەزانەن کە دیالۆگ لەگەڵ هزر و هەست و نەستدا دەکەن ئەوانیش پەیوەستن بە وشە و سیمبۆل و بیرۆکەکانەوە، لەم چەشنەدا واتا سەرەتایی و سیحرییەکان دەچنە نێو دەمامکێکی دڕندانە و مانای ئایینی پەرستگای گریکی یاخود کڵێسەی بێزەنتی و یان فریسکۆ و دیواربەندەکانی جیتۆ ئەنجیلیکۆوە، یاخود مانا و بایەخە هزرییەکانی (لیۆناردۆ داڤینشی) و (پۆسان) و کارە رازێندراوەکانی (کۆسیما تورا) و (جۆرج براک). بەم شێوەیە دەبینین رید لەم جیاکردنەوەیە گشتییەدا ئەوەش لەو باوەڕەیەوە کە دەرک پێکردنی ئەو هۆکارانە لە کاری هونەرییدا ئەرکێکی پێویستە بۆ پێزانین و ئاشکراکردنی ئامانجی کارەکەی.

دابەشکردنی دوانەییەکەی رید بانگهێشتمان دەکات بۆ شرۆڤەکردنی هونەری نوێ بەیاریدەی دوو ئامراز، بەهۆی روانینی هزرییەوە کە لە جوانی رەهای کاری هونەرییەوە سەرچاوە دەگرێت هەروەها بەهۆی گوزارشتکردن لە هەڵچوون و کاریگەربوون کە ئەوەش پیشاندانی هەست و سۆزە، بەو دوو رێگەیە رید دەڵێت ئەگەر هونەرمەند بزانێت کە بەخشینی لایەنی راستەقینەی بابەت دانانێکی هزریی

و بابەتیانەیە، بابەتیش تاقە ئەزموونی راستەوخۆیە بۆ چاو، دەبێتە ئەزموونێکی خودیی، لەوێدا سروشتییە کە هونەرمەندەکە هەنگاوێکی تر بنێت. هەرچەندە ئەو دەشزانێ کە ئەو هەنگاوە بە دوو ئاراستەی دژ بەیەکدا دەنرێت، ئەو وەختێ بابەت بە خاڵی دەسپێک دادەنێت، دەتوانێ چەندین شێواز بەرهەم بهێنێ هەروەک دانەری موزیک کە مامەڵە لەگەڵ بابەتێکی سادەدا دەکات و دەیکاتە خاڵی دەسپێک لەڕێی بەکارهێنانی یاسا و رێسای دیاریکراوەوە، دواجاریش شێوەیەکی سەربەخۆ دادەمەزرێنێ و دەخوڵقێنێ. لایەنی دووەم ئەوەیە کە هونەرمەند پەرە دەدات بە کارەکەی ئەوەش لەمیانی سروشتی خودییەوە لە چالاکییەکی تایبەتمەنددا، هونەرمەند بە زاڵبوونی بەسەر هەر ئارەزوویەکی خوڵقاندنەوەی سروشتی بەرچاو لە بابەت و شێوەکەیدا کە ئەزموونی راستەوخۆی چاو دەیبەخشێت، دەتوانێ بەردەوام بێت لە گواستنەوەی سیستەمێکی ئازادی رەنگەکانیدا بۆ سەر قوماشەکە، ئەگەر ئەم رەگەزانەش ملکەچی هەر یاسایەک بن، ئەوە رێسای سەرەتایەکی تایبەتە چونکە بە پێودانگی رید کاری هونەریی بۆ خۆی یاسایەکیشە.

ئەم دوو تیۆرە (تیۆری ئەبستراکت و هەرەمەکی و ئۆتۆماتیکی) لەلای رید باڵ دەکێشن بە هەموو سیماکانی هونەری نوێدا، تیۆری ئەبستراکت لەڕووی مێژووییەوە دەگەڕێتەوە بۆ (فیساگۆرس) و (ئەفلاتون) کە جوانییان تەنها لە هاوسەنگی و هارمۆنیدا دەبینییەوە، هەمان شت (ئەرستۆ) جەختی لێکردۆتەوە وەختێ جوانیی بە سیستەم و پلەی کامڵبوون دادەنێت، رید دژ بەو وتەیە دەوەستێتەوە کە پێی وایە تیۆری ستاتیکای بەرهەمی سەردەمی رێنیسانس هەروەک تیۆرەکەی ئەفلاتون وایە، بەڕای ئەو جیاوازی بنەڕەتی لەنێوان ئەو دوو تیۆرەیەدا پشت دەبەستێ بەوەی ئەفلاتون جوانیی خوڵقێنراو بەڕێگەی لاساییکردنەوە و کۆپیکردنەوە رەتدەکاتەوە.

وەک ئاشکرایە شێوازەکەی ئەفلاتون لەبارەی ملکەچبوونی سروشت بۆ سیستمی شێوە ئەندازەییەکان بەشێوەیەکی ئەوتۆ کاری کردۆتە سەر هونەرەکەی سیزان، وەلێ بە تەرزێکی ناڕاستەوخۆ و بێ ئاگاداربوونی سیزان لەو شێوازە، سیزان فەیلەسوف نەبوو، بەڵکو ئەو مەسەلەکەی بۆ ئەوانی تر جێهێشت تا ئەو تیۆرە دابڕێژن کە لە کارەکانیدا رەنگیداوەتەوە.. پێویستە ئەوەش بزانین کە سیزان تەنها پشتی نەکردبووە ئەو شێوازە ئەکادیمیەی لە سەدەی نۆزدەدا باو بوو، بەڵکو پشتی کردبووە ئیمپریشێنیزمیش سەرباری ئەوەی بڕوای بە شۆڕشەکەی هەبوو، رید دەڵێیت سیزان خۆی لەبارەی ئەوەوە

دواوە کە سروشت لە شێوەی لوولەیی و گۆ و لوولپێچدا پێشکەش بکرێت ئەوەش هاوبەشییەکی هەیە لەگەڵ ئەو نووسینەی ئەفلاتوندا سەبارەت بە شێوە هەمیشەییەکان.

دوالیزم یان دووانەیی رید هەوڵدەدات پرۆگرامێک بۆ شیکردنەوە و خوێندنەوە و هەموو پرۆسەکانی خوڵقاندنی هونەریی و شێوازی تێکڕا سەردەمەکان دابمەزرێنێ، وەلێ پێی وایە پێویستە ئەو بەرنامەیە تەنها ئامرازێک بێت تاوەکو لەڕێیەوە بەشێوەیەکی فەلسەفی شرۆڤەی هونەر بکات، رید پێی وایە کە دژوارە خوێندنەوەی کایەیەکی هونەریی ئاڵۆز لەڕێی پەیوەستبوون و ئاوێتەکردنەوە بکرێت، بۆ نمونە لەنێوان ترسی مرۆڤەکانی باکووردا بۆ مەیلی ئەبستراکت لەلایەکەوە و لەنێوان قایلبوون و رەزامەندیی مرۆڤەکانی دەریای سپی ناوەڕاست بۆ مەیلی ریالیزمی لەلایەکی ترەوە. بەڕای رید هونەرمەند بوونەوەرێکی مرۆییە نەک مەکینەیەکی ئۆتۆماتیکی، خاوەنی ئەو هەست و خەسڵەتە هەمەجۆرانەیە کە پاڵی پێوە دەنێن بۆ خوڵقاندنی چەشن و شێوازی هونەریی کە ئەمەش لەگەڵ دووانەیی ریددا ناگونجێن، بەڵکو ئەو دووانەییە دەبێتە رێنیشاندەر و رێنمایی بۆی.

لە پشتی یۆنگەوە رید دوپاتی دەکاتەوە کە چەشنە سایکۆلۆژییەکان لەبنەڕەتدا تیۆرێکەو بەتەواوی لای ئەم هونەرمەند و ئەوی دیکە دەرناکەوێت، لە پراکتیزەشدا جگە لە جۆر و چەشنە ئاوێتەکان زیاتر شتێکی تر نییە، هونەر پەیوەستە بە میزاج و دەستەبەری ئەو شتانە دەکات کە لکاون بە ئاگاییەوە، ئەوەش دەشێت بە خەسڵەتەکانی شێوە گوزارشتیان لێوە بکرێ هەروەک (وۆلفلین) دەستنیشانی کردووە، بۆ نموونە شێوەی کراوە و داخراو و ئەو جۆرە شێوانە، یاخود بە هەڵبژاردنی بابەتەکان، رید نووسیویە: ئەگەر هونەرمەند واقیعی و دەرەکی بڕوانێ ئەوا هەڵبژاردنی بابەتەکەی بایەخێکی سیمبۆلی لەخۆدەگرێت، فرۆیدیش لەمبارەیەوە لە کتێبی (لیۆناردۆ داڤینشی) باسی کردووە.

لەڕاستیدا چوار چەشنە هونەرییەکەی رید دەستنیشانی کردووە چ سنوورێکی ئاشکرا لەنێوانیاندا نییە بەڵکو پێکدادەچن و ئاوێتەبوونی بەتین هەیە لەنێوانیاندا، تەنانەت رید ددان بەوەشدا دەنێت کە جۆر و چەشنەکانی هونەر هێندەی ژمارەی هونەرمەندەکان بوونیان هەیە، بەڵام ئەوەش مانای رەتکردنەوەی توانستی پۆلێنکردنی چەشنەکان و هونەرمەندەکان ناگەیەنێت. لە دیدگای زانستییەوە هەموو چەشنێکی هونەریی دەبێتە دەربڕینێک بۆ هزر و کەسێتییەک، رید لە شیکردنەوەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە تواناداییە تەباییەک لەنێوان چەشنە

هونەرییەکاندا دەستگیر بکرێت کە ئەوەش لە دوایزمەکەی فۆرنگەردا بوونی نییە، رید دەڵێت: (من بۆ خۆم هەروەها رسکین) هەمیشە دەڵێم توانستی ئەو یەکگرتن و تەباییە بوونی هەیە.

لەپێناوی پەرەپێدان بە سیستمە دووانەییەکە لە پۆلێنکاریدا رید پەنا دەباتە بەر دەستنیشانکردنی هونەری نوێ لە دوو شێوازی بنەڕەتیدا کە ئەوانیش ئەبستراکت و ریالیزمین، ئەوەی پەیوەندی بە ریالیزمەوە هەیە لە تیۆرە ستاتیکیەکەی ریددا هەوڵدانێکە بۆ سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەیەکی دڵسۆزانەی وێنەوە، گوزارشتە لە بڕوامەندیی و سۆزداریی لەگەڵ پرۆسەکانی ژیاندا، بە دەستەواژەیەکی تر ریالیزم جەختکردنەوەیە لەو دەربڕینەی کە مەرج نییە گەشبین بێت بەڵکو ریالیزم جەخت لە تراژیدیا و کارەستەکانی ژیان دەکاتەوە. رید چەند روونکردنەوەیەک دەخاتە روو بۆ چەمکی ریالیزم و دەنووسێت: (ریالیزم تەنها کۆشش نییە بۆ خوڵقاندنەوەی وێنەی هەستپێکراو و بینراو بەیاریدەی دەرککردنی ئاساییەوە، بەڵکو ئەو وێنە شێوا و هەڵبژێردراو و خەملێنراوانەشە کە لە باری ئاگاییەکی زۆرەوە بەرهەم دەهێنرێن و بە ئایدیاڵی و دەربڕینخوازیی و سەروو واقیع و هی دیکە ناویان دەبەین).



رید لە کتێبی (فەلسەفەی هونەری نوێ) دا هەوڵی ئەوە دەدات کە ریالیزم و ئێکسپرێشێنیزم و سوریالیزم لەیەک جۆردا دابنێت و ناوی دەنێت ریالیزم و هەموویان بەرامبەر بە ئەبستراکت رووبەڕوو دەکاتەوە، لە کتێبەکەی تریدا (پەروەردە لەمیانی هونەرەوە) قۆڵێنکارییەکی دیکە دەبینینەوە کە لە یۆنگەوە وەریگرتووە، ناوەرۆکەکەی جیاکارییەکە لەنێوان چوار چەشنە هونەریدا کە جێگیرن لە تێکرای شێوە و چالاکییە ستاتیکییەکانی مرۆدا بەدرێژایی مێژوو. لەڕێگەی ملکەچکردنی هونەری هاوچەرخەوە (چوار چەشنەکەی یۆنگ) رید وایدەبینێ لە هونەری هاوچەرخدا چوار ئاراستە بوونی هەیە، ریالیزمی کە بیرکردنەوە دەگرێتەوە، ریالیزمی پێشکەوتوو کە لەگەڵ هەستەکاندا دەسازێ، دەربڕینخوازیی کە لەگەڵ هەستیاریدا دەگونجێ، بونیادی یان ئەبستراکت کە لەگەڵ هەڵهێنجان و تێگەییندا یەک دەگرێتەوە، بۆ زیاتر روونکردنەوە رید ئەم دابەشکارییە دەکات:

یەکەم: ریالیزم و ناچرالیزم و ئیمپریشێنیزم بەمانای پەیوەندییەک بۆ لاساییکردنەوە و کۆپیکردنەوەی جیهانی دەرەکی سروشتی.

دووەم: ریالیزمی پێشکەوتوو یان سەروو واقیع و ئاییندەخوازیی مەبەست لەو چەشنانەن کە دەبنە کاردانەوەیەک لەهەمبەر جیهانی دەرەکی و بەرەو بەها و پێوەرە نامادی و رۆحییەکان دەچن.

سێیەم: بۆڤیزم و دەربڕینخوازیی بەواتای ئارەزووکردن لە دەربڕین و گوزارشتکردنی سەرنج و روانینە خودییەکانی هونەرمەند.

چوارەم: کۆبیزم و ئەبستراکت و هونەری وەزیفەیی بەمانای لەخۆگرتن و مژینی فۆرمە داماڵراوەکان کە پەرت و دابەش نابن، هەروەها لەخۆگرتنی ئەو کەرەستانەی هونەرمەند بەکاریان دەهێنێ.

سەرباری ئەمانەش دیسانەوە بە دوو چەشن دەیانناسێنێ کە لە یۆنگەوە وەریگرتووە، کە ئەوانیش جۆری ناوەکیی و جۆری دەرەکین، پاشان روونیدەکاتەوە کە ئەو چەشنانەش میزاجی هونەرمەندەکان کاری تێدا دەکەن نەک وەک ئەوەی لە مەکینەیەکەوە بەرهەم بێن. دەربارەی شێواز و ستایلیش رید پێی وایە بە کەسێتیی هونەرمەندەوە پەیوەستە، تۆمارکردنێکی بینراویی دەروونییە لەنێوان رۆح و مادەدا، پێمان رادەگەیەنێ کە چەندە بەتین رۆح دەرۆستی خەملاندنەوەی ماتریالی هەیە لەپێناوی دڵنیابوونەوە لە کرانەوە و گوزارشتکردندا.

لە یەکێک لەو هەوڵانەیدا بۆ شرۆڤەکردن و رانانی هونەری هاوچەرخ، رید

هەوڵێکی دیکە دەدات کە خۆی دەبینێتەوە لە پۆلێنکاریی هونەردا بۆ هونەرێکی ئەکادیمی (بۆرژوازیی) و شۆڕشگێڕیی و هونەری ئەرک گرتنە ئەستۆ، هونەری یەکەم بەردەوامی دەبەخشێتە نەریت و دابەکانی سەردەمی ڕێنیسانس بەشێوەیەکی ئایدیاڵی _ئەکادیمی (ئیدی ئاسمانی بن یان زەمینی). هونەری دووەم دەکرێت ببێ بە سێ جۆرەوە: دەربڕینخوازیی و سەروو واقیع و ئەبستراکت. دەربڕینخوازیی هونەری گوزارشتکردنە لە ئەندێشەی کەسێتیی هونەرمەند نەک ڕاستییە بابەتییەکانی سروشت، ئامانجی دەربڕینخوازیی گوزارشتکردنە لە هەست و نەستی هونەرمەند بە هەر نرخێک بێت ئەگەر زێدەڕۆیی و شێواندنی ڕواڵەتە سروشتییەکانیش بێت (کاریکاتێر جۆرێکە لە دەربڕینخوازیی بەڵام کاتێک دەگوێزرێتەوە بۆ سەر قوماشی تابلۆ نارەزایی بینەران دروست دەکات). هونەری سەروو واقیع (سوریالیزم) بەهەند وەردەگیردرێت، هەموو ڕەهەندەکانی ئەزموونی مرۆیی و ڕەگەزەکانی جیهانی نائاگایی لەخۆدەگرێت کە لەمیانی خەون و ڕوانین و وڕێنە و زیندەخەونەوە بەرجەستە دەبن، سوریالیزم پشت بەم بنەڕەتانە دەبەستێ هەربۆیە بزووتنەوەیەکی هونەریی نییە کە تەنها نیگارکێشان و پەیکەرسازیی بگرێتەوە، بەڵکو دەڕژێتە نێو شیعر و پەخشانیشەوە تەنانەت فەلسەفە و سیاسەتیش، لێرەدا سەرنجێک دێتە کایەوە بەوەی سوریالیزم تەنها شێوازێک لەخۆ ناگرێت لە هونەری شێوەکاریدا، بەڵکو دەبێتە بەرنامە و پرۆگرامیش بۆ چالاکییە هزریی و رۆشنبیرییەکانیش. جۆری سێیەم ئەبستراکتە، رید پێی وایە هەندێک هونەرمەند واقیعی خودیی دەدۆزنەوە بەبێ میزاج و کاردانەوەکان هەروەک دەربڕینخوازەکانیش وەها دەکەن، بەڵکو ئەوە بەیاریدەی ڕەگەزە بەرچاوەکان دەکەن، واتە لە ڕەنگ و شێوەدا.

بەبڕوای رید هونەری وەزیفەیی پێویستە جگە لە پێداویستییە ڕۆژانەییەکان پێداویستی ستاتیکیش دەستەبەر بکات، رید دەڵێت: (هونەر چالاکییەکی پراکتیزەییە بەشێوەیەک لە شێوەکان شێوازی بەرهەمهێنان دەیبات بەڕێوە، چەندە هونەرمەند ئامراز و کەرەستەی دیاریکراو بەکاربهێنێ وەک چەکوش و بەرد و فڵچە و بۆیەکان، کاری هونەری بەرهەمهاتوو لێکچوونێکی بنەڕەتی هەیە لەنێوانیاندا و بەرهەمهێنەران دەستنیشانیان دەکەن، ئەمە لە مێژووی تەلارسازیدا باشتر بەدەردەکەوێ کە دەبینین شێوازەکان بەشێوەیەکی گشتی لە خەسڵەتەکانیاندا بەو کەرەستانەی وەک دار و تەختە و بەرد و خشت و چیمەنتۆ و ئاسن دیاریکراون، ئینجا ئامراز و ئەو مەکینانەی کە کەرەستەکانی دابین کردووە، هەموو بوونی مرۆیی لەخۆیدا، ئەمەش گریمانە و بۆچوونی سەرەکی

خۆمە، ترپەیەکی ستاتیکی و پراکتیزەیی هەڵگرتووە کە پشت بە فۆرم و توانستی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان دەبەستێ، ئەگەر غەریزەی خوڵقاندنی شێوە نەبووایە ئەوا شپرزەیی و پەشێوی دوچاری هەموو کۆمەڵگەکان دەبۆوە، چونکە کایەی رۆشنبیریی کامڵ نابێت).

رید روونیدەکاتەوە کە هۆکار و پێداویستییەکان کە بڕیاردەری سەرهەڵدانی هونەری وەزیفەیین سەرباری گومانیش لە پۆلێنکردنی ئەم هونەرەدا وەک جۆرێکی سەربەخۆ، هونەری وەزیفەیی خەسڵەتی دانسەقەی شێوازی سەردەمی هەڵگرتووە وەلێ جیاوازە لە نیگارکێشان و پەیکەرسازیی، چونکە پێداویستی پراکتیزەیی فەراهەم دەکات هەربۆیە سەربەخۆیی ناگرێتە خۆی، هونەرێکی وەزیفەیی هەیە شێوەکەی لە بونیادەکەی (گابۆ) وەرگرتووە و یەکێکی تریش لە هونەرەکەی (مۆندریان)ەوە، بەواتایەکی دیکە دەبینین هونەری وەزیفەیی سود لە دەستکەوتە شێوەکارییەکان وەردەگرێ و هەماهەنگە لەگەڵیدا بەپێی پێداویستییە تایبەتییەکانی. هەروەکو (سۆلومۆن فیشمان) یش پێی وایە، رید بڕوای وایە کە هونەر نوێ تەواو چەمکی خوڵقاندنی وەهمی خاپوور کردووە کە لە سەردەمی رێنیسانسەوە بۆمان هاتووە کە ئاماژەی بە (دانان) یاخود خوڵقاندنەوەی سروشت دەدا، هونەری نوێ بە دوو ئاراستەدا پێشکەوتووە، وەک هونەرێکی خودیی و هونەرێکی بونیادی (ناکەسێتیی). ئاراستەی یەکەم لە پێوەرە رۆمانسییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە واقیعی ئاگایی خودییەوە رووبەڕووی واقیعی دەرەکی بۆوە، ئەم رۆمانسیەتە لە سەردەمی ئێستاماندا گەیشتۆتە ئەوپەڕی، واتە بە سوریالیزم و دەربڕینخوازیی و هونەری ئۆتۆماتیکی. هەرچی ئاراستەی دووەمە بەدوای وێنەدا دەگەڕێت لەپێناوی هارمۆنیەتدا نەک زیندوێتی. سیزان بەتایبەتی ئەم ئاراستەیەی دەست پێکرد ئەوەش لەمیانی دۆزینەوەی پێوەرە کلاسیکییەکان لە فۆرمە پلاستیکییەکاندا.. ئەم پۆلێنکارییەش دیسانەوە دەرژێتەوە نێو دوالیزمی ریدەوە، واتە زیندوویی بەرامبەر بە رۆحی ئەندازەیی و ئەندامیش بەرامبەر بە ئەبستراکت.

**سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:**

بەشێک لە کتێبی (الاتجاهات الرئیسیة في الفن الحدیث علی ضوء نظریة هربرت رید) نووسینی: عدنان المبارک، بغداد ١٩٧٣.




# کاتێک گورانیبێژێک لاسایی بکاتەوە
# هەموو پێوەندییەکانی لەگەڵ دەروونی خۆیدا دەپچڕێت

**ئامادەکار: ئارەش نەسیری**
**و. لە فارسییەوە: محەمەد ئەدیبی – بۆکان**

## ٢–٢

### «مۆدێرنبوون بە پاراستنی ڕەسەنایەتییەکان»

ئەو ژیانە تایبەتییەی کە لە منداڵییەوە هەتاکوو ئەمڕۆکە بووتانە، شتێکی وەبیر هێنامەوە؛ ئێمە زۆر شاعیر دەبینین کە لە ئاوانگاردترین کاتەکاندا شیعر دەهۆنەوە یان لە چوارچێوە و کلێشە دێنە دەرەوە و پێکهاتەشکێنی دەکەن. بەڵام لە

**مۆسیقا و ژانرە هونەرییەکانی دیکەدا بڕوایان بە کلاسیکترین و نەریتخوازترین شێوەیە و ئەو گۆڕانکاری و پێکهاتە شکێنیە بابەتێک نییە لە ناخ و دەروونیانەوە هەڵقوڵابێ، ئەگەر هونەرمەندێک بڕوای بە گۆڕانکاریی بنەڕەتیبێ، دەبێ ئەم گۆڕانە هەموو لایەنەکانی ژیانی بگرێتەوە، نەوەک تەنیا بەشێکی تایبەتی لەخۆبگرێ.**

– ڕاستوایە، ئەم بابەتەی باستکرد تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەی هونەرمەندا ڕەنگدەداتەوە. جۆرێک دەروەستبوون، ڕوانگەی ئەو سەبارەت بە ژیان و خستنە ژێر زەرەبینی بیر و نیگا و هەروەها ڕوانگەی ئەو سەبارەت بە دنیای دەوروبەری، هەمووی ئەوانە دەکەوێتە ژێر کارتێکەری گۆڕان و پێکهاتەشکێنی.

**× لێکدانەوەی ئەم بابەتە پێوانەیەکی باشە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەرێنیبوونی تاکەکانی کۆمەڵگا. بەڕێزتان هەر لە لاوێتییەوە ڕەوتە جیاکانی شیعری ئێستا و مۆسیقای ناوچەکانی ئێران و هەروەها مۆسیقای دەروونی شیعریتان لێکداوەتەوە؛ بەوپێیە، سروشتییە کەسێکی تر ئەم ڕوانگەیە لە ناخیدابێت، کاتێک گەورە بێت دەیەوێت ئەوجۆرەی دروست و پەسندە وابکات. «بۆرخێس» ڕای وایە: کەسێکی تر دەیەوێت پێکهاتەشکێنی بکات و مودێڕنیتەخواز بێت، دەبێ بە باشی کلاسیک بناسێت. ڕەنگە ئەمە یەکێک لە خاڵە پڕبایخەکانی کارەکانت بێت کە سەرەڕای گۆڕانخوازی بەجێ، قەت لە ڕێگای ڕاست و دروست لاتنەداوە.**

– بەڵێ، وایە، ئەم ڕوانگە و بۆچوونە زۆر پڕبایەخە. چەند ساڵ لەوەپێش ئێمە سەبارەت بە شیعری نوێ بەرهەمێکمان خوڵقاند. یەکێک لە هاوڕێیان شیعرێکی ئەخەوانسالسی بە شێوەی ئاواز داڕشتبوو. هێنای بۆلای من و منیش پێمگوت ئەو ئاوازەی کە تۆ دەیڵێی، ئاوازێکی پلەوپایە و بەدەر لە چوارچێوەی مۆسیقای ئێرانییە. گوتی ئەیچۆن دەبێ هەم مودێڕنبێ و هەمیش لە مۆسیقای ئێرانی لانەدەی! من گوتم ئەمە ڕاست ڕازی ئەو کارەیە، دەبێ تەواو لەگەڵیدا تێکەڵاوبیت، ئیدی ئەو کارەکەی خستە ئەستۆی من. دوای تێکەڵکردنی شیعر لەگەڵ مۆسیقادا تازە لە ڕەمزو ڕازی پێوەندیداری نێوان نەریت و مودێڕنیتە تێگەیشت. ئەمە بەرهەمی ساڵیانێکی زۆری هەوڵ و تێکۆشانە. لەو پێناوەدا دەبێت لەگەڵ هەموو مێژوو هەروەها مێژووی ئەدەبیاتی ئێران ئاشنابی، بە گشتی ڕوانگەیەکی بەرینت هەبێ و مۆسیقای ئێرانی بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە بناسی جا ئەوکات دەتوانی کارێک بکەی. دەبێ لە بڵێندایەوە لێیبڕوانی. وەک هەڵۆیەک

کە لە ئاستێکی بەرزتردا هەڵدەفڕێ و هەمووشتێک لە ژێر نیگای تیژیدایە هەم دەریا، هەم کێو، هەم دەشت و هەروەها جەنگەڵ. ئیدی تاک ڕەهەندی نەبی و لە جۆگەلە ئاوێکدا ڕێگە نەگریتەبەر. کاتێک لە بەرزاییەوە لێیبڕوانی، بێشک مەودای تێکۆشانت بەرینتر دەبێ، چونکە بۆچوون و ڕوانگەت بەرینتر و بەرفراوانتر بووە.

**سەرەتا ڕەخنەیان لە شێوەی نوێی گۆرانیبێژیتان دەگرت، بەڵام وردە وردە ئەوەندە کاریگەر بوو کە بە گشتی لە شێوەی داڕشتنی مۆسیقای نەریتیدا کارتێکەری تەواوی دانا و گۆڕانکاری تێدا بەدیهێنان و زۆر کەسی بە شوێن خۆیدا ڕاکێشا. ئایا خۆت هەستت بەو کاریگەربوون و بایخداریە کردبوو؟**

– کاتێک ئێوە بە پێناسەیەکی قوڵی دنیای هونەر و دەروەستبوون سەبارەت بە کۆمەڵگا و ژیانی راستەقینەدا هەنگاو دەنێیتە ئەو ڕێگایە، ڕەنگە درەنگ یان زوو، بەڵام کاریگەریی خۆتان هەر دەبێت. هەمووی ئەو هونەرمەندانەی کە لە ڕێگای ڕاستی و دروستیدا هەنگاویان هەڵێناوەتەوە کاریگەرییان بووە و دەیانبێت. مەگەر ئەوەی شێوەی تێکۆشان و ئەو ڕێگایەی کە گرتووتانەتەبەر نارێک و هەڵە بێت. وەک ئەوەی کە بە داخەوە لەم سێدەیەی دوایەدا بۆ ئاوازی ئێمە هاتۆتە پێشەوە و ئازار و کێشەیەکی گەورەی تێکەوتووە. ئێمە بۆ یەکەمینجار دەبینین کە لەم سەدو بیست ساڵەدا زۆربەیان بونەتە چاولێکەر و لاساییکەرەوە، کە ئەمە ترسێکی گەورەیە بۆ ئاوازی ئێمە. کاتێک گورانیبێژێک لاساییکەرەوە بێت هەموو پێوەندییەکانی لەگەڵ دەروونی خۆیدا لێدەپچڕێت. مانای ئەمکارە ئەوەیە، بایەخ بۆخۆی دانانێت و خۆی پەسند ناکات. ئەوە لە کاتێکدایە کاتێک مێژووی سەدو بیست ساڵەی ئاوازی ئێرانی وەرد دەدەینەوە یەک نمونە چاولێکەری نابینین. تەنانەت قوتابیانیش وەک مامۆستاکانیان گۆرانی ناڵێن. ئەوە شتێیەکی سەیر دەگمەن و پیرۆزە. بۆ وێنە «زەللی» کە قوتابی «ئیقباڵی ئازەر»ە وەک مامۆستاکەی گۆرانی ناڵێت. بەڵکو بە دەنگی خۆی دەخوێنێ. یان «قەمەرەلملووکی وەزیری» ئەگەر لە دەستی «تاهیرزادە» ئیزنی وەرگرتووە، بەڵام بە شێوەی تایبەتی خۆی گۆرانی گوتووە. ئەگەر «ئەدیبی خانساری، تاجی ئیسفەهانی و تاهیرزادە» قوتابی «سەید ڕەحیم» بوون، هیچیان وەک یەکتر گۆرانی ناڵێن و شێوازی جیا لە مامۆستاکەشیان هەیە. لەحنی «تاج» لەحنێکی پاڵەوانی پان و بەرینە و لەحنی «تاهیرزادە» لەحنێکی باریک و زێڕینە کە ئاوازەکانی وەک مرواری وان

که بەدوای یەکتردا دێنەدەر، لەحنی ئەدیبی خانساریش گەرمی و لەزەتێکی تایبەتی هەیە. ئەم سێ گەورە مەزنە تەواو لە یەکتری جیان و ئەم ئەزموونە لە مۆسیقای ئێمەدا زۆر باش و پڕ بایەخە، بەڵام لەم سەدوبیست ساڵەی ئێستادا هەموو چاولێکەری دەکەن و وەک یەک گۆرانی دەڵێن.

**× نموونەی ئەم ساڵانەی دوایەت هێناوە و تەنانەت دەتوانین دەیەی چلو پەنجاش بۆ وێنە بێنینەوە کە لەوبەینەدا چەندین گۆرانیبێژی بەرچاومان هەیە کە هەرکامەیان دەنگ و ئاوازی خۆیان هەیە.**

– بەڵێ، جاران قەت شتی وا ڕووی نەدابوو، نازانم بۆچی لەم بیست ساڵەی ئێستادا ئەم بەڵایە ئەوکی ئاوازی گرتووە و زۆربەی گورانیبێژان خۆیان سووک کردووە و خۆیان خستووەتە ژێر باری قورس و نالەباری چاولێکەرییەوە. ئەوان دەبێت بتوانن کەسایەتی دەروونی خۆیان بخەنە گەڕ و بڕوایان بە خۆیان هەبێ کە کەسایەتی خۆیان دەتوانێت سەرچاوەی هەموو وزەیەکیان بێت. من چەند ساڵ لەوەپێش سەبارەت بە دوکتور «عوموومی» وتارێکم نووسی و جەختم لەسەر شێوەی وانەگوتنەوەی ئەو کرد و گوتم کە شێوازی ئەو وەک ڕابردووان وایە و من شێوەی وانەگوتنەوەی کارگاکەی ئەوم زۆر خۆشدەوێت. شێوازی قەدیم ئاوا بوو کە لە کاتی کارکردندا قوتابی ئازاد و هەڵسووڕ بوو تاکوو هەستی خۆی ببزوێنێ و باوەڕی پێیبێ و لە ڕاستیدا یارمەتییان دەدا کە خۆی بناسێ و لێهاتوویی خۆی پەیدا بکات، بەڵام ئێستا زۆربەی گۆرانیبێژان لە خۆیان تێنەگەیشتوون.

**بە درێژایی زەحمەت و کاری چەندین ساڵەت، جارجارە دژایەتیتان لەگەڵ کراوە و زۆرجاریش گوشارەکان زۆرتریش بوون. ئا لەو کاتانەدا ورە و ڕۆحییەی خۆڕاگری خۆتان چۆن بەهێز دەکرد؟**

– بە خۆشییەوە مامۆستایەکەم هەبوو کە ساڵیانی ساڵ لەگەڵیدا ژیا بووم. ئەو کەڵەپیاوێک بوو بە ڕوانگەیێکی بەرینەوە کە فکر و زەینی لە هیچ چوارچێوەیەکی دیاریکراودا نەدەگونجا و دەتگوت ڕۆحی مەولانا لە دەروونیدا جێگیربووە. هەمیشە لەگەڵمدا بوو و بەردەوام وشیاری دەکردم و هۆشداری دەدامێ کە نەکا بە سەرکەوتنێک و هاندانێک لە خۆبایی بم یان بە شکستێک و ناکامبوونێک تێکبشکێم و کۆڵ بدەم و دەیگوت هونەرمەند ئەگەر لەخۆبایی بێ

ئیدی کاری کۆتایە. دەبێ هەمیشە کار بکەی تاکوو باوەڕی هونەریت بەهێز و ڕیشەدار بێ. کاتێک بە دڵ ئیمانت بە خۆت و بە هونەرەکەت بوو، نە شکستێک بە چۆکتدا دێنێ و نە سەرکەوتنیش لەخۆباییت دەکات. لە تەواوی بوارەکانی ژیانمدا ئەو نەسیحەتە ئاوێزانی گوێم بووە. ئەو بەڕێزە تاکوو تەمەنی پەنجاو دوو ساڵانەم لەگەڵمدا هاوڕێیەتی کرد و بە داخەوە لە دوایەدا فەوتی کرد. بوونی ئەو ئوستوورەیە کە بەڕاستی وەک دیکشێنێرییەک وا بوو بۆ من زۆر پڕبایەخ و بەنرخ بوو. بۆخۆشی موسیکیزان بوو، هەروەها شاعیر و ئەدیب و عارف و دەروێش و مەردو ڕەند بوو، نەوەکوو ئەم دەروێشە ڕواڵەتییانە. سینەساف بوو دەروێشێک بوو کە هەمووشتێکی بە دڵ و سینەی دەسپارد. من هەر لە لاویەتیمدا ئاشقی عیرفان بووم، بەڵام ئەو خۆشەویستە تەنانەت نەیهێشت بچمە خانەقاش ئەو دەیگوت خانەقا سینە و دەروونی تۆیە و دوایە شیعری مەولانای بۆ خوێندمەوە:

«لە خانقای سینەدا، دەنگ و ناڵەی هەژارانە». گوتی خانقا دەروونی تۆیە و هەموو ڕووداوەکان دەبێت لەوێدا بخولقێ.

× دەکرێ بفەرمووی ناوی چبوو؟

- بەڵێ، نێعمەتعەلی خەراباتی.

**× ئیزنم بدە سەبارەت بە کونسێرتی نوێتان کە لەگەڵ ئاغای عەلیزادەدا بەڕێوەتان برد قسە بکەین و دوایە تەوەرەی باسەکەمان بێنینەسەر شیعرەکانی شانامە. بە درێژایی ئەم ساڵانە کە ڕێگایەکی دیکەتان تێپەڕاند وردە وردە لە هاوتەمەنانی خۆتان جیا بوونەوە، چونکە بۆخۆت سەرچاوەی سەرەکی کارەکە بووی کە ئەنجامت دەدا، بەڵام کاتێک لەگەڵ مامۆستایەکی وەک عەلیزادەدا کار دەکەیت، ئیدی هەردووکتان دەبنە سەرچاوەی کارەکە و سروشتییە کە دەبێت هاوفکری و وێچوونێکی زۆرتان هەبێ بۆئەوەی بتوانن پێکەوە کار بکەن، ئایا ئەم هاوکارییە بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکەتان هیچ گرفتێکی لێناکەوێتەوە؟**

- لە ساڵانی ڕابردوودا، هەموومان بە هۆی کەشوهەوای ناخۆشی مۆسیقاوە لە یەکتر جیا بووینەوە و لێکدابڕنمان تێکەوت، هەڵبەت ئێستاش هەروا لێکدابڕاویم بەڵام بە خۆشییەوە من و ئاغای عەلیزادە دوای بیست ساڵ دیسانەوە ڕێککەوتینەوە تاکوو دوو ئامانج دەستەبەر بکەین: یەکیان ئەوەی کە لە گروپێکدا

کەشێکی دۆستانەی زۆر گەرم و گوڕ پێکبێنین. خاڵی دووهەمی هاوکارییەکەمان ئەوەبوو کە بە قەولی ئاغای عەلیزادە خۆمان لەو تەنیایی و تەریککەوتنەوە ڕزگاربکەین. لەم چەند ساڵەدا بە هۆی هەلومەرجی نالەبار و سەیر و سەمەرەوە هەستێکی ناخۆش و غەریبیانەمان تێدا گۆڕابوو کە تەنانەت سێبەری بەسەر ژیانی ئاسایشماندا کێشابوو، کە هەلومەرجیوا بۆ هەر سەردەمێک کاتوساتێکی ناخۆش و تاڵ و دژوارە.

هەروەها ئێمە لەگەڵ یەکتر ڕێککەوتین تاکوو لە بابەتی مۆسیقادا کارگەلی زۆر باش ئەنجام بدەین. هەروەکوو تۆ گوتت مرۆڤ کاتێک تەنیایە، بڕیاردان بەدەست خۆیەتی، بەڵام کە بوو بە دوو نەفەر کارەکە دژوارتر دەبێ. بەڵام بە خۆشییەوە ئێمە هەردووکمان لە زۆر بابەتەوە وێکچوونی وەک یەکمان زۆرە. هەر بۆیە بە ئاسانی توانیمان پێکەوە کار بکەین.

**دوای بیست ساڵ لێکدابڕان، دەبێت هاوئاهەنگبوونی نێوانتان دژوار بووبێت، بە تایبەتی کە قەراربوو شیعری نوێ بە شێوەی ئاواز ئەنجام بدەن؟**

– ئەسقەزا لە بابەت هاوئاهەنگی سازو ئاوازەوە زۆر ڕاحەت و بێدەردیسەر بوو. گوایا بە درێژایی ئەو چەند ساڵە سەبارەت بە پێناسە و ئەزموون و زانستی تێکەڵکردنی ئەو کارە نوێیانەوە دەبوو بیزانین لە ئێمەدا کۆببووەوە قسەو باسەکە ئاوا دەستپێکرد.

دوای بیست ساڵ ڕۆژێکیان قەراری دیدارێکمان دانا تاکوو سەبارەت بە خوێندنەوەی تایبەتی شیعری نوێ بیرورا بگۆڕینەوە. ئەسقەزا ئاغای پێژمان حەدادیش لەوێ بوو و ئەو قسەوباسەکانی تۆمار دەکرد.

کاتێک عەلیزادە سازەکەی هەڵگرت و دەستیکرد بە ژەنینی (دەزگای ئیسفەهان) بەبێ هاوئاهەنگی پێشتر من دەستمکرد بە خوێندنی شیعری «ڕەیرا»ی نیمایوشیج و دوایەش شیعری «ئای ئەشق»ی شاملوم پێوە زیادکرد. کە کەشوهەوایەکی سەیر تایبەتی پێکهێنا. خۆشحاڵی و جەزمەیەکی تایبەتی لە نێوان هەرسێکماندا هاتەئاراوە...

لە دوایە عەلیزادە هەواکەی گۆڕی و نەغمەی شووری خستە دووان و منیش بە شوێن ئەودا لە نێو شەپۆلانی ئەو میلۆدیانەدا شیعری بڵێندی «چاووشی» مەهدی ئەخەوان سالسم بە دڵێکی کەیل و حەسرەتاوییەوە گوت. ئەو ڕۆژە کۆتایی هات. بەینێکی پێچوو و دوایە شەوێک لەگەڵ حسێن عەلیزادە و باقی

دۆستان لە ماڵی هاوڕێی مۆسیقاناس ئاغای هومان ئەسعەدی کۆ ببووینەوە و پێکەوە گوێمان لە پرۆڤەی زەفتکراوی ئەو رۆژە تایبەتییە دەگرت. لە موعجیزە دەچوو. یانی دوای بیست ساڵ دووری، هەر لە یەکەم دانیشتندا سازو ئاواز وەها هاوئاهەنگ و ڕێکوپێک بوون، دەتگوت چەندین ساڵە بۆ دارشتن و ڕێکخستنی کاتوسات تەرخان کراوە. دوایە شیعرەکانی فروغ، سایە، ئیسماعیلی خۆیی و شەفیعی کەدکەنیمان بێ دوودڵی و ڕاشکاوانە لەو بەرهەمەدا جێگیرکرد.

**× لە نێوان ئاهەنگسازە گەورەکانماندا ئاغای عەلیزادە لەو کەسانەیە کە هەمیشە بۆ نوێخوازی و داهێنەرانە بەنێوبانگە.**

– بەڵێ وایە، ئەویش داهێنەر و گۆڕانخوازە و هەر بۆیە زۆر ڕاحەت و ساکار پێکەوە کارمان کرد. من ناتوانم برگە شیعرێکی نوێ، کە مۆسیقاکەی نائاساییە، لەگەڵ هەر ژەنیارێک بەڕێوەبەرم. بەڵام کاتێک لەگەڵ عەلیزادەدا دەست دەکەم بە گۆرانی گوتن بە متمانەیەکی تەواوەوە کارەکەم ئەنجام دەدەم. خاڵی بەهێزی حسێن عەلیزادە لەوەدایە کە من ئەگەر لەگەڵ ئەو بم کاری خوێندنەوەی شیعر بە دڵنیاییەوە دەست پێدەکەم و تەواو ئەخایەنم. تێگەیشتن و لێزانینی تێدا دەبینم. بێشک خاڵە ورد و هەستیارەکانی لێون نابێت. هەر ئەو دڵنیابوونەی من سەبارەت بە عەلیزادە و دڵنیابوونی ئەو سەبارەت بە من بووەتە هۆی دەستواڵەیی و ئازادی کاری و فکری. ئازادیش بۆ هونەرمەند دەلاقەیەکە بەرەو فڕین. وەک دوو هاوسەفەرێک کە دەزانن چۆن دەبێ سەفەر کەن، یان وەک دوو گەمیەوان کە لە گەمییەکدان و یەک ئامانجیان لە پێشچاوە. وادیارە ئێمە لە گەمیدا و لە نێوان شەپۆلانی بە تەوژمی دەریادا درێژە بە ڕێگای خۆمان دەدەین و ئەوەش بۆ من زۆر پڕ بایەخە و لە بابەت دڵخۆشبوون بە کاری هونەریشەوە جێگایەکی باڵای هەیە. لەمڕۆدا ژەنیاری وامان کەمە کە لێی خاترجەم بی و بێ دوودڵی کاری لەگەڵ بکەی.

**× گۆرانیگوتنی بێمەشقی ئێوە بە هاوکاری مامۆستا عەلیزادە خاڵێکی بەرچاوی دیکەشی تێدایە: زۆر کەس وایان بیردەکردەوە کە بەوپێیەی کە بەڕێزتان ساڵیانێکی زۆرە بە شێوازگەلێکی دیکە گۆرانی و ئاوازتان گوتووە، ڕەنگە نەتوانی وەک ڕابردوو هاوڕێیەتی هاوڕێ قەدیمییەکەت بکەی. بەڵام بەڕای زۆریەک لە بیرمەندانی ئەو بوارە، بەڕێوەبردنی ئەو بەرزی و نەویبوونە و مێدولاسیونانەی**

**کە لە ڕاستی پێنجگادا ئەنجامت داوە لە ئاوازی ئێرانیدا بێوێنە بووە. ئایا ئەم کارە خۆنیشاندانێک نەبوو بۆ قسە و باسی ئەوجۆرە کەسانە؟**

– لە سەرەتای قسەکانمدا گوتم، پێکهێنانی گۆڕانکاری سەرەکی لە هەر ژانرێکی هونەریدا، تەنانەت دەتوانێ یاریدەدەر بێ بۆ باشتر ناسین و تێگەیشتن لە ڕابردووی ئەو هونەرە. کاتێک نیما ئەو گۆڕانکارییەی لە شیعری نوێدا پێکهێنا، لە دوایەدا هۆگری خەڵکی بۆ شیعری کلاسیکیش زۆرتر بوو و دوای ئەوە حافز و مەولانا و... باشتر ناسران.

کاتێک سەبارەت بە نەریت پێناسە و تێگەیشتنێکی باشترت هەبێ، دەتوانی بە بیر و ئەندێشەیەکی باشترەوە گۆڕانی تێدا بەدیبێنی و هەرکە بتەوێ بگەڕێیتەوە بەرەو نەریت، بە تێگەیشتنێکی ئەکتیڤ و لێڕوانینێکی بنەڕەتییەوە لەگەڵیدا ڕووبەڕوو دەبییەوە. من کاتێک نەریتم شکاند، تازە مانای قووڵ و بەرینی نەریتم هەست پێکرد.

**× بەڕێزت سەبارەت بە ئاستی قووڵتربوونی مانایی لە شیعری کلاسیکدا دوای پێکهاتنی گۆڕانکاریی و نوێخوازی لەلایەن نیماوە شەرحتدا. ئیزنم بدە بۆ کامڵکردنی فەرمایشەکەت نمونەیەک بێنمەوە دوای نیما و لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکاریی پێکهاتەیی و فکری، غەزەلبێژانێکی وەک حسێنی مونزەوی، محەممەد عەلی بەهمەنی، سیمین بێهبەهانی و کەسانێکی دیکە سەریان هەڵدا کە لە قاڵبی کلاسیکدا غەزەلی نوێیان خوڵقاند.**

– ئافەریم، هەڵبەتە لە پێش ئەواندا «ه. ئەلف. سایە» لە ئارادا بوو. ئەمە ڕاست قسەکەی منە. من ٣٥ ساڵ لەوەپێش یانی لە ساڵی (١٣٥٦ه)دا کە چیرۆکی "مووسا و شوان"م بە گۆرانی گوت و شریتەکەیم بڵاوکردەوە، لە ڕووبەرگی شریتەکەدا نوسرابوو، ئەم کارە بە شێوەی تێکەڵکردنی چەند ئاهەنگێک ئەنجامدراوە، بەو شێوەیە سەرەڕای ئەوەی لاو بووم، لە ڕیزی یەکەمین گۆرانیبێژانێکدا بووم کە ئەو کارەم ئەنجامداوە.

**× ئەو شێوە فکرییە لەلای بەرەی نوێ چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

– هەڵبەت لەسەر یەک بەرەی ئەمڕۆ سەبارەت بە بەرەکانی ڕابردوو لە بابەت تەکنەلۆژی و ژینی ئازاد و بەربڵاودا و بە تایبەتی لە بەشی وەڵامی ئاوازدا کە خۆی بەشێکی زۆر گرینگ و فەننی و سەخت و دژوارە کاردانەوەیەکی تەسک

و لاوازی بووە. هەر بۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە هۆگرانی ئەم بەشە هونەرییە کەم دەبێتەوە. نەبوونی هاوئاهەنگی نێوان ژەنیار و گۆرانیبێژ، نەبوونی تێگەیشتنێکی وەک یەک لە کارێکی شەریکایەتی هونەریدا و تێنەگەیشتوویی لە بابەت فەلسەفەی هاوڕێیەتی لە کارێکی هونەریدا، نەناسینی ئەدەبیات و جوانیناسی و ستاتیکی تێکهەڵکێشکردنی شیعر و مۆسیقا و هەروەها سەرسەری تێڕوانینی لەلایەک و پێداگری هونەرمەند لە بابەت پێشکەوتن و باشتر بوون لە لایەنی بەرانبەر، هەموو ئەوانە هاوڕێیەتی ساز و ئاوازی زۆرتر وەک گۆڕەپانی زۆرەبانی لێکردووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە هاوڕێبوونی دوو هونەرمەند لە کارێکدا بۆ گەیشتن بە هەستێک و ئاکامێکی گشتییە کە هەردووکیانی تێدا بەشدارن. هونەرمەندانی بەرەی ڕابردوو گۆرانیبێژ یان ژەنیار گەیشتوونە ئاستی تێگەیشتن لە فەلسەفەی هاوڕێیەتی و هاوکاری و سەرەڕای ئەوە یەکترییان خۆشدەویست و خوڵقاندنی ئەو هەمووە بەرهەمە ئاکامی ئەو هاوکارییانە بوو. لە بەرەی ئێمەدا تەنیا چەند ژەنیارێک بوون تەواو بەسەر ڕەدیفەکاندا کە گێڕانەوەی جیا جیایان لە پشت بوو ئاشنایەتی تەواویان هەبوو. بە تایبەتی ئەو ڕەدیفە ئاوازانەی کە لە لایەن مامۆستایانێکی گەورەی گۆرانیبێژییەوە فێری ببوون وەک نوور عەلی برومەند، عەبدوڵا دەوامی، ئەدیب خانساری و.... کە بە داخەوە لەو چەند نەفەرە لێزانەش هێندێکیان جوانەمەرگ بوون و هێندێکیشیان لە پڕێکدا تەمەنی هونەرییان کۆتایی پێهات کە دەبێ ئەوانەی ئێستا ماون قەدر و حورمەتیان بگیردرێ.

**× بەو پێناسەیەی کە هۆگرەکانت لێت دەڕوانن وادیارە بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە کە زۆرتر خەریکی خوێندنەوەی شیعرەکانی مەولانا بووی، فیردەوسیش لە ژیانی هونەریتدا جێگایەکی تایبەتی هەبوو. ئەی بۆچی زۆر نەپرژاویتە سەر شیعرەکانی فیردەوسی؟ ئایا دەتویست کاری فایلی مەولانا تەواو بکەیت و دوایە فایلێک بۆ فیردەوسی بکەیتەوە؟**

– من هەر لە تازە لاویمەوە بە شوێن لەحنی حەماسییەوە بووم و ئەم لەحنەش لە دەنگی مندا هەبوو. دوکتور «سەفوەت» ٣٠ ساڵ لەوەپێش پێیفەرمووم کە لە دەنگی تۆدا ڕەگەی بەرزی و نەویی و ئێکسێنێتی تایبەتی تێدایە کە ئەو تایبەتمەندییانە هەستێکی حەماسییان پێبەخشیوی و ئەم لەحنە حەماسییە لە سەدان ساڵ لەوەپێشەوە لە ئاوازی ئێرانیدا هەبووە، بەڵام لەبەر کێشە و هۆگەلی مێژوویی وردە وردە فەوتاوە. جەختکردن و داواکاری مامۆستا

داریوشی سەفوەت بۆ من لە بابەت ڕاگرتن و ئاگاداری لە بابەت گرینگی ئەو لەحنە حەماسیانە بوو کە نەکا لە ژێر کاریگەریی گۆرانیبێژانی هاودەورەی خۆم بەرز و نەوی شەپۆلانی ئەو دەنگە، ساف و یەکهەوا بێ و ئەو هەست و کەشەحەماسییە جێگەی خۆی بدا بەو شێوە باوانەی ئێستا و لە ئاکامدا بەرەو تازییە خوێنی بڕوات. یەکێک لە ڕێنما بەڕێزەکانی ژیانی هونەریم هەر ئەو شوناس و تێگەیشتنانەی مامۆستا بوو کە توانیم بە کلتوور و هەست و تێڕوانینی خۆم لە ڕێگای ئاواز و گۆرانیدا هەنگاو هەڵێنمەوە.

مۆسیقای ئێمە بەردەوام لە سەدانساڵ لەوەپێشەوە لە ژێر گوشاردا بووە و ئێستاش بەو دەردەوە دەناڵێنێ و ئەوەش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە قەت کارێکی ئەوتۆ نەکراوە بۆ مۆسیقای ئێرانی، چ لە بواری ئامێرسازیدا، یان لە بەشی ڕاهێنان و پەرەپێدانی مۆسیقا و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕابردووی مۆسیقا، یان لایەنەکانی دیکە کە بە دایم ڕوانگەیەکی دەمارگرژانە و دێگماتیسم بەسەر مۆسیقای ئێمەدا قورسایی کردووە. سەبارەت بە ئامێرە نوێیەکانیش ئەگەر کەسێک توانیویەتی لە داهێنانەکانی خۆیدا گۆڕانکارییەک پێکبێنێ کە لە بواری فیزیکی و تەکنیکی ژەنیاریدا هەنگاوێکی زیاتر هەڵێنێتەوە ئەوە سەرکەوتوو بووە. هەرچەند هەموو ئەوانە ئەزموونی تاکەکەسییە و بە دوور لە پلانێکی گشتی. شانامە کارێکی کلتووری مرۆڤایەتی گشتییە. چۆن دەبێ بەبێ بەرنامە داڕشتنێکی بنەڕەتی و بەبێ پشتیوانی ناوەندە کلتوورییەکان کارێکی ئاوا گەورە ئەنجام بدرێت. بەوپێیەی کە لە وڵاتی ئێمەدا هەمیشە کارە گەورە هونەرییەکان لە لایەن نەفەرێک یان چەند کەسێکی ئاشق و هۆگرەوە ئەنجامدراوە. ئەمجارەش ناوەندەکانی کلتووری و هونەری وڵات، قەت پشتیوانیان لە کاری شانامە نەکردووە. هەڵبەت ئەگەر پلارمان تێنەگرن دەبێ سپاسیان بکەین!

**× هەڵبەتە ڕەنگە لەبەر خواستی کۆمەڵگا ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشی (گەلانی ئێران) کار لەتەک شیعرەکانی مەولانا و شیعری نوێتان دەستپێکرد. وادیارە ئێستا لەم سەردەمە تایبەتیەدا دەستپێکردن بە گونجاندنی شیعرەکانی فیردەوسی خواستی کۆمەڵگای ئەمڕۆکەیە.**

– ڕاستە، هەڵبەتە من کەڵکوەرگرتن لە شیعرەکانی مەولانا هەر لە ساڵەکانی پێش شۆڕشەوە دەستمپێکرد. لە ساڵی (١٣٥٤هـ) یەکەمین ئاهەنگی من بڵاوبووەوە، لە مەسنەوەی (نەینامە)ی مەولانا بوو کە سەربەندەکەی غەزەلی

بەنێوبانگی شێخ بەهاییە. «تا کی بە تمنای وسال تو یگانە» یانی ئاهەنگی «منی ئاشق» کە یەکەمین کاری گروپی «عارف» بوو بە هاوڕێیەتی حسێن عەلیزادە و پەرویز مشکاتیان، کە ئەو کارەمان لە ساڵی (١٣٥٦هـ) لەتەک (ە.ئەلف. ساڵە) لە ڕادیۆ ئێراندا زەفت کرا. یانی پێشینەی ئەم مۆسیقا عیرفانییە کە سەبارەت بە ڕوانگەی منە، دەگەڕێتەوە بۆ پێش شۆڕشی (١٣٥٧هـ) ئێستا کاتێ کە سەرنجی دەدەمێ، خۆشم پێموایە من دەبێ مەودایەکی زۆر دوورم بڕیبێ تاکوو بە فیردەوسی بگەم. یانی ئەم ڕێگایە دەبێ پلەبەندیکراو بێت. لە پێشدا دەبێ بە سەعدییەوە دەستت پێکردبێ و دوایە حافز و دوایە مەولانا و پلەی ئاخریش دەگاتە فیردەوسی.

**× مەبەستی تۆ بۆ بەڕێوەبردنی شانامەی فیردەوسی چ بوو؟**

– چ هاندەرێک گەورەتر لە هەستێکی مرۆڤایەتی سەبارەت بە وڵات و نەتەوەکەت، هەمووی ئەمانە لەبەر خۆشەویستی وڵاتەکەم، پەروەردەیی دایکم و لە هەبوونی شوناسێکی نەتەوەیی کوردی سەرچاوە دەگرێ. نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی ڕەسەن لە ڕەگەزی ئارییایە، ئەو نەتەوەیەی کە حەماسە و شۆڕشی لە ژیانیدا بە دایم تێکڵاوە و بە گشتی ڕەزم و بەزم لە یەک کاتدا پێکەوەن. هەر لە تازەلاویمدا لە بەردەست مامۆستا بێهزاد کرماشانیدا پەروەردە کرام و لەگەڵ ئەدەبیاتی ئێرانی و ئەدەبیاتی حەماسی و شانامەدا ئاشنایەتیم پەیدا کرد.

**× ئایا لەم شێوازەدا فێربوون و خوێندنی مۆسیقای ڕەدیفی دەزگایی بنەمای کاری گۆرانیبێژە؟**

– باسکردن لە وەفادار بوون بە ڕەدیف و ئەوجۆرە بابەتانە ڕەنگە بۆ هونەرمەندانی ئاماتۆر و تازەکاری مۆسیقا پەسەند بێ، بەڵام کاتێک کە هونەرمەندێک بگاتە ئاستێکی بڵیندی تێگەیشتنی هونەری، ئیدی ئەوجۆرە باسانە زۆر جێی سەرنج نییە. هونەرمەندێکی گەورە هەرکارێکی کە ئەنجامی دەدا خاڵێکی بەنرخ دەخاتە سەر ڕەدیف و بنەما پڕ بایخەکانی کلتووری ئەو وڵاتە. بە گشتی ئەگەر مرۆیێکی ئاسایی کارێکی گەورە ئەنجام بدا زۆر سەیر و نرخێنەر نییە، بەڵام ئەنجامدرانی هەرکارێک لەلایەن کەسایەتیەکی گەورەوە پڕبایەخ و سەرنجڕاکێشە. بۆیە بەڕێوەبردنی ئیشێک لەسەر شانامە گرینگ نییە کە حەتمەن

دەبێ لە دەزگای چوارگا یان هومایوون کەڵک وەرگیرێ بە هۆی حەماسیبوون و شێوەی بەیان و داڕشتنیانەوە، هیچ تۆفیرێک ناکا کە کام دەزگای مۆسیقا و ئاواز و مەقام بەکار ببردرێ. بە گشتی قاڵب گرینگ نییە بەڵکوو نێوئاخن جێگای بایخ و سەرنجە بە قەولێک «ئەوەندەی بە توێکڵە دە ئەوەندە بە کاکڵە» لە بەڕێوەبردنی شانامە تێگەیشتن لە شوعوور و کلتووری شانامە جێی سەرنجە ئەم زانست و شۆناسە ئەگەر هەبێت ئیدی جۆری دەزگاکە زۆر سەیر نییە، بۆ وێنە لە کونسێرتی ئەم دوایانەی شانامەخوێنی لە کارنگی هاڵی نیۆیۆرکدا من شانامەم لە دەزگای بەیاتی ئیسفەهاندا دەستپێکرد، کە ئەو دەزگایە ڕۆمانتیکێکی زۆر توند و غەزەلاوییە کە لە دوایەدا بە گۆڕینی گۆشەکان بۆ دەزگای هومایوون کەشوهەوای تایبەتی گێڕانەوەی حەماسیم ڕاگرت:

نهان گشت کردار فرزانگان
پراکنده شد کام دیوانگان
هنر خوار شد جادویی ارجمند
نهان راستی اشکارا گزند
شده بربدی دست دیوان دراز
به نیکی نرفتی سخن جز به راز
واتا:
بزر بوو کرداری هۆزانوان
نەماوە خۆشی و شادی دڵگەشان
زەلیلە هونەر ودمی هەنگ و قەند
پاکی شاراوە و خراپە مەرد و ڕەند
بە خوێن پاراو بوو دەستی دەستەڵات
تیشکی پاقژی لە قوژبن هەڵات

**× لە داڕشتنی ئاوازی سەر شیعرەکانی فیردەوسی ئایا دەکرێ لە گێڕانەوە (نقالی) کەڵک وەرگیردرێ؟**

- سروشتییە ئەگەر لەمەڕ بابەتە جیا جیاکاندا تێگەیشتنی ئێوە بەربڵاوتر بێت، ڕێگاکە هەموارتر دەبێ. لە گێڕانەوە هەتا قاوەخانە و ناسینی ئوستوورەکان و مێژووی ئێرانی کەونارا و حەقایەتبێژی دیوەخانان کە سەدان ساڵ لەوەپێشەوە لە ئێراندا لەسەر شێوازی شانامەخوێنیدا دامەزراوە و لێکۆڵینەوە لە بابەت

لەحن و شێوازەکانی ئاوازە حەماسییە ونبووەکان ئاشنا بوون لەگەڵ مۆسیقا نەتەوەکانی ئێرانی و هەروەها مەقامەکانی مۆسیقا و ئاواز بە تایبەتی مەقامەکانی مێژوویی و کەونارای گەلی کورد، کە لە ڕاستیدا هەموو ئەوانە زانستێکی گشتییە بۆ بەڕێوەبردنی شانامە و چوونە ناو ئەو دەریا بەرین و بێپایانە. هەر ئەوەندەی کەسێک دەنگی خۆشبێ و ئاشنایەتییەکی کەمی هەبێ لەگەڵ ڕەدیف و دەزگا مۆسیقایەکان، هێشتا زۆری ماوە کە بچێتە گۆڕەپانی پان و بەرینی شانامەوە. تاکوو زانیاری و لێهاتوویی لە بوارە جیاجیاکاندا زۆرتر بێ زووتر ڕێبواری ئەو ڕێگایە دەگەیێنێتە ئامانج.

**× شەرتی سەرەکی هەرکارێک بۆ گەیشتن بە ئامانج تێگەیشتن و زانیارییە لەو پێناوەدا...**

– بەڵێ، هێندێک لە خوێندکارانی هونەر گلەیی دەکەن کە ئێمە ١٠ ساڵە خەریکی خوێندنی ڕەدیفە مۆسیقایەکانین و نەگەیشتووینەتە هیچکوێیەک و هەر لە جێگای خۆماندایِن، من پێیاندەڵێم بڕۆن کتێب و ڕۆمان بخوێنەوە. خۆ شەرت نییە هەر دەبێ کتێبی موسیقایی بخوێنەوە، ئێوە دەبێ ئاستی زانست و زانیاری خۆتان ببەنە سەرێ تاکوو بتوانن لە دەسکەوتەکانی خۆتان لە جێگای خۆیدا کەڵکی لێوەرگرن.

**× چ جیاوازییەک لە نێوان خوێندنەوەی شیعری فیردەوسی و شیعری ئاشقانەدا هەیە؟ بە ڕوونی دەکرێ چ وێنەیەکی لێباس بکرێ؟ ئایا خوێندنەوەکانیان جیاوازی هەیە؟**

– زۆر بابەتی لەوجۆرە دەتوانین بۆ وێنە بێنینەوە. وەک جۆری جووڵەی هەناسە لە نێو قورگی گۆرانیبێژدا و شێوەی هاتنە دەرەوەی هەناسەکە ئایا بەرەوخوارێ (کسرە) دادەکشێ یان بەرەو سەرێ (فتحە) جووڵە کردنەکەی ڕاست و سافە یان پان بە گرێوگۆڵ و بەرز و نەوییە. خێرایی سازانی ڕستەکان و لێکگیربوون و هەڵسووڕ داسووڕ بوونیان لە شانامەدا جیاوازی هەیە لەگەڵ شێوازی شیعرە غەزەلییەکان، داڕشتنی ڕستەکان لە شانامەدا بە بەرز و نەوی بوون و چەندایەتی ددانگیربوون و خلۆربوونەوە لەسەر زمان وەک شەپۆلی دەریا و داوێنەکانی ئەلبوورز و زاگروس وایە. سەرچاوەی زۆربەی لەحنە ونبووەکانی ئاواز، لە نێو مۆسیقاکانی مەقامیدایە، بە تایبەت مۆسیقای مەقامی

نەتەوەی کورد لە ئاناهیتاوە هەتا بێستوون و لە بێستوونەوە هەتا داڵەهۆ و هەروەها مەقامە کەوناراکانی یارسان. بە گشتی شوێندانەری سەرەکی تێگەیشتن و زانست و هزری مۆسیقازانە.

**× ڕۆڵی ئاهەنگساز چییە و داهێنان و ئافراندنی گۆرانیبێژ و ئاهەنگساز چۆناو چۆن لە خزمەت یەکتردا دەبن؟**

– بە گشتی ئاهەنگساز ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ و دەستنیشانی دەکا گۆرانیبێژ لە چ کەشوهەوایێک و لە چ بەستێنێکدا بکەوێتە گەڕ. هەڵبەتە گۆرانیبێژمان هەیە هەتا گۆرانیبێژ.

**× یانی «هەوڵدانی ماندوو نەناسانەی ئەو سی ساڵەی» پێدەوێ.**

– بەڕاستی وایە، من زەحمەتێکی زۆرم لەو ڕێگایەدا کێشاوە و ڕوونیشە هەروا درێژە بەو ڕێگایەش دەدەم. من درێژەدەری بەردەوامی ئەو ڕەێگایەم. ئەو کاتوساتانەی کە شیعرەکانی مەولانا کەمتر بە گۆرانی دەگوترا یان لەگەڵ کێشەگەلێکدا ڕووبەڕوو دەبوو ئێدی تێپەڕیوە. شوێنکەوتنیشم بۆ شیعری نوێ کردووە و وەک یەکەمین کەسێک کە لەو بوارەدا پێشڕەو و ڕچەشکێن بووم و ئێستاش لەو ڕێگایەدا بەردەوامم. لە لایەکیتریشەوە شانامەش یەکێ لە ئامانجە گەورەکانی منە تاکوو بتوانم ئەو کارە لە نێو موزیسیەنەکان و بەتایبەت لە نێو گۆرانیبێژاندا جێگیر بکەم، هەن کەسانێک کە هێشتا لە شێوەی بەیانی من سەبارەت بە شانامە تێنەگەیشتوون و پێیانوایە ئەو شێوە گۆرانییە خوێندنەوەی شیعر یان گێڕانەوەیە، ئەوە لە حاڵێکدایە من لەگەڵ مۆسیقا و ئاهەنگی دەروونی و شاراوەی شیعردا پێوەندیم گرتووە و موسیقاکەی خۆم لەتەک ئەودا ڕێک دەخەم و تێکەڵیان دەکەم. ئەم شێوازە ئێدی ڕوانگەی موسیقای نەریتی و غەزەلی نییە. شێوەی بەیانی موسیقای نەریتی لەگەڵ شانامەدا بە تەواوی جیاوازە و هاوڕێبوون لەگەڵ شانامەدا یاسا و ڕەوڵی تایبەتی خۆی دەوێ و لە بواری دابەشکردنی زەمەنی جووڵەیی و پێوەندی دەروونی شیعرییەوە جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ موسیقای نەریتیدا هەیە. کە باسێکی دژوار و پێچەڵاو پووچی لە پشتە و تێگەیشتن لەو باسەی کە من بۆ تێکلاوکردنی موسیقای شانامە گەیشتوومەتە چ ئاستێکی ڕوانین، کات و زەمانی پێویستە.

**× قسەت لەسەر موسیقای شیعری کرد. «دوکتور شەفیعی کەدکەنی» کتێبێکی هەیە بە نێوی «موسیقای شیعر» ئایا بۆ ناسین و تێگەیشتن لە موسیقای دەروونی و شیعرەکانی فیردەوسی لەگەڵ ئەودا بیرو ڕاتگۆڕیوەتەوە؟**

– زۆر لەوەپێش، یانی لە دەوروبەری سی، چل ساڵ لەمەوبەر «ە. ئەلف.سایە» و «ئەخوان سالس» و هەروەها «شەفیعی کەدکەنی» هەرکامیان بە شێوەیەک مامۆستام بوون و بە درێژایی ئەم ساڵانە بەردەوام شتیان لێفێر بووم.

**× واهەست دەکرێ زۆربەی بەرهەمە موسیقایەکان لە کارو بەرهەمەکانی دیکەوە وەرگیرابێ و بە گشتی لە قاڵب و جێگای خۆیاندا نەبن. ئەم تەوەرەیە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟**

– دەستپێکی کاری هونەرمەند لەوێوە دەست پێدەکات کە هەست بە کەموکوڕی و لاوازی بەرهەمی خۆی بکات. لەو جێگاوەی کە دەتوانێت خۆی هەڵسەنگێنێ و تاقیکردنەوەی لەسەر خۆی هەبێ و چوارچێوەی کارو تێکۆشانی خۆی لە بەرچاوبێت. هەموو جۆرە ئاهەنگێک نەڵێتەوە، کەڵک لە هۆنراوەیەک وەرنەگرێ کە لە بەستێنی تێگەیشتن و ڕوانگەی ئەودا نییە، یان ئەگەر هەر پێویستە ئەو شیعرە بۆ گۆرانی بەکار بێنێت واچاکە لە پێشدا موتاڵایەکی تێرو تەسەلی لەو بابەتەوە هەبێت. دەنگدانەوەی هونەر لە کارو ئیشی داهێناندایە و ئافراندنیش لە ساتە هەستیارەکاندایە. بەڵام دەبێت لە پێشدا هەموو کەرەسە و ئامرازی گەورەی پێویست ئامادە بکرێت.

خۆناسین و تێگەیشتن لە ئاستی توانایەکانی خۆت بۆ هونەرمەند زۆر گرینگە. بۆ وێنە گۆرانیبێژێک کە چوارچێوەی لێهاتوویەکەی بەرتەسک و لە دوو تویی ڕەدیفە دەزگایەکاندا بێ و پێیبڵێین وەرە شانامە خوێنی بکە دەبێ خۆی هەڵسەنگێنێ و بیر لەوە بکاتەوە ئایا دەتوانێ لەو ڕێگایەدا هەنگاو هەڵێنێتەوە؟ ئایا دەتوانێ لە دەریای بەرینی شانامەدا مەلەوان بێ؟ ئایا ئەو کۆمەڵە زانستەی تێیدایە بۆ ئەوەی بچێتە نێو ئەو دەریایەوە؟ ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە سەر کارو چالاکی ئاهەنگساز.

**× بەڕێزتان سەرەکیترین موزیسیەنی ئێرانین کە زۆرجار لە سەرتاسەری دنیادا کونسێرتگەلێکیان بە شیعرەکانی مەولاناوە بەڕێوە بردووە و ڕۆڵێکی گەورەتان هەبووە بە گەورەکردن و بە دنیا ناساندنی مەولانا. هەر بۆیە لەو پێناوەدا و بۆ**

**ڕێزلێنان لە چالاکییەکانت خەلاتی زۆر بەنرختان وەرگرتووە. یەکێک لەو خەلاتانە خەلاتی «شوالیەی ئاواز»ە. کە نەک لەلایەن باڵوێزی فەڕانسەوە بەڵکوو لەلایەن وەزارەتی کلتووری فەڕانسەوە خەلاتەکەت پێشکەش کرا جیا لە شوالیە خەلاتی «ئافیسێر» کە نیشانی پلەی بەرزی ئەدەبیات و هونەرە و هەروەها دوکتۆرای ئیفتیخاری و بەرزی وەزارەتی فەرهەنگ و کلتووری فەڕانسەت پێبەخشرا کە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە کار و ئیشی مەولانات گەیاندووەتە چڵەپۆپە و بە شوێن ئەویشدا بۆ کارکردن لەسەر شیعرەکانی فیردەوسی فکر و هزرت بیرکۆ کرد. پرسیار یان پێشنیارێکم هەیە. بۆچی لە کۆنسێرتەکانتدا لە مۆڵتی میدیا کەڵک وەرناگری؟ ئایا پێتانوانییە ئەگەر لە گڕاند کۆنسێرتێکتدا مۆنیتۆڕە گەورەکانی لێدامەزرابێ و ڕەسمە ئوستوورەییەکان نیشان بدرێ، نابێتە هۆی پێوەندی زۆرتری بەردەنگ؟**

- بەڵێ دەکرێ هەرکارێکی بگونجێ بیکەی. کاری هونەری بە شێوەیەکە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەیە. بەلام سەیر ئەوەیە نێو ئەو چوارچێوەیە تا بێنەهایەت کراوە و ئازادە بە جۆرێک کە هونەرمەند دەتوانێت سەرەڕای بەڕێوەبردنی کونسێرت، بیر لە کارو باری دامەزراوەی ڕواڵەتی کونسێرتیش بکاتەوە و لەو بەینەدا جوانکار و خوڵقێنەر بێ.

**× ئایا بە دانیشتنەوە گۆرانیگوتنیش دەگەڕێتەوە سەر ئەو بەربەست و چوارچێوەیەی گۆرانیوێژێکی نەریتیخواز؟ وادەردەکەوێ کە بە دانیشتنەوە گۆرانیگوتن لەگەڵ شانامەخوێنیدا ڕێک ناکەوێ. دەکرێ بە پێوەش ڕاوەستی و گۆرانی بڵێی؟**

- من ئەو کارەم زۆر کردووە و دیسانیش بە پێوە ئەوکارە دەکەم. با بیرەوەرییەک بگێڕمەوە. جارێکیان لە دەرەوەی وڵات بەرنامەیەکم بەڕێوە دەبرد و دەمویست بە تەنیایی ئاهەنگێکی کوردی بڵێم. گوتم من دەبێ بە پێوە ئەو گۆرانییە بڵێم، ئیزنیان پێنەدام! گوتیان تۆ نەریتخوازیت و دەبێ بە دانیشتنەوە گۆرانی بڵێی، من پێمسەیر بوو و گوتم مەگەر ئێوە دەبێ بۆ من ڕێ و شوێن دانێن کە دەبێ چۆنبم و چۆن گۆرانی بڵێم؟ لە کونسێرتی مەقامی شانامەدا کە لە تەلاری «میلاد»دا بەڕێوە برا و هەروەها لە زۆربەی کونسێرتەکانی دیکەمدا بە پێوە گۆرانیم گوتووە.

**× ئایا ئەگەر کەسانێکی دیکە درێژەپێدەری کارێک بن کە ئێوە دەستتان پێکردووە و داتانمەزراندووە لێیان زوێر نابێ؟**

– چاولێکردن و لاسایی کردنەوە جیاوازە لەگەڵ کەسێکی کە سەرمەشقێک بۆ خۆی ڕەچاو بکا و بە هزر و بیرو بۆچوونی خۆی پەروەردەی بکات. من دژی لاساییکردنەوەیەکی سووک و سەداسەد چاولێکەریم. بەڵام هونەرمەندێکی ڕاستەقینە ڕەنگە لە سەدان شت چێژ و ئیلهام وەربگرێ و هەموویان لە دەروونی خۆیدا جێگیر بکات و دوایە لەگەڵ توانایییە دەروونییەکان و زانستی خۆی تێکیان هەڵشێلێ و بەرهەمێکی نوێی لێبخوڵقێنێ. ئەمکارە لەگەڵ چاولێکەری و لاسایی کردنەوەدا جیاوازی هەیە. لاساییکەرەوە هەمیشە بە شوێن ئەوەوەیە تاکوو بزانێ تۆ چ شیعرێک هەڵدەبژێری تا خێرا بڕوا و ئەو شیعرە هەڵبژێری بۆ کارەکەی. یان دەیەوێت ببینێ ئێوە دەستتان چۆن تەکان دەدەن تا ئەویش وەک ئێوە بکات، یان ئەگەر ئێوە لە بەرهەمێکی نوێتاندا کەڵکتان لە مەسنەوی وەرگرتووە، ئەویش مەسنەوی بەکار دەبات. ئەوکارەی لە دەروونی خۆیدا ڕاناگرێ تا وەک زانستێک و ڕوانگەیەکی هونەری لە لەشیدا بگوورێ و لە جێی خۆیدا کەڵکی باشی لێوەرگرێ. بە داخەوە کۆمەڵگا بە جۆرێکە کۆپی هەڵگرتنەوە لە کاری یەکتری زۆر بووە، کە دەگەڕێتەوەسەر کەمتەرخەمی سەبارەت بە موسیقا و چەند هۆیەکی دیکە. ساڵیانی ساڵە ناوەندەکانی بەرپرس کارێکی ئەوتۆیان لە پێناوی موسیقادا نەکردووە و بێپشتیوان و بەربەرەڵایە، لە ئاکامدا بازاڕێکی ئاڵۆزی لێدروست بووە، بە تایبەتی ئاواز کەوتووەتە سەرلێواری کەندەڵانەکە. هەر بۆیە موسیقا ئاوا سووک و بێبایخ بووە کە هەموو دەیانەوێت دزی لێبکەن و ببن بە نێو هونەرمەند. وادیارە ئێستا سەردەمی دزی و کڵاو لەسەرنان و چاوبەستن و دەڵاڵییە. هونەرمەندی ڕاستەقینەش دەبێ لە قوژبنێکدا ئەژنۆی خەم لە باوەش بگرێ و ئەگەریش بیەوێت بەرهەمێک بخوڵقێنێ تا ئەیامێکی زۆر ماندوویەتی ئەو کارەی بە لەشەوە دیار دەبێ و وای لێدێ ئیدی وزە و ورەیەکی نامێنێ بۆ کارێکی دیکە. لە موسیقادا چوارچێوە و سنوورەکان تێکڕووخاون و جیاکردنەوە و ڕێکخستنەوەیان کارێکی دژوارە.

ئێمەش کە لەگەڵ ئاغای عەلیزادە ئەو گرووپەمان پێکهێنا، هەموو لە خۆمان مایەمان داناوە و لە خۆبردووییمان کردووە تاکوو ئەو کارە بگاتە ئەنجام و یەکجار زۆر وریاشین کە نەکا ئێمەش ببینە باندێک و تەنیا کار بۆ خۆمان بکەین و خۆمان لە بەرچاو بێ. ئێمە تەنیا بە ڕوانگەیەکی تەواو هونەرییەوە ئەو کارە

دەکەین و دەبێ وشیاریش بین کە نەکەوینە داوی باندە لەخۆباییەکان و مافیاکان و نەکەوینە «منەمن».

بۆیە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە درگای دۆستایەتیمان خستۆەتە سەرپشت تاکوو هەر مرۆیەکی داهێنەر و کەسایەتییێکی هونەری کە پێشینەیەکی باش و پەسندی هەبێ، یان لاوێکی بەهرەمەند بتوانێت کەڵکی پێویستی لێبگرێ. زۆرجار دژایەتی و ناڕەزایەتیی خۆمم بە گوێی تەلەفیزیۆن هەڵێناوە.

**× زۆرجار ناڕازی بوون و دژایەتیبوونی خۆتت ڕاگەیاندووە سەبارەت بەوەی کە میدیای حکومیی بەبێ ئیزنی بەڕێزتان کەڵکیان لە کار و بەرهەمەکانت وەرگرتووە ئەم دژایەتییانە چ ئاکامێکی لێکەوتووەتەوە؟**

– ئێستا زیاتر لە ٣٠ ساڵە کە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە بەرهەم و دەنگی من بە شێوەگەلی جۆراوجۆر کەڵک وەردەگرێ و بڵاوی کردوەتەوە، سەیر ئەوەیە کە بە درێژایی ئەم ٣٠ ساڵە کە خۆی لە خۆیدا تەمەنێکە هەمیشە و بە دایم بەبێ ئیزنی من و بەبێ ئاگادارکردنەوەی من و هەروەها بەبێ لە بەرچاوگرتنی مافی من و لادان لە یاسای کۆپیڕایت کاریان کردووە. لە سەردەمی شەڕدا (ئێران و عێراق) زۆربەی بەرهەمەکانی منیان کردە سروودی بەرەکانی شەڕ. میدیای دەوڵەت بە درێژایی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق، زۆرجار کەڵکیان لە کارەکانی من وەرگرتووە کە ڕۆحییەتێکی حەماسییان بووە، هەڵبەتە بە دوور لە هیچ گرێبەستێک و ئیزن وەرگرتنێک لە من. لە کۆتایی شەڕیشدا کاتێک ویستیان ویدیۆکلۆپێک دروست بکەن کە پێناسە و سیمبولی هەشت ساڵەی شەڕ بێ، دیسان ئەو دەنگ و ڕەنگە کلیپی (کاروانی شەهیدانی) لەسەر دەنگ و بەرهەمی من سازکرد. هەڵبەت ئەم هەڵبژاردن و سازکردنەش بەبێ ئاگاداری و بێئیزنی من و بەبێ هیچ گرێبەستێک ئەنجامدرا. لە پێش شەڕیشدا بە دایمە کارەکانی من بڵاوکرایەوە و دوای تەواوبوونی شەڕیش ئەوکارە هەروا بەردەوام بووە، ئەوان هەروا سەرەڕۆیانە ئەو کارانەیان ئەنجامداوە و منیش دژ کردەوەی خۆمم بەردەوام ڕاگەیاندووە و قسە و دژایەتییەکانی منیش هیچ ئاکامێکیان نەبووە. بەو دەنگ و ڕەنگە دەڵێم ٣٠ ساڵە ناجوامێرانە و ناعادلانە کار و بەرهەمەکانی منتان بڵاوکردوەتەوە. لەو بەینەدا من بەڕاستی یەکجار زۆر لەخۆبردوو بووم، بەڵام بێئینسافی و نابەرابەری ئێوە هەتا کەنگێ و هەتا کوێ؟ هەرکام لە ئێوەی بەرپرس ئەگەر ٣٠ مانگ ماف و مووچەی خۆتان نەدرێتێ چ کاردانەوەیەکتان

دەبێ؟ ئێستا چاو لە من بکەن من، شەهرام نازری کە سی ساڵە یانی تەمەنێکە خۆڕاگر بووم و وەکوو کێو بەرز و قایم ڕاوەستاوم، من پێتان ئەڵێم ئیدی بەسە، ٣٠ ساڵیش تێپەڕی، ئیدی بەسە. ناعەداڵەتی و نابەرابەری ئیدی بەسە. وەرن با دوای ٣٠ ساڵ ڕێز و حورمەت بۆ هونەرمەندانی ڕاستەقینەی وڵات دانێین. بەبێ ئیزنی ئەوان با بەرهەمەکانیان بڵاو نەکەینەوە و بۆ سازکردنی هەرجۆرە کەڵکوەرگرتن یان کلیپێک بەپێی یاسا و کۆپیڕایت مافی خۆیان بدرێتێ. زۆرکەس و لایەن لە خۆیان ڕاناوە و لە خۆیان دواون، بەڵام من شەهرامی نازری ڕۆڵەی ئێرانیی و لە نەتەوەی کورد، لە سەرەتای شۆڕشەوە یانی لە ساڵی (١٣٥٧هـ) تاکوو ئەمڕۆکە لەگەڵ تۆدا قسە دەکەم، یانی یەکەمی خەرمانانی (١٣٩٠هـ) بە درێژایی ئەو ٣٣ ساڵە هیچ یارمەتییێکم وەرنەگرتووە. نە یارمەتی ماڵی و نە وامێکی سەیر و نە زەوی و نە ماڵ و نە هیچ شتێیەکیتر. قەت لە کەس یا لایەنێک نە تەنیا هیچ شتێیەکم داوا نەکردووە، تەنانەت حەق و مافی سروشتی ٣٠ ساڵەی خۆشم نەدراوەتێ. ئەو کێشەیەم بۆیە باس کرد تاکوو بزانی کە هونەرمەندێک لە چ کەشێکی دژواردا لەم وڵاتە کاری هونەری خۆی درێژە پێدەدا. زۆر لایەن و زۆر ناوەندیش قەرزداری منن. بەڵام من قەرزداری کەس نیم، هەر بۆیە شوکر و سوپاسی خودا دەکەم کە سەربەرز و سەربڵندم.

هەڵبەتە با باسی ئەوەش بکەم کە لەم ساڵانەدا لە لایەن ناوەندە جیاجیاکانەوە چەندەها پێشنیاری گەورە و پڕ تەماحیان وەبەر ناوم تاکوو لە زۆر شتی تایبەتی بەهرەمەندبم و هەموو ئەو ماف و مووچانەی کە بە ناحەق نەیانداوەمەتێ بمدەنێ، بەڵام قەت قەبووڵم نەکردووە و ڕامگەیاندووە کە هەرکاتێک ویستتان و تەماتان گرت کە ماف و مووچەی لێسێندراوی هەموو هونەرمەندانی ئەم ئاو و خاکە بدەن، ئەوکات منیش لەگەڵ هونەرمەندەکانی دیکەدا دێم تاکوو بەشێک لە ماف و داخوازییە سرووشتییەکانی خۆم وەرگرم.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری «تجربه»، ژمارە ٤، خەرمانانی ١٣٩٠

# تەقوا

## کارکردنێکی ورد لەسەر ئیسلامی سیاسی لە تورکیا




**سیروان رەحیم**

**ناوی فیلم: تەقوا**

**سیناریۆ: ئۆندەر چاکار**

**بەرهەمێنەر: سەڤیل دەمیرجی، فاتیح ئاکن، ئاندریاس تیل، ئۆندەر چاکار**

**دەرهێنان: ئۆزەر کزڵتان**

**کامێرا: سۆیکوت توران**

**مۆنتاژ: ئەندرێ بیرد**

**موزیک: گوێکچە ئاکچەلیک**

**جۆری فیلم: دراما**

**وێنەگرتن: تورکیا (٢٠٠٦)**

**٩٦ خولەک، ٣٥ ملم، رەنگاورەنگ**

**زمان: تورکی**

**پاڵێوراوی سینەمای تورکیا بۆ خەڵاتی ئۆسکاری ساڵی ٢٠٠٧.**

**وەرگری خەڵاتی فێستیڤاڵی تۆرنتۆ- کەنادا**

**وەرگری خەڵاتی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی بەرلین- بەرلیناله**

هەردوو سیناریست "ئۆندەر چاکار" و دەرهێنەر "ئۆزەر کزڵتان" بە شێوەیەکی ئەوەندە ورد کاریان لەسەر ئیسلامی سیاسی لە وەڵاتەکەیان کردووە کە بووە بە مایەی تێڕامانی قوڵ و ئێستی گەورەی بینەر و شارەزایانی بواری سینەما. ئەم دوو هونەرمەندە تورکە بە شێوەیەکی وردبینانە کاری ڕێکخراوەیی ئیسلامی سیاسییان لە تورکیا شۆپاندووە. بە تایبەتی ڕێکخستنەکانی ئیسلامی سیاسی لەو وەڵاتە لە ئاستی ئابووری و خۆدەوڵەمەندکردندا بووە بە مایەی چنینێکی گرنگ لە فیلمی تەقوا دا.

ئەو ئاماژانەی ئەمان کاریان لەسەر کردووە و لە فیلمێکی ٩٦ خولەکی سینەمادا بەرجەستەیان کردووە، گوتاری دژ و کاردانەوەی سیاسییەکانی وەڵاتەکە نەیانکردووە. بە بینینی فیلمی تەقوا بۆمان دەردەکەوێت لە زۆر ئاست و لە بۆتەی زۆر تێڕوانینی جیاوازدا کەسی تر بۆی نەکراوە بەو جۆرە پەی بە شیکردنەوەی ئاماژەکان و شیرۆڤەی ئەو تەونی خۆڕێکخستن و پارە کۆکردنەوەیەی ئیسلامییەکان بکات.

موحەڕەم (ئەرکان جان) کاراکتەر سەرەکی فیلمی تەقوایە، کاراکتەرێکە سەرجەم هەڵچنینی چیرۆک و بەسەرهاتی تەقوای پێوە بەندە. ئەو کاراکتەرە ساکار و بێگەردە، کارمەندێکی بچووکی دوکانێکە کەرەستەی سادەی لێ دێتە کڕین و فرۆشتن. موحەڕەم ماڵێکی بچووک و ژیانێکی ساکاری هەیە. لە ماڵەوە بۆ دوکان و لەوێیشەوە بۆ ماڵ. موحەڕەم هەندێ شەویش دەچێت و بەشدار



تەقوا و زیکری کۆڕی شێخ دەبێت.

شێخ کە کاریزمایەکی بە هەیبەت و دەسەڵاتێکی گەورەی هەیە، چاو دەبڕێتە موحەڕەم تا بیباتە لای خۆی و سەرپەرشتی هەندێ لە کارەکانی خۆی پێ بکات.

موحەڕەم لەم داوایەی شێخ دەساکێ. نازانێت چی بکات، بەڵام داوای شێخە و دەبێت پەسەند بکرێت. شێخ سەرێک لە خاوەن کارەکەی موحەڕەم دەدات و داواکە بەویش دەڵێت. دیارە خاوەن کاریش دەبێت داوای شێخ بە خۆشحاڵی پەسەند بکات، بەڵام چۆن پەسەندکردنێک؟

موحەڕەم وەکو جاران لەوێ کار دەکات و بە هەمان شێوەی پێشوو مافی دێتە پاراستن، بەڵام "کەمترا!" دێتە سەر کار و زۆرتر سەرقاڵی کاری خانەقا و تەقوا دەبێت.

لە چاوترووکاندنێکدا موحەڕەم لەسەر دەستی شێخ دەبێت بە خاوەنی ماشینی دوا مۆدێل، شۆفێر. هەروەها وای لێدەکەن دەستبەرداری ماڵەکەی ببێت و بچێتە خانەقای شێخ و لەوێ ژوورێکی دەدەنێ.

موحەڕەم ئیتر سەرپەرشتی وەرگرتنی کرێی ماڵ و دوکانەکانی شێخ دەکات لە ئیستانبوڵ. ژمارەی دوکان و ماڵەکانی شێخ کە بە کرێن کەم نین و کاری زۆریان پێویستە. هەروەها کاری وەها کەسێکی پێویستە کە دڵڕەق بێت، چونکە نموونەی ئەو کەسانەی کرێچین و بەردەوام دێنە پێشێ کە ناتوانن کرێ بدەن، لە ڕەوشی وەهایشدا موحەڕەم دەبێت بڕیار بدات ئایا دەتوانێت بیانبوورێت یان نا. بێگومان نەخێر، ناتوانێت لە بابەتی کرێدا لە کەس خۆش بێت. نموونەی لەو جۆرە دێـتە پێش و شێخ زۆر توڕە دەبێت، هۆشداری دەدات بە موحەڕەم و پێی دەڵێت:

"ئەوە ماڵی خودا و پارەی باری تەعالایە" هیچ کەسی لێ نایەتە بوردن و هەمووان ناچارن کرێ بدەن. هەرچەندە موحەڕەم هەوڵ دەدات کە شێخ "حاڵی" بکات فلان کرێچی کۆمەڵێ منداڵی بەسەرەوەیە، خێزاندار و بێ کارە و دەتوانین بیکەین بە هۆکاری "خێر" و لەپێناو "پەروەردگاری مەزن"دا مانگێک بیبەخشین، بەڵام شێخ "حاڵی" نابێت و گوێ لە موحەڕەم ناگرێت.

ئەو پێی وایە موحەڕەم نازانێت "حیکمەت" لە چیدایە!

ڕاستییش وەهایە و موحەڕەم زۆر بە هەڵە و ئاوەژوو لە "حیکمەت و پلانی" شێخ حاڵی بووە.

موحەڕەم ماوەیەکی زۆر لەنێو گومانێکی کوشندەی تەقوا و کۆکردنەوەی

پارەدا دەژی.

پاکژی تەقوا و پیسێتی ئەو پارە کۆکردنەوەیە بۆ شێخ لە ئاوەزی موحەڕەم یەک ناگرنەوە، بەڵام یارۆ ناتوانێ بڕیارێک بدات و لەبەر "خۆفی خودا" هەموو ڕێیەکانی لە خۆی بەستووە.

ڕۆژەکان بە هەمان ڕیتمی وەڕسکەرەوە دێن و دەچن. موحەڕەم بەردەوام سەرپەرشتی پرۆژەکانی شێخ دەکات.

لە یەکێک لە ڕۆژە هەرە ناخۆشەکانی ژیانیدا موحەڕەم بۆی ئاشکرا دەبێت کە شێخ لە پشت هێزی ئیلاهی و تەقوای خەڵکی بڕوادارەوە سەرقاڵی شتی ترە.

موحەڕەم درەنگ حاڵی دەبێت کە بەشێک لەو پارەیەی ئەم کۆیدەکاتەوە، لەلایەن کچی شێخەوە چۆن خەرج دەکرێت.

ئەو پاشتر کاتێک کار لە کار دەترازێت تێدەگات لە پشت ڕاڕەوەکانی خانەقاوە چ دەگوزەرێت و شێخ چ زبڵدانێکی لە پشتی خۆیەوە حەشار داوە.

موحەڕەم کچێک دەبینێت کە لە بازاڕی زێڕنگەران و لە کۆگاکانی جلوبەرگی دوا باو چۆن پارە بەفیڕۆ دەدات و چی بخوازێت دەیکرێت. موحەڕەم هەمان کچ دەبینێت بەرەو ماڵی شێخ، بەرەو خانەقا دەبێتەوە. کاتێک کچەکە دەیەوێت بچێتە ژوورەوە ئەم ڕێی لێدەگرێت، دەست بە دەرگای خانەقاوە دەگرێت و پێی دەڵێت:

"من موریدی ئەم دەرگایەم. تۆ ناتوانیت بچیتە نێو خانەقایەکی ئەوەندە پاکژ و پڕ لە تەقواوە. نا نایەڵم..."

کچەکە بە یەک قسە سەرلەبەر ژیانی موحەڕەم دەشێوێنێت و لە پەل و پۆی دەخات.

کچەکە بە زەردەخەنەیەکەوە بە موحەڕەم دەڵێت:

"موحەڕەم ئابی مەگەر نازانیت من کچی شێخم؟!"...

ئەو قسەیە موحەڕەم دەتەپێنێت و لە زمان و لە پەل و پۆی دەخات.

ئەو کچە هەمان ئەو کچەی نێو خەونەکانی موحەڕەمە کە بەردەوام شەوانی هێمن و پڕ زیکری ئیلاهی لێ دەشێوێنێت.

ئەو کچە هەمان ئەو کچەیە دەستبەرداری موحەڕەم نابێت و پەیتا پەیتا دێتە خەوی، دێتە خەوی موحەڕەم ئەم پیاوە ڕەبەنە لەنێو کەشی پڕ لە ڕاز و ڕژاندنی دۆلاردا، پێوەی "شەیتانی" دەبێت.

لەو ساتەدا لای موحەڕەم هەموو گوناهەکانی شێخ و خانەوادەی شێخ لەوبەر دەروازەیە یەکانگیر دەبنەوە و هەموو گومانەکانی موحەڕەم دەبن بە ڕاست،

بەڵام راستییەک بارێکی زۆر قورسە و ئەم ناتوانێت لە پڕا ئەو هەموو زنارەی راستی و رەنجبێوەری خۆی هەڵبگرێت. موحەڕەم لەبن ئەو بارەدا دەتەپێت و دەڕووخێت. بۆیە یارۆ ئیفلیج دەبێت و لە زوان دەکەوێت.



هەردوو سیناریست "ئۆندەر چاکار" و دەرهێنەر "ئۆزەر کزڵتان" لە فیلمی تەقوادا بە روونی پێشانی دەدەن، کە تورکیا لەژێر تەمومژی "تەقوا"دا چ چەوساندنەوەیەک و چ شێوازێکی دزێوی کۆکردنەوەی پارە و چ بێدادییەک هەیە. ئەو هونەرمەندانە گومانی موحەڕەمەکان دەکەن بە کارێکی بێگومان و پێشانی دەدەن لەپشت تەقوا و شوێنەکانی تەقواوە چ دەگوزەرێت و چۆن گەمە بە بڕوا و بە متمانەی مرۆڤە پاک و بێگەرد و هاوکات ساکار و ساواکان دەکرێت.

# ئیستاتیکای بێدەنگی
# و
# کولتووری ژاوەژاو



**ئەندرۆ ڤاگۆنەر**
**و.لە عەرەبییەوە/ ئەکبەر حەسەن**

بێدەنگی لە ژیانماندا بە تەواوەتی رەتکراوەتەوە. ئەم پرۆسەی رەتکردنەوەیەش پلەبە پلەبووە، بە جۆرێک کە کەس نەیتوانیووە ئاگای لە مەترسییەکانی ئەم پرۆسەیەو ئاکامە زیانبەخشەکانی بێت تەنیا لەم ماوەیەی دوایدا نەبێت. تواناکانی تێرامان، توانای جیاکردنەوە، هێمنیو توانای هەستکردنی قووڵ بە لاکان (الجهات) یەکەم قوربانییەکانی ژاوەژاون، ژاوەژاوێک کە پانۆرامای ژیانی هاوچەرخمانی بەزاندووەو کۆنترۆڵی کردووە. بەڵام خراپترین زیانەکان لەم پانۆرامایەدا نائامادەبوونی مۆسیقایە لە جیهانەکەماندا.

بەڵێ، ئەمڕۆ مۆسیقا لە دنیای ئێمەدا نائامادەیە، ئەگەرچی ئەم حوکمە لەگەڵ واقیعی ژیانی رۆژانەو کولتووریماندا تەبا نییە. چۆن دەتوانین بڵێین مۆسیقا نائامادەیە لەکاتێکدا لە هەموو شوێنێکدا گوێمان لێیەتیو بە هەموو تەرزو ستایلێکی شیاو و رەخسێنراو، کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێشینەی نییە، بۆ هەمووان دابینکراوە؟ ئەمڕۆ ئەوەندە بەسە برۆیتە سەر ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت بۆئەوەی چەندین تەرزو ستایلی مۆسیقا لە هەموو جیهانو کولتوورەکانی جیهاندا دەستبخەیت، کە پێشتر نەتدەتوانی بەم ئاسانییە دەستیان بخەیتو گوێیان لێبگریت.

ئایا ئەم دابینکردنە چڕو بەردەوامەی مۆسیقا لە هەموو شوێنێکدا شتێکی باشە؟ لە ژیانماندا تەنیا یەک پانتاییش نییە، کە مۆسیقای تێدا نەبێت. ئەو پانتاییەی کە تیایدا دەژین، گۆڕاوە بۆ جۆرێک لە زیندانی دەنگی، کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەموو چالاکیو کردەکانی ڕۆژانەمان دەبەزێنێت. ناچارین لە هەموو شوێنو بۆنەیەکدا گوێ لە چەندین ستایلی مۆسیقا بگرین، کە بە خواستی خۆمان هەڵمان نەبژاردوون، لە هەموو کۆگایەکدا، لە ئاسانسۆر، لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفۆن (سیستەمی پۆستی دەنگی)، لە هەموو ئۆتۆمبێلێک کە بەلاماندا تێپەڕ دەبێت، لە هەموو ئەو ئامرازی گواستنەوانەی کە بەکاریاندەهێنین، لە هەموو ماڵێکی دراوسێماندا، لە ریستۆرانتو کافێکان، لەکاتی پیاسەکردنو خەوتنو کارکردندا، هەموو ئەو ساتانەی تەنیا یان لەگەڵ ئەوانی تردایnو بە خواستی خۆمان هەڵیاننابژێرین... لە هەموو ئەمانەدا گوێمان لە مۆسیقا دەبێت. ئێمە لە هەموو ئەم کەشانەدا مۆسیقامان لەدەستداوە، چونکە بوونی مۆسیقا گۆڕاوە بۆ جۆرێک لە سنووربەزاندنی دەروونیو حەمیمی، کە لە لایەن سەرچاوە دەنگییە نزیکەکانەوە بەشێوەیەکی بەردەوام بەسەر مرۆڤدا سەپێنراوە. کاتێک مۆسیقا لە هەموو شوێنێکدا دەبێت، ئەمە مانای ئەوەیە کە لە هیچ شوێنێکدا نییە، کاتێک هەموو شتێک دەبێت بە مۆسیقا، ئەو کاتە ناتوانین مۆسیقا جیابکەینەوەو چێژی لێوەرگرین. بێدەنگی مەرجێکی جەوهەرییە بۆ تەحقیقبوونی ئەزموونی مۆسیقی. گرنگیو جەوهەرییبوونی بێدەنگی لە رەگەزە دەنگییەکانی دیکە کەمتر نییە. بێدەنگی تەنیا بۆشاییەکی دەنگییانەی بێمەبەست نییە. بێدەنگی لە ئەزموونی مۆسیقیدا مانای نەبوونی دەنگ نییە. بێدەنگی لەدایکدەبێتو گەشە دەکاتو دواتر دەنگی مۆسیقی وەردەگرێت. بەم شێوەیەش بێدەنگی بە تێپەڕینی کات وردەکارییەکانی ئەم دەنگانەو رەوتی بوونیانو پەرەسەندنیان وێنە دەکێشێت.

لەبەرئەوەی بێدەنگی شتێک/ کەسێک نییە لە ناو ژوورێکی دەنگبڕدا، بە تەواوەتی بێدەنگ نییەو ئامادەییو دەربڕینەکانی توانای ئەوەمان دەدەنێ جیاکاری بکەین لە نێوان ئەو دەنگانەی کە مۆسیقانو ئەوانەش کە مۆسیقا نین. بەم شێوەیە، ئێمە لە ڕێگای بێدەنگییەوە دەگمەنیی ئەزموونی مۆسیقیو جوانییە ئاڵۆزەکەی وەردەگرین، کە هەمیشە هەوڵ دەدات شتێکمان پێبڵێت. ئەوەی کە بێدەنگی دەتوانێت لەئەزموونێکی مۆسیقییانەی باڵادا پێمان بڵێت، ئاماژەی قووڵو ئەرکی تەعبیرییان هەیە، کە دەشێت بخوێنرێنەوەو کەشف بکرێن، بێگومان تەنیا لە تایبەتمەندیو بونیادی کاری مۆسیقیدا نا، بەڵکو هاوکات لە پرۆسەی تەحقیقبوونی ئەزموونی چێژوەرگرتنیشدا لە مۆسیقا چ لە کاتو چ لە

شوێندا.

دەشێت لە ڕێگای هەندێک نموونە لە کەلەپووری مۆسیقای کلاسیکییەوە ئەمە روون بکرێتەوە. لە سێ گۆرانییە ئۆرکسترایییەکانی ویێبێرندا کە لە نێوان ١٩١٣-١٩١٤دا نووسیوونی، ئەو رووبەرە بێدەنگانەی کە عیبارەتەکانی کۆتایی گۆرانییەکان لەیەک جیادەکەنەوە، رۆڵێکی دەلالیو تەعبیریی وا دەگێڕن، کە هیچیان کەمتر نییە لەو تەعبیرە دەنگییانەی کە بەهۆی ئامێرەکانو گۆرانییەوە پێکدێنو لە بەرهەمەکاندا هەن. لە تەنویعەکانی ویێبێرندا دەبینین رووبەرەکانی بێدەنگی ئەو کردانە لەیەک جیادەکەنەوە، کە گۆرانییەکان تەعبیریان لێدەکەن، بە جۆرێک، کە هەر ئاستێک یان چەشنێکی کردە تەماهی لەگەڵ ماوەیەکی زەمەنیی بێدەنگدا دەکات، کە ئەم ماوە زەمەنییە بەپێی کردەکەو چێوەکەی کورتتر یان درێژترە. بەم شێوەیە لە کاتی بیستندا یادەوەریمان چالاکانە کاردەکات لەسەر جیاکردنەوەو بەراوردکردنی درێژیی ماوە بێدەنگەکان کە کردەیەک لە کردەیەکی دیکە جیادەکاتەوە. کاتێک بۆ ماوەیەک گوێ لەم مۆسیقایەی ویبرن دەگرین، هەستی چاوەڕانیکردنی ئەم ماوانەی بێدەنگیمان لا دروست دەبێت، کە ئەمە دەبێتە هۆی پێکهاتنی تیمپۆیەک، کە هەستی پێدەکەینو بەپێی ئەو تیمپۆیە پەیوەندیی لەگەڵ کارەکەدا دەگرین. ئەم جۆرە تیمپۆیە کە بەرهەمی ئەگەرە شیاوەکانی ماوەکانی بێدەنگییە، یاخود ئەوەی کە دەشێت ناوی بنێین یادەوەریی کارای بێدەنگیی، تایبەتمەندییەکی جەوهەریی مۆسیقای ویێبێرنە. بێگومان نابێت ئەم تەوزیفکردنە تەعبیرییەی بێدەنگی تەنیا لە مۆسیقای ویبرندا قەتیس بکەین. ئاماژەکانی بێدەنگی لای زۆرێک لە مۆسیقارەکانی دیکە هەیە سەرەڕای جیاوازیی قوتابخانەو کولتوورو سەردەمەکانیان، بگرە دەتوانین بڵێین بێدەنگی لە هەموو ستایلەکانی مۆسیقادا هەیە بەبێ ئاوارتە سەرەڕای بوونی جیاوازی لە ئاستو گرنگیی بوونی بێدەنگی لە نێوان ستایلێکی مۆسیقیو ستایلێکی دیکەدا. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین مۆسیقا ناتوانێت وەک ئەزموونێک بوونی هەبێت ئەگەر بێدەنگییەک نەبێت، کە تیایدا مۆسیقا لە کاتدا تەحقیق ببێتو گوێگرێک هەبێت لە گوێگرتندا رۆبچێت. ئەمە لە مۆسیقای ویبرندا زۆر بە روونی دەردەکەوێت. بەڵام بە شێوەیەکی تەعبیرییانەی روون لە کارەکانی مۆسیقارەکانی دیکەی وەک مۆرتۆن فێڵدمانیشدا هەیە. بۆ نموونە لە کارە مۆسیقییەکەیدا (لە پێناوی سامۆیل بێکێت)دا ژمارەیەکی زۆر وردەکاریو تەنویعاتی ورد هەن، کە بەهێواشی بەدوای یەکدا دێن، بەشێوەیەکی چاوەڕوانەکراو لە بڕگە دەنگییەکاندا هێواش هێواش درێژ دەبنەوە. پەیوەندییەکانی نێوان ئەم بڕگانەش لە میانەی پرۆسەیەکی

بەردەوامی ئاڵوگۆڕی نێوان ماوەکانی بێدەنگیو درێژییان لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەکی دیکە دەگۆڕێن.

کەواتە، لە میانەی ئەم موقارەبە ئیستاتیکاییو پێویستەی بێدەنگییەوە دەشێت چۆن بڕوانینە واقیعی هاوچەرخ؟ لە سەردەمێکدا قەرەباڵخدا کە ژاوەژاوی ئاڵوگۆڕی زانیاری هەموو رووبەرەکانی ژیانمانی داگیرکردووە، چۆن دەتوانین مۆسیقا وەک ئەزموونێکی ئیستاتیکی بەدەستبهێنینەوە؟ چۆن دەتوانین مامەڵە لەگەڵ هەلومەرجی مۆدێرنبوونمان بکەین، کە بووە بە هۆی سەرهەڵدانی کولتووری ژاوەژاو، ژاوەژاوێک کە وایکردووە گوێگرتنو تێڕامانو چێژوەرگرتن ئەزموونی سەخت بن ئەمە ئەگەر نەڵێین لە تواناداا نین؟ ئێمە لە واقیعێکی کولتووریی وەهادابن، کە ناتوانین کێشەی هەستکردن بە تەنیایی چارەسەر بکەین تەنیا بە رۆچوونە ناو ژاوەژاوی ژیانی رۆژانەوە نەبێت. لە جیهانێکی لەم جۆرەدا هەر کردەیەکی وەک کڕینی کتێبێک، سیدیەکی مۆسیقا یان کراسێک بە تەنیا پڕکردنەوەی پێوستییەکی راستەوخۆ نییە، بەڵکو گوزارشتکردنە لە پێویستیی بەشداریکردن لەجۆرە ژیانێکدا، کە لەلایەن کۆمپانیا بازرگانییە زەبەلاحەکانەوە سەپێنراوە بەسەرماندا، ئەو کۆمپانیایانەی کە لەرێگای مێدیاکانیانەوە پێمان دەڵێن چۆن بژین، چۆن خۆشەویستی بکەین، چی بخۆین، خەون بە چییەوە ببینینو چۆنیش بمرین. لە جیهانێکی لەم شێوەیەدا هەستکردنمان بە کات هەستێکی شێواو و ساختەیە، ناچارکراوین بە گوزەراندنی ژیانێکی پڕ لە ژاوەژاو، کە پێویستی بە هەبوونی هەر تیمپۆیەکی راستەقینە هەیە، کە رووبەرەکانی بێدەنگی لەیەک جیابکاتەوە. لەدەستدانی بێدەنگیو ئەو شتانەش کە دەشێت (بێدەنگی) لە ئەزموونی گوێگرتنەوە پێمان ببەخشێت، دەبێتەهۆی ئەوەی خۆمانو هەستکردنی راستەقینەمان بە جووڵە لە ژیانو کاتدا لەدەست بدەین. ئەو شتەی کە مۆسیقا لە رێگای سروشتی پەیوەندییەکەی بە کاتەوە فێرکردووین، ئەوەیە کە ئەگەر بێدەنگی نەبێت، ئەوا مۆسیقاش تەحقیق نابێتو دەرکی پێناکرێت. لە راستیدا ناتوانین چارەسەری جادوویی پێشنیاز بکەین بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ژاوەژاو و زەرورەتی بێدەنگی لە کولتووری هاوچەرخماندا. پێویستە هەر چارەسەرێک لە هەستکردنی راستەقینەوە بەپێویستبوونی رووبەری پێویستی بێدەنگی سەرچاوەی گرتبێت، کە ئەمە دەتوانێت ئیمکانییەتی کارلێککردن لەگەڵ ژینگەی هاوچەرخی مرۆڤدا دابین بکات، ژینگەیەک کە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی چڕیی ئاڵوگۆڕی زانیارییە چ لە رووی دەنگو چ لە رووی بینینەوە. هەندێک لە کولتوورەکانی

جیهان هەوڵیانداوە پارێزگاری لە شوێنی بێدەنگ لە فەزای کۆمەڵایەتیدا بکەن، شوێنێک بۆ تێرامان، یان پاراستن یاخود کارلێککردن لەگەڵ ناوەندە سروشتییەکاندا یاخود بۆ هەندێک لە شێوە سەرەتاییەکانی چالاکیی ئابووری، بەڵام ئەم جۆرە شوێنانە لە سەردەمی بەجیهانیبوونی کولتووریدا بەشێوەیەکی بەردەوام رووبەرەکانیان لەناو دەچێت، لەبەرئەوەش ناتوانن مۆدێلێکی وەها پێشکەش بکەن، کە بشێت لەگەڵ واقیعی گەردوونیی ژیانی کولتووریدا بگونجێنرێن وەک شوێنێک بۆ بێدەنگی. هەڵقووڵانی بەردەوامو چڕی دەنگ بووە بە تایبەتمەندییەکی جەوهەری ژیانی ئەمەریکی. ئەمە واقیعێکەو بێگومان بەسەر زۆربەی ناوچە شارستانییەکانی هەسارەکەماندا پراکتیزە دەبێت. لەبەرئەوە پێم وایە پێویستە کولتوورەکانی جیهان پەرە بە میکانیزمە داهێنەرانەکانی خۆیان بدەن بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان بێدەنگیو ژاوەژاودا. لە کۆتایدا دەبێت بڵێم ئەزموونی مۆسیقا بە هەموو رەهەندە داهێنەرو چێژە کۆمەڵایەتییەکانییەوە لەو دیاردانەیە، کە توانامان دەداتێ ئاگامان لە گرنگیی بێدەنگی بێت لە پەیوەندیماندا بە خۆمانو جیهانەوە. نەتوانینی دەستەبەرکردنی ئەزموونی مۆسیقی بەبێ دەنگ یەکەمین ئاماژەکانی نەتوانینی هەستکردنی راستەقینەیە بە ژیان بەبێ دەنگ. ئایا مرۆڤی هاوچەرخ دەتوانێت رووبەرووی یەکێک لە گەورەترین کێشەکان ببێتەوە، مرۆڤی هاوچەرخ چۆن دەتوانێت لە کولتووری ژاوەژاودا بێدەنگی دابهێنێت؟

**سەرچاوە:**

http://anfasse.org/index.php?option=com_content&view=article&id=1373:201024-11-22-01-08-&catid=39&Itemid=584

# چاپکراوە نوێیەکانی ساڵی ٢٠١٢ی
# بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
## کە ئێستا لە کتێبخانەکاندا دەست دەکەون



پێشانگەی کتێب




**خاوەن شکۆ**

د.یەحیا عومەر ریشاوی

لێکۆڵینەوە




**شوناسێکی بێئۆقرە**

سەردار عەزیز

کۆمەڵە وتار




**وێستگەکان**

و.محەمەد کەساس

کۆمەڵە وتار

## سایکۆلۆژیای بەهرەمەندان

عومەر مەرگەیی

لێکۆڵینەوە




## پەیکی شادی

محەمەد سەعید نەجاڕی

(ئاسۆ)

شیعر




## مێژووی چاپخانەکانی شاری سلێمانی

مارف ناسراو

ڕۆژنامەوانی






## کولێنەری هەڵم

محەمەد بەرزی

زانستی




## کۆمەڵە وشەو پێکەوەهاتن

د.بێستون حەسەن

زانستی زمان




## چرایەک لەسەر مادیان کۆ

و.عەزیز گەردی

رۆمان




**ئایین و ئیستاتیکا**

خەسرەو میراودەلی

لێکۆڵینەوە




**مەنفاکان**

عەزیز رەئوف

شانۆنامە




**ئەکرۆباتێکی ونبوو**

ئیسماعیل حەمە ئەمین

وتاری رەخنەیی




**سمکۆ**

سەید کەمال ئیبراهیمی

مێژوویی



**پۆستمۆدێرنەو چەند بابەتێکی شانۆیی**

ئەنوەر قادر رەشید

شانۆیی




**ئەزموونی چیرۆکنووسین**

محەمەد فەریق حەسەن

وتار



**مێژووی دێرینی کورد و شوێنەوارەکانی**

کەمال نوری مەعروف

مێژوویی



**نارنجی فڕین**

ئەمین گەردیگلانی

چیرۆک




**ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی**

**کوردو کودرستان**

عەلاء نووری

مێژوویی



**هەڵوەدای کوێرێک**

**لەودیو ئاوەزای کەڕۆکەکانەوە**

ڕەنجەی نابینا

کۆمەڵەچیرۆک



**تەلیسمی گێڕانەوە**

کامیل محەمەد قەرەداغی

لێکۆڵینەوە



**ئاین و کایە جیاوازەکان**

سەنگەر زراری

کۆمەڵەدیدار

دەتوانیت گۆڤاری

هەنار

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org
www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە